# گزینگ ٣٦

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، پاییزی ٢٠٠٢(١٣٨١)

- بانگەوازێک
- زانکۆ، رۆشنبیر و کۆمەڵگەی مەدەنی
- «کوردەواری: کولتوورێکی پاتریارکاڵ، کولتووری نوێ: رێگەی عەبدوڵڵا گۆران، یەڵماز گۆنای و فادیمە شاهینداڵ»
- تێڕوانینی شیرکۆ بێکەس بۆ «ژن و کۆمەڵگە» لە قۆناغی باڵندەییدا
- دەسەڵات، جنس (ژێندر/جێندر)
- خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل (٢٠٠٢)
- نووسین لە بەر تیشکی پەنجەکانیدا
- ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی
- بیرەوەرییەک بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بە سەر مردنی «حەسەن زیرەک» دا
- ماف و بۆچوون
- پانۆرامایەک سەبارەت بە کوردەکان و وڵاتی نیوزلاند
- شێعر، کورتە چیرۆک، تەنز، رەخنەی ئەدەبی، ناساندنی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

# بانگەوازێک

گەلی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کورد، جیهان گەیشتۆتە قۆناخێک کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ، دۆزی ڕەوای گەلێکی ٤٠ ملیۆنی کە خەباتە بۆ ئازادیی و ڕزگاریی کوردستان، بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناکتر دەڕوا و دەبێتە دۆزێکی سیاسیی نێونەتەوەیی. لە درێژەی خەباتی مافخوازانەی ئەم گەلە چەوساوە و بندەستەوە هەتا ئەمڕۆ، کەم ڕوویداوە هەلێکی ئاوەها مێژوویی و دەرفەتێکی زێڕینی ئەوتۆ بۆ کورد هەڵکەوێ، ئەگەریش هەڵکەوتبێ، بە هۆی ناتەبایی حیزبەکانی کوردستان و شەڕی ناوخۆ و پیلانی داگیرکەرانی کوردستان و چەندین هۆکاری دیکە، قەڵای ئەو خەون و خەیاڵەی کە ئاواتی ئێمەی کورد بووە بۆ ڕزگاری کوردستان بە سەرماندا ڕووخاوە و ڕەنجمان بە با چووە، چونکە ئەو هۆکارانە نەیانهێشتووە ئەو دەسکەوتانە بپارێزن.

لەم کاتەیدا کە جیهان ئاڵوگۆڕی بە سەردادێ و دیواری پۆڵایینی کەمالیستی کە سەدان ساڵە حاشا لە بوونی کورد دەکا، بەم ئاڵوگۆڕانە دەهەژێ و داگیرکەرانی کوردستان ناچارن دان بە بوون و مافی ئەم گەلە بندەستەدا بنێن، ئەرکی ئێمەی کورد بەتایبەت ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان دەبێ ئەوە بێ کە خەبات و تێکۆشانی بێوچان، بانگ و هاواری مافخوازانەی خۆمان بە گوێی دنیا ڕابگەیێنین و ئەو دەسکەوتە زێڕینەی کە خەونی سەدانساڵەی گەلێکە کە چوارهەزار ساڵ زیاترە لە سەر خاکی خۆی دەژی، بەڵام لێی زەوت کراوە و بە سەر چوار وڵاتی داگیرکەردا دابەشکراوە و ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان هەلی ر ِگاریی بۆ هەڵکەوتووە بپارێزین و نەهێڵین جارێکی دیکە مێژوو بە چەواشە و بە باری بەرژەوەندی داگیرکەراندا دووپات بێتەوە.

ئەرکی نووسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ئەو کوردانەی کە دڵیان بۆ ڕزگاریی کوردستان لێدەدا، دەبێ ئەوە بێ کە نەهێڵین ڕەنجی ئەو نەتەوەیە بە فیڕۆ بڕوا. ئێمە لەم کاتەیدا کە پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان یەکیان گرتووە و پارلەمانی کوردستان خراوەتەوەکار، دڵخۆشین و پشتیوانی خۆمان دەردەبڕین بەتایبەت لەم کاتەیدا کە چاوەڕوان دەکرێ بە لێدانی ئامریکا لە ئێراق، جوغرافیای سیاسی یان ژیئۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە چارەنووسی گەلی کوردەوە گرێ دراوە گۆڕانی بە سەر دابێ.

ئێمە لەو باوەڕە داین کە یەکەمجارە لە مێژوودا بەرژەوەندی گەلی کورد لە پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندی گەورەترین دەسەڵاتداری دنیا، خەریکە بە یەک بگا. ئەو ئەزموونەی کە لە باشووری کوردستان وەکوو دەسکەوتێکی مێژوویی، زیاتر لە ١٠ ساڵە، بە خوێنی سەدان هەزار کوردی تێکۆشەر، هەر لە ئەنفالەوە بگرە هەتا بۆمبارانی شیمیایی و گواستنەوەی گوندەکانی کوردستان بۆ ئوردووگای زۆرەملیی و ڕەوی چەند ملیۆنی و دەیان کارەساتی دیکە، لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە، دەبێ بپارێزرێ، چونکە ئەو ئەزموونە بە ئیرادەی گەلی کورد و خەباتی ڕەوای چەندین ساڵە و ڕای گشتیی ناوەوە و دەرەوە دامەزراوە و بەردەوامە. پاراستنی ئەو دەسکەوتە، ئاواتی لەمێژینەی ٤٠ ملیۆن کوردی بندەستە و زامنی ڕزگاریی خاکی کوردستانە.

ئێمە وێڕای پیرۆزبایی لە پارتی و یەکیەتی و بەتایبەت کۆمەڵانی خەڵکی کورد، بۆ یەکگرتنەوەی هەردوولا و دامەزراندنەوەی پارلەمانی کوردستان لە باشووری کوردستان، پشتیوانی خۆمان لەو ئەزموونە و لەو هەنگاوانەی کە بۆ بەئەنجامگەیاندنی پەیمانی واشنگتۆن لە ئارادایە، دووپات دەکەینەوە.

مەرزیە و ناسری ڕەزازی، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٢/١٠/٥

# گزینگ ـ ژماره ٣٦

پاییزی۲۰۰۲ (۱۳۸۱)

## نێوەرۆک


زانکۆ، ڕۆشنبیر و کۆمەڵگەی مەدەنی: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ: ............ ٤
........................................ د. جەمشید حەیدەری

کـــوردەواری: کـــولتـــوورێکی پاتریارکـــاڵ.. وتووێژ لەگـــەڵ: ١٠
........................................ د. ئەمیرحەسەنپوور

تێڕوانینی شیرکۆ بێکەس بۆ «ژن و کۆمەڵگە» لە قۆناغی باڵندەییدا: ...... ١٩
........................................ مەهاباد قەرەداغی

دەسەڵات، جنس (ژێندر/جێندر): ........................ شەهلا ٣٤

خـــەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل (٢٠٠٢)........... ئامـــادەکـــردن: ق. ڕەیانی ٣٧

نووسین لە بەر تیشکی پەنجەکانیدا: ............... حەمەسەعید حەسەن ٣٨

ڕاپەڕینی ١٩٥٢ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی: ٤٦
........................................ ئەنوەر سوڵتانی

شێعر: ........................................ حەمە شوان شەریف، ٥٠

...............پەرتەوی نوری عەلا، ...................... و: ئارام بوداغی ٥١

..... هیوا شەمسی بورهان، ئەسعەد ڕەشیدی، محەمەد ئەمین پێنجوینی، ٥٢

........................................ مەهاباد قەرەداغی، سارا ژوان ٥٣

بیرەوەرییەک بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بە سەر مردنی «حەسەن زیرەک» دا: ........................ ئەنوەر سـوڵتـانی ٥٤

مـــاف و بۆچوون: ........................... ئاسـۆ بیـــارەیی ٥٥

«وڵاتە شیعرییەکەی ڕەفیق سابیر خەڵات دەکرێ» ...................... ٥٦
........................................ ئامـادەکردنی: گۆران قـەرەداخی

کورتە چیرۆک: سیفری زەمان ....................... کوردان کەریم ٥٧

تەنزی کۆمەڵایەتی: میۆ.. یۆ یۆ ................... سیامەند شێخ ئاغایی ٦٠

کـورتە چیـرۆک: کـۆنە تـەمبـەڵ ............................ مـەرزە ٦٤

کتێبێکی نوێی حەمەسەعید حەسەن ........................... ٦٥

کورتە چیرۆک: لە بەندیخانە ..................... خەلیل عەبباسی ٦٦

سـاتیـرە چیـرۆک: بەهەشـتی کـەران ................. ئاسۆ بیارەیی ٦٦

کورتەچیرۆک: گۆڕەوشار ........................ فاتمە سوڵتانی ٦٧

پانوڕامایەک سەبارەت بە کوردەکان و وڵاتی نیوزلاند: ...عەلی حوسێن ٦٨

یادی دەساڵەی د. شەرەفکەندی؛ یادکردنەوەی کەریمی حیسامی....... ٧٢

ناســاندنی کـتـێب: کـوردسـتـان و سـتـراتیـژیی دەوڵەتان ٧٣

چاپەمـــەنی نوێ ........................................ ٧٤



**بەڕێوەبەر و بەرپەرس:**

سولەیانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070742 4326

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گـزینگ، بە ئاگـاداریی نووسـەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**


چاپی سوێد، ئۆکتۆبری ۲۰۰۲

ISSN 1104 - 3473

# زانکۆ، ڕۆشنبیر و کۆمەڵگەی مەدەنی

**چاوپێکەوتنێک لەگەڵ: د.جەمشید حەیدەری**

٩ی سێپتامبری ٢٠٠٢ ــ ستۆکهۆڵم: س. چ هێرش

**● دوکتور جەمشید، جەنابتان یەکێک لەو چەند کەسانەن کە دوای چەندین ساڵ ژیانی ئاوارەیی لە هەندەران گەڕاونەتەوە کوردستان و ئێستا لەوێ خەریکی دەرسگوتنەوەن، تکایە ئەگەر دەکرێ بە کورتی وەزعی خۆتان و شێوەی بەڕێوەبردنی کارویاری زانکۆکانی کوردستانمان بۆ باس بکەن؟**

ـ ئەوەی ڕاستی بێ، من ئەوە یەکەمجار نییە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بۆ کوردستان بگەڕێمەوە و لە زانکۆدا کاربکەم، بەڵکوو من لە نێوان ساڵانی ٩٣-١٩٩٥یش، گەڕامەوە کوردستان و لە کۆلیجی پەروەردە و ئاداب کارم کرد، بەڵام لە بەر هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوەخۆ لە مانگی ئۆکتوبەری ١٩٩٥ کوردستانم بەجێهێشت.
لەو چەند ساڵەی دواییدا، کە نیمچە ئاشتییەک لە کوردستان بەرقەرار بووە، زانکۆکان و بەرپەرسانی دەستەڵاتی کوردستان بە هەردوو ئیدارەوە، چەند جارێک بانگەوازییان لە پسپۆڕان و هەڵگرانی نامەی دکتۆرا کرد بگەڕێنەوە کوردستان و لە زانکۆکانی کوردستان خزمەت بە گەلەکەیان بکەن، منیش وەک ژمارەیەک لەو پسپۆڕانە بڕیارمدا بگەڕێمەوە و بە پێی توانا و دەرفەت لە بواری شارەزایی خۆمدا خزمەت بکەم، ئەوەبوو لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ گەڕامەوە کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەدین ــ هەولێر دەست بەکاربووم.
وەک دەزانرێ لە کۆتایی شەستەکان، زانکۆی سلێمانی دامەزرا، بەڵام دوای توندبوونی خەباتی چەکداری لە کوردستان، لە کۆتایی حەفتاکاندا ڕژێمی بەغدا زانکۆی سلێمانی داخست و خوێندکارەکانی بۆ هەولێر ڕاگوێزا و ناوی زانکۆکەشی گۆڕی بە زانکۆی سەلاحەدین. ئێستاکە دەکرێ بڵێین زانکۆی سەلاحەدین، کۆنترین و گەورەترین زانکۆیە لە کوردستان، بەڵام دوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە سایەی خەباتی گەلەکەمان، ئەمڕۆ سێ زانکۆ لە کوردستاندا هەیە: زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر، زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆک.

ئەمڕۆ لە زانکۆکانی کوردستان نزیکەی هەزار پسپۆڕ لە هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و ماجستەر کار دەکەن و ساڵانە بە سەدان خوێندکار پلەی لیسانس وەردەگرن، جگە لەوەی ساڵانە ژمارەیەکی زۆر خوێندکار خوێندنی باڵا تەواو دەکەن و بڕوانامەی دکتۆرا و ماجستەر لە بوارە جیاجیاکاندا وەردەگرن. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەر سێ زانکۆکان لە یەک ئاستدا نین، بەڵکوو زانکۆی سەلاحەدین ژمارەی پسپۆڕانی نزیکەی ٦٠٠ کەسە و بەشەکانی فراوانترە و لە زۆر ڕشتەدا پلەی دکتۆرا دەبەخشێ. لەگەڵ ئەوەی ئیدارەی کوردی تائێستا دابەشکراوە، بەڵام تاڕادەیەکی باش هاوکاری لە نێوان هە رسێ زانکۆکاندا هەیە و بەرەو پێش دەچێ.
دیارە هەردووک لە زانکۆکان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بەرنامەی گشتی، بەرمانەی تایبەتی خۆشیان هەیە. وەک دەزانرێ لەبەر دابەشبوونی ئیدارەی کوردی، هەندێ شێوەی جیاواز هەیە لە پیادەکردنی ڕێنمایی و یاساکاندا. لە ئیدارەی هەولێردا، ئەنجومەنی خوێندنی باڵا هەیە کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەو ئەنجومەنە لە سەرۆکی زانکۆکانی هەولێر و دهۆک و ژمارەیەک لە ڕاگرەکانی کۆلیجەکانی هەردووک زانکۆ و ڕاوێژکەرانی سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران تێیدا بەشداری دەکەن. بەڵام لە ئیدارەی سلێمانی دا، وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە. ئەوەی جێگای خۆشحاڵی یە، ئەوەیە کە سێ ساڵ پترە کۆبوونەوە و یەکخستنی کارەکانی هەر سێ زانکۆ ئەنجام دەدرێ. وەک ئاگادایم هەبێ هەرسێ زانکۆکانی کوردستان ئەندامن لە یەکێتی زانکۆکانی جیهاندا.
دیارە لە ئاکامی دابەشبوونی ئیدارەی کوردی و ئابلۆقەی داسەپێنراو بە سەر عێراق و کوردستاندا تائێستا کۆسپی گەورە هەن لە بەردەم چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکان، بەتایبەتی دابینکردنی هەندێ لە پێداویستییەکانی تەکنیکی یاخود سەرچاوەی زانستی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا لە ڕێگای تۆڕی ئینترنێت ـ هەرچەند جارێ سنووردارە ــ هەندێ کێشە چارەسەر دەکرێ.



خاڵێکی تریش هەیە کە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم کە دەچێتە خانەی کەم و کوورپییەوە، ئەویش لە ئاکامی دابەشبوونی ئیدارەی کوردی و ململانێی هەر دوو حیزبە دەسەلاتدارەکەی کوردستان، لە هەڵبژاردنی بەرپرسانی ئیداری و زانستیدا بەدئهاتووە و زۆرجار ئاستی زانستی و دڵسۆزی بۆ کێشەکەمان لە بەرچاو ناگرێت، بەڵکوو لە سەر بنەمای حیزبایەتی تەسک بەڕێوەدەچێ. ئەوەش نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لای زانا و پسپۆڕانی دڵسۆز دروست دەکات.

**● بیوورە، ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە وەک جەنابت لە دەرەوەڕا هاتوونەوە و خەریکی خزمەتن، زۆرن؟**

— ژمارەی ئەو مامۆستایانەی لە هەندەران گەڕاونەتەوە لە پەنجەی چوار دەست تێناپەڕن، لەوانەیە لە هەر سێ زانکۆکاندا بگاتە پەنجا کەس.. من ئامارم لە بەر دەستدا نییە. دیارە هۆی نەگەڕانەوەی پسپۆڕانی کورد لە هەندەران بۆ کوردستان یاخود گەڕانەوەی هەندێک بۆ کوردستان و دووبارە بەجێهێشتنی کوردستان زۆرن. من لەو بڕوایە دام ئەگەر مینیمۆمی ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بۆ دابین بکرێ، زۆربەیان ئامادەن بگەڕێنەوە، نەک هەموویان. دیارە بڕیاری گەڕانەوە کارێکی ئاسان نییە، چونکە تەنیا پەیوەست نییە بە خودی پسپۆڕ، بەڵکوو ئەویش خاوەن خێزانە، منداڵەکانی لە دەرەوە دەخوێنن، ژیانیان تا ڕادەیەکی باش دابین کراوە، ئەگەر پسپۆڕ خۆی و خێزانی بگەڕێتەوە، دەبێ کەش و هەوایەکی ئەوتۆ بۆ منداڵەکانی برەخسێ کە بتوانن ئیدارە بکەن و پەشیمان نەبنەوە، بۆیە زۆرکەس دڵەڕاوکێ دەکات لە بڕیارێکی ئەوتۆدا.

**● ئایا وەرگرتنی خوێندکار لە ڕشتە جیاجیاکاندا، بە پێی نیاز و پێویستی کۆمەڵگای کوردستان بەڕێوەدەچێ؟ بە واتایەکی تر ئەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ وەرگرتنی خوێندکار لە بەرچاودەگیرێن چین، بلێی پلانەکانی زانکۆ ڕەنگدەرەوەی پێداویستییەکان و بارودۆخی کۆمەڵگای کوردستان بن؟**

— گومان لەوەدا نییە کە زانکۆ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە داڕشتنی پلانی پێشکەوتنی وڵات لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی و پیشەسازییەوە. لە ڕوانگەی ئەو ڕۆڵەشییەوە، پلانی کردنەوەی بەشی نوێ لە کۆلیج و ئامۆژگاکان و داڕشتنی پلان بەگوێرەی پێداویستییەکان و دابینکردنی دوارۆژی دەرچووان ئەنجامدەدرێ. ئەنجامدانی ئەو کارانە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای دەستگاکان و ئامۆژگاری و ڕاوێژکاری دەستگاپێوەندیدارەکان و بەگوێرەی پڕۆژەکانی دەوڵەت و کۆمپانیاکان و دابینکردنی دراوی پێویست بەڕێوەدەچێ، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا و لەبارودۆخی ئەمڕۆدا، بەم شێوەیە بیرکردنەوە خەیاڵە، بەڵکوو مەحاڵە. لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە پلانێک پیادە دەکرێ، ئەویش هەر کۆلیجێک و ئامۆژگایەک ساڵانە بە گوێرەی بۆچوونی خۆیان و توانستی زانستی پلانێک دادەڕێژن و بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی بەرز دەکەنەوە و ئەوانیش بۆ ئەنجومەنی وەزیران. خوێندکاران دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی کە مافی ئەوەیان پێدەدرێ لە زانکۆکان بخوێنن ئەنکێت پڕدەکەنەوە بە ویست و خواستی خۆیان و بە گوێرەی پلەی وەدەستیان هێناوە، چونکە لەلایەن زانکۆوە ئەوە دیاری کراوە کە هەندێ ڕشتە دەرەجەی بەرزتری پێویستە لەوەکەی تر بۆ نموونە: پزیشکی، ئەندازیاری، ماتماتیک و کیمیا و فیزیک. ساڵانە گۆڕانکاری بە سەر ئەو دەرەجانەشدا دێ. بۆ نموونە، ئەگەر بەر لە چوار ساڵ، بۆ ئەوەی خوێندکار لە کۆلیجی پزیشکی وەربگیرێ، دەبوایە دەرەجەی لە ٨٥٪ کەمتر نەبێ، بەڵام پارساڵ کرایە ٩٢-٩٤٪.. دیارە کۆلیجەکانی زانستە سروشتییەکان جیاوازییان هەیە لەگەڵ کۆلیجەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان (ئەدەبیات، زمان، مێژوو، جوگرافیا.. هتد). زۆرجار، خوێندکار لە بەشێک وەردەگیرێت نە ئارەزووی لێ یە و نە خواستێتی، چونکە ئەو دەرەجە (پلە)ی وەدەستی هێناوە ڕێگای پێنادات، بچێتە ئەو بەشەی ئارەزوویەتی. ئەوە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام ڕەهاش نییە، چونکە هەندێ جار بەچکەی بەرپرسیاران، یاخود خزمی ئەو بەرپرسیارە، یا ئەو کەسایەتییە، یاخود بە بیانووی ئەوە کە کوڕە شەهیدە، کچە شەهیدە، کوڕە کادیرە، لە ژێر پەردە کارەکان ئەنجام دەدرێن و لەو کۆلیجانە وەردەگیرێن کە هاوڕێیانیان پلەیان وەدەست هێناوە و زۆر لە هی ئەوانیش بەرزترە. بێگومان، وەرگیرانی خوێندکاران لەو بەشانەی ئارەزوویان لێ نییە، دەبێتە هۆی ئەوە کە خوێندکارەکە لە خوێندن سارد بێەوە. بۆ نموونە ساڵی پار ٢٠٠١/٢٠٠٢ لە سەد خوێندکاری بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیات، پتر لە ٢٥٪ لە بەشی کوردی وەرگیران، بەڵام ئارەزوویان لەو بەشە نەبوو، بەڵکوو دەرچووانی دواناوەندی بەشی زانستی، ئارەزوویان لە ئەندازیاری، کیمیا و فیزیک و بایۆلۆجی هەبووە، کەچی کەووتوونەتە بەشی کوردی؛ یاخود دەرچووانی دواناوەندی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئارەزوویان لە مێژوو، جوگریافیا، زمانی ئینگلیزی هەبووە، بەڵام کەوتوونەتە بەشی کوردی.. هتد.

جگە لەوەش کێشەیەکی تر هەیە، دەرچووانی دواناوەندی ئاستی

زانستییان بە گشتی نزمە، دیارە هۆیەکانی زۆرن، هەندێکی پەیوەستە بە باری ژیانی مامۆستایان، هەندێکی نەبوونی ئیستقراری سیاسی، مێتۆدی دەرسگوتنەوە، بەرنامەی خوێندن، نەبوونی کارەبا و ئاو.. هتد.

**• ئەو خوێندکارانەی کە لە زانکۆکان دەردەچن و خوێندنیان تەواودەبێ، دەتوانن جەزبی بازاری کارین؟**

— بەر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ پتر لە ١٠ هەزار کەس دەرچووی زانکۆکان بێکار ماون. سالانەش چەند هەزار خوێندکار زانکۆ تەواو دەکەن، ئەگەر نەڵێم زۆربەیان بێکار دەسووڕێنەوە، ئەوە دوو سێیەمیان بێکارن. یاخود کارێکی ڕۆژانە دەکەن بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان و ماڵەوەیان.. بێکاری دەردێکی کوشندەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا.. هەروەها ئەوانەی کار دەکەن، یاخود کارێک دەدۆزنەوە، مووچەکەیان بەشیان ناکات. پێویستە لە تەک کارە سەرەکییەکەیدا، کارێکی تریش بکات، بۆ نموونە مامۆستای ناوەندی و دواناوەندی لە نێوان (٥٠٠–٦٠٠) دیناری پتر نییە، کە بەشی کرێ خانوو یاخود ژوورێک ناکات، ناچار دەبێت دوای قوتابخانە لە بازاڕ کاسبییەک بکات. نموونەیەکی تراژێدی ـ کۆمیدیتان بۆ دەهێنمەوە، یەکێک لە دەرچووانی کۆلیجی ئەندازیاری، داخوازییەک پێشکەشی وەزارەتی نێوخۆ دەکات کە بیکەنە پۆلیس (چونکە پۆلیس، ئەگەر خوێندەواریشی نەبێ، یاخود تا کلاس(پۆل)ی ٣-٤ی سەرەتایی خوێندبێ، مووچەکەی لە ٧٠٠ دینار کەمتر نییە، لە کاتێکدا دەرچووی کۆلیجی ئەندازیاری یەکەم دامەزرانی لە نێوان ٣٦٠–٤٠٠ دینارە، دەڵێن وەزیر بانگی دەکات و دەپرسێ: «ۆ دەرچووی ئەندازیاریی بۆ دەتەوێ ببیە پۆلیس؟» ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: «جەنابی وەزیر من دوای پازدە ساڵ خوێندن، مووچەکەم لە پۆلیس کەمترە.. ». لێرەدا تراژێدیایە، کە ئەندازیارێک بیەوێ ببێتە پۆلیس، بەڵام کۆمیدیاکە لەوەدایە کە جەنابی وەزیر ئەو ئەندازیارە بە پۆلیس دامەزرێنێ و بینێرێتە ئیدارە. ئەو بارە بێکارییە یەکێکە لە هۆیەکانی ڕووکردنە دەرەوەی وڵات بە تایبەتی لاوەکانمان.

**• دوکتور جەمشید، هەروەک دەزانی، زانکۆ زۆرجار ئەگەر بە شێوەی ڕاستەوخۆش نەبێ، ناڕاستەوخۆ دەتوانێ تەئسیر لە سەر شێوەی بیروبۆچوون و ڕوونکردنەوە و ڕێنوێنی کۆمەڵگا لە باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەوە دابنێ، ئەگەر وایە ئەو تەئسیرە لە کوردستان تا چ ڕادەیەکە؟**

— وەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکردووە، زانکۆ ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا. لە وڵاتی ئێمەشدا کاریگەری هەیە، بەڵام بەو شێوەیە نییە، چونکە زانکۆ کاتێک دەتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێ ئەگەر هاتوو لە وڵاتی ئێمەدا کەش و هەوایەکی دیموکراتی و ئازادی ڕادەربڕین مسۆگەر بێ و، بەرنامەی خوێندن گۆڕانی بە سەردا بێ و مامۆستایان و شێوەی دەرسگوتنەوە بگۆڕدرێ. بێگومان ئەو کات زانکۆ دەتوانێ کاریگەری زۆرتر بێ، لەوەی کە ئەمڕۆ هەیەتی. ئەگەر ڕۆڵی زانکۆکانی کوردستان لەگەڵ ڕابردوو واتە بەر لە دەسەڵاتی کوردی، بەراورد بکەین، ئەمڕۆ زانکۆکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، بەڵام لە گەڵ ویست و خواست و هیوای دڵسۆزان نییە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک، هەندێکیان بابەتین و، لە دەست سەرکردایەتی سیاسی و ئیدارەی کوردیدا نییە و پەیوەستە بەوە تائێستا ئاسۆی دواڕۆژی کوردستان دیار نییە و، ئیدارەی کوردی خۆی بە بەشێک دەزانێ لە دەوڵەتی عێراق و هەندێ قانوونی عێراقی پیادە دەکات. هەندێکی تریشی پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە، وەک دانانی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی زانکۆ و ڕاگرەکانی کۆلیجەکان لە سەر بنەمای پێوەری زانستی و دڵسۆزی بۆ مەسەلەی کورد و دواڕۆژی کوردستان، نەک لە سەر بنەمای حیزبایەتی تەسک و کۆنە بەعسی و ماستاوساردکەرەوەکان کە تەنیا بیر لە خۆڕەپێشخستن دەکەنەوە و لە دەست بە سینگدادان ئازان: «بەڵێ بەگم..!!». بێگومان ئەو دیاردەیە، دوای دابەشبوونی ئیدارەی کوردی پتر تەشەنەی کرد، چ لە زانکۆکان و چ لە دەستگاکانی تردا، بە قەناعەتی من، ئەوانە ڕۆڵێکی نێگەتیڤیان هەبووە و بە عەقڵیەتی بەعسییانە کاریان گێڕاوە!!

**•ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ، با لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێستای باشووری کوردستان و ئەو بارودۆخە کۆمەلایەتی و سیاسییەی کە هەیە پرسیارێکی گرینگ سەبارەت بە(کۆمەڵگەی مەدەنی یا شارستانی) بێنینە گۆڕێ، بە عەقیدەی جەنابت، مەفهوومی ئەو دەستەواژەیە چۆن لێک دەدرێتەوە؟**

— بێگومان باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی یا شارستانی، لە وڵاتێکدا دەکرێ کە لە بواری کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریدا پێشکەوتوو بێت و، ترادیسیۆنی دیموکراتی و ئازادیی ڕادەربڕینی تێدا پیادەکرابێ، نەک لە کۆمەڵگایەک کە وڵاتەکەی ژێردەست بێت، ژێرخانی ئابووری خاپوور بێت و ئابوورییەکەی لە سەر بنەمای کشتوکاڵ و لە ژێر باری نەریتی عەشیرەتگەری و دواکەوتوویدا بتلێتەوە و، دەستەلاتی داگیرکەریش تێیدا شێوەی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری شێواندبێت..

باشووری کوردستان، ئەگەر پێشکەوتنێکی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری لە قۆناخێکدا بە خۆوە دیبێت، ئەوە لە ماوەی حوکمڕانیی بەعسی لە عێراقدا، بەتایبەتی لە نێوەڕاستی حەفتاکانەوە بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو، هەوڵدراوە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی بشێوێندرێ. قوتابخانەی بیری بەعس و ڕەفتارەکانی تاڕادەیەک کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگای کوردستان کردووە، هەرچەندە لە ماوەی ئەو دەساڵەی دوای ڕاپەڕینی کوردستان و ڕاماڵینی دامو دەستگای بەعس، گۆڕانکارییەکی بەرچاو هەیە، بەڵام بەداخەوە دەڵێم کە ئێمە هێشتا زۆر ماوە لە شێوە و ڕەفتاری بەعس ڕزگارمان بێ. بە قەناعەتی من، کۆڵەکەی کۆمەڵگای مەدەنی بە هەبوونی دام و دەستگا و ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەییەکانەوە دەبەسترێتەوە کە لە کەش و هەوایەکی دیموکراتدا کاردەکەن و ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. هەرچەندە حیزبە

سیاسییەکانی کوردستان لە سەر بنەمای دیمۆکراتی دامەزراون، بەلام لە رەفتاری رۆژانەیان و لە پیادەکردنی سیاسەتیان ئەرکی دەستەجەمعییان پێوە دیار نییە. ئەو رێکخراوانەی کۆڵەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدەهێنن، سەربەخۆ نین، بەڵکوو پاشکۆی حیزبن و، هەر حیزبێک لە کوردستان ــ کە ئێستا لە دوای راپەڕین فرەحیزبی لە کوردستاندا هەیە ـ رێکخراوی لاوان، ژنان، مامۆستایان و هیتری خۆی هەیە و، لە رێکخراوە پیشەییەکانداوەک سەندیکای مامۆستایان، پارێزەران، ئەندازیاران،، کە ژمارەی ئەمجۆرە سەندیکایانە ئێستا لە کوردستان زۆرە، دیسان راستەوخۆ لە ژێر سەرکردایەتی حیزبدان. ئەگەر لە رێکخراوێکدا نوێنەرانی چەند حیزبێک بەشداریش بکەن، نەک لە سەر بنەمای رای گشتی ئەندامان و لە هەڵبژاردنی ئازاددا دێنەکایەوە، بەڵکوو لە رێکەوتنی پشتی پەردەوە نوێنەرەکان دیاری دەکرێن، دیسان هەر دەبێ نوێنەرانی حیزبی دەستەلاتدار زۆرینە پێکبهێنن. بەشداری لایەنەکانی تر تەنیا بۆ چاوپۆشینە. پاشان رێکخراوەکانی پیشەیی لە جیاتی پاراستن و بەرگریکردن لە مافی ئەندامان و داخوازییەکانیان، زۆر جار پاڵپشتی حیزبی دەستەلاتدارن. بۆ نموونە لە ساڵی ۹۳-۹٤ ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان داوایان لە سەندیکا کرد کە هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوە و خۆپێشاندان ئەنجام بدەن بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان. یەکێتی مامۆستایان لە جیاتی ئەوەی خۆی سەرکردایەتی ئەو داخوازییانە بکات و رێکخەری ئەو شێوە خەباتە بێت، هەڕەشەی لە مامۆستایان کرد، رێگای پێ نەدان ئەو چالاکییە ئەنجام بدەن، یاخود بەر لە دوو سێ ساڵ ئیدارەی هەولێر کە هەندێ یارمەتی بۆ مامۆستایان زیاد کرد کە مافی خۆیان بوو، یەکێتی مامۆستایانی ناچار کرد خۆپێشاندان بکەن و سپاسی حکوومەت بکەن.. پاشان حیزبی دەستەلاتدار راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردندا هەڕەشە لەو مامۆستایانە دەکات کە سەر بە لیستی ئەوان نین، یاخود بەرێوەبەری قوتابخانە و پەروەردەکان، دەبێ ئەندام و لایەنگری حیزبی دەستەلاتدار بن، ئەگینا لە کار لادەچن و بۆ شوێنێکی تر دەگوێزرێنەوە. بەداخەوە ئەوە زەقترین شێوەی پیادەکردنی سیاستی بەعس لە بواری پەروەردەدایە، چونکە بەعسییەکان ئەوەی بەعسی نەبوایە لە کۆلیجی پەروەردەش وەرنەدگیرا. جێی داخە لە کوردستانیش، ئەوەی سەر بە حیزبی دەستەلاتدارنەبێ، لە زۆربەی هەرە زۆری دەستگاکانی حکوومەتی هەرێم جێگای نابێتەوە. من لە خۆمەوە ئەو قسانە ناکەم. بەڵکوو هەموو ئەوانەی لە کوردستان دەژین ئەو راستییە دەزانن و پێوست بە بەڵگە نییە، وەک کورد گوتەنی: مانگی لە چواردە حەوجی بە ئەنگوست نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم جەماوەری خەڵک چاوی کراوەتەوە و وشیار بووە. ئەگەر ئاشتی سەقامگیر بێت لە کوردستان، هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیمۆکراتی لە کوردستاندا بکرێ و، قانوون سەروەری هەبێ، کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان لە دایک دەبێ. چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان لە لایەن دەستەلاتدارانەوە بە شێوەیەک لێک دەدرێتەوە، کە رێکخراوی پیشەیی و حیزبی و دەستگاکان ئەگەر بە رواڵەتیش بێت، واتە کۆمەڵگای مەدەنی هەیە.. بەلام بە قەناعەتی من، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای مدەنی هەیە، کە لە کەش و هەوایەکی ئازاد و دیمۆکراتیکدا رێکخراوەکان دروست ببن و رۆڵی خۆیان بگێرن لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و دەوری کاریگەریان هەبێ لە دارشتنی سیاسەتی وڵات و کۆمەڵگادا.

**● با بێینە سەر باسی توێژی رۆشنبیر لە کوردستان، هەروەک دەزانین، یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی (کۆمەڵگەی شارستانی)، هەبوونی رۆشنبیری سەربەخۆیە کە بتوانن ئاڵقەی پێوەندیی بیروبۆچوون بن لە نێوان خەڵک و دەسەلاتدا، ئایا ئەو دیاردەیە تا چ رادەیەک هەست پێدەکرێ؟**

ــ من پێموایە، توێژی رۆشنبیر لە کوردستان لە قۆناخی پێکهاتن دایە، نەک پێکهاتبێ و یان توێژێکی سەربەخۆ و رۆڵی کاریگەری هەبێ، بەڵکوو لە بەر زۆر هۆی بابەتی، تائێستا ئەو بارە نەرەخساوە، ئەوەی بە رۆشنبیریش دادەنرێت لە کوردستان لە بەر زۆر هۆی تایبەت بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری کوردستان پاشکۆی حیزبەکانن و بە سەر لایەنەکان دابەش بوون. هەربۆیەش ناتوانن هەڵوێستێکی سەربەخۆ وەرگرن. چونکە بژیویان پەیوەستە بە دەستەلاتەوە.

**● پێوەندییان لەگەڵ رۆشنبیری دەرەوە چۆنە؟**

ــ دیارە، پێوەندی رۆشنبیرانی کوردستان لەگەڵ هەندەران واتە رۆشنبیرانی کوردی هەندەران کزە و، ئەو پردە تائێستا وەک پێویست دروست نەبووە.. بۆ نموونە ئەگەر ئەو توێژەی پێیان دەگوترێ رۆشنبیر، پێکهاتبایە و سەربەخۆ بیری بکردایە، لە کاتی شەڕی نێوەخۆ رۆڵی دەبوو دژی شەڕ. چونکە زۆربەیان لە ناخەوە دژی شەڕ بوون. یاخود کە ئیدارەی کوردی لە ئاکامی ململانێ و شەڕدا دابەشبوو، ئەوان یەکێتی رێکخراوەکانی خۆیان دەپاراست، نەک دوو یەکێتی هونەرمەندان، دوو یەکێتی مامۆستایان و دوو یەکێتی رۆژنامەنووسان...

**● کاک جەمشید، مەسەلەیەک کە لەو ساڵانەی دواییدا، لە باشووری کوردستان، زۆر برەوی پەیداکردووە، هەڵسوکەوتێکی کۆنەپەرستانە و ناشارستانییانەیە لە بەرانبەر ژناندا، ئێوە ئەو دیاردەیە بە چی دەبەستنەوە؟**

ــ دوای راپەڕین رەشەکوژیی ژنان دیاردەیەکی دیار و ترسناکە، شێوەیەکی بەربلاوی بە خۆیەوە گرتووە، بەتایبەتی لە شار و شارۆچکەکان. لە سەرەتادا ئەو دیاردەیە بیانووی ئەوەی بۆ دەدۆزرایەوە، کە هەندێک ئافرەت لە کاتی حوکمڕانی بەعسدا سیخوڕیان بۆ بەعس و رژێم کردووە، بۆیە دەکوژران و بزردەکران. بەلام ئەو دیاردەیە درێژەی هەیە لە ژێر بیانووی ناموس و رەوشتی پیسی، بێئەوەی بکوژان سزا بدرێن.. لە نێوان ساڵانی ۹۳-۹۵

کۆمەڵەی پاراستنی مافی مرۆڤ لیستی کوژرانی دەیان کچ و ژنی بڵاوکردەوە و داوای لە بەرپرسانی دەستەڵاتدارانی کوردستان کرد کە بە توندی ڕەفتار لە گەڵ بکوژان بکات.

دیارە ئەو دیاردەیە پێوەندی بە پاشخانی دواکەوتووی کۆمەڵگا و بیروبۆچوونی کۆنەپەرستانە و نەریتی کۆمەڵایەتی هەیە؛ بەڵام لە عێراقدا و بە پێی بڕیاری «سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس» کوشتنی ژن حەڵاڵ کراوە لەلایەن کەس و کارییەوە، ئەگەر ئەو ژنە ڕەفتارێکی نابەجێی (بە بۆچوونی ئەوان) کردبێت.. لە ڕاستیدا دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە عێراق قانوونی ئەحواڵی مەدەنی دەرچووە کە کوشتنی ژن و زۆر جۆرە ستەمی تر بەرانبەر بە ژنان قەدەغە دەکا و، بە پێی یاسا تاوانباران سزا دەدرێن. کەچی لە دوای کودەتای ٨ی شباتی ١٩٦٣ و هاتنی پارتی بەعسی عەرەبی و حوکمڕانی، ئەو قانوونە گۆڕدرا. لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، حکوومەتی سەددام حوسێن ژمارەیەک قانوونی گۆڕی کە هەمووی لە دژی ژنان بوو.. بەداخەوە دەستەڵاتدارانی کوردستان هیچ هەنگاوێکی پراکتیکییان بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارە نەنا. دیارە ئیدارەی سلێمانی بەر لە ساڵێک هەندێ بڕیاری وەرگرت بۆ دانانی سنوورێک لە پێشێلکردنی مافی ژنان بە گشتی، بەڵام ئیدارەی هەولێر لە مانگی تەممووزی ڕابردوو بۆ ئەم مەبەستە کەوتنەخۆ. ئەوەی شایانی باس بێت لە کوردستان ژمارەیەک ڕێکخراوی ژنان هەیە کە سەر بە حیزب و هێزەکانی کوردستانن. ئەو ڕێکخراوانە تاڕادەیەکی باش، فشاریان خستووەتە سەر دەستەڵاتداران کە ڕێگاچارەیەک بدۆزنەوە و بکوژان سزا بدرێن. وەک دەزانرێ لە کوردستانی ئەمڕۆدا، بزووتنەوەی ئیسلامیی توندڕەو، ڕۆڵێکی خراپ دەبینێ لە هاندانی خەڵکی ساویلکە بۆ پیادەکردنی ئەو جۆرە تاوانانە. هەندێ لایەنی ئەو بزووتنەوانە لە شەقام هەڕەشەیان لە ژنان دەکرد و لە دژیان تیزابیان بەکاردەهێنا، بێئەوەی چەند تاوانبارێک دەستگیر بکرێن و بە ئاشکرا سزابدرێن. بە داخەوە ئەو دیاردەیە — کوشتن و خنکاندنی ژنانی کورد - گەیشتۆتە ئەورووپاش.. وەک ئەو ڕووداوانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا لە سوێد و دانمارک و لەندەن ڕوویاندا. تەنانەت کچان دەبەنەوە کوردستان و لەوێ دەیان کوژن، بێئەوەی تاوانباران لە کوردستان وەک بکوژ مامەڵە بکرێن، بەڵکوو چاویان لێ دەپۆشرا و مەسلەتی خوێن دەکرا. من لە گۆڤاری - گوڵان — لە هەولێر لە ساڵی ٢٠٠١دا لە چاوپێکەوتنێکدا زۆر بە توندی ئەو تاوانانەم مەحکووم کرد و بکوژانم ڕیسوا کردووە.

دەگوترێ ژنان لە کوردستان لەگەڵ پیاوان یەکسانن و لە دەستگاکاندا کاردەکەن ولە پەرلەمان و حکوومەت هەن. ڕاستە ژنانی کورد لە زۆر بواردا کاردەکەن، بەڵام تائێستا، چ لە لایەن کۆمەڵ و چ لایەن پیاوانەوە بە گشتی دەچەوسێنەوە. تا ئێستا بە پێی شەریعەت مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکرێ.. بۆ نموونە لە مانگی مایسی ٢٠٠٢ لە دایرەی تاپۆی هەولێر من داوام لە پارێزەرێکی کچ کرد ببێتە شاهید، بەڵام کارمەندەکە گوتی: ژن بە شاهید ناچێ! گوتم ئەو ژنە پارێزەرە، مرۆڤە. ئەرکی ڕۆشنبیران و هێزە سیاسییەکانی کوردە کە قانوونی پاراستنی مافی مرۆڤ بە گشتی و، مافی ژن و منداڵان بە تایبەتی پیادەبکەن. ئەو لایەن و گرووپانە ڕیسوا بکرێن کە تەگەرە و کۆسپ دەخەنە بەردەم سزادانی تاوانباران. دستگاکانی ڕاگەیاندن پێویستە ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن لە وشیارکردنەوەی ژنان و کۆمەڵگا بە مافی یەکسانیی ژن و پیاو لە پراکتیکدا، نەک لە سەر کاغەز.

**● هەرچەند باسەکەی ئێمە زیاتر لایەنی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری دەگرێتەخۆ، بەڵام لەو جێیەی ڕا کە داهاتووی کوردستان، پێوەندییەکی زۆری بە داهاتووی بارودۆخی سیاسی عێراقەوە هەیە، ئایا هەڵمەتی نیزامیی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و ئاکامەکانی چۆن لێک دەدەنەوە؟**

— بێگومان لە مانەوەی ڕژێمی عێراق و سەددام حوسێن تا ئەمڕۆ، ئەمریکا بەرپرسیارە. چونکە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئەگەر ئەمریکا ویستی لابردنی ڕژێمی بەغدای بوایە، کارەکە ئەنجام درابوو. بەڵام ئەمریکا خواستی نەبوو. لە دوای ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ و لێدانی ئەمریکا لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانی ئیسلامی بەتایبەتی - القاعدە (بە گوتەی ئەمریکاییەکان خۆیان)، کە ئەو ڕێکخراوە و سەرۆکەکەی دەستکردی ئەمریکا بوون، سیاسەتی ئەمریکا گۆڕا. چونکە ئازاری پێگەیشت.. هەموو زانیارییەکان و سیناریۆکان وا پیشان دەدەن کە ئەمجارەیان ئەمریکا نیازی لابردنی ڕژێمی بەغدای هەیە. بێگومان نەمانی ئەو ڕژێمە و سەرۆکەکەی، لە بەرژەوەندی گەلی کوردستانە، بەڵام لە ئاکامی گۆڕینی ڕژێم و هاتنە سەر حوکمی ڕژێمێکی سەر بە ئەمریکا، ڕاستەوخۆ، بە چ شێوەیەک لە سەر بارودۆخی کوردستان ڕەنگدەداتەوە؟

وەک دەزانرێ لە ١٧ی سیپتەمبەری ١٩٩٨ ڕێکەوتنی واشینگتۆن بە یارمەتی ئەمریکا لە نێوان پارتی و یەکێتی دا مۆرکرا.. لەو کاتەوە کە چوار ساڵە هێشتا ڕێکەوتنەکە جێبەجێ نەکراوە. هەرچەندە ئاگربەست لە نێوان هەردوو لا بەرقەرارە.. ئەوەی جێگای دڵخۆشیی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، لە ٢٠٠٢/٩/٨، هەر دووک لایەنی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) لە کوردستان بە جووتە ڕایان گەیاند کە بە تەواوی ڕێکەوتوون و هەموو کۆسپەکان لە بەردەم ڕێکەوتنی واشینگتۆن وەلانراوە.. ئەوە ئومێدبەخشە. چونکە ئەگەر هێزەکانی کوردی لە ژێر فشاری دراوسێکانمان و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەدا، پەرش و بڵاو مابانەوە یان بمێننەوە، کار لە کار دەترازا. تەنیا یەکێتی ڕیزەکانی کورد و هەڵوێستی یەکگرتوو لە سەر بنەمای بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی ستراتیجی دەتوانێ مافەکانی کورد لە دوارۆژی عێراقدا مسۆگەر بکات و کوردیش ڕۆڵێکی بەرچاو لە ئایندەی سیاسی عێراقدا ببینێ.

ڕاستییەک هەیە دەبێ هەموو لایەکمان بیزانین، ئێمە دراوسێکانمان دۆستمان نین ، بەڵکوو چەند ناکۆکییان لە نێوخۆدا هەبێ،لە سەر کێشەی کورد کۆکن. بۆیە مشتوماڵکردنی ماڵی کورد و یەکخستنەوەی ئیدارەی کوردی و ئیرادەی کوردی تاکە زامنە بۆ

دوارۆژی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیمۆکراتی و فیدراڵی دا.

**• لە پێوەندی دەگەڵ گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان، بارودۆخی داهاتووی کوردستان و پرۆسەی ئاشتی چۆن دەبینن؟ئایا ئەوانە ناتوانن ببنە کۆسپێکی گەورە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان؟**

– وەک لە پێشدا ئاماژەم بەوە کردووە کە تا ئێستا پرۆسەی ئاشتی بەرەو پێش چووە و هیوادارین بڕیارەکان لە کات و وەختی خۆیدا جێبەجێ بکرێن و وەک ڕێکەوتنی واشینگتۆنی لێ نەیا. دیارە لە ماوەی ئەو چوارساڵەدا کە ڕێز لە ئاگر بەست گیراوە، هەندێ هەنگاوی پۆزیتیڤ هاویژراوە بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان، بەڵام بەداخەوە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، پارتی و یەکێتی لێ دەربچێ ئەوانیتر لە پەراوێزی ڕووداوەکان دان، هەرچەندە هەموو هێز و توانایان لە خزمەت سەقامگیربوونی ئاشتی دایە. لە پرسیارەکەتدا هاتووە ئایا گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان ناتوانن ببنە کۆسپ؟ من پێمەوایە، وڵاتانی دراوسێ، گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان، تورکمان و پاشماوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، هەموویان بوونە کۆسپ لە بەردەم ئاشتیدا و، لە دوارۆژیشدا هەر کۆسپ دەبن. بەڵام ئەگەر پارتی و یەکێتی پێکەوەو بە هاوکاری هێزە ڕەسەنەکانی تری کوردستان تەبا بن و لە سەر بەرنامەیەکی نیشتمانیی ڕێکبکەون، تاڕادەیەکی زۆر دەکرێ نەک تەنیا سنوورێک بۆ تێکدانی بارەکە لەلایەن ئەو گرووپانەوە دابندرێ، بەڵکوو بە تەواوی بەربەستیش بکرێن. چونکە ئەو جۆرە گرووپانە سوودیان لە ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی بەتایبەتی وەرگرتووە.. ئەگەر ئەو دوو هێزە سەرەکییەی کورد یەک هەڵوێست بن و دڵسۆزانە هاوکاری یەکتر بکەن و هەموو ئەوانەی دەبنە کۆسپ ڕیسوا ببن، ئەوانە هیچیان پێناکرێ. بەتایبەت هەندێ لەو هێزانە، ڕەفتارەکانیان لە نێو جەماوەردا ڕیسوای کردوون، پێویستە پتر ڕۆشنایی بخرێتە سەر چالاکی و جم و جووڵیان و، ڕێگایان پێنەدرێ مەلەوانی لە ئاوی لێڵ بکەن.

**• وەزعی چاپ و چاپەمەنی چۆنە؟**

– دەتوانم بڵێم ئەوەندە گۆڤار و ڕۆژنامەی لە کوردستانی ئەمڕۆ دەردەچن، بەتایبەت لە دوای ١٩٩١، لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوو سێ یەکی دەرنەچووە. ئەوەندە کتێب و بڵاوکراوەیەی لە کوردستان ساڵانە چاپ دەکرێ، لە ماوەی حکوومەتی پادشایی و کۆماریدا نیو ئەوەندە چاپ نەکراوە..

**• ببوورە قسەکەت پێ دەبڕم، وەزعی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەریی بێلایەن و ئازاد لە چ ئاستێکدایە؟**

– دەربارەی ڕۆژنامە و چاپەمەنی ئازاد دەتوانم بڵێم دیارە چاپی کتێب سانسۆری لە سەر نییە، هەرکەسێک بۆی هەیە بێ ڕەزامەندی دەوڵەت کتێب چاپ بکات بە پێی قانوونی چاپەمەنی، بەڵام سانسۆری خودی نووسەر هەیە: کە ئەوە دەگونجێ...، ئەوە بۆ بڵاوکردنەوە دەشێ.. ئەوە بۆ پەز خراپ نییە... هتد. دەربارەی ڕۆژنامە و گۆڤاری ئازاد؟ ئەوەی ڕاستی بێت، تائێستا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و دەستگای ڕاگەیاندن سەر بە حیزبەکانن. ڕۆژنامەی سەربەخۆ بواری نییە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هۆی ئابووری. ڕۆشنبیران، باری ئابوورییان ڕێگانادا، ڕۆژنامە یاخود گۆڤارێکی سەربەخۆ دەرکەن. دەوڵەمەندانی کورد، یاخود خاوەنپووڵەکان، یا دەوڵەت، تائێستا ئامادە نین یارمەتی چاپەمەنییەکی ئەوتۆ بدەن کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و بوێرانە بنووسێ و تیشک بخاتە سەر ڕووداوەکان و، گەندەڵیی ئیداری و بەرتیل و دزیی ڕیسوا بکات. لەو چەند ساڵەی دواییدا، ڕۆژنامەیەکی هەفتانە لە سلێمانی دەردەچێ و لە هەولێریشدا بڵاودەکرێتەوە ـــ *هاووڵاتی* ـــ کە سەربەخۆ لە قەڵەم دەدرێ. چەند هەوڵێکی تریش هەبوو، بەڵام سەری نەگرتووە لە بەر بێ دەرامەتی یاخود هۆی تر... بێگومان بوونی ڕۆژنامەی ئازاد و ڕەخنەی بابەتیانە لە خزمەت پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری دایە.. دیارە حیزبەکان ئۆرگانی خۆیان هەیە. ئامرازی دیتراو ـ TV و بیستراو ـ Radio و نووسراو، ئەوانیش لە ڕاگەیاندنی خۆیاندا لە ڕوانگەی سیاسەتی خۆیان و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و پێوەندی خۆیان بە حیزبی دەستەلادارەوە، شت بڵاو دەکەنەوە.

**• کاک جەمشید، وێڕای سپاس بۆ ئامادەبوونتان و هیوای سەرکەوتنتان، ئاخرین پرسیارم ئەوەیە ئایا ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرە کوردانەی لە بەغدا، یان لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم دەژین، پێوەندییان لە گەڵ کوردستان چۆنە؟**

– وەک دەزانرێ، ناوچەیەکی زۆری کوردستان تا ئێستاش لە ژێر ئیدارەی ڕژێمی بەغدادایە، هەروەها لە شاری بەغدا ژمارەی کورد پتر لە ٩٠٠ هەزار دەبێ. لە نێوانیاندا ژمارەیەک ڕۆشنبیر و زانایانی کورد لە بەغدا دەژین و کار دەکەن.

ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبانەی بە کوردی لە بەغدا دەردەچن، لە کوردستان بڵاودەکرێنەوە، بەڵام ئەوەی لە کوردستان دەردەچن لە بەغدا قەدەغەیە. تا پێش چەند ساڵێک، ڕۆشنبیرانی کورد و مامۆستایانی زانکۆکانی بەغدا بۆیان نەبوو پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کوردستاندا هەبێ، بەڵام ئێستا ناڕاستەوخۆ جۆرە پێوەندییەک لە نێوان نووسەر و لێکۆڵەرەوانی کوردی دانیشتووی بەغدا لەگەڵ کوردستاندا هەیە، هەرچەند دیسانیش لەگەڵ خواست و ویستی ئەو توێژە نییە کە لە کوردستان دابڕاون. دیارە هاتوچوو لە نێوان بەغدا و شارەکانی کوردستاندا هەیە، بەڵام بۆ نووسەرانی کوردستان ئەوە ئەستەمە.. لەوانەیە ئەوانی بەغدا بە بیانوویەک بتوانن سەر لە کوردستان بدەن، بەڵام ئەوانەی کوردستان ناتوانن سەردانی بەغدا بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن هەڵوێستن بەرانبەر بە ڕژێم یاخود لەلایەن ڕژێمەوە تاوانبارن.

+++

# «کوردەواری: کولتووریکی پاتریارکاڵ(پیاو مەزنانە)»

## کولتووری نوێ: ڕێگەی عەبدوڵڵا گۆران، یەڵماز گۆنای و فادیمە شاهیندال

### وتووێژ لەگەڵ د. ئەمیری حەسەنپوور

٢٠٠٢/٩/٢٦، شاری کارلستاد، سوێد: س. ج. هێرش

**● کاک ئەمیر، پڕ بە دڵ بەخێرهاتنت دەکەم، دیارە لە ڕێگای میدیای کوردییەوە ئاگادار بووم کە جەنابت، بۆ بەشداری لە چەند کۆنفرانسێک، هاتوویە ئەورووپا و لەوانە وڵاتی سوێدیش.. وابزانم لە کۆنفرانسێکدا سەبارەت بەو قەتڵە نامووسییانە کە بەداخەوە لەو چەند ساڵەی دواییدا بەتایبەت لە نێو کۆمەڵگەی کوردەکانی هەندران ڕوویانداوە، بەشداریت کردووە، پێمخۆشبوو لە زمان خۆتەوە چۆنیەتی ئەو کۆنفرانسە و هەروەها ئەگەر کۆنفرانسی دیکەشت بە دەستەوە، هێندێک زانیارییمان بدەیەی، فەرموو..**

— بەڵێ، زۆر مەمنوونم.. ئەمن بۆ چەند کۆنفرانس هاتووم، یەکیان ئەو کۆنفرانسە بوو باست کرد، کە لە زانستگای برگێن(نۆرویژ) پێکهات، کۆنفرانسەکە باسی (میراتی کولتووریی کورد) بوو، کە من باسەکەم سەبارەت بە (قەتڵی نامووسی) و (کولتووری پاتریارکی) کورد بوو. هەروەها لە هەوڵ «کۆنگرەی جیهانی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» کە لە زانستگای ماینز mainz لە ئاڵمان پێکهات، وتارێکم سەبارەت بە کولتووری چاپ لە کوردستان پێشکێش کرد. بەو زووانە لە دوو کۆنفرانسی دیکەش لە لەندەن(ئینگلستان) و لە قاهیرە (میسر) بەشداری دەکەم.

**● باس و لێدوانەکان لە کۆنفرانسەکەی برگێن، چۆن بوون، ئایا بڵێی توانیبێتی لە سەر بیروڕای گشتی تەئسیر دابنێ؟**

— ئەو کۆنفرانسە لە کاتێکدا پێکهات، کە باسی کولتووری کورد زۆر لە گۆڕێدابووە لە ئورووپا، بەتایبەت دوای کوشتنی «فاتمە شاهیندال».. هەروەک خۆشتان دەزانن لە وڵاتی سوێد، باسی پێوەندی کولتوور و دیاردەی زەبر و زەنگ لە دژی ژنان بە تایبەتی «قەتڵی نامووسی» زۆر هاتۆتەگۆڕێ. جا، لەو کۆنفرانسانەدا کە باسی کولتووری کورد دەکرێ، کەمتر باسی جنسییەت ـ ئەوەی پێیدەڵێن ژێندر/جێندرـ دێتەگۆڕێ.. لەو کۆبوونەوەدا چەند ژنی کورد وەک: بەریڤان دۆسکی، گوڵستان پەروەر، مونیرە موفتیزادە و د. نەزەند بەگیخانی بەشدار بوون و وتاریان دا، کە هەرکام لایەنێکی پێوەندی جنسییەتیان باس کرد. وتارەکەی من بەتایبەت سەبارەت بە جنسییەت و زمان لە کولتووری کورددا بوو کە باسی پێوەندی کولتوور و قەتڵی نامووسیم کرد. مەسەلەی زەبروزەنگ لە دژی ژنان، بوو بە مەسەلەیەکی هەرە گرینگ لەو کۆنفرانسەدا.

**● بیبوورە.. بێجگە لەوەی جەنابت و ئەوانی دیکە وتار بخوێننەوە، ئایا لەو کۆنفرانسەدا خەڵک هەبوون کە بە شێوەی زیندوو بەشدارین و پرسیار و وەڵام بێتەگۆڕێ؟**

— بەداخەوە کۆنفرانسەکە وا پێکنەهاتبوو کە زۆر ماوە دابنێن بۆ پرسیار و باس و لێدوان و ڕەخنە و شتی وا. دوایە زۆرتری وتارەکان بە زمانی ئینگلیسی بوون، وتارێک بە ئاڵمانی بوو، چەند وتارێکیش بە سوێدی ــ نۆروێژی بوون. بەڵام چەند کەسێک کە کورد بوون و وتاریان دەدا، لە سەرئەوە ساغبووینەوە، کە پوختەی وتارەکەمان لە کۆتاییدا بکەیەن بە کوردی و پێشکێشی بکەین. چون زۆربەی ئەوانەی هاتبوون کورد بوون، هەڵبەت ئی غەیرە کوردیشی تێدابوو کە ئەوانیش هەموویان زمای ئینگلیسییان نەدەزانی.

**● دیارە کاک ئەمیر مەبەست لەو باسە ئەوەبووە، کە لە باری بیروڕای گشتییەوە تەئسیر دابنێ یانی تێخوێندوەیەک و بەخۆداچوونەوەیەک سەبارەت بەو قەتڵە نامووسییانە بکرێ کە بەداخەوە ماوەیەکە بووەتە دیاردەیەکی زەق.. ئایا ئەو کۆنفرانسە، هیچ ڕەنگدانەوەیەکی هەبوو لە کۆمەڵگای نۆروێژدا، مەبەستم ئەوەیە ئەو کۆنفرانسە لە میدیاکان هیچ باسی لێوە کرا؟**

— ئەوەی ئەمن ئاگام لێ بێ، چەند کەسێک لەلایەن میدیاکان ڕا هاتبوون، یەک لەوانە «مێدیا تیڤی» هاتبوو. ئەوانە وتارەکانیان تۆمار دەکرد. نازانم چەندیان بڵاوکردەوە یان دەیکەنەوە.. دە هێندێک

ڕۆژنامانیشدا ــــ یەک لەوان ئۆزگوور پۆلیتیکا ــــ باسکرابوو. نازانم لە میدیای نۆرویژ چەندە و چۆن باس کراوە.

**● هەڵبەت من بۆخۆم، هەواڵی کۆنفرانسەکەم لە کاناڵی (کوردسات) گوێ لێبوو، یانی نێوی جەنابتی هێنا کە بەشداریت کردووە، وادیارە نوێنەری ئەوانیش لە وێ بووە. بەهەرحاڵ، کاک ئەمیر، پێمخۆشە داوات لێبکەم پوختــەی وتارەکــەتان باس بکەن و، ئەوەش کــە ئەو دیاردەیە بۆچی یەکدابەدوو لەو چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی ئاوا زەق و زۆر خۆی نواندووە، ئایا بە عــەقــیــدەی ئێــوە، ئەو شــەڕ.و شــوڕ و بەرەنگارە چەکدارییانەی دژی ڕژێمەکان و شەڕە ناوخۆییەکان، بڵێی تەئسیری لە سەر ئەو دیاردەیە دانەنابێ؟**

ــ ئێـمـە دەزانـین کـە زەبروزەنگ لە دژی ژنـان و، بەتایبـەتی قـەتڵی نامووسی لەمێژە هەیە، دیاردەی کوشتنی ژن لە هەموو کۆمەڵگەی تریشدا هـەبووە و هـەیە. ئەوە دیاردەیەکی جیهانی یە. بەڵام پێموایە ئەو شــەڕ و قـەتڵ و کـوشـتـارەی لە کـوردسـتـان هەبووە، بـەتایبـەتی شــەڕی کـەنداو، هەروەها ئـەنفـال، ئەو شــەڕانەی لە کـوردسـتـانی عێراقدا بووە و هەروەها لە کوردستانی تورکیاش دەورێکیان گێڕاوە، بۆ ئەوەی ئەو شــێــوە ســەرکــوتکردنەی ژنان زۆرترو باوتر بـێ. لە دەرەوەی وڵات دیارە وەزعــەکــە فــەرقی هەیە، بەڵام ئێــســتــا لە کـوردسـتـانی باشـوور، بەتایبـەتی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسـەڵاتی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان دایە، کوشتاری نامووسی زۆر دەکرێ. لە کوردستانی تورکیاش هەروایە، هەردووک ئەو ناوچانەش ناوچەی شـەڕ بوون، کـوردسـتـانی تورکـیا لە سـاڵی ١٩٨٤ەوە و، کوردستانی باشووریش لە ساڵی ١٩٦١ەوە هەتا ئێستا، بەتایبـەتی کوردستانی باشوور کە لە ساڵی ١٩٨٨ ئـەنفال کرا، بە دوای ویشدا شەڕی کەنداو، ئەوەندەی دی قـەتڵ و کوشتار و وێرانی لەگەڵ خۆی هێنا. ئەمن پێموایە کە شەڕ لەوەدا دەورێکی گێڕاوە کە ئەو زەبروزەنگە لە دژی ژنان زۆرتر ببێ.

**● جەنابت لە پێشدا فەرمووت، دەکرێ وەکوو دیاردەیەکی کولتووری کە دراوســێکانی دیکەی کـوردیش ئەوەیان هەبووە، چاوی لێـبکرێ. بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە تەقینەوەی ئەو دیاردەیەیە لەو چەند ساڵەی دواییدا، کە بەڕاستی ئینسـان شەرم دایدەگرێ. هەروەک دەزانی دیاردەی کۆچکردن و پەنابەریی کـوردان زۆر لەمێژ نییە و نزیکەی ٢٠-٣٠ ساڵێکە بە هۆی بارودۆخی سیاسـیـیەوە زۆر بووە، جا، ئەگەر بە گوێرەی ئەو ماوەیەش حیسابی بکەین دەبینین هەڵسوکەوتی کۆنەپەرستانە لە ئاست ژنان، زیاتر لە جاران لەو چەند ساڵەی دواییـدا خۆی نواندووە، ئەوەی بە چی دەبەستنەوە؟**

ــ مەبەستت لە دەرەوەی کوردستانە؟

**● بەڵێ لێرەدامەبەستم کۆمەڵگەی دەرەوەی کوردستانە، بەتایبەت وڵاتی سوێد..**

ــ ڕاسـتی، هۆیەکـانی ئەوەیکە بۆچی زۆرتر بووە، لێـرەش بووە، نازانم. بەڵام دەکـرێ هەروا بە گـشـتی بڵـێین کـە مـوهاجـیـرەت بۆ دەرەوەی وڵات زۆرتر بووە. ئـەگـەر جـاران زۆرتر پەنابـەری سـیـاسی دەهاتن، خـەڵکی شـارەکـان دەهاتن، ئێـسـتـا خـەڵکی گـوندەکـانی کوردسـتـانیش هـاتوون، موهاجیرەتی ئێستا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە ٣٠-٢٠ ســاڵ لـەوە پێش هەبوو. دیارە لـەو وڵاتانـەش مـەسـەلـە و کێشـەی ئینتیگراسیۆن باسـی لێوە کراوە. مەسـەلەی ڕەگەزپـەرستی هـەیە، مـەسـەلەی بێکاری هـەیە، ئەوانەی کە موهاجیرەت دەکەن زوو کـاریان وەدەست ناکەوێ، زوو زمـان فێر نابن، جیـاوازی کولتووریش هـەیە، ئـەوانە گـشـتـینان هـەن. بەڵام باسی سـەرەکی ئەوەیە کـە ئەو دیاردەیـە لە کـولتـووری کـورددا هـەیە، لـە دابونەریتی کـوردیدا، چ خـەڵکی شـار و چ خـەڵکی دێ لە هەر چوار پارچەی کـوردسـتـان زەبروزەنگ لـە دژی ژنان هەبووە و قـەتڵی نامـووسـیش وەک بـەشێک لەوەی هـەبووە.

**● باشە کاک ئەمیر ببەخشە قسەکەت پێدەبڕم، بەشێک لە ڕۆشنبیرانی دەرەوە ـ بەتایبەت ئەمن زیاتر لە سەر سوێد پێدادەگرم.ـ پێیانوایە ئەوە کولتوورێکی خواستراوەیە، یانی ئەو ئاکارانە دە کولتووری کوردیدا نییە، بەڵکوو ئەوە کـولتـووری نەتەوە دراوسـێکان و تەئسـیـری ئەوانە بە سـەر کولتووری کوردیدا سەپاوە، لەوبارەدا نەزەری جەنابت چییە؟**

ــ ئەمن پێـموایە، ئەوە لە باری سیـاسییەوە زیاتر پاکانە کردنە بۆ قـەتڵی نـامووسی. لە باری لێکدانەوە و زانسـتـەوە ئەو بۆچوونە تەواو هـەڵەیە. کوشتنی ژنان چ بە بیانووی نامـووسی، چ بە بیـانووی تر، لە گـشت کـولتـوورێکدا هـەیە، کـولتـووری کـوردی ناتوانێ ئـاوارتە بێ. ئەوانەی ئاوا فکردەکەنەوە دەبێ لێیـان بپرسـین بۆچی پێیانوایـە کورد لە نەتەوەکـانی تر جـیـاوازە؟ کـورد چی هەیە یان پیـاوی کـوردی چی هەیە کـە جـۆرێکی تر لـەگـەڵ ژن ڕەفـتـار دەکـا؟! بـەداخـەوە ئـەمن بیسـتوومە، چەند کەسێک تەنانەت لە نووسیندا باسی ئەوە دەکەن کە گـۆیا کـورد ئاریایی یە و قـەتڵی نامـووسی شـتێکە لە ئیسـلام و لە عــەڕەب ڕا هـاتووە. ئـەمن پێــمــوایە ئەوە لێکدانـەوەیەکی تـەواو ڕەگەزپـەرستانـەیە. کورد ئاریایی نییە و ڕەگەزێکی وەک ئاریایی هـەر لە گۆڕێدا نییە و شتێکی سازکراوە. ئەگەر ئاریایی هەشبێ، ئەوانەی خۆیان بە ئاریایی دادەنێن، زەبروزەنگ لە دژی ژنان لە نێو ئەوانیشدا هەیە. کوشتنی ژنانیش لە نێو ئەواندا باوە.

**● کاک ئەمیر، ڕەنگە ئەو بیر و بۆچوونە لەوەڕا ئاوبخواتەوە کە ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسـانەی بە درێژایی ساڵەکـانی سـەدەی هەژدە و بەتایبـەتی سەدەی نۆزدە بەولاوە سەردانی کوردستانیان کردووە و لە سەر کورد شتیان نووسـیـوە، هەڵسـوکـەوتی پیـاوانی کـوردیان سـەبارەت بە ژنان باش هەڵسەنگاندووە یانی ژنانی کـۆمـەڵگەی کـوردیان بە نیـسـبـەت ژنانی نەتەوەکانی دیکە بە ئازادتر زانیوە، بۆ نموونە کەسانی وەک مینۆرسکی و نیکیتین و .. پێتوانییە ئەو نووسینانە لە سەر بۆچوونی ئەوان تەئسیری هەبێ؟**

ــ ڕاستە، زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس و ئورووپاییەکان کە هاتوونەتە وڵات

ئەوەیان باس کردووە کە ژنی کورد ئازادییەکی زۆرتری هەیە بە نیسبەت ژنانی عەرەب و فارس و تورک. بەلام ئەوەشمان لەبیر نەچێ زۆربەی ئەوانە ئەوەشیان نووسیوە کە ژنی کورد ئەگەر پەل ببزێوێ دەیکوژن. ئەغلەب ئەوە لەبیر دەچێتەوە کە هەم ئەوەیان گوتووە و هەم ئەم. شتێکی کە ئەمن لەو کۆنفرانسەدا سەرچاوەی نووسراوی کوردیم هێناوە وەک بەلگە، یەکیان کتێبی شەرەفنامەیە. لە شەرەفنامەدا ژنی کورد، وەک ئینسانێکی بەرانبەر لەگەل پیاوی کورد چاوی لێنەکراوە. گەرچی شەرەفخان باسی سێ ژنی کورد دەکا کە حکوومەتیان کردووە، بە یەکێکیشیان دەلێ «شیرەژن» و دەلێ لە حکوومەتدا کەس وەک وی نەدەهاتەوە. دیارە مەبەستی هەر ئەو دەسەلاتە دەولەتییە بووە کە تەواو پیاوانە بووە. بەلام لەگەل ئەوەشدا، ژن لە شەرەفنامەدا وەک (زەعیفە) چاوی لێدەکرێ. ژن هەمیشە موعامەلەی پێدەکرێ. ئەگەر شەڕ و کێشە هەبێ، بۆ مەسلەحەت و سازان ژنان دەگۆڕنەوە. لە جێیەکی دیشدا باسی یەکێک لە خانەکانی بدلیس دەکا واتە یەکێک لە باب و باپیرانی خۆی، کە ژنەکەی لە بنەمالەی حاکمێکی تورکمان بوو. دەلێ ئەو ژنە ئەسپسواری و تیرئەندازی زۆر پێخۆش بوو، بەلام خانی بدلیس پێی دەلێ لە نێو کورداندا ئەو شتانە باو نییە و ئەتۆ نابێ لە مال بڕۆیە دەر و ئەسپسواری بکەی. یانی تەنانەت ئەو زەمانیش کە شەرەفخان باسی باب و باپیری خۆی دەکا، وا نەبووە کە ژنی کورد ئازادتر بووبێ لە ژنانی گەلانی دراوسێ. هەلبەت ئەمن لێرەدا ئەوەی بلێم کە شەرەفخان باسی ژنی حاکم دەکا، دەنا ژنی کورد ئەو زەمانیش لە نێو عەشیرەتان ئازادتر بووە.. ئەسپسواری و جلیتبازی و هەر شتێکی فکری لێ بکەیەوە کردوویەتی.

بە دوای ئەویشدا ئەمن باسی «مەلا مەحموودی بایەزیدی»م کرد کە نزیکەی ١٤٠ سالێک لەوە پێش بەرهەمێکی نووسی بە نێوی «ئاداب و رسووماتنامەی ئەکرادیە»، لەوێدا زۆر بە ڕاشکاوی باسی قەتلی ناموسی دەکا و دەلێ: بۆچی قەتلی ناموسی دەکرێ؟

**● یانی ئەو دیاردەیە جارانیش هەبووە؟**

— بەلێ هەبووە، بەلام ئێمە نازانین کۆمەلگەی کورد پێش ئیسلام چۆن بووە. ئێمڕۆ هیچ بەلگەیەکمان نییە بزانین پێش ئیسلام، کورد مەسیحی بووە، زەردەشتی بووە، یان ئایینی تر. لە کۆمەلگە پێش ئیسلامییەکانیشدا قەتلی ناموسی هەبووە، ئێستاش لە بەعزە ناوچەیەکی مەدیتەرانە لە سیسیلی و ئیسپانیا و یۆنان قەتلی ناموسی هەیە.

**● بیوورە کاک ئەمیر، هێنانەوەی ئەو بەلگانە وەک دابونەریتێکی کۆنی جێکەوتوو، ڕێخۆشکەری ئەوە نابێ کە بۆ قەتلی ناموسی پاساودانێکی کولتووری بۆ دابندرێ؟**

— ئەو بەلگانە ئەوە دەردەخەن کە قەتلی ناموسی بەشێک لە کولتووری کوردی ـ واتە کوردەواری ـ یە و شێوەیەکی دەکارهێنانی دەسەلاتی پیاوانەیە؛ ئەوەش دەردەخەن کە خەبات لە دژی قەتلی ناموسی پێویستی بە خەباتێکی قوول و بەرینی کولتووری، سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووری و فکری هەیە. دەسەلاتی پیاوانە وەک دەسەلاتی سیاسی (دەولەتی) شێوە و ئامرازی دەکارهێنانی خۆی هەیە. زەبروزەنگ لە دژی ژنان و قەتلی ناموسی ئامرازی دەکارهێنان و بەرهەمهێنانەوەی دەسەلاتی پیاوانەیە. پاتریارکیی کورد ـ وەک پاتریارکیی نەتەوەکانی تر ـ نیزامێکە کە لە بەرهەمهێنانی دەسەلاتی خۆیدا باروودۆخی بوژاندنەوە و دووپاتەکردنەوەی خۆی بەدیدێنێ. ئەو بەرهەمهێنانەوە و ئەو بوژاندنەوەیە بە یارمەتی ئایینی پاتریارکال، زمانی پاتریارکال، دابونەریتی پاتریارکال، جیهانبینی پاتریارکال و هەروەها زەبروزەنگ پێکدێ.

**● پرسیارەکەی من هێندێک جێگای ناڕوونی ماوە، ئەو ئازادییانەی کە هێندێک لە ڕۆژهەلاتناسەکان بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەدا ئیشارەیان پێکردووە و، جەنابیشت فەرمووت قەتلی ناموسی هەبووە، ڕەنگە ئەو ئازادییەی کە ئەوان دەستنیشانیان کردووە پێوەندی بە شێوەی ژیان و بەرهەمهێنان و ئەو شتانەوە هەبێ، یانی هەلسوکەوتی کۆمەلگە سەبارەت بە ژنان پێوەندی ڕاستەوخۆی بە وەزع و شێوەی بەرهەمهێنان و کاری هاوبەش هەبووە، بۆ نموونە لە هەرێمی موکریان و بەتایبەت لە ناوچەی مەنگوران زیاتر ئەو دیاردەیە هەست پێدەکرێ، واتە بە تێکڕایی ژن ئازادترە، دیارە بە پێی پرۆسەی پەرسەندن لە هەربارێکەوە دەبوایە ئێستا ـ کە ئێمە هاتووینە سەر سنووری پێکهێنانی نەتەوە ـ دەولەت، پێشکەوتووتر باین، کەچی بەداخەوە هەلسوکەوتی ئێمە بەنیسبەت جاران کۆنەپەرستانەترە..**

— ئەوە وایە، ئەو ئازادییە نیسبییە بۆ ژنی کورد، کە ئورووپاییەکان دیتوویانە و باسیان کردووە زۆرتر سەبارەت بە کۆمەلگەیەکی عەشیرەیی بووە و خەلکەکە لە لادێ ژیاون. دیارە هەر وەک گوتت لە نێو بلباسەتی دا ژن و پیاو زۆر لێک جیاواز نین و پێکەوە ئامۆشوویان هەیە، ئەمن نەک لە مەنگوران، لە ناوچەکانی شارویران و مەحالیش چارشێوم نەدیوە. بەلام بێینەوە سەر ئەو باسەی تۆ ، کە دەلێی کورد ئێستا پێشڕەفتی کردووە و بەرەو دامەزرانی نەتەوە ـ دەولەت دەڕوا و دەبوو پێشڕەفت هەبووبا...، بەلام تەواوی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان ـ چ ئی ئەفریقا و ئاسیا، هەمیشە باسی بەرابەری ژن و پیاویان کردووە، بەلام کاتێک کە دەسەلات بە دەستەوە دەگرن بەرابەری ژن و پیاویان لەبیردەچێتەوە. لە زۆر جێگایاندا پێشڕەفتێکی ئاوا نەبووە. بۆ نموونە لە هیندوستان، کە بزووتنەوەکەیان میللی بوو، هیندوستان ڕزگار کرا لە دەست ئینگلستان، یان ئەلجەزایر کە بزووتنەوەکەی زۆر شۆڕشگێڕانە بوو لە دژی ئیمپریالیزمی فەڕانسە.. ئەوان ولاتەکەیان ڕزگار کرد بەلام لە هیچیەک لەو ولاتانەدا ژن ڕزگار نەبوو. لە تەواوی ئەفریقا و ئاسیا، حەرەکەتە ناسیۆنالیستییەکان هەر باسی ئازادی ژن دەکەن و لە قانوونی ئەساسیشدا هەبوونی ئەو ئازادییە دەسەلمێنن، بەلام لە پراکتیکدا کارێکی وا ناکەن. جا بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی

کوردیش پێموایە وەک ئەوانە وایە.


**● یانی جەنابت پێتوایە بەرابەری ژن و ئازادیی ژنان، هەر لەو دەورانەی کە ئێمە پێیدەڵێین دەورانی مۆدێرنیتە واتە لە دوای شۆڕشی مەزنی فەرانسەشدا، وەک شوعاری سیاسی مەتروح کراوە..؟**

— لە شۆڕشی فەرانسەدا، «ئیعلامییەی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی» کە لە ساڵی ١٧٨٩ درا، ئەسڵی بەرابەریی هاووڵاتییانی تێدابوو، بەڵام بەرابەریی ژن و پیاو لە گۆڕێدا نەبوو. هەر ئەو زەمانی ژنێکی فەرانسەیی کە نێوی «ئۆلیمپ دوێ گووژ» بوو، ئیعلامییەکی نووسی بە نێوی «ئیعلامییەی مافەکانی ژن و هاووڵاتی ژن». هەڵبەت ئەوە لە زەمانی خۆیدا بڵاونەکراوە و ژنەکە ئیعدام کرا، بەڵام هەر لەو فەرانسەیە ژن هەتا ساڵی ١٩٤٤ مافی دەنگدانی نەبوو لە هەڵبژاردندا، لە ئەمریکایەش هەروا، دوای سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٦ کە بە پێی ئیعلامییەیەک دەڵێ «هەموو ئینسانێک بەرابەر خولقاوە»، کەچی ژنی ئەمریکاییش هەتا ساڵانی ١٩٢٠ مافی دەنگدانی نەبوو. بەڵام لە ئورووپادا، بزووتنەوەی فێمینیستی یانی خەبات بۆ بەرابەری ژنان، هاوکات لە گەڵ پەیدابوونی دەورەی رۆشنگەری و مۆدێرنیتە دەستی پێکرد، هەرچەند ماوەی دووسەد ساڵ لەو زەمان تێدەپەڕێ و، ژنی ئورووپایی، ژنی ئەمریکایی، ژنی کانادایی، ئوسترالیایی و وڵاتە رۆژئاواییەکان لە زۆر جێیان لە باری قانوونییەوە لەگەڵ پیاو بەرابەرن، کەچی لە دەرەوەی قانووندا بەرابەر نین؛ هەنگاوی گرینگ هەڵێندراوە بەڵام بەرابەری قانوونی، بەرابەری لەگەڵ خۆی ناهێنێ.

**● بۆ نموونە رەنگە زانیاریت هەبێ لە وڵاتی سوێد وەک پرێنسیپ و قانوون و هەڵسوکەوت، لە ژن زۆر رێز دەگیرێ، بەڵام ئێستاش ژنان بە بارتەقای کاری بەرابەر لەگەڵ پیاوان، مووچەی مانگانەیان بە تێکرایی لە نی پیاوان کەمترە. ئایا تا ئەو جێگایەی زانیاریت هەبێ لە شوێنەکانی دیکەش وەک کانادا و ئەمریکا و.. ئەو دیاردەیە بەرچاوەدەکەوێ؟**

— ئەوەندەی ئاگام لێ بێ لە گشت وڵاتە رۆژئاواییەکان، ژنێک و پیاوێک کە کار دەکەن و کارەکەشیان بەرابەر بێ، ژنەکە داهاتی کەمترە. بۆ وێنە لە کانادا، بۆ هەر یەک دۆلارەی کە پیاوێک وەریدەگرێ، ژنێک ٧٣ سێنت وەردەگرێ کە ئەوە دەکاتە ٢٧٪ کەمتر لە مووچەی پیاوێک. ئەوە نموونەیەکە لە نابەرابەری، بەڵام نموونەی دیکە یەکجار زۆرە. جا مەبەستم ئەوەیە کە بزووتنەوەی دیموکراتی وڵاتە رۆژئاواییەکان کە لە سەدەی حەڤدە و هەژدە بەولاوە توانیان نیزامێکی دیموکراتیک و نەتەوەی مەدەنی دامەزرێنن، ئەو بەرابەرییانەی کە قەراربوو هەبێ وەک بەرابەری ئەندامانی نەتەوە لە ئاست قانووندا، بێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز و زمان و بنەچەکە و جنسییەت، ئەو بەرابەرییە تەنیا لە باری قانوونییەوە هەبووە، لە کردەوە و پراکتیکدا نەبووە.

لە کوردستانیش کە باسی دەکەین ئەو خەباتە بۆ بەرابەری ئەندامانی نەتەوە و هەروەها بەرابەری ژن و پیاو کە بەشێک لەوە بێ، تازە دەستی پێکردووە. نە بزووتنەوەیەکی فێمینیستی زۆر بەرین و قووڵمان هەیە و، نە بزووتنەوەیەکی زۆر هەراوی دیموکراتی.



ماموستا گۆران: ساڵی ١٩٥٩ یەریڤان

**● کاک ئەمیر ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ با بێینە سەر باسی خاڵێکی دیکە.. هەروەک دەزانی شاعیرانی بابڵێین دەورانی کلاسیکی کورد کە بێجگە لە نالی زۆربەیان بە تێکرایی بیروبۆچوونێکی ئاماڵ عیرفانی و سۆفیگەرییان هەبووە و هەرکام بە شێوەیەک بە مورشید و شێخی خۆیان هەڵگوتووە و کاکڵی رەوانگە شێعرییەکانیان پیاوانە بووە، بەڵام دواتر بەتایبەت هاوکات لەگەڵ سەروبەندی دامەزرانی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)، ژنیش لە ئەدەبی کوردیدابەرجەستە دەبێتەوە.. ئایا پێتوانییە کە ئەوە نیشانەی ئەوەبێ کە کورد لە باری کولتوورییەوە جگە لەو ئازادییە عورفییانەی چ دین، چ مەزهەب، یان هێزە کۆمەڵایەتییەکان رێیان پێدابێ، لە چاو نەتەوەکانی تر، هەڵسوکەوتی باشتر بووە؟**

— نا، ئەمن پێموایە ناکرێ وا بڵێین. چونکە بیری بەرابەری ژن و پیاو، ئەوەندەی بە نووسراو تۆمار کراوە لە کوردستاندا و هەوەڵ باسێکی کە توانیومە بیبینمەوە، شێعری حاجی قادری کۆیی یە کە دەڵێ ژن و پیاو لە خوێندندا بەرابەرن و مەلایەک عەقیدەی بەوەی نەبێ لادینە. حاجی قادر ساڵی ١٨٩٧ مردووە، دیارە ئەوە لەو شێعرانە بووە کە ئەودەمی لە ئەستەنبووڵ ژیاوە کە ساڵانی ١٨٧٠-٨٠ بووە. دوای وی باسێکی تارادەیەک بەرین دەست پێدەکا لە گۆڤارەکانی دەورەی عوسمانی لە ساڵی١٩١٣، *هەتاوی کورد*، *رۆژی کورد*، لەوانەدا باسێک دەست پێدەکا سەبارەت بە (قادین مەسەلەسی / مەسەلەی ژن)، یەکەمین شتێک کە سەبارەت بە ژنی

کورد نووسرابێ لە ساڵی ١٩١٣ لە *ڕۆژی کورد*دا بووە، لەوێدا ئەو باسە دەکرێ کە سەدەی بیست سەدەی ژنانە، باسی ئەوە دەکا کە لە زۆر وڵاتان دەڵێن دەرەجەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە دەرجەی پێشکەوتنی ژنانەوە هەڵدەسەنگێدرێ. باسی ئەوە دەکرێ لە ڕوانگەیەکی تەواو ناسیۆنالیستییەوە کە ژنی کورد کانگای زمانی پەتی کوردی یە و بەتایبەتی ژنی دێهاتی. دەڵێ ژنی شاران تێکەڵاوی تورکان بوون و تورکاوی بوون، بەڵام ژنی نەخوێندەواری دێهاتی کورد سەرچاوەی زمانی پاراوی کوردی یە و، منداڵی کورد وا بەخێو دەکا کە زمانەکەی پاراو بێ. لە ساڵی ١٩١٩دا، یەکەم ڕێکخراوەی ژنان لە ئەستەنبووڵ دروست دەکرێ. مێژوویەکی ئاوا هەیە لە بابەت ئەوەی خەبات بۆ بەرابەری ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا چۆن دەستی پێکردووە.

**● بیبەخشە، ئەمن مەبەستم کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت مەترەحبوونی ژن لە شێعری کوردیدابوو.. دیارە لە باری مێژووییەوە قسەکانی جەنابت دروستە.. بەڵام بەو حیسابەش ئەگەر حاجی قادری کۆیی و ئەو بزووتنەوە فەرهەنگییانەی باست کرد، لەبەرچاویان بگرین، دیسان لە کوردستانی باشوور کە ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بووە و بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و ڕۆشنبیری زووتر دەستی پێکردووە، هەر نەدەبوو ئاوا با..**

— ئەمن پرسیارەکەی تۆ خراپ حاڵی بووم. چون دەمەویست بەو نەتیجەیە بگەم و بڵێم کە نەتەوە هاوسێکانی کورد یانی عەرەب و فارس و هەرمەنی و تورک زووتر لە ئێمە خەباتیان دەستپێکرد لە باری فیکرییەوە، یانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبدا ئەوان پێش لە ئێمە دەستیان پێکرد. بەڵام ئێستا کە پرسیارەکەت ئەوە بوو، وایە.. ئەو باسانەی حاجی قادری کۆیی و گۆڤاری ***هەتاوی کورد*** و ***ڕۆژی کورد***هەموو لە بەشی ڕۆژئاوای سنووری عوسمانی بوون (مەبەستم کوردستانی عوسمانی یە)، کە کوردستانی عوسمانی دوایە لە ساڵی ١٩١٨ دابەشکرا و، بوو بە کوردستانی عێراق و سوریا و تورکیا. جا، مەبەست ئەوەیە ئەو خەباتانەی کە بووە و باسی مەسەلەی ژن و بەرابەری ژن و پیاو کراوە، هێندە قووڵ و بەرین نەبوون کە بچنە نێو جەماوەری خەڵک و زۆرتر لە نێو ڕۆشنبیراندا بوون. تەنانەت ئەو باسانەی کە لە گۆڤارەکانی دەورەی عوسمانیدا دەکران تا ئێستا کەم کەس ئاگای لێ بووە. جابۆیە ئەو باسانە دەورێکی وای نەگێڕاوە لە نێو جەماوەری خەڵکی کورددا. خەباتێکی ئاوا نەکراوە لە دژی نیزامی پاتریارکی لە کوردستاندا.

جا، لە کوردستانی ئێران بۆچی ئاوایە کە قەتڵی نامووسی هێندە لە کوردستانی ئێران نابیندرێ، ئەمن پێموایە هۆیەکی ئەوەیە کە لەو ساڵانەی ڕابردوودا، شەڕی کەمتر تێدابووە، وێرانی و کوشت و کوشتاری بە نیسبەت کوردستانی عێراق و تورکیا کەمتر تێدابووە. بەڵام ئەوەشمان لەبیر بێ، زەبر و زەنگێکی زۆر هەیە لە سەر ژنی کورد. لە کوردستانی ئێراندا، ژن زۆر خۆیان دەکوژن، بە ئاورلەخۆ بەردان و بە شێوەی تر.

**● ئەگەر لە بیرت بێ ٣٠- ٤٠ ساڵ لەوە پێش زۆرتر ئێمەشی (ژەهر)خواردنەوەی کچان باو بوو.. دیارە ئەو دیاردەیە بەداخەوە هەبووە بەڵام ئەوەی ئێستا (ئەویش بە شێوەی کچ کوشتن) لە وڵاتێکی وەک سوێد زۆر جێگەی داخ و سەرسووڕمانە. پێتوایە ڕۆشنبیر یان ئەوانەی کە لەو بارەوە هەست بە ئەمەگداری دەکەن، دەبێ چ بکەن و چۆن پێش بەو دیاردە ناحەز و نائینسانییە بگرن کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێ؟**

— ئەمن پێموایە ڕۆشنبیرانی کورد زۆر کەمتەرخەمییان کردووە لە بەربەرکانی کردنی ئەو دیاردەیە. ئەمن پێموایە بۆچوونی ناسیۆنالیستی زاڵە بە سەر ڕۆشنبیری کورددا، دیارە زۆربەی ڕۆشنبیری کورد قەتڵی نامووسی پێ باش نییە و کاتێک قەتڵی نامووسی دەکرێ مەحکوومی دەکەن. بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە دەبێ بەبێ شەرتومەرج دژی قەتڵی نامووسی بن، بە هیچ چەشنێک نابێ بەهانە بێیننەوە کە ئەو پیاوەی ئەو قەتڵەی کردووە ناچار بووە.. بەڵام بەداخەوە ئەو بۆچوونانە یەکجار زۆرن لە نێو ڕۆشنبیری کورددا.

**● دیارە، ئەو کار و ئاکارانە پاساو نادرێن، بەڵام زۆربەی ڕۆشنبیران ئەگەر هەڵوێستیش ناگرن ڕەنگ بێ لە ناڕەحەتییەکی زۆر داخدارانەوە بێ کە هیچیان لە دەست نایە، یانی دیاردەکە بە ڕادەیەک زۆر بووە لە حاڵەتی توانایی یەک کەس و چەند کەس تێپەڕیوە.. ئەمن پێموایە خودی ئەو کۆمەڵگایانەی کە کوردیان تێدا دەژین و لێی پەناهەندەن، دەبێ دامەزراوە و بنکە دەوڵەتییەکانیان یارمەتی بدەن و هۆ و ئەنگێزە و ڕیشەکەی بێننە بەرباس و هەوڵ بدرێ ئەو جیناتانە کەم ببنەوە. بەڵام بەداخەوە، نەناسینی خودی کولتووری ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی لە ناویاندا دەژین، بەهێندنەگرتنی هێز و توانایی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لە وڵاتی خۆیان لە جۆرەها لق و پۆپی جۆراوجۆردا لە خۆیانی نیشان دەن، واتە ئەو ئەنێرژییە کۆمەڵایەتییە لێرە لە هەندەران بە ڕێگاگەلی هیچ و پووچ و لاڕێدا سەرف دەکرێ، ناتوانن زمان فێر بن، ڕاناکێشرێنە بازاری کار، وەک سەرباری کۆمەڵگە بە حیساب دێن، هەروەها ئەو کولتوورەی کە پێی پەروەردە بوون ناتوانن بە یەکجاری لانیکەم بەشە خراپەکەی توور هەڵدەن.. کۆمەڵگێکی ئەوتۆیان پێناکرێ کە خۆیان بگونجێنن، بۆیە ئەوانیش لە ڕوودانی ئەو تراژێدییانەدا بێ تەئسیرنین.. چونکە زۆربەی ئەو قەتڵانەی ڕوویانداون هیچیان ڕووداوی گوزوگەمبەد نەبوون، هەمووی بە بەرنامە بوون و دایرە دەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بەتایبەت سەبارەت بە قەتڵی فادیە شاهیندال، لە پێشدا هێندێک زانیارییان هەبووە.. ئەوەش بەو مانایە نییە پاکانە بکرێ، بەڵام لانیکەم ئەو بنەماڵانەی کە مەترسیی ڕووداوی وایان لێ چاوەڕوان دەکرا، دەبوایە لە ژێرچاوەدێریی پۆلیس دابان. لێرەشدا بەداخەوە کوردەکە خەریکە دەبێتە قوربانی گێرەوکێشەکانی سیاسی.. پێمخۆشبوو نەزەری جەنابت بزانم.**

— هەڵبەت ئەوە وایە، دەوڵەتی سوێد سیاسەتێکی مەدەنی نەبووە سەبارەت بە موهاجیری وڵاتە موسوڵمانەکان. بەینی ئەوانە جیاوازی دادەنێ و ڕێی داوە بە وەی زەبروزەنگ و نابەرابەریی ژن و پیاو لە نێو کۆمەڵگەی موهاجیری وڵاتە موسوڵمانەکان درێژەی هەبێ. سیاسەتی

وان دەکرێ ڕەخنەیەکی یەکجار زۆری لێ بگیرێ، میدیا و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سوێد دەبێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ. هەروەها، دنیای ئاکادیمیک دەبێ بکەوێتە ژێر ئەشتەری ڕەخنەوە، بەڵام ئێمە باسی ڕۆشنبیری کورد دەکەین. من پێموایە زۆربەی ڕۆشنبیری کورد ورە و جورئەتی ئەوەی نییە کە بێشەرتومەرج قەتڵی نامووسی مەحکووم بکا، ئەمن دوو ڕۆشنبیری کورد دەناسم کە بە کردەوە دژی قەتڵی نامووسی خەباتیان کردووە، یەکیان مامۆستا گۆران بووە کە لە شێعری «بەردەنووسێک»دا نزیکەی ٥٠- ٦٠ ساڵ لەوەپێش ئەو جینایەتەی مەحکووم کردووە و، ئەوی دیکەشیان «یەڵماز گۆنای» بووە لە فیلمی (یۆل)داقەتڵی نامووسی تەواو مەحکووم کردووە. لە کۆنفرانسەکەشدا ئەوانەم گوت و چەند کەسێک تووڕە بوون لەوەیکە بۆچی من دەڵێم قەتڵی نامووسی بەشێک لە کولتووری کوردە، بە وانم گوت دەبێ ئێوە ورە و جورئەتی ئەوەتان هەبێ کە بە ڕێگای مامۆستاگۆران و «یەڵماز گۆنای» دا بڕۆن. نەک ئەوەی پاشەکشە بکەن بڵێن ئەوە بەشێک لە کولتووری ئێمە نییە. گوتم جورئەتی ئەوەتان هەبێ وەک مەلا مەحموودی بایەزیدی، بەڕاشکاوی باسی ئەوەی بکەن کە قەتڵی نامووسی بەشێک لە عادات و رسوومی کوردە. مەلا مەحموودی بایەزیدی، تەنانەت زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ ژنی کورد وەک ژنی فەرەنگی ئازادە، ژنی کورد ئەوەندە ئازادە دەتوانێ بەتەنێ بچێتە ماڵێکی بێگانە، بێ ئەوەی مێردەکەی لێی بەدگومان بێ؛ دەڵێ پیاوی کورد هەڵبەتە لە گوندەکان بەدگومان نییە لە ژنەکەی. ژن ئازادە، چارشێوی نییە، بەڵام ئەگەر «کاری خراپ» بکا (چونکە مەتنەکە کرمانجی یە دەڵێ: «شوولا خراپ»)، بەبێ هیچ تەرديدێک دەیکوژن. دوایە دەشڵێ بۆچی دەیکوژن، دەڵێ مەبەست ئەوەیە ترس لە دڵیدا بێ، ترسێکی وا لە دڵی ژنی کوردا بێ کە «شوولا خراپ» نەکا. ژنێک ئەگەر «کاری خراپ» بکا، هیچکەس شەفاعەتی بۆ ناکا. هیچ قازییەک، هیچ حاکمێک ناڵێ ئەو ژنەتان بۆچی کوشت. دوایە دەڵێ گشت کەسیش چاوەڕوانی ئەوە دەکا ئەو ژنە بکوژرێ. یانی وەختێک مەلایەکی کورد ١٤٠ ساڵ لەوە پێش ئاوا بە ڕاشکاوی دەیڵێ، بۆچی ڕۆشنبیری کورد ئەورۆ ئینکاری دەکا. بۆ وێنە گۆڤاری ***بەربانگ*** (ژمارە ١٢٣) کە لە ٣٤ لاپەڕەدا بە سوێدی و کرمانجی و سۆرانی باسی قەتڵی فادیمە شاهینداڵ دەکا، بەڵام تەواوی ئەو نووسراوانە هەوڵدانە بۆ وەی بڵێن ئەوە بەشێک لە کولتووری کورد نییە.

**● یانی مەبەستت ئەوەیە، پاکانە دەکەن..**

ــ بەڵێ، دەڵێن ئەوە فەرهەنگ و کولتووری ئێمە نییە؛ جا ئەگەر ڕۆشنبیری کورد سیاسەت و بەرنامە و بۆچوونی ئاوا بێ، چۆن دەتوانێ خەبات بکا لە دژی ئەو دیاردەیە، ئەمن دەڵێم ڕۆشنبیر، بێ هیچ قەید و شەرتێک دەبێ ئەو کارە مەحکووم بکا. تۆ باسی ئەدەبیاتت کرد،ئەدەبیاتی کورد پاتریارکی یە. دیارە لە ئەدەبیاتدا خەبات کراوە لە دژی زوڵمکردن لە ژنان و دژی قەتڵی نامووسی. بێجگە لە شێعری گۆران دەکرێ باسی ڕۆمانی کاک کوردان کۆمەڵە



یەڵماز گۆنای

شاخێ بەرز و..» بکەم و ڕەنگە چەند شتێکی تریش هەبێ، بەڵام ئەو خەباتە لە ئەدەبیاتدا قووڵ و بەرین نییە. زمان پاتریارکی یە، ئەمن لەو بارەوە لێکۆڵینەوەم کردووە، زمانەکەمان پاتریارکی و دژی ژنە، هەروەها، هەڵپەڕکێ، فۆلکلۆر، دینی ئیسلام، مۆسیقا، سیاسەت، ئارشیتێکت، هونەر و گشت دیاردەی کۆمەڵایەتیی تر..

**● کاک ئەمیر، ببەخشە قسەکەت پێدەبڕم، بەڵام لە فۆلکلۆری کورد و ئەدەبی زارەکی، ئەو حاڵەتە کەمتر دەبینرێ، بەتایبەت لە بەستە و گۆرانی و بەیتە فۆلکلۆرییەکانی کوردیدا، ژن ئازادتر دێتەبەرچاو..**

ــ نا، دەزانی چۆنە، ژن لە ئەدەبیاتی زارەکیدا دەورێکی بەرینتری هەیە تا لە ئەدەبیاتی نووسراودا. گەرچی ئەو وەزعە خەریکە دەگۆڕێ ئێستا ژن لە ئەدەبیاتی نووسراو و چاپەمەنی دەورێکی زۆرتری هەیە. بەڵام ئەوە دروستە لە ئەدەبیاتی زارەکی، لە حەیران و لاوک و بەیتەکاندا ژن دەورێکی چالاکتری هەیە. بەڵام دیسان ئەو دەورە، دەورەیەکە لە چوارچێوە نیزامی پاتریارکیدا. هەروەک ئەوەیە ژن لە کۆمەڵگەی لادێ و لە نێو عەشیرەت و کۆچەرییەکاندا ــ هەروەک مەلا مەحموود دەڵێ ــ ئازادی و تێکەڵاوبوون لە گەڵ پیاوانیدا هەبووە. لە فۆلکلۆریشدا تارادەیەک وا بووە. بەیتبێژە هەرە گرینگەکان پیاون. گەرچی ژن توانای ئەوەی هەبووە بەیتبێژ بێ و هەشبووە، بەڵام بەیتبێژە گەورەکان، هەموو پیاو بوون کە زۆرتر لە دیوەخان دادەنیشتن و لە دەرباری خانە کوردەکاندا بوون، ئەوان بەیتبێژی ڕەسمی بوون..

**● بەڵێ، ئەوە تەواو دروستە..**

— .. بەڵام کە دێینە سەر لێکدانەوەی ئەوەیکە دەوری ژن چۆن بووە، ژنی کورد لە ئەدەبیاتی زارەکیشدا، هەر لە چوارچێوەی نیزامێکی پاتریارکیدا بووە. شین و شینگێڕیی دەکرێ بڵێین تەواو ژنانەبووە، یانی زۆرتر ژنان کردوویانە. ئەدەبیاتی زارەکی زۆر هەیە چ بە کرمانجی چ بە سۆرانی کە ژن ئەو دەورەی گێڕاوە، بەڵام دیسان بۆچوونی ژنان سەبارەت بە پێوەندی ژن و پیاو، زۆرتر بۆچوونێکی پیاوانە بووە، چون وشیاریی فێمینیستی نەبووە. ئەوەیکە ژن و پیاو دەبێ بەرابەر بێ ، دەبێ مافی بەرابەری هەبێ بۆ هەوەڵجار لە ئوروپادا پەیدا بووە، لە دەوری ڕۆشنگەری و لە دەوری مۆدێرنیتەدا بووە. لە کوردەواری خۆماندا فکری مافی ژن لە گۆڕێدانەبووە، لە ئەدەبیاتی زارەکیدا ناتوانی فکری بەرابەری پەیدای بکەی. پەندێکی پێشینیان وەک نموونەی بیری بەرابەریی ژن و پیاو دەگێڕنەوە — «شێر شێرە، چ ژن چ مێرە» — بەڵام ئەوە و نموونەی تری وا نەبووەتە بۆچوون و سیاسەتی بەرابەریخوازی.

**● ئەمن بۆخۆم بۆچوونم ئاوایە، یانی لەو دیاردەی ئێمە باسی دەکەین، ئیسلام دەوری هەیە هەرچەند ئیسلام دووجۆرە: ئیسلامی قەلبی یان باوەڕی تاکەکەس کە خۆیەتی و خودای خۆی و، ئەوی دیکە ئیسلامی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی، ئەمن پێموایە ئەو ئیسلامە سیاسییە لە زۆربوونی ئەو دیاردەیە بێ تەئسیر نەبووە، کە لە هەموو کاروبارێکی خاوخێزانیدا، لە هەموو پێوەندییەکانی کۆمەڵاتەتیدا دەخالەت دەکا. ڕاستە کە هەرکەس بە مەیلی خۆی ئیسلام تەفسیر دەکاتەوە، بەڵام کورد کە زۆربەیان سوننی مەزهەب و شافعین، ئەگەر پیاوێک بیهەوێ ژنەکەی خۆی لە سەر کاری بیلعەت و خراپ بکوژێ لانیکەم دەبێ چوار شاهید هەبێ، واتە مەرجەکان ئەوەندە قورسن کە ڕێگای زەبر و زەنگی پیاوان سەبارەت بە ژنان کەم دەکاتەوە.. کەچی لەو ئیسلامەی کە لەو دواییانەدا باو بووە، ژن کوشتن و سەنگسارکردنی ژنان بووەتە ئاکارێکی باو...**

— ئەمن هیچ شکم نییە کە ئیسلام بۆخۆی دینێکی پاتریارکاڵە و ئەتۆ هیچ جۆرە ئیسلامێکی نابینیەوە کە پاتریارکاڵ نەبێ، پیاوەزنی بەشێک لە دینی ئیسلامە. ئەو ئیسلامەی ئەمن دیومە، ئیسلامی «شەریعەتی» بگرە، ئیسلامی «خومەینی» بگرە، ئیسلامی «اخوان المسلمین» بگرە تا دەگاتە ئیسلامەکانی پاکستان و مالێزیا و ئەندۆنێزیا گشتیان پاتریارکاڵن. لە هەموویاندا نابەرابەری ژن و پیاو بەشێکە لە بیروباوەڕی ئیسلامییان. هەروەک بۆخۆشت گوتت، زۆرجار ئەوانەی کە موسوڵمانن قەتڵی نامووسی دەکەن. بەڵام موسوڵمانی وا هەن کە دەڵێن قەتڵی نامووسی دیاردەیەکی ئیسلامی نییە و موسوڵمانی واش هەیە قەتڵی نامووسی ناکا. ئەوەش دەزانین کە قەتڵی نامووسی لە نێو مەسیحییەکانی کوردستانیش هەبووە. دیارە ئیسلام تەوجیهی دەکا، تەئییدی دەکا. گشت لایەنی کوردەواری، ئەدەبیات، کولتوور، ئایین، فۆلکلۆر، گشتی ئەوانە پاتریارکاڵ واتە پیاوەزنانەن، بۆیە دەبێ خەبات لە دژی قەتڵی نامووسی گشتی بێ. بەڵام شتێک کە گرینگی بەو بۆچوونە دەدا ئەوەیە کە نزیکەی ٥٠ ساڵە خەبات هەیە لە دژی ئەو دیاردەیە.

**● بەداخەوە هەر ئێستا کە ئێمە پێکەوە قسان دەکەین، لە شارێکی دیکەی سوێد، یەکدووحەوتوو لەوەپێش دیسان تراژێدییەکی دیکە ڕوویدا....دیارە میدیاکانی سوێد مافی خۆیانە باسی ئەو ڕووداوانە بکەن بەڵام بە شێوەیەکی ناشیاو ئەو ڕووداوانە زەق دەکەنەوە، سەبارەت بە میدیاکان نەزەرت چییە؟**

— هەڵبەت میدیا چەند جۆرن، میدیا گەورەکان ئەغڵەب ڕوانگەی دژ بە موهاجیر و جارجاریش ڕوانگەی تەواو ڕەگەزپەرستانەیان هەیە..

**● ببورە دەکەومە نێو قسەکەتەوە، بەوردی مەبەستیان ئەوەیە بڵێن «بابە خوراوین لە چنگ پەناهەندان»، یانی کارەکەیان تەنیا هەر زەقکردنەوەیە بەبێ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی ئینسانی بۆ بدۆزرێتەوە..**

— .. بەڵێ، ئەوە وایە، دەڵێن ئێوە کولتوورێکی بەربەرییەت و وەحشیگەریتان هەیە، ئەوە بەشێک لەو شتانەیە کە میدیا گەورەکان دەیڵێن، یان ڕەگەزپەرستەکان. دیارە گشت کەس ئەوەی پێناخۆشە و نادروستیشە. دروستە کە کوشتنی ژنان بە هەر بەهانەیک بێ بەربەرییەتە، بەڵام ئەوە لە هەموو کولتوورێکدا هەیە، هەر لە کولتووری سوێدی ساڵانە (ساڵانی ١٩٨٠) نزیکەی ٣٠ ژن کوژراوە. لە ئەمریکا، هەر ڕۆژەی نزیکەی ١٠ ژن دەکوژرێ. دیارە هەمووی بەبیانووی نامووسەوە نییە. میدیا ئەو بۆچوونانەیان هەیە، بەڵام ئەوەی ئەمن دەیبینم و لە نێو کورددا بۆچوونێکی تەواو ناسیۆنالیستی یە، ئەوەیە کە بێی بیشاریەوە و بڵێی ئەوە کولتووری ئێمە نییە و کولتووری عەرەب و ئیسلامە هاتۆتە نێو ئێمە. پێموایە ڕێگەی بەربەرەکانیکردن لەگەڵ ئەو بۆچوونە ڕەگەزپەرستانەیە جا چ لە حکوومەتی ئەو وڵاتە ئوروپاییانەدا بێ و چ لە میدیاکانیاندا، ئەوەیە کە بڵێی ئەو دیاردەیە هەیە لە کولتوردا و خەباتیش لە دژی ئەوە هەیە، نزیکەی ٨٠ ساڵە بۆ بەرابەری ژن و پیاو خەبات دەکرێ.. نزیکەی ٥٠-٦٠ ساڵە ڕۆشنبیری کورد خەبات دەکا لە دژی قەتڵی نامووسی. هەروەک گوتم نموونەی زۆر باشیشی گۆران و یەڵمازگۆنای بووە. دەبێ باسی ئەوە بکرێ کە کولتووری کورد وەک کولتووری نەتەوەکانی تر، بەلانیکەمەوە دوو بەشی هەیە لە پێوەندی لەگەڵ جنسییەتدا. بەشێکی کە زاڵە بە سەر کۆمەڵگەی کورددا کولتووری پاتریارکاڵ و پیاوەزنی یە، بەڵام بەشێکی کە کولتوورێکی نوێترە، کولتووری فێمینیستی یا کولتووری بەرابەریی ژن و پیاوە. ئەگەر ئوروپا ئەوەی هەیە کوردیش ئەوەی هەیە، ئەگەر عەرەب ئەوەی هەیە، کوردیش هەیەتی. پێموایە ڕێگای بەربەرەکانیکردنی ڕەگەزپەرستان و ئەو میدیایەی کە بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەی هەیە، ئەوەیە کە کولتووری خەبات بۆ بەرابەری یانی ڕێگای یەڵمازگۆنای و گۆران و فادیمە شاهیندال لەبەرچاوبگرین و ئەو خەباتە درێژە پێبدەین، قووڵتر و بەرینتری بکەین. لێکۆڵینەوە هەبێ سەبارەت بە ژن کوشتن و زەبروزەنگ لە دژی ژنان، لە هەموو لایەنێکی کولتووری کوردەوە. ئەوانە دەبێ بکرێن، نەکراوە. زۆربەی ڕۆشنبیری کورد ورەی ئەوەی نییە باسی ئەو شتانە بکا. ڕۆشنبیری کوردی ناسیۆنالیست، مەسەلەی ژنان نابینێ، ئەوان تەنیا ڕزگاری نەتەوەی

کوردیان بۆ گرینگە، ڕزگاری ژنان پرۆژەی ئەوان نییە. ئەگەر باسیشی دەکەن هەروا بە قسەیە.

**● کاک ئەمیر ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ با ئەختێکیش بێینە سەر پێوەندیی نێوان زمان و جنس(ژێندر)، ئەگەر لەبیرت بێ لە ژمارە ١ی گزینگیشدا، هەر لەگەڵ جەنابت باسێکی ئاوا هەبوو، ئێوە بە تێکڕایی ئەدەبی کوردی بە ئەدەبێکی پیاوەمەزنی یا پاتریارکاڵ دادەنێن کە لە زەمانیشدا ئەو دیاردەیە ڕەنگی داوەتەوە، وابزانم بەو زوانە لێکۆڵینەوەیەکی نوێت سەبارەت بەو مەسەلەیە هەبووە، ئەگەر دەکرێ هێندێک لە سەر ئەو بابەتە بدوێن.**

– بەڵێ، نزیکەی ٩ساڵ لەوە پێش بوو لە وتووێژێکدا لە گزینگ باسێکی ئاوامان بوو، من باسی ئەوەم کرد شتێکی کە دەبێ ئێمە فێری بین لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، خەباتی ژنانە لە دژی زوڵم و زۆری پیاوان، ئیشارەم کرد بە زەمینەی زمان کە چۆن زمانی گشت نەتەوەکان زمانی پاتریارکاڵ و پیاوەمەزنانەیە، خەباتێک کراوە بەتایبەت لە زمانی ئینگلیسیدا، ئەو خەباتە زۆر پێشکەوتووە. من لێکۆڵینەوەیەکم سەبارەت بەو شتانەی کە کۆم کردبۆوە، ئەو شێعر و نووسراوە کوردییانەیکە ئەو ڕوانگەیان زۆر تێدایە، وەک فەسڵێک لە کتێبێکدا بە ئێوی:

Women of a Non- State Nation: The Kurds

(ژنانی نەتەوەیەکی نادەوڵەتی: کوردەکان) کە پارەکە لەلایەن «شەهرزاد موجاب»ەوە بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا وشەی کوردی کە نابەرابەریی ژن و پیاو نیشاندەدا دە مەعناکەیدا، ئەوانەم کۆکردووەتەوە و لە چەند بابەتدا باسم کردووە. بۆ وێنە وشەی پیاو و ژن لە زمانی کوردیدا، پیاو وەک کەسێکی ئازا، وەک کەسێکی نەترس، وەک کەسێکی زۆر دڵاوا و باش بێ باسدەکرێ. بەڵام ژن وەک کەسێک کە ترسەنۆکە، وەک کەسێک ئازایەتی نییە و بێ غیرەتە، پیاو بە غیرەتە و ژن بێ غیرەتە. وشەگەلێکی زۆرم هێناوەتەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەردەخا کە زمانی کوردی زمانێکی بێلایەن نییە. لە باسی ژن و پیاو دا و لە باسی ژێندردا، زمانێکی تەواو لایەنگرانەیە. لایەنی پیاوانی گرتووە و دژ بە ژنانە.

**● کاک ئەمیر، بێجگە لە ئەدەبی نووسراو یا دەق، لە بەیت و فۆلکلۆرە ئەدەبییەکانیشدا هەر وای دەبینی؟**

– بەڵێ.. دە بەیت و فۆلکلۆری کوردیدا زۆر هاسانە تۆمار کردنی. کاک «ڕۆهات ئالاکۆم» لە کتێبەکەیدا(Di Folklora Kurdi de Serdestiye Jinan) سەبارەت بە دەسەڵاتدارێتی ژنی کورد لە فۆلکلۆردا دەڵێ بۆچوون سەبارەت بە ژن جۆراوجۆرە، بەڵام پێیوایە سەرباقی ڕەنگدانەوەی نابەرابەری، دیسان حاکمییەتی ژنی کورد لە فۆلکلۆردا بەدی دەکرێ. بۆچوونی من جیاوازە. مامۆستا هێمن لە لێکدانەوەی بەیتی «لاس و خەزاڵ» دا دەڵێ کە لەو بەیتەدا کۆمەڵگەی کورد وەک کۆمەڵگەیەکی ماتریاکاڵ ـــ ژنەمەزنی یان دایکسالاری ـــ دەچێ. بەڵام من لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی خۆمدا نابەرابەریی ژن و پیاو و دەسەڵاتی پاتریارکی لە ئەدەبیاتی زارەکیدا زۆر توندوتیژ دەبینم. هەروەها لە لێکۆڵینەوەی «کریستین ئالیسن Christine Allison» سەبارەت بە ئەدەبی زارەکی کوردە یەزیدی(ئیزەدی)یەکان کە پارەکە بڵاوبۆتەوە، نابەرابەریی ژن و پیاو لە ئەدەبی زارەکیدا بە ڕاشکاوی دەردەکەوێ. نابەرابەریی ژن و پیاو لە زماندا زۆر بەرچاوە، پیاوسالارانە و دژی ژنانە. بە عیبارەتێکی دی سێکسیستە، یانی جنسییەتی پیاو بەنرختر و مەزنتر و باشترە لە جنسییەتی ژن. لە ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نووسراویشدا نموونەم هێناوەتەوە، کە تەنانەت ئەو شاعیرانەی کە زمانی ئاوا سێکسیستی دژ بە ژن دەکارناهێنن، بۆچوونەکانیان هەر پیاوەمەزنانەیە.



فادیمه شاهیندال

تۆ ئەگەر بێی لە فەرهەنگ(قاموس)ە کوردییەکاندا، مەعنای ژن چاولێبکەی، ئاوای مەعنا دەکەنەوە، "ژنانی" و "ژنانیلە" یانی "نائازا" و "خوێڕی"، ژن لە ڕوانگەی واندا خوێڕی یە.

**● ببوورە، پیاو وەک وشە، وابزانم لە زۆربەی زمانەکاندا دوو مەعنای هەیە یەکیان بەمەعنای پیاو وەک مرۆڤی نێر و ئەویدیکەش بە مانای ئینسانە کە مرۆڤی مێش دەگرێتەوە..**

– ئەوە وایە، بۆ وێنە: "جا چۆن پیاو کاری وا دەکا؟"، لە تەواوی ئەو زمانانەی کە لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە وایە، بەڵام ئەوە بۆخۆی، لە ڕوانگەی پیاوانەوە وای لێهاتووە و دروست بووە، بۆچی ئێمە ناڵێین "جا چۆن ژن کاری وا دەکا؟" دەڵێین «پیاو» لێرە بە مەعنای "ئینسانە"، "مرۆڤە"، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەڵبژاردنی پیاو بۆ ئەو مەعنایە، خۆی لە کۆمەڵگەیەکدا کراوە کە پیاو دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووە.

**• باشە، پێتوایە ئەو دابڕانە پێوەندنی ڕاستەوخۆی بە دەسەڵاتەوە هەیە، هەرچەند ئەدەبێک یا مەتنێک کە ڕەنگدەرەوەی ئەو دەورانە بێ بۆ ئێمەی کورد لە دەستدا نییە..**

— هەر وەک گوتم ئەوەی مامۆستا هێمن بەدی کردووە لە بەیتی «لاس و خەزاڵ»دا تاڕادەیەک ڕاستە: لە کۆمەڵگەی عەشیرەتی کورددا واهەبووە کە ژن دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی عەشیرەتی هەبووە. بەڵام دیسان پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: کاتێک ژنێک دەسەڵاتی سیاسی هەیە یان لە ماڵبات دا دەسەڵاتی هەیە، ئەو دەسەڵاتە چۆن دەکاردێنێ؟ ئەو دەسەڵاتە بەرابەریی ژن و پیاوی لەبەر چاوە یان نا؟

**•.. بەڵام ئایا بۆ ئەو دابڕانە یان دەستپێکردنی ئەو جۆرە زمانە کە نوێنەری جنسسییەتی پیاوسالارانە بێ، لە باری شکڵبەندی کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەوە دەکرێ بڵێین چ زەمانێک بووە؟**

— نازانین، واقیعەن نازانین، چون بەڵگەمان نییە.

**• یۆنانییەکان بۆ وێنە؟**

— ئی وانیش هەر پیاوسالاری بووە. بۆچوونێک ئەوەیە ئی ئینگێلس و ئەدەبیاتی مارکسیستی کە دەڵێن بە پەیدابوونی کۆمەڵگەی چینایەتی ژێردەستیی ژن دەستی پێکردووە.

**• یانی دەتوانین بڵێین ژن لەو کاتیرا وەک کاڵا چاوی لێکراوە..**

— بەڵێ، یانی ژێر دەست بوون، ئەگەریش وەک کاڵا نەبووبن، تەواو ژێردەست بوون. ئەوە ئیدعایەکی تیۆریکە و ئیدعایەکی بە قوەتیشە، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی زۆریشی دەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا کاڵا لە پێش نیزامی دەسمایەداریدا هەبووە، بەڵام لەو نیزامەدا بۆتە فاکتۆرێکی سەرەکی لە گشت پێوەندییەکی نێو ئینسانانداد.

**• ئەوانەی سەبارەت بە زمان فەرمووت، دیارە دیاردەیەکی بەرچاوە، بەڵام کاک ئەمیر دەزانی کە لە زمانی کوردیدا ئێمە سیغەی نێر و مێ (موزەککەر و موئەننەس)مان نییە، ئەگەریش هەبێ تەنیا چەند حاڵەتێکە ئەویش لە نێوەکانداو بەتایبەت لە بانگکردندا، ئەوە هیچ پێوەندی بە تێکڕای زمان لە باری جنسییەتەوە هەیە؟**

— نا، ئەوە هیچ پێوەندی نییە،چون ئەوە شتێکی گرامێری یە کە پێوەندییەکی زۆری بە ژن و پیاوەوە نییە. لە کرمانجیدا نێر و مێیایەتی هەیە لە نێو/ئیسم دا. لە سۆرانیدا ئەوە نییە. لە سۆرانیدا بەعزە شتێکی دەتوانین ببینینەوە لە حاڵەتی نیدادا، بۆ وێنە لە «کوڕە!» و لە «کچێ!»دا. زمانێک ئەگەر نێر و مێیایەتی نەبێ بەو مەعنایە نییە کە زمانەکە پاترپارکاڵ و دژی ژن نییە. ئەمن توانیومە نیشانی بدەم لە لێکۆڵینەوەکەمدا کە کوردیی سۆرانی زمانێکی پاترپارکاڵە و ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی وا لە کرمانجیدا بکەین دەردەکەوێ کە کرمانجیش وەک سۆرانی پاترپارکاڵە.

**• هەروەک دەزانی پەرەگرتن و جێکەوتنی زمان کارێکی یەکڕۆژ و دوو ڕۆژ و دەساڵ نییە، بۆ ڕێگاچارەی ئەو دیاردەیە ئینسان دەتوانێ چ بکا؟**

— لەوبارەیەوە تەجروبە هەیە، لە زمانی ئینگلیزی و هێندێک زمانی دیکە، ئێمە لەپێشدا دەبێ بزانین کە زمانی کوردی چۆن زمانێکی پاترپارکاڵ و دژی ژنانە، ئەو لێکۆڵینەوە تازە دەستی پێکردووە. ئەو لێکۆڵینەوەی کاک هێدی [جەعفەری حوسێنپوور] بۆ وێنە و یەکدوو نووسراوەی دیکە و ئەو لێکۆڵینەوەی من... هاوکاتیش دەبێ حەول بدرێ زمانەکە وەک زمانێکی پاترپارکاڵ دەکارنەهێنین. ئەوە هەنگاوێکە، حەولی دەوێ، تەقەلای دەوێ. ئەمن نۆ ساڵ لەوەپێش بەعزە نموونەگەلێکم هێنایەوە لە گزینگدا کە چۆن لە ئینگیسیدا ئەو کارەیان کردووە. لە کوردیشدا دەکرێ ئەو کارەی بکەین. بۆ وێنە دەکرێ لە جیاتی «پیاوانە» بڵێین «ئازایانە»، دەمەویست شتێکی تریش بڵێم، ئێمە ئەگەر وشەی ئاوا سێکسیستیش دەکارنەهێنین دژ بە ژن، دیسان دەکرێ بۆچوونەکانمان جیاوازیی ژن و پیاوی تێدا بێ، یانی «پیاو» بکاتە پێوانەی هەموو شتێک بۆ وێنە ئەمن لەو لێکۆڵینەوەی خۆمدا باسی «گوڵی هیوای» مامۆستا هێمنم کردووە، لەوێدا توانیومە نیشانی بدەم کە سەرباقی ئەوەی وشەی زۆر سێکسیستی تێدا نییە، بەڵام بۆچوونەکە سێکسیستی یە و لە ڕوانگەی پیاوانەوە چاو لە «ئەختەر»ی دەکا وەک ژنێکی پێشمەرگە. یانی ئەختەر بۆ ئەوەی وەک ژنێکی پێشمەرگە قەبوڵ بکرێ دەبێ وەک پیاوانی لێ بێ. یان کورتە شێعرێک بەنێوی «سەنگەرێکی نوێ» کە چەند ساڵ لەوە پێش بڵاوبووەتەوە، وشەی سێکسیستی تێدا نییە بەڵام ئەویش بۆچوونەکەی تەواو سێکسیستی یە.

**• کاک ئەمیر، زۆر سپاس لەوەیکە وەختمان گرتی، لە کۆتاییدا ئەگەر لێ زیادکردنێکت ماوە بیفەرموو دەنا ماڵئاوا؟**

— تەنیا شتێکی کە دەبێ بیلێم ئەوەیە کە گزینگ و گشت گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان و میدیای کوردی و ئامرازەکان بە گشتی، دەبێ بایەخێکی زۆر بدەن بە کێشەی ئەو زەبروزەنگەی کە لە دژی ژنی کورد دەکرێ، بەتایبەتی قەتڵی نامووسی، دەبێ حەول بدرێ ئەو باسانە پەرەی پێبدرێ. بەبێ زانستی فێمینیستی و وشیاریی فێمینیستی ئەو خەباتە ناتوانێ سەربکەوێ. میدیای کوردی و ڕۆشنبیری کورد دەبێ بە ڕێگەی عەبدوڵڵا گۆران، یەڵماز گۆنایو فادیمە شاهینداڵ دا بڕۆن و ئەو خەباتە قووڵتر و بەرینتر بکەن. بە بڕوای من قووڵترکردنی ئەو خەباتە پێویستی بە جیهانبینییەکی مارکسیستی ـ فێمینیستی هەیە. گۆران و یەڵماز گۆنای هەردووکیان ئیلهامیان لە مارکسیسم وەرگرتبوو و فادیمە شاهینداڵ ڕووناکایی فێمینیسمی دیتبوو. دەبێ وەک فادیمە شاهینداڵ لە پارلمان و لە میدیا و لە ژیانی فەردی و لە ژیانی ماڵبات دا خەبات بەکەین لە دژی بەڕبەرییەتی پیاوانە و پیاوەزنانە. ڕێگەکە دوورودرێژ و پڕ لە کەند و کۆسپە، بەڵام وره و ئیرادە و وشیاریش هیچ سنوورێک ناناسن. ■

# تێڕوانینی شێرکۆ بێکەس بۆ "ژن و کۆمەڵگە" لە قۆناغی باڵندەییدا

لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆ- سۆسیۆلۆژی لەسەر کۆمەڵە شیعری (خۆم ئەو وەختەی باڵندەم!)

• مەهاباد قەرەداغی•

ستۆکهۆڵم، ئابی ٢٠٠٢

**دەروازە**

شیعر کلێشەیەکە بۆ ڕۆحی ڕامانەکانی ناوەوەی مرۆڤ. وورووژاندنەکانی "خود" ی شاعیر، لە ڕێگەی کارتێکردنە هەستییەکانەوە، لە بۆتەی زمانێکی چڕ و ڕەنگیندا بەرجەستە دەبێت و، شیعر لەدایک دەبێت. یان بە واتایەکی تر؛ شیعر زمانی دەروونی شاعیرە و، هەموو وێنە ریالیستەکانی دەرەوەی "خود"، بە کامێرای زمانی خۆی دەگرێت و، لە پیشانگەیەکی سەرنجڕاکێشدا وێنەشیعرییەکان، وێنە دەروونییەکانی شاعیر نومایش دەکەن.

ئەو وێنانەی کە لە واقیعدا ئاسایی و یەکرەهەند و یەکرەنگن و، لە شیعردا نائاسایی و فرەرەهەند و رەنگینن، هۆی ئەوەیە ئەو وێنانە لە دیوی ناوەوەی شاعیردا بە پرۆسەیەکی چڕو پڕ، هەر یەک لە رەگەزەکانی کەسایەتی دەروونی شاعیر کە لە "من"، "منی باڵا"، "ئەو" و "منی بەرگریکەر" پێکدێ، کاری لەسەر دەکەن، و دواجاریش کامێرای زمانی شاعیر وێنە کارلەسەرکراوەکان لە هەوێنێکی هونەری باڵادا چڕ دەکاتەوە و دەیگرێت.

هەرسێ ئاستی کەسایەتی شاعیر، کە بریتین لە "هەست یان هۆش"، "نەست" و " هۆشی ناوەکی"، لە بنیاتنانی وێنەی شیعرێکدا بە کاراییەوە ڕۆڵ دەبینن. ئەوەی لە هۆش و هەست و ئاگاییەوە دەرژێتە سەر لاپەڕە، ئەو وێنانەن کە دەقاودەق لە واقیعدا هەن و بە پێنج هەستەکەی "خود"ی شاعیر نامۆ نین. بەڵام ئەو وردەکارییانەی کە هونەرێکی سەرسورهێنەر دەبەخشنە داهێنانێکی شیعری و تەلیسمی پێدەبەخشن، زادەی نەست و هۆشی ناوەکی شاعیرن، کە بریتین لەو وشە و ڕستە و وێنە رووتانەی کە سروشتی ئەبستراکت لێیان بێبەری یە و ناتوانێ قبولیان بکات، تەنها هونەر و داهێنانی هونەری دەتوانێ بە رەهاییەوە دەرگاکانی خۆی تا گازەرا بۆ پێشوازیکردنیان بخاتە سەر پشت.

ئەو وێنانەی کە هۆش و ئاگای شاعیر دەیانگرێ ناتوانن سەرنجڕاکێش و سەرسامکەر و ڕامان دروستکەر بن، ئەگەر هەردوو رەگەزە شاراوەکەی کەسایەتی دەروونی شاعیر، واتە نەست و هۆشی ناوەکی شاعیر بە هانای ئەو وێنەیەوە نەیەن و پڕی نەکەن لە چڕبوونەوەی مانا و مەبەست. ئەو وردەکارییانەی کە نەست و هۆشی ناودوەی شاعیر دەیانبەخشن بە وێنەیەکی شیعری، ئەوانەن کە هەستی خوێنەری شیعر دەبزوێنن و لە ڕێگەی ئەو بزواندنەوە بڕێک لە وێنە حەشاردراوەکانی نەست و هۆشی ناوەوەی خوێنەریش فوارە دەکات و ئازاد دەبێت. شیعر دەبێتە ئەو کەرەستەیەی کە بەهۆیەوە نووسەرەکەی و خوێنەرەکەشی لە بڕێک وێنەی پەنگخواردووی دەروونی ئازاد دەکات. بۆیە هێندەی نووسینی شیعر داهێنانە، هێندەی ئەوەش خوێندنەوەی قووڵی شیعر داهێنانە. خوێنەری داهێنەر ئەو کەسەیە کە زۆرترین مانا و چڕترین مەبەست لەو نومایشە هونەرییەدا دەدۆزێتەوە کە پیشانگای شیعرێک دەیانخاتە روو، تا لە ڕێگەیانەوە زۆرترین وێنەی پەنگخواردووی ناوەوەی خۆی رەها بکات.

بەو پێیەش کە نەست کۆگای ئەو وتە و بیر و رەفتارانەیە کە واقیع ناتوانێ بەرجەستەیان کات و، هۆشی ناوەکیش کۆگای هەست و رەفتار و بیرە چەپێنراوەکانە و، شیعریش لەڕێگەی وێنەگری وردبینانەی زمانەوە وێنەکانی ناوەوەی نەست دەگرێت، ئیدی شیعر دەبێتە ئەو کەرەستە دەگمەنەی کە دەروونی شاعیر هەڵاودیو دەکاتەوە. بۆیە کە مامەڵە لەگەڵ دەقێکی شیعریدا دەکرێت دەبێ هاوکات وەک کەرەستەیەکی دەروونی و مێژوویی شاعیر تێی بڕوانرێ. مەبەست لە مێژوویی بوونی کەرەستەی شیعری، بیوگرافیای ژیانی شاعیر و ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەشە کە پێکهاتەکانی دەروونی و جەستەیی شاعیر تیایدا گەشەیان کردووە.

- دۆینێ یان رابردووی شاعیر و قۆناغەکانی ژیانی دەتوانرێ لە تێکستەکانیدا بخوێنرێتەوە، لە ڕێگەی ئەو وێنە و وردەکارییە نەستییانەی کە لە شیعرەکەدا ئامادەیە، لە ڕێگەی ئەو وێنە و بیر و هەستە چەپاوانەی کە لە قۆناغەکانی تەمەنیدا چەپێنراون و ئاودیوی هۆشی ناوەکی کراونەتەوە.
- ئێستای شاعیر لە ڕێگەی ئەو بەرکەوتنە هەستییانەوە دەبینرێن کە زادەی نزیکبوونەوەی "خود"ی کەسایەتی شاعیرە لە سروشت و دیاردەکان و واقیع، کە ڕۆشنبیری و مرۆڤبینی و دیاردەبینی و جیهانبینی ئەو ئاشکرا دەکەن. لەم پەیوەندییەدا مێژووی لەدایکبوونی ئەو تێکستە گرنگ و بڕیاردەرە لە خوێندنەوەیەکی دروست بۆ مرۆڤبینی شاعیر.
- داهاتووی فیکر و داهێنانی شاعیریش دەتوانرێ بەو وردەکارییانەی کە دەرک و زەینی لە تێکستەکەدا تۆماری دەکەن پیشان بدرێت. لە شیعردا

کات جیوەییە و تەنها لە شوێنێکدا ئۆقرە ناگرێ کە ناوی ئێستا بێ، بەڵکە کات لە شیعردا لە بزوتنەوەیەکی هەمیشەییدایە بەناو رابروو و ئێستا و داهاتوو، هەروەکوو چۆن شوێنیش هەمان سیفەتی جیوەیی هەیە. لێکدەرەوە و رەخنەگر دەتوانێ سنووری کات و شوێنەکان لە یەکتر بترازێنێ و ئاراستەکانیان دەستنیشان بکات، لەو رێگایەشەوە دەرکی شاعیر بخوێنێتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا تێکستە شیعرییەکانی دووتوێی دیوانی ***(خۆم ئەو وەختەی باڵندەم!)* ی شێرکۆ بێکەس** دەبن بە کەرەستەیەکی دەگمەن بۆ خوێندنەوەیەکی دەروونی شاعیر و روونکردنەوەی مرۆڤبینی ئەو. هاوکات خوێندنەوەیەکی کۆمەڵگە و ژینگە کۆمەڵایەتییەکانی شاعیر و بە تایبەتیش تێڕوانین و ڕامانی ئەو لە ژن کە لەم دیوانەدا پانتاییەکی فراوانی هەیە و دەکرێ کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی ژن و پیاو و هەڵوێست و رەفتارەکۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی کۆمەڵگەشیان تێدا بخوێنرێتەوە.

**فاکتەرەکانی هەڵبژاردنی ئەم دیوانە و ئەم شاعیرە بە تایبەت ئەمانەن:**

ـ هەر لە خوێندنەوەیەکی ئاسایی و سەرپێی شیعرەکاندا دەرک بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی ڕۆڵی ژن لەشیعری کوردی دەکرێ بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە لە قۆناغەکانی پێشتردا لە ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعری کوردی بە تایبەتی رەنگی دابووەوە. بۆ ئەوەی لەو خوێندنەوە ئاسایی و سەرپێییەوە کە ئەو دەرکەی ورووژاندووە بگوێزینەوە بۆ خوێندنەوەیەکی قووڵ و لێکدانەوەیەکی هەمەلایی شیعرەکان، ئەم لێکۆڵینەوەم بە پێویست زانی.

ـ شێرکۆ بێکەس کاریگەرترین دەنگی شیعریی کوردی ئەمڕۆیە و بەهۆی جۆر و ژمارەی ئەو تێکستە شیعرییانەی ئەو دایاندەهێنێ کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیشی بۆ پێکدێت کە وا دەکات ئەو وێنەیەی ئەو دەیدا بە کۆمەڵگە لەبارەی ژنەوە تا رادەیەکی زۆر لەلای خوێنەرانی شیعری ئەودا و لە رێگەی ئەوانیشەوە لەناو کۆمەڵگەدا ببێ بە مۆدێل و دواجاریش بە نەریت و، بسەپێ.

### ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

شیعر لە کۆمەڵگەی کورددا کاریگەرە، شاعیر کە خۆی هەڵگری پەیامێکە و بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە شیعر بەرهەم دەهێنێ، ڕۆڵێکی کارا دەبینێ لە بزواندنی هەست و هۆشی مرۆڤی کورد و، توانای ئەوەشی هەیە تێگەیشتنی باوی کەسەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ دیاردەکان لە هۆشی ئەو کۆمەڵگەیەدا بگۆڕێ. شاعیر بە گشتی لە تێڕوانینی مرۆڤی کورددا کەسایەتییەکی کارێزمایی هەیە و سیفەتەکانی کەسایەتی کاریزمایی هەبێ یان نەبێ، لە تێڕوانینی باوی خەڵکدا ئەوە سەقامگیر بووە. بۆیە هەر تێکستێکی ئەو بەرهەمی دەهێنێ دەتوانێ ڕۆڵی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤی هەبێ لەسەر ڕوانگەی خوێنەرانی خۆی و دواجار لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی.

ژن لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا بە گشتی، کە کۆمەڵگەی ئێمەش لەو کۆمەڵگانەیە پەیڕەوی سیستەمی باوکسالاری بە شێوەیەکی ئێکستریم دەکات، وەک (ئۆبجێکت)ێک تێی دەڕوانرێ نەک وەک (سوبجێکت).

● تێڕوانینێکی سەپاوی بەو شێوەیە بۆتە هۆی نائاسایی بوونی تێکڕای پەیوەندییەکانی مرۆڤ، ژن و پیاو، پیاو و پیاو، ژن و ژن، ژن و منداڵ و پیاو و منداڵ. هەر ئەو تێڕوانینە سەپاوەیە کە کار لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت و مرۆڤ و ئاژەڵیش دەکات و حاڵەتێکی تا رادەیەک نائاسایی دەداتە ئەو دیاردانە و پەیوەندییەکان بە گشتی.

ژن لە ئەدەبی کوردیدا بە گشتی و لە شیعری کوردیدا بە تایبەتی (چەند تێکستێکی کەمی لێ بترازێ) لە هەمان ئەو تێڕوانینە باوکسالارییەوە ڕۆڵی دراوەتێ کە لە کۆمەڵگەدا سەپاوە، واتە هەمان ئەو ئۆبجێکتە بووە کە واقیعێکی نائاسایی و مێژوویەکی نائاسایی لەسەر ژنیان تاپۆ کردووە. ژن هەمان ئەو وێنەیە بووە کە دەقاودەق لە واقیعەوە(بەڵام واقیعێکی نائاسایی)، گوێزراوەتەوە ناو پانتایی ئەدەب و، نووسەران و شاعیران(کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیاوان ئەم پانتاییەیان بە دەستەوە بووە) ویستی ئەوەیان نەبووە کە وێنەیەکی ئاسایی ژن، کە لەو واقیعە نائاساییە نەچێ، بئافرێنن کە ببێتە مۆدێلێک بۆ خوێنەر و بۆ کۆمەڵگە و وردە وردە ببێ بە باو.

ڕووناکبیریی نووسەر کە دەبێتە تانوپۆ بۆ ڕوانگە و بینینی ئەو، ڕۆڵی بڕیاردەر دەبینێ لەوەی تا چەند مەبەستی نووسینەکانی دەبن بە مەبەستێکی مرۆڤانە و، تا چەند دەیەوێ کاریگەری و ڕۆڵی کاریزمایی خۆی لە گۆڕینێکی پۆزەتیڤانەی کۆمەڵگە و تێڕوانینە ناراستەکاندا بخاتە گەڕ. ڕووناکبیریی نووسەر بڕیاردەرە و چوارچێوەیەک بۆ مرۆڤبینی و جیهانبینی و دیاردەبینی ئەو دەسازێنێ، کە لەو چوارچێوەیەدا پەیامێکی مرۆڤانەی پێ بەرهەم دەهێنێ.

ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەم شیعرە تایبەتییانە، بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە ڕووناکییەک بخەمە سەر سەرەتای ئەو وەرچەرخانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا بە گشتی و لە شیعری نوێی کوردیدا بە تایبەتی سەبارەت بە مرۆڤبینی لە ئارادایە و بە تایبەتیش لە تێڕوانینی ڕووناکبیرانی پیاو بۆ ژن سەرچاوە دەگرێ.

### میتۆد و پرسیارەکان

تێکستە شیعرییەکانی دیوانی(خۆم ئەو وەختەی باڵندەم!)، کە نوێترین بەرهەمی شاعیرە کەرەستەی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە. رەنگە بۆ هەندێ حاڵەتی بەراوردکاری کۆپلەی شیعری قۆناغەکانی پێشتری شاعیریش، یان کۆپلەی شاعیرانی تریش بە نموونە بهێنرێنەوە. ئەو پرسیارانەی کە دەبنە کۆڵەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە و هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدرێتەوە ئەمانەن:

١- خودی شێرکۆ بێکەس وەک مرۆڤێک و وەک پیاوێک و وەک شاعیرێک چۆن لە ژن دەڕوانێ و، ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەوی تیا دەژی، چۆن لە ژن دەڕوانێ؟

٢- ئایا وێنەی ژن لەم شیعرانەشدا هەمان ئەو وێنە باوەیە کە ئەدەبیاتی کوردی خوێنەری راهێنابوو لەسەری، کە لە پانتای ئەدەبیاتی کوردیدا زۆربەی کات ژن ئۆبجێکتێک بووە و نووسەری پیاو خۆی سوبجێکت بووە؟

٣- وێنەکانی دەروونی شاعیر تا چەند وێنەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی و دەروونی کۆمەڵگە بە گشتی و ژن بە تایبەتییان بەرجەستەکردووە؟

٤- کاریگەری ئەم شیعرانە و ئەم تێڕوانینانە بۆ ژن، لەسەر ژنی کورد و، لەسەر کۆمەڵگەی کورد چۆن دەبێ؟

## تێڕامانی تیۆری

لە دەستپێکدا بۆ خوێندنەوەی دەروونی شاعیر و لێکدانەوەی تێکستەکان، پێویست دەکات لەو پێناسانەوە وەژوورکەوین کە لە دەروونناسیدا بۆ کەسایەتی و رەهەندەکانی کەسایەتی کراون. بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی دیاردەکۆمەڵایەتییەکانی کە لە تێکستەکاندا وێنەگیراون، رەنگە پەنا بۆ هەندێ تێرمی سۆسیۆلۆژی، سایکۆ سۆسیال، فینۆمینۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی دەبەین. بێگومان خوێندنەوەیەکی ئەدەبییانە و فێمینیستییانەش دەبێتە پەتی پێکەوەبەستنەوەی هەموو گۆشە و کەنار و ناوەرۆک و ماناکانی لێکۆڵینەوەکە.

## "خود" و رەهەندەکانی خود

"خود" کۆڵەکەی ناوەکی کەسێک پێکدەهێنێ، ئەو بناغە چەسپاوەیە کە لەسەری راوەستاوە.[1] خود یان "من"، هاوکات بەڵگەی فیزیکی و دەروونی مرۆڤێکە. ئەو هەیکەلە فیزیکی و ئەو ناوەرۆکە دەروونییەیە کە کەسێک بە ئەویدی دەناسێنێ. کەسایەتی فیزیکی لە شێوەیەکی دیاریکراو و تارادەیەک لەیەکچووی هەیە بۆ مرۆڤ، بەڵام کەسایەتی دەروونی لە کۆمەڵێک کارکردەی ناوەکی و ئاڵۆز پێکدێ کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە و، ئەزموون و بارودۆخ و ژینگە و دەوروبەر دەتوانن کاریگەری لەسەر دابنێن.

"من" ی کەسایەتی مرۆڤ لە هۆش و لە پێش هۆش پێک دێت[2] کە لەگەڵ مرۆڤێکدا دەکەوینە گفتوگۆوە، "من" ی ئەو مرۆڤە دەبینین و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین. واتە هەمیشە بەشی بینراو و مامەڵەلەگەڵکراوی کەسایەتی یە. بەڵام "من" هەموو کەسایەتی مرۆڤ پێکناهێنێ، بەڵکە بە یاریدەی رەهەندەکانی "من"، کە "ئەو" و، "منی باڵا" یە کەسایەتی مرۆڤەکە تەواو دەکرێت، دیارە رەهەندێکی تریش لە "خود" دا رۆڵی بەرگریکەر دەبینێ و خود لە کارتێکەرە وەرسی هێنەرەکان دەپارێزێ.

"ئەو" کە رۆڵی غەریزەکانی مرۆڤ دەبینێ و، ئەو هەست و یاد و بیرەوەرییە پەسەندنەکراوانە دەگرێتە خۆ کە ژینگە و کۆمەڵگە بە نائاسایی دەزانن، کە لە دەروونناسیدا بە "نەست"یش ناوزەد کراوە، هەروەها "منی باڵا" کە رۆڵی ویژدان دەبینێ و نۆرم و ئایدیالێک بۆ کەسایەتی مرۆڤێک دەستنیشان دەکات، رۆڵی دادوەرێکیش دەبینێ و هەمیشە لەگەڵ بەشەکانی تردا لە ململانێدایە بۆ بە ئایدیالکردنی وتار و رەفتارەکانی "من" ی مرۆڤەکە،[3] هەرسێکیان پێکەوە، لە دەرەنجامی هەموو ئەو ململانێیەی کە لە نێوانیاندایە کەسایەتی دەروونی پێکدەهێنن و لە رێگەی کەسایەتییە فیزیکییەکەی مرۆڤەوە، لەئەنجامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەویدی دەناسێنن.

کە سەرپێیی باس لە کەسایەتی بکرێت، یەکسەر ئەوە بە بیردا دێت کە "رادەی سەرنجراکێشی کۆمەڵایەتی کەسێک بگەیەنێ".[4] کە ئەمە وەک تێگەیشتنێکی باوی کۆمەڵگەیەو، تا رادەیەکی زۆر واش بووە. هەرکەسێ بە رێژە و رادەیەکی دیاریکراو لە چوارچێوەی ژینگەیەکی دیاریکراودا، کاریگەر و کارتێکراوە. بەڵام کەسایەتییە هەرە سەرنجراکێشەکانی ناو کۆمەڵگەیەک توانیویانە کاریگەرییەکی کاریزماییشیان هەبێ، لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا بووبێ یان لە دوای ژیانی خۆیان، "کارێزما ئەو توانایەیە کە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤ بکاتە سەر کەسانی تر لە رێگەی دامەزراندنی پەیوەندییەکی فیزیکی، هەستی و رووناکبیریی و لە میانەی دانووستان لەگەڵیاندا".[5]

پێغەمبەرەکان خاوەنی کەسایەتییەکی سەرنجراکێش بوون لە پلەیەکی بەرز و لە رووبەرێکی جوگرافی فراوان و، رووبەرێکی کۆمەڵایەتی فراواندا، بۆیە بیرەکانیشیان کاریگەر بووە و سەپاوە و دابونەریت و نۆرم و نرخاندنەکانی کۆمەڵگەش لەسەر بناغەی قسە و رەفتار و نەخشە فیکرییەکانی ئەوان راوەستێنراوە. لە پلەیەکی تردا فەیلەسووفەکان ئەو کەسایەتییە کاریزماییەیان تیادا بەرجەستە بووە. لە پلەیەکی تریشدا زاناکان و نووسەرەکان و شاعیرەکان.

هەموو ئەو بیر و داهێنان و رەفتارانەی کە ئەو کەسایەتییە سەرنجراکێش و داهێنەرانە بەرهەمیان هێناوە ئاوێتەیەک بوون لە زانیاری و زانست و روناکبیریی بەدەستهێنراو و، ئەزموونی تایبەتی و، پرۆسەکانی ناوەوەی خۆیان کە رەگەزەکانی کەسایەتییان کارابوونە لە گەشەپێدانیاندا.

ئەگەر بە تایبەتیش باسی شیعر و شاعیران بکەین، دەتوانین ئەوە ساخ کەینەوە کە فەنتازیای شاعیر ئاوێنەیەکە بۆ ئەزموونی ژیان و وێنە حەشاردراوەکانی ناوەوەی. کە شیعری هەر شاعیرێک جیاواز و تایبەتی یە، کە شیعری پیاو جیاوازە لە هی ژن، کە شیعری لاوێک جیاوازە لە هی شاعیرێکی پیر، زادەی جیاوازی ئەزموونەکانی هەریەکەیان و ئەلبۆمی یاد و بیرەوەری و وێنەحەشاردراوەکانی ناوەوەی هەر یەکەیانە.

فرۆید و شاگردەکانیشی پێیان وابوو کە نەست سەرچاوەی راستەقینەی هونەرە. تەنانەت پێش فرۆیدیش زانایانی دەروونی باسیان لە پەیوەندی داهێنانی هونەری بە نەستەوە کردووە. دەروونناسی ئەڵمانی ئیستەریش Esterreich پێی وایە شاعیر ناتوانێ شیعرێک بئافرێنێ ئەگەر حەماس نەیگرێ و، ئەو حەماسە لە خودی خۆی دەری نەکات و عەقڵی لێ نەستێنێتەوە. پێی وایە هیچ مرۆڤێ ناتوانێ شیعرێک بنووسێ ئەگەر نەکەوێتە نێو ئەو حاڵەوە.

فرۆید پێی وابوو "مەیلەکانی زانست و هونەر، رەهەندەکانی خۆیان لە رەمەکەکانەوە وەردەگرن"، هەروەها پێی وایە یاری کردن بە وشەکان و بیرەکان، چێژێکی سەرەتاییمان پێ دەبەخشن، کە وەکوو یاریدەدەرێک بۆ بەتاڵکردنەوەی رەمەکە چەپاوەکانیش بەکاردێن.[6]

کارتێکردنە دەرەکییەکان (ژینگە و بارودۆخ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان)، دەبنە ئەو وروژێنەرانەی کە شاعیر دەخەنە نێو ئەو حاڵەتەوە کە بورووژێ و لە خودی خۆی بێتە دەرەوە و شیعر بئافرێنێ. لەکاتی ئەو ئافراندنەدا ئیدی ئەو تەنها ئەو "من" ە نییە کە دیوەکانی تری کەسایەتی شاراوە بێت، بەڵکە هەموو بەشەکانی کەسایەتی ئەو دەبینرێن و روون دەبنەوە. وەک چۆن خەون دەبێتە ئەو گوریسەی تا هۆشی ناوەکی مرۆڤ رامان دەکێشێ، ئاواش شیعر دەبێتە ئەو پەتە ئاوریشمییەی کە دەتوانین دەستی پێوە بگرین، تا دەگەینە دیوی ناوەوەی شاعیر و هەموو نهێنییەکانی ناوەوەی ئاشکرا دەکەین.

## پاشخانی شیعری شێرکۆ بێکەس

شێرکۆ بێکەس، خاوەنی خەرمانێ شیعری جۆراوجۆرە. لەناو ئەدەبی کوردیدا ئەم ژانرە ئەدەبییەی پڕ کردووە لە جۆراوجۆریی، داستانە شیعر، ڕۆمانەشیعر، چیرۆکەشیعر، پەخشانە شیعر، شانۆگەری شیعریی، بروسکەشیعر و هتد. تەمەنی شاعیر لە شەست ساڵ تێدەپەڕێ و، ئەزموونەکانی ژیانی ئەدەبی، سیاسی و، کۆمەڵایەتی ئەو چڕوپڕن. ئەو دنیا دیتووە بە هەردوو ماناکە، بە مانای تەمەن و ئەزموونی ئەدەبی و، بە مانای گەڕان و دیتنی پانتاییەکی جوگرافیای بەرفراوان لە جیهاندا. هۆی چڕ و پڕی ئەو ئەزموونانەشە کە کردوویەتی بە خاوەنی ئەو هەموو موفاجەئە شیعرییە. دەربەندی پەپولە، خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێک، بۆننامە و ڕەنگدان لەو موفاجەئە شیعرییانەن کە خوێنەری شیعری ئەویان سەرسامی وێنە وردەکان کردووە.

ئەو وردەوێنە هونەرییانەی کە بە نوێترین و وردبینترین و دووربینترین کامێرای زمانی کوردی گیراون، چی تر نین جگە لە هەزاران وێنەی حەشاردراوی نەست و هۆشی ناوەکی شاعیر و شارازەیی و ئەزموونی ئەو لە زماندا، کە شایانی تێڕامان و لێکۆڵینەوەی وردن. ئەو خەرمانە شیعرییەی شێرکۆ بێکەس بەرهەمی هێناون، دەکرێ کەرەستەییەکی فراوان بن لەبەردەم لێکۆڵەرەوەی شیعرەکانی بۆ خوێندنەوەی دیوەکانی کەسایەتی شاعیر.

(خۆم ئەو وەختەی باڵندەم!)، دوا دیوانی شێرکۆ بێکەسە، کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە چاپدراوە، کە من لە پلەیەکی تردا وەک موفاجەئەیەکی شیعری تر و، هاوکات وەک هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونێکی ڕەها لە هەموو نۆرمە ناجۆرەکانی کۆمەڵگەی باوکسالاری و لە هەموو پەیوەندییە نادروست و نادادگەرانەکانی ئەو سیستەمە دەیبینم.

لە شیعرەکانی پێش ئەم دیوانەشدا، جار و بار وێنەی ژن بە وێنەیەکی جیاواز و، یاخیبوونێکی سەرپێی لە کۆمەڵگە و نۆرمەکانی دەبینرێن، بۆ نموونە لە شیعری (بەیان)دا کە بۆ ژنەپێشمەرگەیەکی شەهید نووسراوە. بەڵام لەم کۆمەڵەشیعرەدا ئیدی تێڕوانینی شێرکۆ بێکەس بۆ ژن وەک کارایەک و خاوەن ئەرکێکی مێژوویی دەگاتە ڕادەیەکی سەرنجڕاکێشی پێگەیشتن و باوەڕێکی پتەوی بیر ورووژێن.

### قۆناغی باڵندەیی شاعیر

شاعیر، کاتێ دەچێتە کڵێشەی باڵندەیەکی ئازادەوە و پەڕ و باڵ دەگرێ، لە کاتی فڕیندا، سەرنجی "ژن" دەدات و ئیدی وەک ئەو بوونەوەرە نائاساییە نایبینێ کە لەسەر زەمین و لە کاتی مرۆڤبوونیدا "کە نائازاد بووە"، دەیبینی. مرۆڤی سەر زەمین بە هۆی پێوەندەکانی شارستانییەوە کە لەسەر پایەکانی باوکسالاری بنیاتنراوە و بە هۆی زەبر و زەنگی دەسەڵات و، ستەمی سیستەمی ئابووری و، نادادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە و، لە سەرووی هەمووشیانەوە بەهۆی پاشڤەڕۆیی ڕێساکانی ئایین و نایەکسانبینینی مرۆڤەکانەوە، دیلن و بە دیلێتیش ناتوانن تێڕوانینێکی جیاواز لە هی باویان هەبێ بۆ کەس و دیاردە و شتەکان. بۆیە شاعیر خۆی لە داوی مرۆڤبوون، کە سیمبولی بێدەسەڵاتی و کۆیلەیەتی یە، ڕزگار دەکات و دەبێ بە باڵندە. چونکە تەنها لە قۆناغی باڵندەیەتیدا و، لە بەرزی و کاتی هەڵفڕیندا بێباکانە دەتوانێ لە وێنە حەشاردراوەکانی ناخی خۆی بە زمان و دەربڕینێکی هێندە ئازاد بدوێ کە زەمانێکی زۆرە چەپاون و ناتوانێ لە سەر زەمیندا و لەناو مرۆڤەکانەوە کە خۆیان هۆی ئەو چەپاندنانە بوون، وێنەچەپێنراوەکان ڕەها کات.

**● خۆشەویستی، لە گەشەسەندنی کەسایەتی مرۆڤدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. کۆمەڵناس و دەروونناسەکان جەختێکی زۆر لەسەر ئەم بۆچوونە دەکەن. خۆشەویستی بۆ هەموو مرۆڤ و لە هەموو تەمەنێکدا هێزی هاندانە بۆ گەشەسەندن.**

خودی ئەو هەڵبژاردنە دەگمەنە " بە ئاگاییەوە بێت یان بە نائاگاییەوە" بۆ ناوی دیوانەکە و بۆ جەخت کردنیش لەسەری هەمان شیعر لەسەر بەرگی پشتەوەی و بە دەستوخەتی شاعیر خۆی، تیشکێکە شاعیر خۆی دەیداتە دەستی لێکۆڵەرەوە بۆ خوێندنەوەی دەروونی و بۆ تێگەیشتن لە قۆناغی باڵندەیەتی ئەو، کە ئازادبوونێتی لە کۆتە کۆمەڵایەتی و لە کۆتە سیاسی و ئایینییەکان. چەمکی (قۆناغی باڵندەیەتی) لە ئەنجامی لێکدانەوەم بۆ شیعرەکانی ئەم دیوانە لە لا دروست بوو، لەمەودوا لە لێکۆڵینەوەکەدا هەر ئەو چەمکە بۆ ئەم قۆناغەی بەکاردەهێنم.

*(ئەو باڵندە نارنجییەیش کە ئێواران دەردەکەوێ و*
*لە خۆرنشیندا دەیبینن، تاق و تەنیا دێت و ئەچێ و*
*بە باڵەکانی ئەنووسێ*
*ئەوە باڵندەی تر نییە*
*"چونکە باڵندە ئەخوێنێ و هیچ نانووسێ"*
*ئەوە منم.. ئەوە خۆمم، لە وەختێکدا*
*یان "چیرۆک" ئەکەم بە باران*
*یان "پەخشان" ئەکەم بە زەردە*
*یاخود "شیعر" بە ئەستێرە و*
*کە شەو داهات*
*لە سەرتاندا دابگیرسێ!)*. (خۆم ئەو وەختەی باڵندەم! ل ٩٣)

لە قۆناغی باڵندەیەتیدا نووسینەکانی شاعیر، نووسینی ئاسایی نین، ئەوەتا چیرۆک دەبێ بە باران. چیرۆکەکان ئیدی هەمان ئەو حیکایەتانەی گوێی ئاگردان نین کە ئەفسانەیین و پێشتر دەیان جار بیستوومانن و لە زەینماندا چەسپاون، بەڵکە ئێستا چیرۆکەکان بارانن، کە لەو بەرزاییەوە، شاعیر بەدەم هەڵفڕینەوە باراندوونی و زەمین ئاوەدان دەکەنەوە. باران کە سیمبولی پیت و فەڕ و بوژانەوە و سەوزبوونەوەیە، شاعیر لە کاتی باڵندەیەتیدا توانیویەتی بیبەخشێ بە زەوی.

لە بڵندایی ئاسماندا، وەک هەر باڵندەییەکی ئاسایی تر، بە هەڵفڕینێکی نەریتییەوە ناوەستێ، بەڵکە ئەم باڵندە جیاوازە و مەبەستی هەیە لەو هەڵفڕینەی، ئەو دەیەوێ لە ئاسمانەوە کار لە زەمین بکات، شیعر دەکات بە ئەستێرە، تا بە تریفەی ئەو شیعرە شەوەزەنگی زەمین ڕووناک بکاتەوە

و، مرۆڤەکانی ژێر ئەو ئاسمانەی کە ئەو بە فڕینی خۆی تەی دەکات، ئەو ئەستێرانە بکەن بە چرا بۆ ڕۆشنکردنەوەی شەوەزەنگی خۆیان. ئەو ئەستێرانە لە سەریاندا دابگیرسێ و بیربکەنەوە لە ڕووناکی، لە زەمینێکی مرۆڤانە، تا تێڕوانینیان بگۆڕێت و جۆرێکی تر، باڵندانە بیر لە زەمین بکەنەوە.

## ژن بنەڕەتە

شاعیر دیوانەکەی پێشکەش کردووە بە(شەفیقە سەعیدی وەستا حەسەنی وەستا مەحەمەدی فاتمە غەزایی) دایکی. لە دەروازەی دیوانەکەوە پێشوازی لە چەند دێڕێک دەکەین کە لە پێشکەشکردنێکی ئاسایی ناچن و مەبەستیان لە پشتەوەیە. خودی ئەو ناوە دووردرێژەی دایکی، مەبەستی ئەوەی لە پشتەوەیە کە پێمان بڵێت ئەگەرچی سیستەمی باوکسالاری هەموومانی کرد بە کۆیلەی باوک و، باوکی کرد بە خاوەنی هەموومان، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر بۆ ژن دەگەڕێینەوە و ژن سەرچاوەمانە. بۆیە لە ناوی شەفیقەوە دەستپێدەکات و لە ناوی فاتیمە کۆتایی پێدێنێ. لێرەدا ژن ئیدی خۆی بنەڕەتە و هەموو شتەکانی تر، بە پیاویشەوە دەگەڕێنەوە سەر ئەو بنەڕەتە. ئەمە ناوی کتێبێکی نووسەری فێمینیستی عەرەب و جیهان «د. نەوال سەعداوی»مان بیر دەخاتەوە کە بە ناوی ***«الانثی هی الاصل»*** (ژن بنەڕەتە) لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. ئەم ژنە نووسەرە تا ئێستاش لەسەر هەڵوێست و نووسینە بوێرانە و زانستییەکانی لە لایەن بەرەی بەرامبەرەوە لە ململانێ و ڕاونان و هەڕەشەدایە.

جیاوازی و کاریگەریی ئەم وتەیەی شاعیر، لەگەڵ ئەوەی د. نەوال سەعداوی ئەوەیە، کە ئەمیان پیاوە و ئەویان خۆی ژنە، ئەمیان کوردە و لەناو نووسینی کوردیدا و لە لایەن پیاوی کورد خۆیەوە دانپیانان بە بنەڕەتیبوونی ژن نوێ یە.

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا جاری وا هەبووە پیاوان بە ناوی دایکیانەوە بانگکراون، خولە پیزە نموونەیەکی هەرە باو و ناسراوە، بەڵام ئەوانە کەسانی دەوروبەریان بەو ناوەوە بانگیان کردوون و مەرج نییە لەسەر ویست و داخوازی خۆیان بووبێ. بەڵام شێرکۆ بێکەس بە ویستی خۆی و بە تەواوی هوشیارییەوە داخوازی ئەوە دەکات کە لە ڕۆژی پیرۆزی ژندا، بە شێرکۆ شەفیقە بانگ بکرێ. کە ئەمەیان لووتکەی یاخیبوونێکی داهێنەرانەیە و هەوکات جەختکردنێکی ترە لەسەر بنەڕەتیبوونی ژن.

*(ئەمڕۆ من ناوم*

*"شێرکۆ شەفیقە" یە!!*

*تکایە با لەم یادەدا گوڵ و وشە و*

*بازن و موستیلە و گەردانەکانی ژنان*

*هەر بەو ناوەوە بانگم بکەن و لە دەفتەری*

*خۆشەویستی خۆشیاندا هەر بەو ناوەوە*

*بمخوێننەوە و بمنووسنەوە....)* (خۆم ئەو وەختەی...، ل ١٧٣)

شاعیر، زۆر بە ئاگاییەوە نەک هەر داخوازی بەڵکە تکاش دەکات کە بە ناوی دایکییەوە، کە بنەڕەتە، کە پیرۆزە بانگ بکرێت. دایکی ئەو بنەڕەتە، چونکە ژنێکی کارایە، چونکە وەک لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێدەکات ئەو ژنە پیرۆز و کارایەیە( کە بۆ یەکەمین جار لە شەوە تاریک و نووتەکەکانی ژیانی منداڵیدا، جریوەکانی خۆشەویستی ژن و ئازادی و پرشنگەکانی زمانی کوردی و تۆوی ورە و بەرەنگاربوونەوەی هەموو زوڵم و دژوارییەک) ی لە ڕۆحی شاعیردا چاندووە.

تەنها لەم چەند دێڕەی پێشەکەشکردنەدا، شێرکۆ بێکەس دەرگایەکی گەورەمان بەرەو دەروونی خۆی بۆ دەکاتەوە. کە شەوانی منداڵی شاعیر تاریک و نووتەکن ئاماژەیە بۆ دژواری ئەو قۆناغەی ژیانی و لەو دژوارییەدا هەزاران وێنە و وتە و ڕەفتار کە ئەمی منداڵ خوازیاریان بووە و کۆمەڵگە و دەوروبەر پەسندیان نەبووە چەپاندویەتی و لە هۆشی ناوەکیدا گیریان خواردووە. ئەو وێنە و وتە و ڕەفتارانەش کە پەسندکراوی کۆمەڵگە و ژینگەکەی نەبوون بریتین لەو ڕەفتار و وتار و وێنە جوان و ئاساییانەی کە دایکی فێری کردوون و پەیوەستن بە:

**١ـ خۆشەویستی ژن**

**٢ـ ئازادی**

**٣ـ زمانی کوردی**

**٤ـ یاخیبوون.**

ئەمانە ئەو هەڵوێستە ئاساییانەن کە بە منداڵی شاعیر لە دایکی(ژن)ەوە فێریان بووە. بەڵام ئەو لە ژینگە و دەوروبەرێکدا ژیاوە ئەو کار و ڕەفتارانە تیایاندا ئاسایی و پەسندکراو نەبوون، بۆیە تێکڕایانی چەپاندووە و هەموویان ئاودیوی هۆشی ناوەکی خۆی کردۆتەوە. لەو کۆمەڵگەیەی کە ئەوی تێدا ژیاوە:

١ـ خۆشەویستی و عەشق قەدەغە بووە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت عەشق لەو تابووانەیە بۆ ژن کە ژیانی دەخاتە مەترسییەوە. بێگومان ئەگەر بۆ ژن تابوو بێ، پیاویش یەکلایەنە ناتوانێ عەشق و خۆشەویستی پەرە پێبدا و لە ئاکامدا هەردوو لایان پڕ دەکا لە حەسرەت و ئالوودەیی و حەزی ناگرین، کە جگە لە چەپاندن و ئاودیوکردنەوەی بۆ ناو نەستی مرۆڤەکان هیچ تووڵەرێیەکی تریان نییە بۆ دەربازبوون لێی. هەمیشە ڕێگرییەک لەنارادایە بۆ بەئاکام گەیشتنی خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو، کە شاعیر لە زۆر شوێندا ئاماژەی پێکردووە و، (مەرگەوە) وەک هێمای لێکدابڕێنەری ئەڤینی نێوان ژن و پیاو، لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی یەوە خواستووە و کردوویەتی بە سیمبولی ئەو لێکدابڕانەی نێوان مرۆڤی نێر و مێی کۆمەڵگەکەی، کە شاعیر بە تاوانی دەزانێ و ئێڵنجی لە بۆنی دێتەوە.

*(بۆنی تاوان و مەرگەوەر هەر یەک بۆنن*

بۆنی بۆگەنتک و مەرگەوەر هەر یەک بۆنن..) ( بۆننامە، ل ١٧ )

٢ـ ئازادی، بە هەموو مانا و ڕەهەندەکانییەوە لەو دەڤەرەی شاعیری تیا گەورە بووە بوونی نەبووە یان بوونێکی دردۆنگانەی هەبووە، هەر لە ئازادی فیکرییەوە بیگرە تا ئازادی جووڵانەوەی جەستەیی و بەرگپۆشین. و هتد. ئازادی وەکوو وشەیەک هەمیشە لەسەر زاران بووە و زیاتریش ئەو کەسانە کایەیان پێکردووە کە باوەڕیان بە ئازادی مرۆڤ و ئازادی بیروڕا و ئازادی جەستە و هیچ ئازادییەک نەبووە، وەک جەلادەکان و سیاسییەکان و بازرگانەکان و پیاوانی ئایین و قاچاخچییەکان. شاعیر بە تووڕەبوونێکی هۆشیارانەوە لە ئاونیشانی ئەم وشە بێسەروشوێنکراوە

دەپرسێتەوە. کە خۆی دەزانێ و پێشتر دەڵێ کە کێ ئەم وشەیە و مانای ئەم وشەیەی لەت و پەتکردووە.

*(ئازادی بوو بە گۆرانی چەقۆکان و*
*ئازادی بوو بە گیرفانی جەردەکان و*
*بە بەرماڵی تەورەکان و*
*ئازادی بوو بە زەڕەنگەر لە گوزەری سیاسەتدا و*
*بوو بە بازرگانی جوملەی درۆی رەنگین*
*لە نێوانی شارەکاندا و*
*ئازادی بوو بە پیکابی تایەی قاچاخ*
*کێ ئاونیشانی تەواوی ئازادیم نیشان دەدات؟!*
*ئەم وشەیە بە پەنگ بووە*
*ئەم چرایە تەفرەدەری رێگاکانە و*
*هەموو دەستێ هەڵیدەگرێ..)* (بۆننامە، ل ٤٧)

٣ـ زمانی کوردی، کە زمانی زکماگی شاعیرە و بەشێکی سەرەکی ناسنامەی شاعیر پێکدەهێنێ، هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندا بووە. بەڵام ئەم لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیەدا کە زمانی کوردی بێزارکردووە، دەنووسێ و بێپەروا دەنووسێ و زمانێکی سەرسوڕهێنەری وا بەکاردەبات کە هەڕەشەکەران بۆ سەر زمانەکەی ناچاری کشانەوە بکات. سۆن ئاکسلسۆن لە پێشەکی دیوانی (کۆچی سوور)ی بەسوێدی کراودا دەڵێ: شێرکۆ بێکەس زمانێکی شیعری ئەوەندە بەرفراوانی هەیە، کە چیا و شۆڕش و ئازار و سومبولی نەتەوەیەکی دێرینی چەند هەزار ساڵەی خاوەن ئەزموون، ئاوێتەی کورتەشیعرێک دەکات. شاعیر خۆیشی وا گوزارە لەم دۆخە دەکات:

*(ئەنووسم بۆ ئەوەی*
*شتێک لە وەڕسی زمان*
*شتێک لە بێزاربوونی خۆم کەم کەمەوە*
*بەڵام شتێک لە خۆشەویستی ئەو خەڵکە و*
*شیعر زیاد کەم!)* (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک، ل ٤٦)

بۆ ئەوەی بەلانسێک بداتە ئەو دوو دۆخەی خۆی و خەڵکەکەی و زمانەکەی و شیعر تێی کەوتوون دەنووسێ. نووسینی شاعیر وەڕسی زمانەکەی لەو هەڕەشانەی لەسەری بووە کەم دەکاتەوە، بێزاری خۆیشی لەو دۆخە بە خۆهەڵاودیوکردنەوە و هەڵڕشتنی خەمەکان بە نووسین کەم دەکاتەوە. هاوکات چونکە ئەو نووسینە زمان دەوڵەمەند دەکات و پەیامێکی مرۆڤانەی تێدایە، دەبێتەهۆی زیادکردنی خۆشەویستی نێوان خەڵک و خۆشبەختی بۆیان، هاوکات زیادکردنی داهێنانێکی شیعری کە زمانی شاعیر وەستایێ.

*(من ئەم زمانەم کردووە بە کێڵگەی گوڵەبەڕۆژە*
*تەماشا کە لە سەد لاوە*
*خۆر تەماشای باڵای دەکا!*
*من ئەم زمانەم کردووە*
*بە غارگەی کوڕژن و ناڵە*
*تەماشاکە لەسەد لاوە*
*یاڵی شیعر با ئەیبات و*
*لەسەد لاوە سمکۆڵانی بەرد و شاخە!)* (خاچ و مار و.. ل ٤٦)

٤ ـ یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوە دژی هەموو ئەو دژوارییانەی کە لە ژینگەی شاعیردا و لە دنیادا هەبوون، کە شاعیر هەر لە منداڵییەوە فێرکراوە، بەڵام زەمینەیەکی لەبار بۆ پیادەکردنی ئەو یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەیە لەئارادا نەبووە و، کەسی یاخی لە کۆمەڵگە و داب و نەریت کەسێکی خۆشنەویستراو، کەسی یاخی لە ئایین کەسێکی هەڕەشەلێکراو، کەسی یاخی لە سیاسەتی نەژادپەرستی کەسێکی زیندانیکراو و ئەشکەنجەدراو بووە، دیسانەوە ئەم ویستەش لە ئەست و هۆشی ناوەکی حەشاری داون. شێرکۆ بێکەس، لە قۆناغەکانی تری شاعیرێتی خۆیدا و لە قۆناغەکانی تری تەمەنی خۆیدا، بەرەنگاربوونەوە داوێکی سوور بووە و، بیر و وشەکانی خۆی پیا رەتکردوون و هۆنیونیەتییەوە. بەڵام بەرانگاربوونەوەکان زیاتر لە فۆرمێکی سیاسیدا و لە پێناوی ئازادی سیاسی گەلەکەیدا بووە. بەڵام لە قۆناغی باڵندەیەتیدا بەرەنگاربوونەوەکان هەمەلایەنەن، هاوکات بەرهەڵستی کۆمەڵگەی باوکسالاری و ئایین و سیاسەت دەبێتەوە. ئەو زێدەهێزەی شاعیری هانی ئەو بەرەنگاربوونەوە فراوان و هەمەلایەنەیە داوە، لە ژن (دایکی)ەوە وەریگرتووە و خۆیشی بە تەواوی باوەڕەوە، لە پێشەکییەکەدا ئاشکرای دەکات. دایکی شاعیر تەنها ژنێک نییە، بەڵکە هەموو ژنانە.

*(تاقە بولبولێ ئەتوانێ، دارستانێ چەند گەورەیش بێت،*
*وای لێبکات گوێی بۆ بگرێ. تاقە قەڵەمێک ئەتوانێ*
*لە کاغەزی سەرمێزێکدا، چیرۆکێ بکا بە زەریا و،*
*ئیتر زەریاش لەگەڵ خۆیدا، چاوی جیهان و خوێنەر و*
*باڵندەکان هەمووی بەرێ. بروسکەیەکیش ئەتوانێ،*
*بە یەک چرکە، پەردە لەسەر تاریکایی، هەزاران ساڵە*
*لابەرێ. تەنها ژنێکیش ئەتوانێ، وەک ئەو ژنەی*
*خۆشم ئەوێ، وام لێبکا وەکو ئێستا، وشەم بکا*
*بە بولبوول و، ئاخم زەریا و خولیاکانم بە بروسکە و*
*تا هەتایە ئەوینیشم تێدا نەمرێ.)* (خۆم ئەو وەختەی...، ل ٣٧)

لەم کۆپلەیەی سەرەوەدا تیژەوەتیری ئەو هێزە مەزنەی شاعیری هانی یاخیبوونێکی پیرۆز داوە ئاشکرا دەبێت، کە ژنێکە شاعیر خۆشی دەوێ. ژنێکە نازانرێ دایکێتی، خوشکێتی، هاوڕێیەتی یان دڵخوازێتی، تەنها هێندەمان پێدەڵێ کە خۆشی دەوێ، کە دەکرێ هەریەک لەو ژنانە بێت، یان هەموویان بێت. شاعیر بەوەی کە جۆری خۆشەویستییەکەی دیاری نەکردووە سەنگێکی زۆر قورسی بە دێڕەکە داوە و گومانێکی پۆزەتیڤ لە ڕامانی خوێنەردا بەرامبەر بەو ژنانە دەورووژێنێ. چونکە ئەو ژنەی ئەو لێی دەدوێ ژنێکە نەک هەر خاوەنی هێزێکی ئەفسووناوی یە وەک باڵندە و، زەریا و، بروسکە، بەڵکە هێزدەریشە (بەخشندەیە)و شاعیر لەوەوە هێز و وزە وەردەگرێ تا وشەکانی بکا بە باڵندە و، ئاخی بکا بە زریان و خولیای بکا بە بروسکە. کە کۆی ئەمانەشن شاعیر دەکات بە ئەویندارێکی نەمر و بەرگی ئەوینێکی بێگەردی باڵندەیی لەبەر دەکات. کە لە ناو ئەو ئەوینە باڵندەییەشدایە، بە خوێندنەکەی (زمانی باڵندە) دارستان ناچاری گوێگرتن دەکات لەو چیرۆکەی کە قەڵەمی یاخی ئەم دەینووسێ و تاریکستانی هەزاران ساڵەی سیستەمی باوکسالاری بە

بروسکەیەک لا دەبات. ئەم پەرجووەی کە شاعیر دەیکا هۆی ئەوەیە هێزێکی مەزن لە باڵەکانیدایە و هەڵفڕیوە، ئەو فڕینەش ژنێک فێری کردووە کە شاعیر خۆشی دەوێ.

خۆشەویستی، لە گەشەسەندنی کەسایەتی مرۆڤدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. کۆمەڵناس و دەروونناسەکان جەختێکی زۆر لەسەر ئەم بۆچوونە دەکەن. خۆشەویستی بۆ هەموو مرۆڤ و لە هەموو تەمەنێکدا هێزی هاندانە بۆ گەشەسەندن. مرۆڤی خۆشویستراو چاکتر دەتوانێ خۆی دەربڕێ و بە هاندانی خۆشەویستان تواناکان پتر گەشە دەکەن. شاعیر مامەڵەیەکی دەروونی لەگەڵ دووانەی "خۆشەویستی" و "ژن" دا دەکات و لێرەدا خۆشەویستی پیاو و ژن سەنتەرە، ئیدی پیاو هەر کەسێک بێت(باوک، برا، هاوسەر یان هاوڕێ)، ژنیش هەر کەسێک بێت (دایک، خوشک، هاوسەر یان هاوڕێ). مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە هێزێکی ڕاکێشەر هەیە لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا و هاندانیان بۆ یەکتری دەبێتە مایەی هێز و گەشانەوە. شێرکۆ بێکەس لە ئاکامی ئەم یاخیبوونە بێئاگا نییە و دەزانێ لەو کۆمەڵگەیەدا باس لە ئازادی کردن و بە تایبەتیش لە ئازادی پەیوەندییەکان و لە ئازادی بیر و بۆچوون سزاکەی چییە.

*(ئەزانم من ئیتر لەم بەیانییەوە*
*ڕێبواری ناو مەملەکەتی قەدەر ئەبم*
*ئەزانم من ئیتر بە شوێنمەوە ئەبێ ئاگر*
*دوام ئەکەوێ سەعیر و زەمهەریر و*
*ڕێم پێئەگرێ باهۆزی لم و*
*لەسەر لەوحەی وجودم ئەنووسرێ*
*"بئس المصیر"*
*.....)* (خۆم ئەو وەختەی...، ل ١٥٢)

بەڵام ئەو ئاکامەش لە پەیامە مرۆڤانەکەی پاشگەزی ناکات و خۆی لە ڕەهابوونێکی تا ئەوپەڕی دەبینێ و ئەو تەنها پەشیمانە لەوەی کە پێشتر بەو جۆرە ڕادیکاڵانەیەی ئێستا یاخی نەبووە. چونکە تەمەنێکی درێژ و دوای شەست ساڵی ژیان ئینجا توانی دیوی ناوەوەی خۆی و نارەزاییەکانی لەو کلتوور و داب و نەریت و پێوادانگە ڕەوشتییە نائاساییانەی سیستەمی باوکسالاری بەو شێوەیەی ئێستا بە ڕاشکاوی و بوێرییەوە دەربڕێ.

*(عومرێکی درێژە من دیلی ناو ڕەنگی خۆمم!*
*من لە گۆشەی ئەو تابووتەی تیا بووم هاتمە دەرێ و زریکانم*
*ئەم بەیانییە ڕۆژباشم لە ترس نەکرد.)* (خۆم ئەو وەختەی...، ل١٥٣)

لێکچوواندنی ئەو قۆناغەی کە مرۆڤ بێدەنگە لە هەموو ئەو نادادپەروەری و نایەکسانییەی کە لە کۆمەڵگەکەیدا دەیبینێ بە تابووت، وێنەیەکە ئەوپەڕی ترسناک و ئەوپەڕی داهێنان. ئەو ڕووناکبیرانەی کە بێدەنگن لە دیمەنی ستەمکاری و ئەو ڕەوشەی ژن لە کۆمەڵگەکەیاندا پێوەی دەناڵێنێ، وەک مردوویەک وان و لەناو تابووتەوە دەنووسن. شاعیر عومری پێش قۆناغی باڵندەیەتی و ڕەهایی خۆی بە زیندان دەزانێ و خۆیشی بە زیندانی. بەڵام لەو بەیانییەوە کە ڕۆحی باڵندە جەستەی ئەمیان پۆشی و هەڵفڕی و بانگی بۆ ئازادی کۆمەڵگە و ژن و مرۆڤ دا، ئیدی ناترسێ و بەیانیان چاو لەگەڵ ئەو ترسە هەڵناهێنێ کە پێی ڕاهاتبوو. کە ئەشترسێ دەتوانێ ناسنامەی هەبێ و لە خۆی بدوێ و پرسیار بکات و گومان بورووژێنێ.

*(وێرام لە خۆم بدوێم*
*وێرام ئیتر پرسیار بکەم*
*وێرام ئیتر گومان بکەم*
*وێرام ڕووناکی قاچاخ و تیرێژی قاچاخ بدوێنم.)* (خۆم ئەو وەختەی...، ل١٥٣)

لەو سیستەمەدا مرۆڤ چاوی لە تاریکیدا هەڵهێناوە و، بەو تاریکییە ڕاهاتووە. کە هزری نوێ دەزێتە مێشکییەوە، ئەو بیرە لەسەرەتادا وەک هەر شتێکی قاچاخ، دەستاودەست دەکات و وردە وردە پەیامی ئەو بیرە بەناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە. هزری نوێ لێرەدا کە شاعیر ئەو ڕووناکییەی کردوۆتە سیمبولی، بیری ئەڵتەرناتیڤێکە بۆ سیستەمی باوکسالاری ، کە تیایدا دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەبێ و مرۆڤەکان نرخ و بەهایەکی مرۆڤانەیان هەبێ. بەڵام نرخی ئەم هزرە لای مرۆڤی ئەو دەڤەرەی شاعیر بە تایبەتی، ڕەنگە چارەنووسی بێت و، شاعیر بۆ خۆیشی زیاتر لە جارێک دەرکی پێدەکات و لە ئەنجامی ئەم دەربڕینانەوە دەیەوێ زیاتر هێزی وێران و ئازایەتی بدا بە دەربڕینەکانی.

*(بەڵام ئەم وەرچەرخانەم جەستەم*
*ئەداتە دەست نادیار. ڕەنگە لوولم بدەن و*
*لە شەوێکمەوە بپێچن و بمفڕێنن. ڕەنگە*
*هەموو خەونەکانم لە بەردەمی خۆمدا بشکێنن و*
*وردەشووشەی ئەو خەونانەیش بکەنە کاڵانەی*
*چاومەوە. ڕەنگە هەردوو کلێنەشم بخەنە قولی مشتی ڕەشەباوە.)* (خۆم ئەو وەختەی...،...، ل ١٥٤)

سزاکانی بیرکردنەوە و پرسیارکردن و گومان دەربڕین لە کۆمەڵگەیەکدا کە نەزانی بەڕێوەی دەبا سەختن. شاعیر بۆ خۆی یەکێک بووە لەو کەسانەی کە فەتوای لەسەر دەرکراوە لەسەر بیری شیعرەکانی خۆی، کە گومانێکی سەبارەت بە دادپەروەری ئاسمان دەربڕیوە، کە ئەمە لە لای هێزی فتوادەردوە دەچێتە بۆتەی شکاندنی تابووەکان. جگە لەوەش هەر لە هەمان کۆمەڵگەی شاعیردا، نموونەی «عەبدولخالیق مەعروف» هەیە کە لەسەر گومان خستنە سەر ئایین و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی باوکسالاری تیرۆر کرا. چارەنووسی نووسەرانی تر کە لە دەرەوەی جوگرافیای شاعیرن، بەڵام نموونەگەلێکی جیهانین و بەر هەڕەشەی هەمان هێزی تاریکی کەوتوون، وێنەی سەلمان ڕوشدی، نەوال سەعداوی و تەسلیمە نەسرین و هتد، لە زەینی ئەو و هەموو نووسەرانی تردا چەسپیون. بۆیە شاعیر خۆیشی ناو لەو بوون بە باڵندەیەتی و ڕەهابوونەی خۆی دەبا کە وەرچەرخان و هەست بە ڕوودانی شتێکی سەیروسەمەرە دەکات لەناو خۆیا کە هێزی ئەو گۆڕانەی تیادا چاندووە.

*(ئەم بەیانییە شتێک ڕوویدا*
*لە ڕوودانی بەریەککەوتنی دوو ئەستێرە ئەچوو*
*لە ڕوودانی جیابوونەوەی گۆی سەرزەمین*
*لە پشتێنەی هەسارەکەی. من ئێستاکە لە فەزایەکدا*
*ئەخولێمەوە خۆڵەمێشی و پڕە لە دەست و پەنجەی*

*بابردوو لە ڕەنگی بابردووی ئەوانەی*
*بروایان بە یەک ڕەنگ نەبوو. لە فەزایەکدام*
*پڕە لە زریکە و سیخناخە لە قریشکە و لە سووتانی*
*بەردەوام. پڕە لە حەقیقەتە ئاوارەکان.)* (خۆم ئەو وەختەی...، ل ١٥٤)

بەریەککەوتنی دوو کولتووری جیاواز و پێچەوانەی یەکتر، دوو فەلسەفە و بیری جیاواز و کۆنتراست (پێچەوانەی یەکتری) وەک بەریەککەوتنی دوو ئەستێرە دەنگ و سەدای هەیە. شاعیر بەم وێنەیە ئەو کۆنتراستە دەخاتە ڕوو، لەو تەقینەوەیەدا ڕاستییەکان دەدۆزێتەوە، ئەو ڕاستییانەی کە لە زەینی شاعیردا هەبوون، بەڵام لە ژینگەکەیدا نەدەکەوتنە بەرچاو، ئەو ڕاستییانەی کە لە ژێر فشاری دژەڕاستییەکاندا ئاوارەبوون.

ئەو ڕاستییە ئاوارەیە دێتەوە لای شاعیر و ئاوێنەیەکی پیشان دەدات، ئاوێنەی مێژوو. لەو ئاوێنەیەدا پیاو دەبینێ، چونکە مێژوو، مێژوویەکی پیاوانەیە، لە پەراوێزەکانی ئەو مێژووەدا ژن لە تاریکیدا ون کراوە و چرایەکی بەدەستەوە نییە تا دڕ بەو تاریکستانە بدات و بتوانێ بێتە ناوەندیەوە.

*(هەر بە نامەکەی دوێنێتا، چرایەکت بۆ ناردبووم بچکۆلانە.*
*منی تاریک کە هەڵمکرد، لە ئاوێنەی بەرامبەرما،*
*خۆم بینییەوە مێژوویەکم لە تارمایی ئەو پیاوانەی*
*چرایان کوشت لەناو ژندا. هەر بۆ ئەوەی: نە پەپولە و*
*نە پەروانەیەک نەمێنێ بە دەوری عەشقا خول بخوا و،*
*لە دواییشدا ریشەکان و چەقۆکان و پەڵە خوێنی سەر دەستی*
*پیاو لە ئاوێنەی بەرامبەردا بزر بکا!.)* (خۆم ئەو وەختەی...،ل ٣٦)

جەختکردن لەسەر ئەوەی کە هۆی ئەم تەقینەوەیە و ئەم دۆزینەوەیە لە ئاوەزی شاعیردا (ژن) خۆیەتی، هەمیشە ڕۆڵی کارای ژن دووپات دەبێتەوە. نامەی ژنێکە دەروونی تاریکی ئەمی بە چرای وشەکانی ڕووناک کردۆتەوە. ئەو چرایە هزری شاعیری ئامادەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە کردووە کە لە ئاکامیدا وەک بەریەککەوتنی دوو ئەستێرە، تەقینەوەیەک لە ویژدانی شاعیردا ڕوویدات و ڕاستییە شاراوەکان بدۆزێتەوە. ئەو جەختکردنانە لەسەر (سوبجێکتێتی) ژن، کە شاعیر لە کاتی حاڵگرتندا ئافراندوویەتی و وروژێنەرەکەشی خودی ژن بووە، پێکهاتەیەکی مرۆڤانە بە داهێنانەکە و بە بیری شاعیر دەدات. کە ئەوە خەسڵەتێکی شیعرە کە دەبێ مرۆڤانە بێت. ڤینسێنت ئەلێکساندرا دەڵێ: " شیعر دەبێ مرۆڤانە بێت. ئەگەر مرۆڤانە نەبێت، ئەوە شیعر نییە."[٨]

مرۆڤبینی شاعیر دەکرێ لە ئاوێنەی ئەو شیعرانەدا ببینرێت کە پەیامێکی مرۆڤانەیان لە دووتوێی مانا و مەبەستەکانەوە دانابێت. حەمەسەعید حەسەن دەڵێ: "شیعری نوێ فیکری چاکیشی تێدایە، بەڵام تەنیا بە بیری چاک شیعری جوان پێکنایە. ئەو دەقەی گرنگی بە چارەنووسی ئینسان نەدات بەردەوام بوونی خۆی ڕەتدەکاتەوە."(٩)

## شیعر و ڕیالیتەی کۆمەڵایەتی

ئەو ژینگەیەی کە شاعیری تێدا دەژی، ئەو ڕیالیتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەی کە تێیدا فیکری شاعیر گەشەی کردووە، ئەو فاکتەرە سەرەکییانەن کە جگە لە حاڵەتە دەروونییەکانی ناوەوەی شاعیر، بڕیاردەرن لە دروستکردنی وتاری شیعری، یان بە واتایەکی تر لە داڕشتنی پەیامی شیعریدا. بەڵام کاتێ زمان کامێرایەکی بێئەرزش بێ و هەر هەمان وێنەکانی ڕیالیتە، بە بێ هیچ ئارایشتێکی هونەری و بێ جوانکارییەکی چێژبەخشانە بگرێ، ئەوسا لە نرخی هونەری شیعرەکە کەم دەکاتەوە و خوێنەریش لە دووبارەبینینەوەی ئەو دیمەنە وەڕز دەکات. کامێرای وردبینی زمان دەتوانێ وا لەو وێنەیە بکات کە پێت وابێ بۆ یەکەم جارە دەیبینی.

بە ڕای پاپلۆ نێرۆدا: " ئەو شاعیرەی ڕیالیست نییە دەمرێ. بەڵام ئەو شاعیرەشی کە تەنها ڕیالیستە دەمرێ."[١٠] لە کوردستاندا، وەک زۆربەی کۆمەڵگەکانی دەوروبەری کوردستانیش، ژن مارەی لە واقیعێکی لەمێژە تاڵ و هەمیشە پڕ ستەم بردراوە. ئەو ڕەوشەی ژنی تێدا ژیاوە هی لێوەدەنگەوەهاتن بووە لە لایەن ڕووناکبیرانی کۆمەڵگەوە و بە تایبەتیش شاعیران کە کەسایەتییەکی کاریزمایی و کاریگەرییان هەبووە لە ناو کۆمەڵگەدا. بەڵام ژن لە وتاری ڕۆشنبیریی ڕووناکبیرانی پیاو تەنها هی کایەپێکردنێکی سێکسی بوون. ئەو ژنەی کە لەژێرباری ستەمدا خۆشەویستی لێ تابۆکراوە و هوشیاری سێکسی تا ڕادەی نەبوونە، لە وتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا و، لە خەیاڵی شاعیران و نووسەرانی کورددا لە جەستەیەکی ڕووتوقووت و ئامرازێکی کایەی سێکسی بترازێ چیدیکە نەبوون و نین (هەڵبەتە چەند دەقێکی کەم هەن کە ئەم بۆچوونەیان لەسەر دانارێژرێ و ئەم وتەیە نایانگرێتەوە). مەبەستم ئەوەیە کە ڕیالیتەی ژن و کۆمەڵگەی باوکسالاری ڕەنگدانەوەیەکی لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکی کاریگەر نەبووە. حەمەسەعید حەسەن دەڵێ: "... ئەو هونەرەی بە ژیان نامۆ بێت و گرنگی بە چارەنووسی مرۆڤ نەدات هیچ ئەرکێکی نابێ جگە لە ختوکەدانی هەستی (ناسکی) بەشە باڵاکەی کۆمەڵ."[١١] بەشە باڵاکەی کۆمەڵی کوردەواری پیاوانن، ئەو تێڕوانینەی کە لە پەیامی ئەدەبی کوردیدا جێگیر بووە بۆ چێژبەخشین بووە بەو بەشە باڵایە. ڕووتکردنەوەی ژن، بەتایبەتی ژنگەلی کۆمەڵگەیەک کە غەرقی ستەمدیدەیی یە، تا ئەمڕۆ و هێندەی من ئاگادار بم ( کە ئاگاداریشم لە جووڵانەوەی ئەدەبی کوردی)، داهێنانێکی ئێرۆتیکی باڵاشی بەرهەم نەهێناوە، بەڵکە تەنها بۆ چێژبەخشینێکی ساتی بووە و ختوکەی غەریزەی چەپێنراوی تاکەکانی کۆمەڵگە ئامانجی کورتخایەنی ئەو بەرهەمانە بوون.

جوانی ژن دەتوانێ ببێتە داهێنانی مەزن. ئەو سەرنجە پڕ لە مانا و مەغزایەی کە تابلۆی (مۆنالیزا) ی داڤینشی لە دەموچاوی پڕ لە شکۆی ژنێکدا بەرجەستەی کردووە، ئەو پەڕی داهێنانە لە جوانی ژنەوە سەرچاوەی گرتبێ. لە جوانی ژن و لە خۆشەویستی ژندا دەیان داهێنانی شیعریی لە شیعری هاوچەرخی دنیادا لەدایک بوون. لە شیعری (ئافرەتێکی مردوو) دا پاپلۆ نێرۆدای شاعیری بەناوبانگی شیللی و جیهان دەڵێ:

*ئەگەرتۆ ئەی خۆشەویست.. ئەی خۆشەویستم*
*ئەگەر تۆ مردی*
*گەڵای هەموو دارەکان*

*بەسەر سنگما هەڵدەوەرن*
*بەڕۆژ و شەو بەسەر ڕۆحمدا دەبارێن*
*بەفر دڵم دەسووتێنێ*
*بە ناو سەرما و ، ئاگر و، مردن و، بەفرا دەڕۆم*
*دڵم ئارەزووی ئەو جێگایە دەکات کە تۆی تیا نوستووی*
*بەڵام.. بەردەوام دەبم لە ژیان*
*چونکە تۆ ویستت لە هەموو شتێ بەهێز تر و یاخیتر بم*
*چونکە تۆ دەزانی من تەنها پیاوێ نیم*
*بەڵکوو.. هەموو پیاوانم)*[12]

نێرۆداش، چەشنی شێرکۆ بێکەس ژنێک کە خۆشی دەوێ فێری ئەو یاخیبوونە داهێنەرانەی کردووە. ئەویش وەک داهێنەرێک دەڕوانێتە ژن و تەنانەت دوای مردنی ئەو ژنەش کاریگەرێتی ئەوی هەر بەسەرەوەیە. ئارەزووی مردن دەکات تا بگاتە ڕۆحی ئەو ژنە، بەڵام کاتێ زەنگی قسەکانی ئەو سەبارەت بە ژیان و یاخیبوون، لە پەناگوێیا دەزرینگێتەوە، بەردەوامی دەدا بە ژیانێک کە ژن هێزی پێ بەخشیوە.

فرناندۆ پسوا، شاعیری مەزنی پورتوگالی بە چەند دێڕێکی چڕ وێنەیەکی دەگمەنی ژن دەخاتە روو، ئەو جیهان دەداتە دەستی خانمێکەوە، کە وەکوو دەستەسرێک بیسۆڕێنێتەوە، بەڵام ئەو خانمە، هەر ژنێک نییە، ژنێکی پڕ لە خواست و هیوایە، لە پەنجەرەیەکەوە دەڕوانێتە ئاسۆ و خەون بە ئازادییەوە دەبینێ و، بە ئازادییەوە خەون دەبینێ ئەو دەڵێ:

*(با هەموو جیهان لەسەر پەنجەمان بسووڕێنینەوە!*
*وەکو دەزوو یان دەستەسرێ*
*خانمێ یاری پێ بکا.. و لە پەنجەرەکەیەوە خەون ببینێ.)*[13]

لێکچوونێک لە پەیامە مرۆڤانەکەی ئەم شاعیرانە و پەیامەکەی شێرکۆ بێکەسدا سەبارەت بەژن بەدی دەکرێت. ئەویش لە لای هەرسێکیان ژن ڕۆڵە سروشتییە خولقێنەرەکەی خۆی بە شانازییەوە پێ بەخشراوەتەوە. ئەو شانازییەی کە بە درێژایی مێژووی باوکسالاری لێی سەندراوەتەوە. دێینەوە و هەندێ دیەنی تریش لە ئەلبۆمە تایبەتییەکەی ئەمجارەی شیعرەکانی بێکەس هەڵدەبژێرین، کە دەکرێ وەک ئەلبۆمی ژن بە هەموو ژان و خواست و هیوا و مەینەتی و ستەمەکانییەوە پیشان بدرێت.

لە ساڵدا ٣٦٤ یان ٣٦٥ ڕۆژ هەیە، لە ناو ئەوانەدا ڕۆژێک کراوە بە سیمبول و ناوی لێنراوە (ڕۆژی ژن). هەشتی مارسی هەموو ساڵێک، لە لایەن ژنانی داکۆکیکار لە مافی ژن، پیاوانی دادپەروەریخواز و هەموو مرۆڤێکی ئاشتیخوازەوە یاد دەکرێتەوە. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، کە هێشتا هێزی باوکسالاری تیایاندا لە ترۆپک دایە، نەک هەر پیاوان بەشداری ئەو یادە سیمبولییە ناکەنەوە، بەڵکو ژنانیش زۆر کەمیان دەوێرن بە شەرمێکەوە یادی بکەنەوە. لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا نەک تەنها وتاری ژن شەرمنە و ناوێرێ ڕووبەڕووی حەزیای دەسەڵاتی باوکسالاری ببێتەوە، بەڵکە پیاوانیش بە دەگمەن خۆ لە قەرەی وتاری بوێرانە و دەربڕینی بوێرانە دەدەن سەبارەت بەم پرسە.

شاعیر لەو ڕۆژەدا ژن وەک گوڵەبەڕۆژە دەبینێ، گوڵەبەڕۆژە کە هێمایە بۆ چاونەترسی و ڕوانینی روون و باڵابەرزی. لە شیعری(ڕۆژی ژن ڕۆژی گوڵەبەڕۆژەکان)دا، دیسانەوە کامێرا وردبینە دووربینەکەی زمانی بەناو هەموو کون و کەلەبەری ژیانی ژنی کوردستاندا دەگەڕێ و وێنەی یەک بە یەکیان دەگرێت.

*(من ئەم یادەم کردووە بە گوڵەبەڕۆژەیەکی گەورە و*
*گوڵەبەڕۆژەیش لەگەڵ چاوانی ئەودا دەسوڕێتەوە.)* (خۆم ئەو وەختەی..، ل ١٧٣)

*(با ئەم ڕۆژە پرچ درێژ و مل کەڵە*
*بکەین بە ڕۆژی شارەپڕیشکی پرسیار و*
*ئەشکەنجەی ژن و هاواری ژن و هەقی ژن و*
*دەنگی ژنی تیا بووروژێنین!)* (خۆم ئەو وەختەی..، ل ١٧٥)

با، کە وەک ئامرازێک بۆ بانگەوازی فرمانێ بەکار دەبرێ کە قسەکەر بۆ خۆیشی بەشدار دەبێ لە جێبەجێکردنیدا، فۆرمێکی خیتابی دەدات بە شیعرەکە. شاعیر دەیەوێ ئەو قۆناغەی کە پێی گەیشتووە و لەو باڵندەیەتی و ڕەهابوونەیدا کە حەقیقەتی ئاوارەی بۆ هاتەوە و لە ئامێزی گرت، کەسانی تر بێبەش نەبن. ڕووی بانگەوازەکەشی لە هەموو ژنان و لە هەموو پیاوانە. ئەو ڕاستییەی کە پێی گەیشتووە و دەیەوێ بە کەسانی تریشی ڕابگەیەنێ ئەو زوڵمەیە کە مێژووی باوکسالاری لە ژن کردوویەتی و دەیکات.

لە دەقەری شاعیردا ژنان شەرەفی پیاون، یان ڕوونتر بڵێم، ئەندامی زایەندی ژن شەرەفی پیاوە. لەو دەقەرەدا چونکە جەستەی ژن شەرەفی پیاوانی خێڵ و هۆز و تایفەیان هەڵگرتووە، ڕەوایەتی دراوە بە دادڕین و لەتوپەتکردن و سووتاندن و زیندەبەچاڵکردنی ئەو جەستانە، ئەگەر نەیانتوانی شەرەفی ئەو پیاوانە بپارێزن. لە دەقەری شاعیردا جەستەی ژن جگە لە قوتوویەکی بەتاڵ، کە شەرەفی پیاوی تیادا دانراوە و قفڵ دراوە، بترازێ، هیچ مامەڵەیەکی تری بۆ ناکرێ، شاعیر پرسیار دەوروژێنێ و بانگەواز دەدات، بانگەوازی کاریگەر. مەبەستیشی کارتێکردنە و ئاساییکردنەوەی ئەو ڕوانینە نائاسایی و نازانستی و نایاساییەیە کە لە کۆمەڵگەکەیدا سەپاوە.

*(با شارەپڕیشکی پرسیار بە هەر چوارلادا وشەبهاوێ*
*لێنەگەڕێ.. زوڵم هەروا سانا دانیشێ*
*لێنەگەڕێ.. قریشکەی جەستە خاو بێتەوە*
*لێنەگەڕێ.. پیاوی هۆزی تۆڵە و فەتوا..*
*بەو خوێنەی لەبەر*
*دارکێلاسەکانی لەشی ژن دەڕوا*
*دەستنوێژ هەڵگرێ و*
*پرسیار و پرسیار و پرسیار*
*لە تەرازووە لاسەنگەکەی دادگا*
*لاسەنگ بە یەک لەسەر سێ و*
*لاسەنگ بە یەک سمێڵ و چوار ژن و..)* ( خۆم ئەو وەختەی..، ل١٧٥)

کاتێ کە زوڵم لە ئارادا دەبێ، ڕۆڵی دادگا و دادوەر و یاساکان ئەوەیە کە هەوڵی لابردنی سەرچاوەی ئەو زوڵمە بدەن. بەڵام لەدەقەری شاعیردا ئەم حاڵەتەش نائاسایی یە. تەرازووی دادگا لاسەنگە، لەوێدا ژن نیو مرۆڤە. تەنها لەبەر ئەوەی ژنن، دووانیان بە شاهیدێ قبوڵن. تەنها لەبەر ئەوەی ژنن، نیو بەشیان لە میرات بەرامبەر بە یەک بەشی تەواوی پیاوێکی

دەدرێتێ. تەنها لەبەر ئەوەی ژنن، وەکوو مەڕومالآت چواریان لێ دەدرێت بە پیاوێ. ئیدی شاعیر چۆن بتوانێ پەنگخواردنەوەی شەست سالی خۆی لەوەش زیاتر رابگرێ، کاتێ کە لوتکەی نادادپەروەری لە هۆلەکانی دادگادا دەبینێ، کاتێ کە ژنانی دەڤەرەکەی لووتیان دەبڕدرێ، دەکوژرێن، ئەتک دەکرێن و، کاتێ ژن لە دەڤەرەکەیدا دەسوتێنرێ، یان لە تاو ئەو نەهامەتییەی خۆی، ئاگر بەردەدا لە ژیانی خۆی، لە جەستەی خۆی، ئەو جەستەیەی کە ئیدی بێزاری کردووە و زەردەوالەی شەرەفی پیاوان ناوەوەی ئەو جەستەیەیان پڕ کردووە لە ژەهر و ژان.

*(لەم هەویرە نوێیە.. لەم هەویری ئازادییە*

*گەورەترین نانی خۆشەویستی بۆ ژن لێ دروست ئەکەم.*

*لە ئاگری ئەو ئازارانەشدا ئەیبرژێنم..*

*کە سالەهایە جەستە و ڕۆحی ژنی تیا ئەسوتێ..*

*سالەهایە و سالەهایە..*

*قرچەقرچ و قرچەقرچ..*

*ڕەنگ و دەنگ و هەست و نەست و*

*چرپە و عەشق و پێکەنین و*

*پەپولەکانی ئەوین و*

*کۆترەکانی سینەی ئەوانی تیا هەلئەقرچێ..)* (خۆم ئەو وەختەی..، ل ١٧٧)

ئەگەر ژیان لەو دەڤەرەدا دۆزەخێ بێت بۆ ژن، ئەو ژنەی کە شاعیری فێری هەلمەتێکی لەم جۆرەی ئێستا و یاخیبوونێکی پیرۆزی لەم جۆرەی ئێستا کردووە، ئیدی چۆن ئۆقرەی دەمێنێ و لە پێدەشتی پەخشانەشیعرێکدا کە باخچەی گولەبەڕۆژەیە، هەموو مێژووی ژنانی دەڤەرەکەی ئاوەژوو ناکاتەوە.

شاعیر جوانی ژنی لا مەبەست نییە، هێندەی لە هۆشی ژن و لە دنیای ناوەوەی ژن دەڕوانێ. وتاری ئێستای شاعیر وتارێکە باس لە ئاوەزی ژن دەکات و رووی دەمی لە جەستەی نییە. ئەو پێی وایە نابێ ژن جوانی بە سەرمایەی خۆی بزانێ، بەلکە هزر و هۆشی دەولەمەند بکات و بیکات بە سەرمایەی خۆی. کە ئەوەیان تەنیا سەرمایەیەکی پارێزراوە و ناکەوێتە بەر هەڕەشەی زیان و هەمیشە سوودبەخش و چێژبەخش و ئازادیبەخشە بە مرۆڤی خاوەن ئەو سەرمایەیە.

*(ژنێک هەبوو هەر خاوەنی چرایەکی جوانی لەش بوو.*

*ژنێکی دی هەبوو، جوان نەبوو، هەر خاوەنی*

*چرای عەقلێکی گەش گەش بوو.*

*کە یەکەم کەوتە گەلا ڕێزان و ناو تەمتومان،*

*تەمەن تاریکیی کرد.. چراکەشی کوژایەوە.*

*دووەمیان ئەویش گەیشتە گەلا ڕێزان*

*بەلام چرای نەکوژایەوە..*

*دووەمیان دەستی یەکەمی*

*لە تاریکیدا گرت و*

*هەر لەبەر ئەو چرایەشدا..*

*بە یەکەوە*

*بەهاری رابردووی خۆیان ئەخوێندەوە!)* ( خۆم ئەو وەختەی..، ل ١٨٧)

جوانی ڕێژەیی یە و دەکرێ لە چاوی کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت. جوانی فاکتەرەکانی تەمەن، ژینگە و بارودۆخ دەتوانن کاری تێبکەن و هەلیوەرێنن، وەلێ زانست بناغەیەکی پتەوە. تەنها چرای زانستە کە تا ئەزموون زیاتر بێ و تا تەمەن هەلکشێ گەشتر دەبێتەوە. ژن بەو چرایەوە جوانە و، هەمیشە لە ڕووناکیدا دەمێنێتەوە و مێژووی خۆی ڕۆشن دەکاتەوە. شاعیر دەخوازێ ژنانی کۆمەلگەکەی لاوێتی خۆیان بپارێزن. لاوێتیش بە هەلکردنی چرا لەعەقل و هۆشدا بەردەوامی پێدەدرێت. شاعیر خوازیاری ئەوەشە ئەو هزر و زانیارییەش کە مرۆڤ هەیەتی لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بخرێتە کار، ئەوەتا لە پەسنی ژنێکی ڕۆژنامەواندا بە ناوی"پیبیا" دا دەلێت:

*(ئەو ڕۆژە پیبیام دی*

*دوو مەمکی ژنێکی سۆمالی*

*لەگەل خۆی ئەگێڕا*

*مەمکێکیان دەغیلە و*

*ئەویتر کۆترێکی مردوو بوو*

*بە یەکەم یەک بە یەک*

*لە دەرگای بەفرینی پایتەختی خۆی ئەدا و*

*بە دووەم بالندەی جیهانی ئەوروژان)* ( خۆم ئەو وەختەی..، ل ٦٠)

لە پەسنی ئەو ژنە ڕۆژنامەوانەدا شاعیر پەیامێکی بۆ ڕۆژنامەوانانی کۆمەلگەکەی خۆیشی هەیە و بە تایبەتی ڕۆژنامەوانانی ژن. ئەو دەیەوێ بلێت مرۆڤبینییەکی لەو شێوەیەی پیبیا لە ئاستێکی بلندایە. کاتێ هەموو جیهان دەکەی بە مەیدانی قەلەمەکەت، جەربەزە و مرۆڤدۆستی. پرسیارەکان دەبێ ئاراستەی هەموو جیهان بن و لە دەرگای هەموو پرسە گرنگەکانی جیهان بدەین. لەخۆدا غەرق نەبین و تەنها بەدووی شتە بچوکەکانەوە نەبین، لەهەرکۆییەک چەوسانەوە هەبێ، قەلەمی ئێمە لەوێ بێت و لێی بدوێت و دوورەپەرێز نەبێت.

ژن لە کۆمەلگەی کوردەواریدا بە پێی ئەو داخوازیانەی کە لە لایەن نێرینەکانی کۆمەلگەوە لێیکراوە و هەموو قۆناغەکانی تەمەنی بە گوێڕایەلییەکی بێ چەندوچوون، ئەو فرمانانەی جێبەجێکردووە کە هەلبژاردەی خۆی نەبوون و بەسەریدا سەپێنراون، ئیدی کەسایەتی ئەم بوونەرە تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی پاسیڤ فۆرمی گرتووە. بەلام ئەم فۆرمە فۆرمی ڕاستەقینەی ئەو نییە و، ئەم سروشتەی ئەوی تێدایە ئەو سروشتە ڕاستەقینەیە نییە کە دەبوایە مرۆڤێکی کۆمەلایەتی هەیبێ.

مرۆڤبینییەک کە لەگەل سروشتی مرۆڤدا کۆک بێت و بتوانێ بچێتە چوارچێوەی ئەو پێناسانەی کە دەروونناسی کۆمەلایەتی بۆ مرۆڤ هەیەتی، ئەوەیە کە مرۆڤ(بە گشتی) "زانیاریخوازە، چالاکە، لێکدەرەوەیە، هەستیارە، کۆمەلایەتی و مێژوویی یە."١٤

کە سەرنج لە مرۆڤەکانی کۆمەلگە نەریتییەکان بدەین، ئەو کۆمەلگانەی کە کولتوورێکی باوکسالارانە هەموو نۆرم و نرخاندنەکانی بەو شێوەیە داڕشتووە کە تاک ڕۆلی مرۆڤانەی مێژوویی خۆی، کە ڕۆلێکی سروشتی یە، فەرامۆش بکات و، ئەو ڕۆلە ببینێ کە بەسەریدا سەپێنراوە، بە تایبەتیش ژن لەو کولتوورەدا کە ناومان برد، دەبینین ئەو پێناسەیەی بۆ مرۆڤێکی سروشتی دەکرێت ژن لێی بێبەش دەکرێ. ئەو ستیلی ژیانەی

کراوە بە ڕێڕەوێکی نەگۆڕ و بۆ ژن دانراوە و بیر و جەستەی ژنی لە فۆرم داوە، وایکردووە ژن بڕێک لە سیفەتە سروشتییەکانی مرۆڤبوونی خۆی پێ لەدەستبدرێ. وای کردووە کە ژن تا رادەیەکی زۆر، زانیارینەخواز، پاسیڤ و لێکنەدەرەوە بێت، کۆمەڵایەتی بێت بەڵام تەنها لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت بە ژن و لەو دیوی دیوارەوە، هەستیار بێت بەڵام هەستیارییەکی سادە کە بۆ گەشەدان بە خۆی کەڵکی لێوەرنەگرتووە. هەموو ئەمانەش وایان کردووە ژن لە کۆمەڵگەی ئێکستریمی باوکسالارییەکاندا بوونەوەرێکی مێژوویی نەبێت، بەڵکە هەمیشە لە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە ببینرێت.

## شکاندنی تەوقی باوک

لە کولتووری باوکسالاریدا، باوک خاوەن شکۆیەکی دردۆنگانەیە. چونکە ئەو شکۆیەی کە بەدەستی هێناوە لە ئەنجامی زەبروزەنگ و کۆنترۆڵکردن و ڕێگەنەدان بە گەشەسەندنی ڕۆڵەکانییەوە بووە. بایەخ و پایەبەرزی خۆی لە ئەنجامی بێپایەکردن و بێبایەخکردنی کەسایەتی نەوەکانی بەدەستهێناوە. باوک خاوەنە، خاوەنی ڕۆحدار و بێڕۆح، نێر و مێ و هەموو شتێک لە سنووری دەسەڵاتی ئەودایە. بەرامبەر بەویش بوونەوەرێکی خوڵقێنەر هەیە و ناوی دایکە. بەڵام ئەم دایکە بە خۆی و ئەو مرۆڤانەشی کە خوڵقاندوونی دەچنەژێر ڕکێفی باوکەوە. دایک شکۆی لێدەستێنرێتەوە و لاواز دەکرێت، توانای بڕیارڕردانی لێدەستێنرێتەوە و وابەستەدەکرێت، مەودای جووڵانەوەی تەسک دەکرێتەوە و لە چوارچێوەدەنرێ، مەودای بیرکردنەوەی تەسک دەکرێتەوە تا ڕادەی بیرنەکردنەوە لە ڕۆڵێکی تر، جگە لە ڕۆڵی بۆدیاریکراو و بەسەرداسەپێنراو. کەواتە ئەو کچەشی کە هەمان سیفەتەکانی جەستەی ئەوی هەیە و کە ئەو پەروەردەی دەکات، شکۆیەکی ئەوتۆ پەیدا ناکات.
ژن خاوەنی هیچ نییە، تەنانەت جەستەی خۆیشی. کەوابێ جەستەی کە بەڵگەی بوونێتی دەبێتە هی کەسانێکی تر و خۆی لێبێبەری دەکرێ. شەرەفی باوک و نێرینەکان لەو سندوقەدا دانراوە کە ناوی جەستەی ژنە، باوک و نێرینەکانی بنەماڵە سەرپشکن لە شکاندنی ئەو سندوقەی کە موڵکی خۆیانە، هەر کاتێک کلیلی ئەو سندوقە، کە تەنها بە ئەمانەت دراوەتە دەستی ژن خۆی، ون بوو، سندووقەکە دەشکێنن.
شێرکۆ بێکەس، لە شیعری (مەرگی گۆرانییەکی سپیدا) کە پێشکەشی کردووە بە فادیە شاهیندال، گوزارە لەو حاڵەتە دەکات کە چارەنووسی (کچ)ی کۆمەڵگەکەی ئەوی تێدا دیلکراوە.
فادیە شاهیندال، ژنێکی ٢٦ ساڵە بوو، هەموو ئەو سیفەتانەی تێدا بوو کە لە دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا بۆ مرۆڤێکی سروشتی و مێژوویی پێناسەکراوە. فادیە مرۆڤێکی زانیاریخواز، چالاک، لێکدەرەوە، هەستیار و کۆمەڵایەتی بوو. لە وڵاتی سوێد دەژیا، جگە لە چەندساڵێکی تەمەنی منداڵی، ئیدی لەگەڵ نۆرم و نرخاندنەکانی کۆمەڵگەی سوێددا گەورە بوو بوو. یەکێک لە پرنسیپە سەرەتاییەکانی مرۆڤێکی سروشتی و مێژوویی ئەوەیە بتوانێ لە هەڵبژاردندا ئازاد بێت. فادیە هاوسەرێکی بە ئازادییەوە بۆ خۆی هەڵبژارد، بەڵام ئەم هەڵبژاردنەی ئەو لەگەڵ نۆرم و نرخاندنەکانی باوکیدا یەکیان نەدەگرتەوە. باوک کە هەمیشە خۆی بە خاوەن دەزانێ و بە تایبەتیش هی کچ، چونکە لە سندوقی جەستەیدا (شەرەفی پیرۆزی ئەم!) دانراوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ دا لە شاری ئۆپسالا (باوک)ی تیرۆری کرد.
شێرکۆ بێکەس، جگە لە پەسنێکی یەکجار خەمباری ئەو کات و شوێنەی کە ئەم ڕووداوەی تێدا ڕوویدا، لە غەدرێکی گەورەی مێژوویی دەدوێ کە لە ژن کراوە و دەکرێ، فادیە دەبێتە سیمبولێک بۆ تیرۆرکردنی ژن بە پاساوی شەرەفی باوکانی کۆمەڵگە.

*(ئەوە تاڤگەی غەدرێکە لەسەر زەمینەوە*
*ڕووەو ئاسمان هەڵچووە*
*ئەوە.. مۆمی سەری ساڵە.*
*بەفرە ئەو وەختەی ئەکوژرێ.*
*عەشقە ئەو وەختەی ئەسوتێ و*
*زوڵمە وەختێ دائەگیرسێ*
*ئەوە سەری فادیەیە*
*پرچی ئەوە بە خوێنەوە سەما ئەکا و*
*پێی ئەنووسێ.*
*غەدر.. غەدر.. غەدر..)* ( خۆم ئەو وەختەی..، ل ٢٠٥ )

لە سێبارەکردنەوەی وشەی غەدر، شاعیر تووڕەبوونێکی سامناک دەنوێنێ، کە تا ڕادەی نەفرەتکردنێکی هەمیشەیی یە لەو کولتوورەی کە ڕەوایەتی دەدا بە کوشتنی ژن. بە سەمای قژی خوێناوی فادیە، کە قژی هەموو ژنانە، مێژووی ئەو نادادپەروەرێتی و غەدرە دەنووسرێتەوە، فادیە تەنها ژنێک نییە کە ئەو غەدرەی لێکرابێ، ئەو یەکێکە لە هەموو ژنانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەکرێ چارەنووسێکی لەو جۆرەی فادیە لە چاوەڕوانیاندا بێت. ڕووداوی کاریگەری کوشتنی ژن کارەساتێکی پاساوهەڵنەگرە. ئیدی ئەو پاساوانە هەرکەسێک بیهێنێتەوە و بۆ هەر مەبەستێک بێت.

*(ئەی مانگەشەوە جوانەکەی سەر و گەردنی*
*فادیە بەردەوام خوڵ بخۆ..*
*تۆ کوردستانێکی بچکۆلەی سەربڕاوی منی*
*بە ئاسمانەوە خوڵ بخۆ*
*خوڵ بخۆ بەدەوری غیرەتی ئێمەدا بۆ ئەوەی*
*هەمیشە لەبیرمان بێ.. لە کوشتاری*
*گوڵ و ژندا..*
*ئێمە چەند قارەمان و چەند کورد و*
*چەند مرۆڤ بووین!)* ( خۆم ئەو وەختەی..، ل ٢٠٨ )

● **بەڵگەنەویستە کە گۆڕانکارییەکی لەم ئاستە، بۆ سەرجەم ئەدەبی کوردی، بە هەموو ژانرەکانییەوە پێویستییەکی بناغەیی یە، تا پەیامی نووسەران و شاعیران و بیریار و پەروەردەکار مان لە پەیامێکی باوکسالارانەوە بۆ پەیامێکی مرۆڤدۆستانە بگۆڕدرێ. تا لە ڕێگەی ڕووناکبیرانەوە بەرگێکی نوێ و ناوەڕۆکێکی نوێ بدرێت بە کولتووری کورد و کۆمەڵگەی کورد.**

ئەو رەخنەیەی کە شاعیر خۆی وەکو پیاوێک، وەکو باوکێک، وەکوو کوردێک لە کولتووری ژنکوشتن هەیەتی، گومانی تێدا نییە کە زۆر لە پیاوانی کۆمەڵگەکەی لەگەڵی نین و نابن بە هاوڕای. بەڵام وەک ئۆسکار وایلد دەڵێ: " کاتێ خەڵک کۆک بن لەگەڵم، هەمیشە ئەو هەستەم هەیە کە دەبێ من هەڵە بم." [15]

نووسەر ئەگەر چاو لە راستییەکان بپۆشێ، تەنها لەبەر ئەوەی زۆربە رازی کات، ناتوانێ تێکستێکی مرۆڤانە بەرهەمبهێنێ. زۆربە کاتێ بە نۆرم و نرخاندنێکی هەڵە و نادادپەروەر فریشکیان گرتبێ، هەڵەن و هەڵسەنگاندنەکانیان نادادگەرانە دەبێ. مەرج نییە ئەوەی لەگەڵ رای زۆربەدا وێکنەیەتەوە رایەکی هەڵەبێ، بەڵام ئەو رایەی کە راست و دروست و دادپەروەرانە و هەقیقەتخوازانەیە، دەبێ هەوڵی گۆڕینی نۆرم و نرخاندنەکانی ئەو زۆربەیە بدات.

کە شاعیر بە راناوی(ئێمە) دەدوێ و خۆیشی دەخاتە نێو ئەو زۆربەیەوە کە بریتین، لە پیاوان، باوکان و کوردان، ئیدی گومانی ئەوەی لەسەر نامێنێ کە تەنها مەبەستی ئامۆژگاریکردنی زۆربە بێت، هێندەی ئەوەی کە پرسیار دەخولقێنێ و زۆربە ناچاری بەخۆداچوونەوە دەکات. کاتێ کە نۆباڵی باوکی فادیمەش کە بکوژی خۆشەویستی یە لە ئەستۆی خۆی دەگرێ، چونکە خۆیشی باوکە و، ئەمجارە بە راناوی کەسی یەکەمی لکاو دەدوێ زیاتر مەبەستەکەی روون و مرۆڤانە دەبێتەوە.

*(ئەی سەری براوی کەمان ئاوا مەبە*
*بەشکو ئەمشەو لەبەر تریفەی کوژراوتا*
*لەبەر چلچرای نارنجی*
*عەشقی پاکتا*
*قەسیدەیەک بۆ شەرمەزاریم بنوسم*
*چکە چکە نەفرەتی لێ بچۆڕێتەوە..*
*چکە چکە عاری لێ بچۆڕێتەوە..*
*هەتاکو پەنگ ئەخواتەوە و وەکوو خم خۆرک*
*رامئەکێشێ و قووتم ئەدا..)* (خۆم ئەو وەختەی...، ل ٢٠٩)

کە فادیمە بە دەستی باوکی خۆی لە یەکێک لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی دنیادا بە پاساوی پارێزگاری شەرەف تیرۆرکرا! ماسمیدیای سوێدی بە بایەخێکی زۆرەوە لەم رووداوە نزیکبوونەوە، بەڵام لەو بایەخدانەدا هێندەی ململانێی نێوان کولتوور و شارستانییە جیاوازەکان، ململانێی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، ئیسلام و مەسیحی سەنتەر بوون هێندە خودی مەرگی فادیمە مەبەست نەبوو. دوو بەرە دروست بوو، بەرەیەک کولتووری رۆژهەڵاتی، پیاوی رۆژهەڵاتی و ئایینی ئیسلامی دەخستە خانەی مرۆڤکوژ و ژنکوژەوە، بەرەکەی تر داکۆکی دەکرد و نکۆڵی لەوە دەکرد کە کوشتنی ژن سەرچاوەیەکی کولتووری هەبێ لە رۆژهەڵات و لە ئایینی ئیسلام و لەناو کورداندا. هەبوون پاساویان بۆ ئەو کوشتنە بەوە دەهێنایەوە کە لە لە خۆرئاواشدا ژن دەکوژرێت، زۆر باس و بابەتی دیکەش ورووژان. بەڵام ئەوەی راستی بێت دەشاردرایەوە و نەدەگوترا.

شێرکۆ بێکەس، شاعیرێکی بە ئەزموونە و هەمیشەش پەیوەست بووە بە کولتوور و کۆمەڵگەکەی خۆیەوە و، کولتوور و کۆمەڵگەکەی خۆی باش دەناسێ. ئەو پێی شەرم نییە دان بەو هەڵە و نادادپەروەری و رەوشتە بەددا بنێت کە باوکساسا بینی کۆمەڵگەکەی گرتووە، بەڵکە ئەو ئەوەی پێ شەرمە کە ژن بە تاوانی خۆشەویستی بکوژرێ. کە ئەمە تەنها لە فەرهەنگی باوکسالاریدا جێگەی دەبێتەوە کە مرۆڤ بە خۆشەویستی بێڕەوشت ببێت، لە راستیدا خۆشەویستی خۆی رەوشتە و خۆی پیرۆزترینە.

شاعیر، پاساو بۆ کوشتن ناهێنێتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی کوردە و باوکی فادیمەش کوردە، یان تەنها لەبەر ئەوەی پیاوە و باوکە و باوکی فادیەش پیاوە و باوک؛ بەڵکە ئەو بەوەی کە کردەوەی باوکێکی وا ریسوا بکات، خۆی شەرمەزار دەبینێ و نەفرەت لەو رەفتارە دەکات. لە وشە و مانای پیاوەتی دەمانخاتە گومانەوە. پیاوەتییەک کە رێگاکانی لە پیاو تاریک کردووە ، پیاوەتییەک کە بەرشەوارەی خستوون.

*(ئاوا مەبە و بە داگیرساوی بگەڕێ و سەیرمانکە و*
*پیاوەتیمان بە شەوارەی سوری خوێن و چاوت بخە!!*
*ئەی مەرگی گۆرانی سپی.. ئاخ فادیمە!*
*ئای کە ئەمشەو شەرمەزارییم سەر و*
*چاوم پێ دائەخا و پەیتا پەیتا بە رەنگ عار*
*رەنگم ئەکا!!)* ( خۆم ئەو وەختەی...، ل ٢٠٩)

کاریگەری کوشتنی ژن، بە تایبەتی لە قۆناغی باڵندەیەتیدا، لە قۆناغی هەڵفڕین و جیابوونەوە لە زەمینی پڕ ئاژاوەی کولتووری باوکسالاری، شاعیر تا ئەوپەڕی داخ دەکات و ئاخی پێهەڵدەکێشێ. شاعیر لەم قۆناغەدا پەیتا پەیتا دەیەوێ لەو کۆت و پێوەندانە رزگاری بێت کە پیاوەتی خستویەتیە دەست و پێی، لە زۆر وێنەی شیعریدا دەیەوێ لە پیاوەتی بەو مانا پڕ لە زەبروزەنگەی جیابێتەوە و لە کڵێشەی پڕ لە سۆزی ژندا رۆحی خۆی دابرێژێتەوە. دەیەوێ چێژی ژنبوون تاقی کاتەوە و لە ناو ئازارەکانەوە لە ئازارەکان تێبگات، چونکە لای ئەو ژن ئافرێنەری جوانییەکان و مرۆڤەکان و خواکانە. ژن بنەڕەتە.

*(من ئەمرۆ هەوڵ ئەدەم بچمە ناو قوڵایی ئازارە مێیینەکانەوە.*
*لەگەڵ زەردەی خۆرنشینی*
*خەمەکانیاندا بدوێم. هەوڵ ئەدەم بچمە ناو*
*ساتە ژانی منداڵبوونی ژنەکەمەوە.)* ( خۆم ئەو وەختەی...، ل ١٨٠)

شاعیر بە هەوڵی چوونە ناو ساتی ژانی منداڵبوون، کە ژانێکی مرۆڤانەی مرۆڤخولقێنە، رۆڵی دایکی ئافرێنەری هەموو شتێک، دایکی بنەڕەتی ژیان و بەخشندە بەرز دەنرخێنێ و، بەرامبەر بەمەش باوک دەبینێ بە تەواوی شکۆی دردۆنگانە و زەبروزەنگییەوە. ئەو باوکەی کە ریسی دایک دەکاتەوە بە خوری. کە لەدایکبوون دەکوژێ و، کە دەستی دەچێتە خوێنی ئەو مرۆڤەی لە جەستەی ژنەکەیەوە و بەو ژانەسەختە و بەو بەخشندەییە بێوێنەیەی دایک دروست دەبێت.

*(منیش باوکم*
*چونکە لە هەمان نەژاد و هەمان کیفی ئەو شمشێرەم..*
*چونکە لە هەمان رەگەز و هەمان مشتووی ئەو*
*خەنجەرەم: کە بەهار و ستران و*
*پەپولە و خۆشەویستی و ئازادییان*

*له توّدا کوشت!)* (خوّم ئەو وەختەی... ل ٢١٠)

شاعیر خوّی بێبەری نابینێ لەو کولتوورە، ئەگەرچی لەم قوّناغەدا زوّر نارازی یە لە دوّخی پیاوبوون، کە دوّخێکی پڕ لە زەبر و زەنگە. بەدەم فرینەوە بە حەسرەتەوە (باوک بوون)ی خوّی بەیان دەکات و وەکوو سزایەکیش بوّ باوک، خوّشی لەپاڵ ئەو باوکانەدا مەحکوم دەکات، کاتێ دەڵێت "منیش لە هەمان نەژاد و هەمان کیفی ئەو شمشێرەم، چونکە لە هەمان رەگەز و هەمان مشتووی ئەو خەنجەرەم". شمشێر و خەنجەر ئاماژەن بوّ شەرێکی بەردەوام لە کوّمەڵگە نەریتییەکاندا، شەرێکی نابەرامبەر. لە کاتێکی بەرەی شمشێر و خەنجەربەدەست زەبروزەنگ بەرهەم دەهێنن و بەردەوامیش ئەو زەبروزەنگە خوّی بەرهەمدەهێنێتەوە، بەرەی بەرامبەر خوّشەویستی بەرهەمدەهێنێ و وەک نموونەی فادیە و سەدان کچی کوردەواری لە پێناوی خوّشەویستیدا دەدرێتەبەرخەنجەر. کوّتایی شیعرەکە زیاتر بەوە کاریگەر بووە کە شاعیر ئامادەیە تەنانەت نەفرەت لە خوّشی بکات، ئەگەر باوکێکی خوّشەویستیکوژ بێت، ئەگەر پیاوێکی خەنجەربەدەست بێت و، ئەگەر لە بەرهەمهێنانی ئەو ئاژاوە و زەبروزەنگەدا بەشدار بێت، کە لە ئارادایە.

### عەقڵەتەکانی باوکسالاری لە قوّناغی باڵندەییەتیدا

وەکوو بینیمان شاعیر لەم گەشتە ئاسمانییەدا، لەم هەڵفڕینە پڕ لە دوّزینەوەیەدا، چوّن مروّڤ دەبینێ، چوّن ژن دەبینێ و چوّن خوّی دەبینێ. لەم قوّناغەدایە کە شاعیر هەوڵی داماڵینی هەموو ئەو دەمامکانە دەدات کە دەموچاوی راستەقینەی کولتووری باوکسالاری داپوّشیوە. شاعیر خوّیشی، لە رێگەی ئەو نەفرەتانەوە کە ئاراستەی زەبر و زەنگ و ئاژاوەکانی ئەم کولتوورەی کردووە، دەیەوێ هەموو ئەو رەگەزانەی کە لەم کولتوورەوە وەریگرتووە لە خوّی بکاتەوە و دایماڵێ. شاعیر تا رادەیەکی زوّر لەمەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە هەندێ جێگادا پاشماوەکانی ئەو کولتوورە لە هزری شاعیردا بە پێدزکێ خوّیان دەگەیەننە ناو دەقەکانەوە.

لە کورتەشیعری (هاوسەر)دا شیعر وەک هاوسەرێکی حولحولی دەبینێ، کە جار و بار دێتە لای و جار و بار نایەت، شەوێک لەگەڵیدا دەنوێ و شەوێکی تر جێگەی جیادەکاتەوە، لە ئاکامدا شاعیر لەم هاوسەرە توورە دەبێ، پێی وایە ئەو هاوسەرە لێی تێناگات، بوّ ئەوەی ئەم کێشەیە لە نێوانی خوّی و شیعری هاوسەریدا چارەسەر بکات، بڕیارێ دەدات، کە بڕیاری چارەسەرێکی باوکسالارانەیە.

*(ئەم هاوسەرە حولحولییە لە من ناگات!*

*گەر وا بڕوا من ناچارم*

*ئەم زستانە*

*ژنە چیروّکێکی جوانی.. کەڵەگەتی*

*لە وێنەی "ئاناکارنینا"ی*

*بەسەر بێنم!!)* ( خوّم ئەو وەختەی... ل ١٤٢)

لە کولتووری باوکسالاریدا، ژنهێنان بەسەر ژندا باوە. بە تایبەت لە کولتووری گوند و لەناو خێڵەکاندا. کاتێ شیعریش سیفەتی هاوسەرێکی دەدرێتێ و لە ئەنجامی کێشە و لێکتێنەگەیشتنێکدا لەگەڵ ئەو هاوسەرە(کە دەبێ لێرە ژن بێت، چونکە شاعیر خوّی پیاوە)، سزاکەی ئەوە دەبێ کە ژنێکی تری بەسەردا بێنێ. کە من پێم وایە پاشماوەی کولتووری باوکسالاری یە لە شاعیردا ماوەتەوە و کە لە قوّناغی باڵندەیەتیشدا بە شێوەیەک لە شێوەکان دەرکەوتوّتەوە.

لە کولتووری باوکسالاریدا (بێوەژن) مروّڤێکی ستەملێکراوە و بەهوّی ئەو ستەمە نائاساییەوە سیفەتە سروشتییەکانی خوّی لەدەست داوە و نیدی وەک بێدەسەلاتێک تێی دەروانرێ. کاتێ شاعیر لە قوّناغی باڵندەیەتیدا ژن دەکاتە سیمبولی هێز و بەخشندەیی و توانایی و وزە، بەڵام بێوەژن تەنها وەک سیمبولی بێدەسەلاتی و ستەم بەکار دەباتەوە. کاتێ کە بە مەبەستەوە دەیەوێ تێڕوانینەکان لە کوّمەڵگەدا بەرامبەر بە ژن ئاسایی کاتەوە، ئەو هەوڵی ئاساییکردنەوەی تێڕوانینە بوّ بێوەژن بەرچاو ناکەوێ.

*(لە هەشتەم ڕوّژی مانگێکدا..*

*هەشتی شوبات! هەشتێکی دڕ، جارێکی شووم..*

*دیروّکی بوو بە قوربانیی و*

*زستانێکیش بە بێوەژن!)*

زستانی سارد و سڕ لێرەدا ڕوّڵی مێیینەیەکی بێوەژنی دراوەتێ، کە هەمان وێنەی واقیعی بێوەژنە لە کوّمەڵگەدا، مێژوو بەرگی پیاوی کراوەتەبەر، هەر وەک چوّن لە واقیعیشدا وایە. کە ئەو دەبێ بە قوربانی ئەو زستانەش ئیدی کەساس و بێوەژن کەوتووە! ئەو دوّخەی بێوەژنی تێدایە لە کوّمەڵگەی کوردەواریدا دوّخێکە عەقڵی باوکسالاری بەرهەمی هێناوە. گواستنەوەی دەقاودەقی ئەو وێنانەی واقیعی بێوەژن بوّ ناو شیعر، ئەگەر سیفەتەکانیشی بدرێ بە شتەکان نەک بە خودی ژن، هێشتا هەر دەچێتە خانەی پاشماوەکانی عەقڵی باوکسارییەوە، کە بە غەفڵەت بوّ شاعیر لە قەڵەم دەدرێن.

نوڤالیس دەڵێ: "شیعر ئەو زامانە سارێژ دەکات کە عەقڵ بەجێیان دەهێڵێ."[١٦] کەواتە ئەو زامەی کە عەقڵی باوکسالاری لەسەر جەستەی ژن بەجێیهێشتووە، دەکرێ شیعری مروّڤانە سارێژیان بکات. شێرکوّ بێکەس چونکە لە قوّناغی باڵندەییدا رامان دێنێ لەگەڵ بینینێکی جیاواز لە باو، لە ژن و لە پیاو و پەیوەندییەکان، بوّیە خوێنەر چاوەڕێی ئەوەش دەکات هەمان بینینی جیاوازیش بێوەژن ببینێ و پیشانی بدات.

*(لەم رارەوە نسرمانەی لەشدا.. گوڵێ!*

*پرتەپرتی چرایەکە*

*لە شەوێکی بێوەژندا و*

*لە بەرهەیوانێکی چوڵدا و*

*لە بەر هەوایەکی ساردا.. گوڵێ!)* ( خوّم ئەو وەختەی... ل ١٣)

پێکەوە گرێدانی ساردی و بێوەژن و شەو و چوّڵوهوّڵیی و رارەوی نسرم و پرتەپرتی چرا و کردنیان بە وێنەیەک کە سیمبولە بوّ خاوبوونەوە و پیری و چاوکزیی و تەنیایی، دیمەنێکی نائومێدی بەخشە. کوّکردنەوەی "بێوەژن" لەگەڵ ئەو هەموو ئیماژانە، دەکرێ وێنەی بێوەژنێکی پیر بێ، بەڵام بێوەژن دەکرێ ژنێکی لاویش بێت، دەکرێ ژنێکی هەژدەساڵی بە بووکی بێوەژنکراو بێ، لە ئەنجامی شەهیدکردنی مێردەکەیەوە؛ بەچی لوّژیکێک سیفەتی ساردی و چوّڵی دەدرێ بە بێوەژنێکی هەژدەساڵی پڕ لە گەرموگوڕی و وزە و ژیان، کە ئەوەشیان وێنەیەکی قبوڵنەکراوە و بە

غەفڵەت بۆ شاعیر تۆمار دەکرێ.

لەم دیمەنانە زۆر نین لە ناو شیعرەکانی ئەم دیوانەی شاعیردا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو پانتاییە فراوانەی کە ژنی کارا و چالاک و کاریگەر و پیرۆز لەو شیعرەکاندا بە گشتی و لە پێدەشتی پەخشاندا بە تایبەتی جموجوڵی مرۆڤانەی خۆیانی تێدا دەکەن. بۆیە دەکرێ ئەو چەند دیمەنە نەشازانە وەکوو تۆز و گەردێک ببینرێن کە گەردەلوولی کولتووری باوکسالاری لە قۆناغەکانی تری پێش باڵندەیەتی لای شاعیر بەجێیان هێشتبێ و کاریگەری زۆر کەمی مابێ.

## ڕامان و گفتوگۆ

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا، کە لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ سایکۆلۆژی بوو، هەروەها لە لێکدانەوەی تێکستە شیعرییەکانی دوو تویی دیوانی (خۆم ئەو وەختەی باڵندەبووم)، کە لێکدانەوەیەکی هێرمەنۆتێکی فێمینیستانە بوو، پێی گەیشتم دەکرێ بەم شێوەیە بیانخەمە روو:

شێرکۆ بێکەس، دوای تەمەنێکی بەخشندە لە شیعری جۆراوجۆر، لەم دیوانەدا بە تەواوی خۆی بۆ خوێنەر هەڵادیو دەکاتەوە و وێنەکانی ناوەوەی خۆی پیشان دەدات. ئەو وێنەشیعرییانەی کە لەم دیوانەدا هەن بە پرۆسەیەکی زۆر چڕ و پڕی دەروونیدا تێپەڕیوون، کە بە بۆچوونی من، چڕوپڕتر لە هەموو وێنەشیعرییەکانی تر، کاریگەری نەست و هۆشی ناوەکیی شاعیریان لەسەرە.

ئەو وێنانەی کە هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی دەربڕینیان کراوە لە لایەن شاعیرەوە و لە کات و ساتی خۆیدا نەیتوانیوە بە وتارێک، یان ڕەفتارێک دەریان ببڕێ بەهۆی زەبروزەنگی کۆمەڵگە و کولتوورێکی باوکسالارانە و سیستەمێکی وشکەباوەڕ، وێنەکان لە هۆشی ناوەکیدا چەپیون و چەسپیون. لەم قۆناغەدا کە تەمەنی دەگاتە شەست و سەرووتر، پەرجوویەک روودەدات و شاعیر دەکات بە خاوەنی هێزێکی ئەفسووناوی کە بتوانێ لە کاتی فڕیندا وێنەکانی ناوەوەی پیشانی جیهانی دەرەوەی خۆی بدات. ئەو وێنانەی کە سەبارەت بە ژن، مرۆڤ، ئایین، ئازادی و هتد.. کە دەکرێ نرخی سەری بێت، بێباکانە رەهایان دەکات و نومایشیان دەکات. لەم قۆناغەدا شاعیرێکی سروشتی دەبینین کە تێڕوانینەکانی تێڕوانینێکی سروشتی و تەندروستن سەبارەت بە ژن.

شاعیر پێشتر دەقی وای بەرهەمهێناوە کە سەرنجێکی جیاواز لە هی باو لە ژنی کۆمەڵگەکەی بدات، بەڵام سەرنجدانێکی کاڵ بووە و هیچ یەکێک لەو تێکستانە ئەو رامانانە دروست ناکەن وەک دەقەکانی ئەم دیوانەی. دەقەکان پرسیار ورووژێنن و هاندەرێکی باشیشن بۆ یاخیبوون و نەفرەتکردن لە سیستەمێک کە تاسەرئێسقان زەبروزەنگە و مرۆڤانە نییە. کە بە رای من کاریگەریشی دەبێت لەسەر خوێنەرانی و لە رێگەی ئەوانیشەوە بۆ ناو کۆمەڵگە.

ئەگەر ئەو شیعرانەی کە بۆ بەرهەڵستیکردنی داگیرکەران دەنوسرێن شیعری بەرگریکردن بن لە ئازادی سیاسی کورد، ئەم شیعرانەش دەچنە خانەی شیعری بەرگری لە ژن و لە ئازادی ژن. بەو پێیەش کە ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی باوکسالارانە بووە و، وتاری نووسەران وتارێکی باوی ناو کۆمەڵگە بووە. دەکرێ ئەم دەقانە ببن بە خاڵی وەرچەرخان بۆ تێڕوانینێکی نوێ لە شیعری کوردیدا، کە تێڕوانینێکە لە مرۆڤبینییەکی پۆزەتیڤەوە سەرچاوەی گرتبێ. کە ئەمەیان دەکرێ پاڵپشتێکی باش بێت بۆ ئەو تێکستە ئەدەبییانەی کە ژنان خۆیان بەرهەمی دەهێنن بۆ بەرگریکردن لە خۆیان دژ بە سیستەمی باوکسالاری.

شاعیر لە هەستیارترین تەوەری ئەو کێشەیە دەدوێ کە ژنی کردووە بە کۆیلەی رەوشت لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا، ئەویش کێشەی شەرەفە. گومان خستنە سەر چەمکی شەرەف و وێنەکێشانی ئەو چەمکە بەو وێنەشیعرییە کاریگەر و سەرنجراکێشانە، سامی ئەو چەمکە لای خوێنەرانی پەروەردەی کولتووری باوکسالاری دەشکێنێ. بە چەندپاتەکردنەوەی ئەو وێنەیە و دزێوکردنی ئەو چەمکە کە پێناسەیەکی هەڵەی دراوەتێ لەو کولتوورەدا، پرسیار دەوروژێنێ و خوێنەر وردکۆڵ دەکات کە بە دووی بنەڕەت و پێناسەی راستەقینەی ئەو چەمکە بکەون و بیدۆزنەوە.

چونکە تەمەنی ئەو تێڕوانینە باوکسارییە لە مرۆڤ و لە دیاردەکان درێژە و بەردەوامیشی هەیە، شاعیریش جاروبار، ناخودئاگا، وێنەی شیعری وا کە پاشماوەی ئەو کولتوورەیە لە قەڵەمی دەترازێ و دەیکێشێ. بەڵام لەم دیوانەدا لەو وێنانە زۆر نین و تەنها چەند وێنەیەکی وا بەرچاودەکەون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤی کۆمەڵگەی ئێمە دەبێ چەند بەخۆداچوونەوە و چۆن فڕینێکیان پێویست بێ، تا تێڕوانینی خۆیان لە هی باوکسالاری جیابکەنەوە.

لێرەدا هەندێ پرسیاری تر کە گفتوگۆ خوڵقێنن، خۆیان دەسەپێنن و ڕامان دروست دەکەن، کە رەنگبێ لە داهاتووتردا و لە لێکۆڵینەوەی فراوانتر لەسەر بەرهەمەکانی شاعیر و لە سەر ئەدەبی کورد و کۆمەڵگەی کورد، وەڵامەکانیان بدۆزرێنەوە. ئەو پرسیارانەش ئەمانەن:

١ـ بۆچی شاعیر دوای تەمەنێکی درێژی ژیان و، تەمەنێکی درێژی پڕ بەخششی ئەدەبی ئینجا گەیشتە قۆناغی هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونێکی سەد لە سەد لە کولتوور و لە سیستەمی باوکسالاری، لە کاتێکدا کە ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ژن لەو کولتوورەدا و هی مرۆڤیش بە گشتی لە حاڵەتی بنبەستدابووە و تا ئێستاش هەر لەو بنبەستەدایە؟ ئەو تواناکارییانە چین کە زەمینەی ئەمڕۆیان بۆ شاعیر ساز کرد بۆ ئەو یاخیبوونە بنەڕەتییە؟

٢ـ ئایا شێرکۆ بێکەس ئەگەر تەنها لە جوگرافیایەکی سنوورداری وەک کوردستاندا بوایە و زەمینەی ئەو گەڕان و بینین و سەفەرانەی نەبوایە کە ئەمڕۆ هەیەتی، ئێستاش دەگەیشت بەو قۆناغە؟ یان پرسیارەکە بە شێوەیەکی تر دەکەم، ئاخۆ پرۆسەی گەردوونگەرایی کە لە خۆرئاوادا پیادەیە و کاریگەری لەسەر ورد و درشتی مرۆڤەکان و دیاردەکان هەیە، کاریگەری هەبووە لەسەر مرۆڤبینی شێرکۆبێکەس و، ڕۆڵی هەبووە لەم یاخیبوونە بنەڕەتییەیدا کە رەتکردنەوەی سەرلەبەری سیستەمی نادادپەروەرانە و مرۆڤخەسێنەرانەی باوکسالاری یە؟

٣ ـ چۆن دەکرێ، تێڕوانینێکی لەم جۆرە (رەتکردنەوەی سیستەمی باوکسالاری) ببێ بە پەیامێکی گشتی ئەدەبی کوردی و، نوێکردنەوەیەکی لەم جۆرە کە نەک تەنها فۆرم و قاڵب و تەکنیکەکان، بەڵکە فیکر و تێڕوانین و مرۆڤبینی و کولتووربینی و دیاردەبینی و هتد..

بێن بە بنەمای نوێخوازی لە ئەدەب و لە کولتووری کوردیدا؟
کە هەر یەک لەم پرسیار و گریمانانە شیاوی لێکۆڵینەوەی تایبەتی و وردن، کە هیوادارم من یان هەر کەسێکی تر لە داهاتوودا بە ئەنجامیان بگەیەنن.

## ئەنجام

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بێت کە لە سەرەتادا ئاراستەی خۆمان کرد و بە درێژایی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکان لە دووی وەڵامیان دەگەڕاین. کە دەکرێ ئەو وەڵامانەش وا بنوێنن.

١ـ لە هەموو شیعرەکانی ناو ئەم دیوانەدا ژن وەکوو سوبجێکتێک بینراوە، بە پێچەوانەی وێنەکانی تا ئێستای ژن لە ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعری کوردی بە تایبەتی.

٢ ـ لە زۆربەی شیعرەکاندا یاخیبوونێکی سەرسوورهێنەر لە کۆمەڵگەی باوکسالاری و واقیعی نادادپەروەرانەی سەپاوی ئەو سیستەم، بە زمانێکی هونەری چڕ هەست پێدەکرێ. بۆیە دەکرێ وەکوو شیعری بەرهەڵستی سیستەمی باوکسالاری لە لایەن شاعیری پیاوەوە لە قەڵەم بدرێ، کە کەم وێنەیە لە ئەدەبی پیاواندا.

٣ـ شاعیر خاوەنی مێژوویەکی شیعری دوورودرێژە و شیعرەکانی کاریگەرن و دەکرێ ئەو بەرهەڵستییەی، کاریگەری و کاردانەوەی پۆزەتیڤی کۆمەڵایەتی هەبێ.

٤ ـ شاعیر مرۆڤ وەکوو بەرهەمێکی ئەو کولتووڕە دەبینێ کە تیایدا گەشوغا دەکا، پیاو لە ئەنجامی نرخاندنەکانی کۆمەڵگەی باوکسارییەوە دەبێتە کەسێکی نەگرسیڤ و بە گژ ژناندا دەچێتەوە. بە هەمان سۆنگە ژن بێدەسەڵات دەکرێت و لە پایینی هیرەمی کۆمەڵایەتیدا شوێنێکی دەدرێتێ کە شیاوی مرۆڤبوونی ئەو نییە. بەڵام شاعیر ئەو وێنەیەی مرۆڤ لە تێکستەکانیدا دەگرێ کە شیاوی مرۆڤێکی ئازاد و سروشتی یە. مەبەست لە ئازاد و سروشتیبوونی مرۆڤیش، ئەوەیە خۆی لە کاریگەرییەکانی کولتووری باوکسالاری ڕزگارکردبێت و سیفەتە سروشتییەکانی خۆی تەی بکات.

٥ ـ شاعیر توانیویەتی ڕیالیتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کورد لەو تێکستانەدا بەرجەستەبکات و شێوەی پەیوەندییەکان بخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا چونکە بەو ڕیالیتە و بەو پەیوەندییانەی کە لەسەر بناغەی باوکسالاری هەڵچنراون ڕازی نییە، هاتووە وێنەیەکی کە خۆی دەیەوێ کۆمەڵگەکەی هەیبێ و، پەیوەندییەکی کە خۆی دەیەوێ لە نێوان مرۆڤە نێرینەو مێینەکانی کۆمەڵگەکەیدا هەبێ بەرجەستەی کردووە.

## دوا وتە

ئێدیث سوێدرگران دەڵێ: "من شیعر نانووسمەوە، بەڵکە خۆم دەخوڵقێنم، شیعرەکانم بۆ من ڕێگایەکن بەرەو خودی خۆم."[١٧] لەبەر ئەوەی ناوەوەی مرۆڤێکی شاعیر، کۆگا و سەرچاوەی ئەو هونەرە باڵایەیە کە ناوی شیعرە، لەهەموو بەرهەمهێنانێکی نوێدا شاعیر دەتوانێ بە گواستنەوەی وێنە حەشاردراوەکانی ناوەوەی بۆ دەرەوەی خۆی، خۆی نوێکاتەوە. لەو نوێکردنەوەیەدا دەکرێ ڕۆحی خۆی لە گەرد و بەردی ئەو کولتوورانە بشواتەوە کە مرۆڤیان نامۆ کردووە لە خۆی، لە یەکتری و لە دیاردەکان.

لە دیوانی (خۆم ئەو وەختەی باڵندەم!) دا، شاعیری بەخشندە کارێکی زۆری لەسەر ئەو وێنانە کردووە کە لە ناوەوەیدا پەنگیان خواردبووەوە و گەرد و بەردی کولتووری باوکسالاری کە مرۆڤی ئێمەی لە خۆی نامۆ کردووە، ژنانمانی لە پیاوانمان نامۆ کردووە، ژنان و پیاوانمانی لە منداڵان و نەوەکانیان نامۆ کردووە، مرۆڤی ئێمەی لە دیاردەکان و لە ڕووداوەکان و لە هەموو شتێک نامۆ کردووە، لە خۆی بکاتەوە و بە سەرنجی نوێوە لە ژن، لە مرۆڤ، لە دیاردەکان بڕوانێ.

بەڵگەنەویستە کە گۆڕانکارییەکی لەم ئاستە، بۆ سەرجەم ئەدەبی کوردی، بە هەموو ژانرەکانییەوە پێویستییەکی بناغەیی یە، تا پەیامی نووسەران و شاعیران و بیریار و پەروەردەکار مان لە پەیامێکی باوکسالارانەوە بۆ پەیامێکی مرۆڤدۆستانە بگۆڕدرێ. تا لە ڕێگەی ڕووناکبیرانەوە بەرگێکی نوێ و ناوەڕۆکێکی نوێ بدرێت بە کولتووری کورد و کۆمەڵگەی کورد.
گۆڕانکاری پۆزەتیڤی نۆرم و نرخاندنەکانی کۆمەڵگە، بەرەو ئاراستەیەکی مرۆڤانە، ئەرکی ڕووناکبیرانی کوردە. دەبێ ڕووناکبیری کورد بوێرێ دان بەوەدا بنێ کە کەمتەرخەم بووە لەم بوارەدا. چونکە هەنگاوی دوای ئەو دانپێدانانە دەستپێکرنە.

### سەرچاوەکان


1) Imsen G (1992): Elevens värld Lund: Studentlitteratur. s.144.
2) Schultz Larsen, O (1996): Psykologiska perspektiv. Lund: Student litteratur. s. 25.
3) Ibid, s.27.
4) Alessandra Tony (1998): Karisma. Övers. Karlström Briggita. Malmö: FalunAB. s. 19.
٥) دالبیر، رولان ـ طریقه التحلیل النفسی و العقده الفرویدیه ـ ترجمه. د.حافظ الجمالی ـ الموسسه العربییه. الطبعه الاولی، ١٩٨٣، ص ٢٨١، ٢٨٣.
٦) هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٧، ٣٨٨.
7) Lundin. W, Robert (1969): Personality A Behavioral Analysis. London. Collier- Macmillan Limited. Second printing. s. 2.
8) Åberg G(1996): De bästa citaten, visdoms ord från A till Ö. Danmark. s. 131.
٩) حەمەسەعید حەسەن، سەبارەت بە شیعری هاوچەرخی کوردی و ...، چاپی یەکەم، ١٩٩٢، ستۆکهۆڵم: ئاپێک، ل ٩.
10) Åberg G(1996): De bästa citaten, visdoms ord från A till Ö. Danmark. s.136.
١١) حەمەسەعید حەسەن، سەبارەت بە شیعری هاوچەرخی کوردی و چەند مەسەلەیەکەی ئەدەبی دیکە ـ چاپی یەکەم. ١٩٩٢ـ ستۆکهۆڵم: ئاپێک، ل ١٥٠.
١٢) و: مەهاباد قەرەداغی ـ شیعر هەناسەی گەردوونە ـ هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی جیهان ـ ١٩٩٤، چاپی یەکەم: ستۆکهۆڵم، ل.٨.
١٣) هەمان سەرچاوە، ل ٨٢.
14) Nilsson Björn(1996): Socialpsykologi. Lund: Studentlitteratur. s. 32.
15) Blombergs(1987): Världens bästa citat- Södertälja. s. 15.
16) Åberg G(1996): De bästa citaten, visdoms ord från A till Ö. Danmark. s.136.
(17) Ibid, s. 137.

# دەسەڵات، جنس (ژێندر/جێندر)

• شەهلا•

**پێشەکی**

لە میتۆلۆژی یۆنانی باستاندا هاتووە کە ئاتێنا(Athena) خواوەندی زانست و هونەر لە کاسەسەری باوکی خۆی زئووس (Zeus) هاتەدەر. لە ئەفسانەیەکی میزۆپۆتامیشدا کە *ڕیوایەتی پێکهاتنی جیهانە*، ئاوا هاتووە:

> مەڕدووک (Marduk) لە تیامات (Tiamat) کە هەموو لەو لە دایک دەبن، داوای دوئێل دەکات و بە کاری دژی یاسا تاوانباری دەکا. تیامات لەو بوختانە تووڕە دەبێ و زار دەکاتەوە تا مەڕدووک هەڵلووشێ. ئەویش بایەک هەڵدەکاتە ناو سکی تیامات و ئینجا دەچێتە ناوی و، کاتێک بە تەواوی هەڵیدەدرێ و لەتلەتی دەکا ــ بۆ خزمەتکردنی خوایان ــ ئاسمان و زەوی و ئینسانی لێ دروست دەکا و بۆخۆشی دەبێتە فەرمانڕەوای هەموو گەردوون.[1]

لە ئایینەکانی بەرەی ئیبراهیم بۆ وێنە لە کتێبی "ئینجیل" یشدا هاتووە کە: کاتێک خواوەند لە کاری ئافراندنی جیهان تەواو بوو و ئادەمی خوڵقاند، دیتی کە ئادەم تەنیایە. خوای مەزن بیری کردەوە و گوتی: با یارمەتیدەرێکی بۆ دروست بکەم. کاتێک خوا دەیویست حەوا لە ئادەم بخوڵقێنێ، گوتی:

> لە سەر دروستی ناکەم چونکە سەری بە شانازییەوە ڕادەگرێ... لە دەست دروستی ناکەم چونکە خۆ لە کاران هەڵدەقوتێنێ... لە پێ دروستی ناکەم چونکە پێیدەخولێتەوە...، لە کرکرە دروستی دەکەم.[2]

خوا لە دەندەی چەپی ئادەم، حەوای دروست کرد. بەڵام حەوا سەرەڕۆ و هەوەسبازە، گوێ لە پەندی خوا ڕاناگرێ و ئادەم فریو دەدا و، دوای خواردنی سێو، لە بەهەشت دەردەکرێن.

ئەو داستانانە کە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر خوڵقاون، تەواوبوونی دەورانی دایکسالاریی و خوایانی ژن و، هەروەها دەستپێکردنی دەورانی پیاوسالاریی و جێگۆڕکێی ئایینەکانی سروشتی بەرەو باوەڕی (یەک خوایی/تاقەخوا) نیشان دەدەن. لەمە بەدوا هەرچی نەجاتدەر و پێغەمبەرن، هەموو پیاون و، هەر مێژوو و بەسەرهاتێک کە لە کتێبەکانی ئاسمانیدا دێن هەموو پیاوانەن. ژن بێ وڵات و بێ مێژوویە، هیچ کەسایەتییەکی نییە، لەکاتێکدا مێژوو و بنەماڵەی پێغەمبەران کە پیاون، دیارە. ژنانی ناو ئەو کتێبانە بێڕەحمن وەک سارا، کە داوا لە ئیبراهیم دەکا تا هاجەر و منداڵەکەی لە بیابان و چۆڵگە فڕێبدا، ئەو ژنانە زۆربەیان وەک ڕاکێل (Rakel) منداڵیان نابێ، واتە خوا سزایان دەداو تەنیا کاتێک خوا بخوازێ، (بێئەوەی ژن بیهەوێ) منداڵی دەبێ، هەڵبەت بەبێ هیچ توخونبوونێک وەک مریەم.

ئاشکرایە کە بۆ لەدایکبوونی منداڵێک، هەم ژن و هەم پیاو، دوو شەرتی پێویستن و ڕوونیشە کە منداڵ لە ژن دەبێ و نە لە پیاو. کەچی ڕووداوەکانی ئەو میتۆلۆژییانە شتێکی ترمان پێ دەڵێن: منداڵ لە "پیاو" لە دایک دەبێ و نە لە ژن، منداڵ لە ئەندامێکی تری ئینسان دێتەدەر نە لەو شوێنەی کە دەبێ لێی بێتەدەر. خواوەند هەوەڵ ئادەم/ پیاوی دروست کرد و حەوا/ ژنیشی بۆ خزمەتکردنی پیاو لە بێ نرخترین بەشی ئەندامی پیاو خوڵقاند تا هەرگیز نەتوانێ کارێک بکا. پیاوسالاریی لە سەرەتادا، ددان بە توانایییەکانی ژن و، تەنانەت منداڵبوونیش ناهێنێ، واتە ژن لە هەر بارێکەوە دەخیچێنێ و هەست و نەستەکانی بۆ مەبەستی خۆی لێ دەستێنێ و، تەنیا تایبەتمەندیی گوناح/سێکس دەخاتە پاڵ سروشتی ژن. دواتر هەر ئەوە (واتە منداڵبوون)، لە ژێر ناوی سروشتی تایبەتی ژنان بۆ دایکبوون دەکاتە بیانوو بۆ لە ژوورکردنی ژن و دیتنی ژن وەک جنس، تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ و حەزی پیاو.

ئەو جۆرەی دەقەکان دەریدەخەن، ئەو جێگۆڕینە وێڕای زەبروزەنگ و کوشتوبڕ و دەستدرێژی بووە. لەمەو بەدوا، تێڕوانینی پیاو بۆ ژن، دەبێتە نۆرمێک کە تەواوی تاروپۆی کۆمەڵ دەتەنێ و ژن بە سەرچاوەی سێکس و گوناح دەناسێنێ. ژن/خوای زەوی (Gaja) دەسەڵاتی لێ دەستێندرێ و دواتریش ئەو ژنانەی کە لە بارەی کشتوکاڵ، دەرمان و نەخۆشی زانیارییان هەبوو، لە ژێر ناوی سێحرباز دەخرێنە ناو ئاگر. ئایین و دەسەڵاتی پیاو، بەردی بناخە و سترۆکتووری دەسەڵات لە سەر پایەی جنس/سێکس دادەمەزرێنێ. بەمجۆرە لە سیستیمی پیاوسالاریدا کە دژ بە ژنە، ژن لاوەکی و ژێردەستەیە، لە کاتێکا پیاو ئینسانە و نوێنەری خوا و کۆمەڵ. پیاو فاعیلە و زەمین و زەمان لێکدەداتەوە، دەبێتە فەیلەسووف و، کۆمەڵ ڕابەری دەکا. ژنیش/پێنێلۆپە(Penelope) لەماڵەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئۆدیسە.(Odyssey) هاوسەری و کوڕەکەی بۆ شەڕی ترۆیا(Troja) جێدەهێڵێ و بیست ساڵ دەخایەنێ تا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی ئیتاکا (Ithaka).[3]

ئەو تێڕوانینە لە ژن، تایبەت بە چین و گرووپێک نەبووە و بگرە

فەیلەسووف و خاوەنبیرانیش هەوڵ کەس بوون کە بەردەوام ژن وەک لەش، جنس، مادە و سروشت دەناسێنن و پیاویش وەک سەرچاوە و رووح. ئەرەستوو یەکێک لە گەورەترین فەیلەسووفانی یۆنان دەڵێ کە رووح ، سەرچاوە و هۆی پێکهاتنی جەستەیە.[٤] ئەو هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی ئینسانی وەک عەقڵ بۆ ژن دانانێ (هەموومان دەزانین کە ئەرەستوو کاریگەرییەکی بێ وێنەی بووە لە سەر فەلسەفە و سیاسەت لە جیهانی غەرب و جیهانی ئیسلام).

تەنانەت دوای ڕێفۆرم لە ئایینی عیسادا، دوای ڕێنێسانس و بیری عەقڵانی و مۆدێرنیتەش، ژن نابێتە بوونەوەرێکی هاوسەنگی پیاو و، ژن لە جنس زیاتر نییە. عەقڵ تەنیا تایبەتە بە پیاو و، ئازادییش هەر بۆ پیاو باشە. سروشت ژنی بۆ جوانبوون خوڵقاندووە و خولانەوە بە دوای جنس و جوانیدا، تایبەتی رووحی حەساسی ژنە. ئەو جارە لە ژێر ناوی جوانی و ئێستێتیکدا، ژن بە دوای ئۆبژێکتێکی تر(کاڵا)دا، بە دوای شتی گران و هەرزان، لە فروشگاکاندا دەسووڕێنەوە.

* * *

دیتنی ژن وەک جنس لە ستروکتووری پیاوسالاریی گشت وڵاتانی جیهاندا، لە گیروگرفتەکانی سەرەکی یە. بەپێچەوانەی ڕواڵەتەکان (کە لە هێندێک شوێن پایەی ستانداردی ژیان هاتۆتەسەر و ئەوەش درزی قووڵی نێوان چینەکان دەشارێتەوە)، هەلومەرجی ژیانی ژنان و چینەکانی خواروی کۆمەڵ باشتر نەبووە، چونکە بناخەی دابەشبوونی سامان و دەسەڵات لە سەر جنس و چین و ئیتنیک دارێژراوە (لێرەدا تەنیا باسی جنس دەخرێتەڕوو).

شێوەی ژیان و نەخشی ئێمە بە جنس/ سێکس، واتە ژنبوون یا پیاوبوونمان گرێدراوە. ژن و پیاو، دەبێ ئەرکەکانیان بە پێی کولتوور و قەرارداد ڕاپەڕێنن. لە دارشتن و دابەشکردنی نەخش و دەسەڵات، ژن "جنسی دووهەم"ە[٥] و شوێنێکی لە هیرەمی دەسەڵاتدا نییە و، ئەگەریش هەیبێ جێگەی لە خوارەوەیە. ئەو ژنانەی کە خاوەنی دەسەڵات، بەتایبەت دەسەڵاتی سیاسین دەگمەنن و زۆرجار دەستووری پیاوسالاری بەڕێوەدەبەن. سیستیمی کۆمەڵایەتی پیاو سالار، دوو جۆرە تایبەتمەندی لە ژن و پیاودا پێکدێنێ: ١) پیاو نابێ ژان و خەم بدرکێنێ، دەبێ هەست نیشان نەدا و ئەرکی پیاوانەی خۆی ڕاپەڕێنێ. ئەمە سیمای بوونەوەرێکی دڵڕەق دەشووبهێنێ کە ئەگەر لە نۆرم لابدا ئەوا هەوڵ کەس خودی ژنان لێی وەشک دەکەون. ٢) ژن وەک بوونەوەرێکی لاواز، حەساس، ترسنۆک و پاسیڤ. لە ئەنجامدا، ژن و پیاو بە دوو قۆناخی جیاوازدا ژیانیان بردووەتەسەر. واتە بە دوای دەورانی دایکسالاری/دایکخوایی، پیاو/ باوک بۆتە خاوەنی سەرەکی دەسەڵات.

جلوبەرگی ژنانە/ پیاوانە، یەکێک لەو نۆرمانەیە کە جیا لە جیاوازییەکانی کەسایەتی، بنەماڵەیی و ئیتنیکی، ڕۆڵی ئینسانەکان نیشان دەدا. جلوبەرگ وەک هەڵگری نۆرم بە پێی کولتوور، هەوڵ نیشانەیە کە لە پێوەندییەکانی ڕۆژانەدا دەیخوێنینەوە. جگە لە جلوبەرگ، نۆرمی ژنێتی و پیاوێتی لە ئیش و کار، ئاخافتن و چالاکیشدا خۆ دەنوێنن. دابەشکردنی نەخش و ئەرکی ئینسانەکان بە پێی جنس لە منداڵییەوە، بناخەی داهاتوی دەسەڵاتیان دادەڕێژێ. هەروەک گوترا ئەو ئەرکانە لە جلوبەرگ، ئاکار، دوان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیدا خۆ دەنوێنن. ژن وەک جنس (sex) و پیاو وەک سۆبژێکت جێگایان دیاری دەکرێ. ژن دەبێ وەک جنس، بەردەوام خۆ تازەبکاتەوە و لە پیریشدا لە کێبەرکێ و ڕەقەبەریی بازاڕدا وەپاش نەکەوێ. تەنانەت ژنانی ڕۆشنبیریش تووشی ئەو دوو ئەخلاقی(دوبڵ مۆرالی)یە دەبن و لە ژێر ناوی «نەترسان»، «دەخوازین سروشتی ژنانەمان بێت»، «بە ژنانەبوونمان شانازی دەکەین»، «جوانی گرینگە» و «دەمانەوێ نۆرماڵ بین» بەردەوام ژن وەک جنس بەرهەم دێنەوە و، ئەگەر مۆدێرن (بە پێی ڕۆژ و بازاڕ) نەجووڵێنەوە ئەوا بە ترسنۆک و وەپاشکەوتوو دەناسرێن. ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە بۆچوونانە دێننە ژێر ڕەخنە بە «ناسروشتی» و «دژ بە نۆرم» لە قەڵەم دەدرێن. دانی ئەو چەشنە تایبەتمەندییانە واتە «خاوەنی سروشتی ژنانەبوون» و «نۆرماڵ بوون» بە ژن، هەر ئەو میتۆدەیە کە کەڵکی لێوەردەگیرێ بۆ دابەشکردنی ئینسان و بەردەوامبوونی سیستیمی پیاوسالاری و بینینی ژن وەک سێکس و شت(کاڵا). ئەوە ژنی لە چەمکی ئینسان بردووەتەدەر و خستوویەتە ناو چوارچێوەی تەسکی ژنانە و کەسایەتی ژنی لە منداڵییەوە لە سەر بناخەی جنس دارشتووە.[٦] بەداخەوە زۆربەی ژنان خۆ لەو حەقیقەتە گێل دەکەن و خۆ لەو باسە نادەن. هۆی سەرەکی ئەمەش ئەوەیە کە پلەوپایەی کەمێک باشتر لە جارانیان وەخەتەر دەکەوێ، یان بە بێسەلیقە و نائاسایی دەناسرێن. ڕووی تری ئەو تێڕوانینە، واتە ژن وەک جنس داپۆشینی ژنە. ژن دەبێ خۆی داپۆشێ تا کەس نەیبینێ. لەو بارەوە زۆر گوتراوە و نووسراوە. لە هەردوو بۆچووندا ژن لە جنس زیاتر نییە و، ئینسانەکان لە دوو چەمکی ژنانە/ پیاوانە دا بەرهەم دێنەوە.

جلوبەرگ لە کات وشوێنی جیاوازدا گۆڕاوە و دەگوڕدرێ. زۆر فاکتۆری سیاسی، ئابووری، جۆگرافی و دینی کاریگەری لە سەر ئەو ئاڵوگۆڕەدا هەیە. خەباتی ژنان و مۆدێرنیتە دوو هۆی سەرەکی بوون بۆ وەدەست هێنانی هێندێک ئازادی وەک مافی خوێندن، سەفەر، کار و ئازادی جلوبەرگ. ڕزگار بوون لە لیباسی نالەبار و قورس لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا لە دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتەیە. بەڵام ئەو دەستکەوتە لە ژێر کاریگەری بازاڕ و سیستیم دایە. زۆربەی کەل و پەلی خۆجوانکردن و جل و بەرگی ژنان بۆ دووبارە بەرهەم هێنانی ژن وەک سێکس/جنس ە. ژن بە کڕین و تەرخانکردنی کاتێکی زۆر بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئاخرین دەستکەوتەکانی بازاڕ، خۆ لەو حەقیقەتە گێل دەکا کە ئەو بەرهەمانە بەکاردێنێ چونکە نەترس، مۆدێرن، جوانتر و دڵڕفێنتر دێتە بەرچاو. هەرچی ڕووتتر ئەوا نەترس تر و، دژی ئەوەش هەرچی داپۆشراوتر ئەوا لە خوا نزیکتر. (هەر دوو بۆچوون هەر یەک شتە: ژن= سێکس و لە هەر دوو کۆلتووردا، یاسا نەنووسراوەکان، دەسەڵات، سیستیم و ژنانێک کە لە دەوروبەری دەسەڵاتن و بە نۆرماڵ بوون و ژنبوونیان شانازی دەکەن، بەردەوام ئەو ڕۆڵانە بەرهەم دێننەوە.)

دابەشکردنی دەسەڵات بە پێی ژنبوون/پیاوبوون، واتە بە پێی جنس،

بەردی بناخەی ئەو نابەرابەرییەیە کە ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهاندا هەیە. نۆرمەکانی سیستیمی پیاوسالار دیارن: ژن شت(کاڵا) و پیاو بابەت. پیاو ئینسانە نەک جنس، پیاو بڕیاردەرە و هێز، لە کاتێکدا ژن ژنە و جنسی دووهەم و دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ (بە تایبەت لە بیرنەکەین کە ئەوە حەوا بوو کە سێوی دا بە ئادەم. فەقیرە ئادەم ئەوکات نە عەقڵی هەبوو نە هەست، بەتایبەت هەستی سێوخواردن!). ئەمڕۆ ژن تارادەیەکی دیاریکراو لە کاری کۆمەڵایەتیدا چالاکە. بۆ زۆربەی ژنانی خوێندەوار کە هێندێک مافیان وەدەست هێناوە، ئامادەنین هەنگاوێک لەوبەری سنوورەکانی دیاریکراو و دەستکرد دابنێن؟ ئایا ئێمە خۆمان وەک جنس نابینین؟ جنسێک کە دەبێ بە خۆجوانکردن، ژنانەدوان و ئەنجامدانی ئەرکەکانی ژنانە، باوک و مێرد و کۆمەڵ ڕازی ڕابگرێ؟ ئایا ئەگەر ژنێک/پیاوێک لە نۆرمەکانی کۆمەڵدا خۆنەبینێتەوە، شێت لە قەڵەم نادرێ؟ بە گشتی جلوبەرگی ژنان وا سازدەکرێن کە زۆربەی ئەندامی تێدا دیارە. بۆ ژنان کە لە هیرەمی سیاسی ـ ئابووریی دەسەڵاتدا نین و زۆرجار کۆنترۆڵ دەکرێن، دەتوانن جل وبەرگی ڕووتیان هەبێ، بەڵام ناتوانن شان لە شانی پیاوان بدەن؟ بۆ ئەو کارانەی کە ژنان دەبێ ئەنجامیان بدەن بێ نرخن؟ وەڵام: هەموومان دەزانین: ژن نابێ وەک پیاو بێت و، وەک ڕۆژ ڕوونە کە نابێ پیاو لە ژن بچێ... بۆ؟ چونکە ژن جنسی دووهەمە و لە پلەی خواری هیرەمی دەسەڵات دایە و، کارەکانیشی بێ نرخن و سووک. بگرە منداڵبوون و نیشاندانی هەست و مێهرەبانیش هەر بەشێکە لە جنس بۆ ڕازیکردنی پیاو.

ئاواتی وەدست هێنانی کەسایەتییەکی ئینسانی بۆ ژن، ئەو ئەرکە دەخاتە ئەستۆ کە یاسا و نۆرم، ستروکتووری زمان و کولتوور بخەینە ژێر ڕەخنە. کەسانێک کە بۆ ئەو بابەتە گرینگە هەوڵ دەدەن زۆر نین و زۆرجاریش دێنە ژێر ڕەخنە، بەتایبەت تانە و ڕەخنەی خودی ژنان لە ژێرناوی ئەوە کە: نۆرماڵ نین چونکە بۆ وێنە خۆجوان ناکەن، مل بۆ سروشتی ژنانە ڕاناکێشن و مافی ژنانەبوونی خۆیان دەبەنە ژێرپێ. دیارە ئەو ئازادییانەی کە ئەمڕۆ هەن بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو کەم نین، بەڵام ئێستاش ژنان و منداڵان هەوەڵ قوربانیی هەژاری و نەخۆشی و شەڕن. ئێستاش بۆ وێنە لە وڵاتی سوێد کە یەکێک لە باشترین وڵاتانە بۆ مافی ژنان، مانگانەی ژنان لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا لە هی کارمەندانی پیاو کەمترە.

بۆ دیتنی ژن وەک ئینسان و نەک وەک جنس، دەبێ ژنان لە جنس دابڕێن. دابڕان لە جنس و هاتنەردەر لە چەمکی ژنانە/پیاوانە،[٧] هەوەڵ هەنگاوە بۆ نەمان و ڕاماڵینی نابەرابەری سیاسی و ئابووری نێوان ئینسانەکان و دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی یەکسان. ئینسانی ئەمڕۆ دەبێ سەرتر لە جنس واتە ئەوپەڕی جنس چاوی لێبکرێ، نە ئەوە کە خوازیاری زیندووکردنەوەی دایکسالاری، یان بەردەوامبوونی دەسەڵاتی پیاو بێت. هیچکام لەو دوو جنسە(ژن/پیاو) نابێ پلەوپایەی تایبەتیان بە هۆی جنسەوە پێبدرێ. هێندێک لە فێمینیستەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە چونکە ژن توانایی منداڵبوونی هەیە و دایکە، دەبێ لە پلەوپایەی سەرتر بێ. ئەو بۆچوونەش هەر لە سەر بناخەی تێڕوانینێکی جنسی دامەزراوە و دژی تێڕوانینی سەرتر *لە* جنس، تێڕوانینی ئەوپەڕی جنس ە کە نە دژ بە پیاوە و نە ژنیش دەکاتە خودا. ئەرکی ئینسانی ئەوڕۆ، چ ژن و چ پیاو، داکۆکی کردن لە مافی ژن وەک ئینسان و مافی گرووپ و نەتەوەکانی ژێردەستەیە. بەداخەوە زۆربەی ژنانی ڕۆشنبیر، لە ژێر کاریگەری سیستیمدا، تووشی خۆشویستنی ژن وەک جنسێکی لۆکس بوون و پێیانوایە دەکرێ ژنانە بژێن و سەربەخۆش بمێنن! پرسیار ئەوەیە کە چۆن جنس دەتوانێ سەربەست بێ لە کاتێکدا "ژن گرووپێکە لە دەرەوەی دەسەڵات؟"[٨] ( زۆربەی ئەو حیزبانەش، کە باس لە مافی ژنان دەکەن، ژن وەک کەرەسەیەک بۆ بردنەسەری ئۆتۆریتە، دەسەڵات، پلەوپایەی خۆیان دەبینن.)

* * *

ئەگەر ئەو بۆچوونە دروست بێ، ئەوا ئەرکی ئێمە دەبێ بۆ لە ناوبردنی هیرەمی دەسەڵات و ڕەخنەی بێلایەن و بێ غەوش بێ. ڕەخنە لەو ستروکتوورە کە لە سەر بنەمای سیستیمی پلەبەندیکراوی دەسەڵات دامەزراوە. دەبێ گۆمی کولتوور بهەژێندرێ. دەبێ ڕەخنە لە یاسا نەنووسراوەکان بگیرێت. دەکرێ ژن وەک *تاک* و *بابەت* بێت و، ئەشێ ژنان بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە خۆ لە هێندێک مافی ڕواڵەتی ئازاد بکەن. نە پیاوسالای و نە دایکسالاری قازانجی بۆ کەس نییە و، مۆدێرنیتەش لە جۆگەی سیستیمدا بۆگەنی گرتووە.

تێکشکانی هیرەمی فکریی دەسەڵات بە چەک ناکرێت، بەڵکوو بە بردنەسەری پلەی هۆشیاری، دیتنی ڕاستی و هەوڵدان بۆ گۆڕان مومکینە. گۆڕینی سیستیم و بەتایبەت ئاڵوگۆڕی فکری، هەوڵی هەمەلایەنە و کاری ئاشکرای پێویستە و، دەبێ خۆمان لە *میتافیزیکی* جنس[٩] ڕزگار بکەین. ئەگەر لە بازنەی بازاڕ و دەسەڵات/حیزب بێینەدەر، ئەوا هەنگاوێکی سەرەکیمان بەرەو سەربەخۆیی و، شکاندنی سێحری دابەشکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بە پێی جنس و مافی بوونمان وەک ئینسان هەڵگرتووە. دەبا لە گەڵ دابەشکردنی کۆمەڵگای ئینسان بە پێی جنس بەربەرەکانی بکەین و جلی جنسییەت داڕنین.

* * *

1. A. Goldmana, *Våra Bibliska mödrar*. 1988, Stockholm. s. 27.
2. A. Goldman. *Våra Bibliska Mödrar*. s. 31.
3. N. Björk, *Sireners sång*. Danmark, 2000.
نینا بیۆرک لەو کتێبەدا، باسی ئاڵوگۆڕی کەسایەتی پیاو لە دەورانی مۆدێرنیتەدا دەکا، لە کاتێکدا ژن لە جێی خۆی ماوەتەوە.
4. S. Nordin, *Filosofins historia*. Lund 1995, s.105.
5. S. de Beauvoir , *Det Andra Könet*.
سیمون دوێ بوار (١٩٠٨–١٩٨٦) لەو کتێبەدا کە هەربەم ناوەیە باسی بارودۆخی دەسەڵاتی ژن وەک جنسی دووهەم دەکا.
6. N. Björk, *Under dat rosa täcket*. Danmark, 1999. s. 16.
7.Ibid, s.113.
8.Ibid, s.15.
٩. لەناوچوونی کاتیگۆری ژنانە/پیاوانە و دابەشکردنی ئینسان، ئارەزوویەکە کە «نینا بیۆرک» لە کتێبەکەیدا باسی دەکا.

# خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل(٢٠٠٢)

● «ئیمره کەرتێز» Imre Kertesz بۆیە ئەو خەڵاتەی پێدەدرێ کە ڕوانگەیەکی ئەدەبیی نوێی خوڵقاندووە.

هەزاران کەس توانیان لە زیندانی "ئاوشویتز"ی هیتلێر دەرباز بن و زۆرێکیش لەوان ویستوویانە وەک شاهیدێکی زیندوو ئەزموونەکانی خۆیان بخەنە بەر دەستی نەسلەکانی داهاتوو، بەڵام سێ لەو نووسەرە شاهیدانە بە بۆنەی شیکردنەوە ئینسانییەکانی ئەو بە چووکزانینەی لەرادەبەدەری مرۆڤ لە زیندانی" ئاوشویتز" ناوبانگی جیهانیان دەرکردووە، "Primo Levi" ،"Elie Wiesel" و "Imre Kertesz" کە ئێستا خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل وەردەگرێ.
ناوەرۆکی نووسراوەکانی ئەو سێ نووسەرە دروست لە بارەی ئەوە دایە کە: مرۆڤێک لە نێو ئاوشویتز و لە جەریانی ئاوشویتز و دوای ئاوشویتز چییە؟

«ئێلی و یسێل» ساڵی ١٩٨٦ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی پێدرا. ئەو دوای نووسینی بیرەوەرییەکانی، لە دەست ئەو بیرەوەرییانە پەنای بۆ جوولەکایەتی برد. بە پێچەوانە «پریمۆ لێوی» هەرگیز ڕێگەیەکی خۆدەرباز کردنی نەدیتەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەو لە پێشدا ئەزموونەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕوون و خامەیەکی تیژ و بە هەستێکی بەرزی مرۆڤایەتی نووسیبوو. پیاو ئارەزووی دەکرد ئەویش لە گەڵ ئیمره کەرێتز شەریکی ئەو خەڵاتە بایە.


بەڵام ئیمره کرێتز نە بەرەو ئایین هەڵات و نە بەرەو مەرگ. ئەو بە جێگەی ئەوە لە نووسەرایەتی خۆیدا هەم سۆبژێکتیڤی هەیە و هەم ئۆبژێکتیڤ، ڕۆناکبیرانە و بە هەستەوە ناوەرۆکی ئەزموونە تاڵەکانی خۆی قۆستووەتەوە.

«هۆنراک ئێنگداڵ» ئەندامی هەمیشەیی کۆڕی ئاکادێمیکی سوێد هۆی هەڵبژاردنی «ئیمرەکەرێتز»ی بۆ بەخشینی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلی ساڵی ٢٠٠٢ ئاوا ڕاگەیاند:

"بە بۆنەی نووسەرایەتییەک کە پشتگیری ئەزموونی ناسکی تاکە کەسە بەرامبەر بە ستەمی بەربەرییانەی مێژوو".

کتێبی خۆشەویستی ئێنگداڵ کۆمەڵە نووسراوەی ئەو دواییەی کەرێتزە بە نێوی "دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەی کۆنە کەشتی". بەڵام بۆ ئەوەی لە نووسراوەکانی دیکەی ئەو تێبگەی دەبێ بێگۆمان یەکەم کتێبی ئەو بە نێوی "پیاوێکی بێ چارەنووس" بخوێنیەوە. ئێنگداڵ هەروەها دەڵێ: کەرتێز لەبەر شێوەی نووسین یان بە هۆی ڕاوێژی زار و فۆڕمی زمان خەڵات نەکراوە بەڵکوو بە واتایەکی تر لەبەر ئاسۆ و ڕوانگەی ئەوەوە بووە:

ـــ بەڵێ، ئەو ڕوانگەیەکی ئەدەبیی نوێی خوڵقاندووە. ئێمە نووسەرێکی پڕ بەرهەممان خەڵات نەکردوە، ژمارەی کتێبەکانی ئەو کەمن. ئێمە جەختمان لە سەر ئەوە کردووە کە ئەو شوێنێکی نوێی بە ئێمە نیشان داوە.



«ئیمره کەرتێز» بۆخۆی لە وتووێژێکدا دەڵێ: ئەمن ڕەنگە لەبەر ئەوە دەستم بە نووسین کردبێ کە تۆڵەی خۆم لە دنیا ئەستاندبێتەوە.

ئیمره کەرێتز لە ساڵی ١٩٢٩ لە بنەماڵەیەکی جوولەکە لە شاری بوداپێستی پێتەختی وڵاتی مەجارستان لەدایک بوو. لە ساڵی ١٩٤٤ بۆ زیندانی "ئاوشویتز ــ بیرکێناو" ناردرا و لە ساڵی ١٩٤٥یش ئازاد کرا. تەنیا لە ساڵی ١٩٧٥دا بوو کە یەکەمین کتێبی خۆی بە نێوی "هەنگاو بە هەنگاو" یان "پیاوێکی بێ چارەنووس"بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٨٨، کتێبی "شکست، ٢٠٠٠"ی لە چاپ دا. لە ساڵی ١٩٩٠دا، گەورە ڕۆمانی خۆی بە نێوی "دوعایەک بۆ منداڵێکی لەدایکنەبوو"ی بەڵاو کردەوە و نێوبانگی دەرکرد. لە ساڵی ٩٢ و ٩٣شدا، دوو کتێبی دیکەی لە چاپ دا. لە ساڵی ١٩٩٥ بە دواوە سێ خەڵاتی ئەدەبی لە لایەن سێ بنکەی جۆراوجۆری ئاڵمانی کە ئێستا لەوێ دەژی و کار دەکا، پێدرا.

بەڵام هەموو کەس لەگەڵ ئاکادێمی سوێد هاودەنگ نییە، بۆ وێنە "لێون وەیسێلتێر" بەرپرسی بەشی ئەدەبی گۆڤاری "New Rrepublic" لە واشینگتۆن دەڵێ:


ـــ ئاها، بەڕاستی کەرتێز؟ هێندێک سەیرە. ئەو خۆ زۆری نەنووسیوە. من تەنیا کتێبی "دوعا بۆ منداڵێکی لەدایکنەبوو"م لێ خوێندووەتەوە، کتێبێکی کارت لێدەکا بەڵام بە زەحمەت وەک ئەدەبێکی مەزن کارتێکەری هەیە. لەو هەڵبژاردنەدا لێکدانەوەی سەمبولیک هاسان نییە: ئایا پیاو بە دوای قوربانییەکانی شەڕدا دەگەڕێ؟ ئەو پیاوە تەنانەت ناگاتە پلەی "پریمۆ لێوی" یان "پاول کلێیان". لێرە لە ئەمریکایە کەرتێز زۆر نەناسراوە.

ڕاست ئەوەیە کە بنچینەی هەڵسەنگاندن و داوەری کۆڕی ئاکادێمیکی سوێد تەنیا لە سەر چوار لە دە کتێبەکانی کەرتێز کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی سوێدی، بووە. کەرتێز لە شوێنێکدا دەڵێ: خامەکەم پێمەڕەی منە.

**قاسم رەیانی**

**تێبینی:**

ناوەرۆکی ئەو نووسراوەیە لە ڕۆژنامەکانی سوێدی، "Dagens Neheter"ی ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢، و ڕۆژنامەی"Aftonbladet"ی ژمارەی ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ وەرگیراوە.



# نووسین لەبەر تیشکی پەنجەکانیدا

●حەمەسەعید حەسەن●

## پاژنەی ئاخیلی ینک

کە کوردێک، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام لایەن، یان پارچەی کوردستانە کارێکی چاک دەکا، سەری هەموو کورد بڵند دەکاتەوە. کە کوردێک کچەکەی خۆی دەکوژێت، ئەوە دەبێتە پەڵەیەک بە تەوێڵی هەر یەکێکمانەوە، ئیدی با هەزار و یەک ناکۆکیشمان لەگەڵ ئەو ژنکوژەدا هەبێت. کە جەلال تاڵەبانی بە بەر چاو و لە نزیک گوێی هەموو میدیاکانی دنیاوە ئەمڕۆ قسەیە فڕێ دەدات و سبەی لێی پاشگەز دەبێتەوە، کورد بە گشتی شەرم دای دەگرێ، ئاخر دنیا ئەو وەک سەرکردەیەکی کورد دەناسێت، با ئێمە هەرگیز ئەو گوڵەشمان لە بەرۆکی نەدابێت.

(ئێمە بە گەرمی پێشوازی لە ئەمریکا دەکەین و ئەگەر یارمەتیمان بدات، بەو سەدهەزار پێشمەرگەیەی هەمانە عێراق ڕزگار دەکەین.) ئەوە کەسێ نییە لەو سەرکردەیە بپرسێت: ئەگەر تۆ خاوەنی سەدهەزار چەکداری گیان لەسەر دەستیت، سەرەتا بۆچی ناچی (ب)یارە ڕزگار بکەی، ئەوسا بیر لە ئازادکردنی (ب)ەغداد و (ب)ەسرە بکەیەوە؟ ئەوە کەسێ نییە بەو ڕێبەرە بڵێت: ئەگەر ئەمریکا بە تەنیا، یان بە هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عێراقی بەعس برووخێنێت، ئەوا کورد بێ ئەوەی بووبێت بە کەواسووری بەر هیچ لەشکرێک، دەتوانێت دەست بە سەر تەواوی کوردستاندا بگرێت؟

پاژنەی ئاخیلی ینک، خودی سکرتێرەکەیەتی، ئاخر ڕابردوویەکی زۆر تەڵخی هەیە، کە دەکرێ لە دوو وشەدا چڕ بکرێتەوە: بێگانەپەرستی و براکوژی. کورد لە ئەنجامی سیاسەتی هەمیشە هەڵەی ئەوەوە، گەلێ جار تووشی کارەسات هاتووە، کەچی پەندێکی لە تێکشکانە زۆر و زەبەندەکانییەوە وەرنەگرتووە و دیسانەوە بە ورووژاندنی بەعس گەرەکییە گەلەکەمان دووچاری ژاربارانێ، ئەنفالێ یان کۆڕەوێکی دیکە بکاتەوە. کوێت و سعوودیە گەرچی دوژمنی ڕاستەقینەی بەعسن و زۆر لە کوردیش بەهێزترن، وەلێ بە تەرازووی زێڕ گوتەکانیان دەکێشن و هیچیان بەعسی بریندار لە خۆیان ناورووژێنن.

جەلال تاڵەبانی کە لەسەر خواستی عێراق شەڕی پدک و لەسەر داوای ئێران و سوریا شەڕی ڕژێمی عێراق و لەبەر دڵی تورکیاش شەڕی پەکەکەی کردووە، هەمیشە ئەو وڵاتە (بچووکانە) ڕۆڵی مەقاشیان پێ سپاردووە، ئیدی کەی ڕێی تێ دەچێت، تاقە زلهێزەکەی دنیا لە گەمەیەکی گەورەدا ڕۆڵی یاریچی پێ ڕەوا ببینێ؟ ئەمریکا لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا تفی کردە ئەو گۆلی خوێنەوە کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا لەبەر کورد ڕۆیشت و تەنانەت کە بەعس کوردستانی خاپوور و کوردی ئەنفال و ژارباران کرد، نەک هەر چاوپۆشی لەو جینۆسایدانە کرد، بەڵکوو لە جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا، لایەنی عێراقی گرت و سەرەوەختی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یش لە نێوان ڕاپەڕیوان و بەعسدا، سەنگەری بەعسی هەڵبژارد، ئیدی متمانەی کوێرانەی جەلال تاڵەبانی بە ئەمریکا، لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

کە ینک بانگەشەی ئەوە دەکا پشتیوانانی ئیسلام سەر بە قاعیدەن و ماددەی (ڕیسین)شیان تاقی کردووەتەوە، ئەوە هاوزەمان داوەتکردنی لەشکری عێراق و ئەمریکایە بۆ هەورامان. عێراق بۆ ئەوەی بە پێشکەشکردنی سەری مەلا کرێکار دڵی ئەمریکا نەرم بکا، (ئاخر «ئەبونیزال»یشی بە هەمان مەبەست کوشت،) ئەمریکاش بە بیانووی بنەبڕکردنی تیرۆرەوە. ئایا ئەم سیاسەتە چەوتەی ینک ڕێی تێ ناچێت کۆڕەوێکی لێ بکەوێتەوە؟ ڕژێمی عێراق لەوپەڕی لاوازیشدا دەتوانێ زەبرێکی کوشندە لە کورد بدات، ینک سەرقاڵی ئەوەیە بیانووی زەبروەشاندنێکی دیکەی بداتە دەست.

ینک بەرامبەر لایەنە کوردییەکان ڕەقە وەک بەرد، لێ بەرامبەر بێگانە و داگیرکەر نەرمە وەک لۆکە. کە چەخماخ ئۆغڵو[1] گوتی: (باکووری عێراق بەشێکە لە تورکیا،) بەهرۆز گەلاڵی[2] لایەنی بن چەخماخی[3] گرت و کەوتە پەسندانی پێوەندیی گەرمی نێوان ینک و تورکیا.[4] هەڵوێستی نەرم و نیان و نانیشتمانییانەی یەکێتیی نیشتمانی لە بەرامبەر تۆرانییەکانی کوردستان و ڕژێمی تورکیادا، یەکێکە لەو هۆکارانە کە تورکیا هان دەدات، بەردەوام دەست بخاتە کاروباری کوردستانەوە.

٢٠٠٢/٨/٢٨

١) وەزیری جەنگی تورکیا.

٢) نوێنەری ینک لە ئەنکارە.

٣) بن، بە مانای ئۆغڵو دێت. لەسەر شێوەی بن لادن دامڕشتووە.

٤) برایەتی ٢٠٠٢/٨/٢٥ لاپەڕەی یەکەم.

## سەفەرێکی دیرۆکی

● پاییزی ١٩٩٢، ڕۆژی جاڕدانی فیدرالی و پێش لەشکری تورک کەوتن، بۆ قەلاچۆکردنی پەکەکە، هەر هەمان ڕۆژ بوو.

● کە دوای ڕاپەڕین کورد لە نێوان خۆیدا کردی بە شەڕە تەقە، لەشکری تورکیا هات و وەک ناوبژیوان لە بەرەکانی شەڕدا کەوتە نێوان دوو زلحیزبەکەوە.

●سەرەتا پدک و دواتر ینک نازێکی زۆریان بە بەرەی تورکمانی دا.

ئەگەر ئەو ڕووداوانە نەخشی سەر بەردی بیرتان بن، ئەوا دەزانن، تورکمانە توندڕۆکان (وێڕای ئەو ڕێزەی کورد لێی گرتوون، کە بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق، یەک لە دەی ئەوەشیان بە خۆیانەوە نەدیوە،) بۆچی هێندە نزم سەیری دەسەڵاتی کوردی و کوردستان دەکەن؟ ئەوە لە لێنەهاتوویی سەرانی کوردە، تورکمانی توندڕۆ کە هاووڵاتی کوردستانە، گا خۆی بە خەڵکی تورکیا و گا بە عێراقی لە قەڵەم دەدا.

ئێوە لە بیرتان ماوە، دوو زلحیزبەکە گا لە تاران و گا لە ئەنکارا، بە سەرپەرشتی داگیرکەران ڕێککەوتننامەی ئاشتییان لە نێوان خۆیاندا ئیمزا دەکرد؟ ئیدی تورکیا و ئێران ناهەقیانە کە سووک سەرنجی داخوازییەکانمان دەدەن؟

ئەگەر ئێوە پێتان وایە جەلال تاڵەبانی کە هەڕەشە لە عێراق دەکا، حسابێکی وردی بۆ هەر وشەیەکی نەکردووە، ئەوا ببوورن کە دەڵێم لە نێو لیتەی هەڵەدا نوقم بوون.

ئاخر ئەمریکا پەیمانی پێ داوە کە تورکیا دەست ناخاتە نێو کاروباری عێراق و کوردستانەوە.[1]

ئاخر لەمێژە ماسکی دژی گازی ژاراوی و کەرەسەی خۆپاراستن لە چەکی بایۆلۆژیی بەسەر هەموو خەڵکی کوردستاندا دابەش کردووە.[2]

ئاخر تا نەوت و ئازووقەی ساڵێکی نەگەیاندە هەموو خێزانێکی هەردوو دەڤەری سۆران و بادینان، سەفەری واشینگتۆنی نەکرد.[3]

٢٠٠٢/٩/١

١) ئەگەرچی ڕۆژێک بەسەر ئەو گوتەیەیدا تێنەپەڕی، تورکیا گوتی: ئێمە گفتی وامان بە ئەمریکا نەداوە!

٢) ئەمەم بۆ چەواشەکردنی دوژمن نووسیوە، تکایە با لە نێوان خۆماندا بێ.

٣) دەزانێت هێشتا نەوت و ئازووقەمان لەسەر عێراقە.

## فیشەک و وشە

من نە یەک فیشەکم بەرەو ڕووی دوژمنانی کورد تەقاندووە، نە گوللەیەکم ئاراستەی سنگی هیچ کوردێک کردووە، بەڵام چەکدارانی ینک هێندەی فیشەکیان بە کوردەوە ناوە، نیو هێندەیان بە دوژمنی کوردەوە نەناوە. من ئامارێکی جێی متمانەم لەبەر دەستدا نییە، لێ بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم: ینک هێندەی کوردی کوشتووە و کوردی بە کوشت داوە، نیو هێندەی لە دوژمنی کورد نەکوشتووە.

من لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ هەر تنۆکە خوێنێکی هەر پێشمەرگەیەک، لە هەر سەنگەرێکدا ڕژا بێ، دەڵێم: شۆڕشەکانی کورد، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، یان بە نسکۆ کۆتاییان هاتووە، یان بە ناپاکیکردنی ڕێبەرانی. ئەو هەوای ئازادییەشی کە دە ساڵێکە کورد هەڵیدەمژێت، بەری ڕاپەڕین و کۆڕەو، بەری خەباتی خەڵکی سڤیلی کوردستانە، نەک ئەنجامی تێکۆشانی ئەو چەکدارانەی تا گوللەیەکیان بە داگیرکەرەوە دەنا، (دە)یان بە کوردەوە دەنا.

من بە ناوی خۆمەوە ڕەخنە لە خودی محەمەدی پەیامبەری ئیسلام کە یەک ملیارد هەواداری هەیە، دەگرم، ئەمە وێڕای ڕەخنە لە بەعس و ینک و پدک گرتن، کەچی کەسانی سەر بە ینک، چونکە لە خاوێنیی دیرۆکیان بە گومانن، زات ناکەن، بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە ڕەخنە لە منێک بگرن، کە بێجگە لە چەکی وشە، هیچی چەکێکی دیکە شک نابەم.

دە ساڵێک بەر لە ئێستا لە باکووری ئەورووپا، لە کۆڕێکدا (تێکۆشەرێکی) کوردستانی، هەڵسا و گوتی: (ئەوی ڕەخنە لە حیزبمان بگرێت، چاوی دەردەهێنم.) منیش کە میکرۆفۆنەکەم لەبەر دەمدا بوو، لێم پرسی: (بەنجی دەکەی، یان بێ بەنج چاوی دەردەهێنی؟) من ئەوەم بە مافی ڕەوای وی دەزانی، کە چاو دەربهێنێ، لێ ناکۆکیمان لەسەر ئەوە بوو، چاودەرهێنان بێ بەنجکردن، دەبێ چەند بە ئازار بێت!

بیست و قسوور ڕۆژێک لەمەوبەر کەسێکی دیکەی سەر بە ینک بە بێ حوزووری من گوتبووی: (قەڵەمەکەی حەمەسەعید حەسەن دەشکێنم.) بەو قەڵەمشکێنە دەبێژم: لە مێژە قەڵەمم داناوە، دەمێکە بە کۆمپیوتەر دەنووسم.

٢٠٠٢/٩/١

## ناکۆکی سەرەکی

سەرەتای ساڵانی هەشتا کە لەشکری ئێران بە ناوی پاکسازییەوە مافووری لەژێر پێی دیموکرات ڕادەکێشا و لە باشووری کوردستان نزیک دەبووەوە، ینک بە هێزێکی گرنگ شانبەشانی حدکا شەڕی ئێرانی دەکرد و دەیویست سنوورێک بۆ بەرەو پێشەوە هاتنی ئێران دابنێت. ئەو هەڵوێستەی ینک نە لە کوردستانیبوونییەوە بوو، نە بە مەبەستی ڕاکێشانی سۆزی ڕژێمی عێراق بوو، (ئاخر شەڕ لە نێوان ئێران و عێراقیشدا گەرم بوو،) بەڵکوو دەیزانی هاتنەپێشەوەی ئێران، هاتنەوەی پدکی بە دوادا دێت، (ئاخر ئەوسا ئێران و پدک، موو بە نێوانیاندا نەدەچوو،) بۆیە هەوڵی ینک بۆ ئەوە بوو، پدک نەگەڕێتەوە. هەر بۆ هەمان مەبەست، کە ئێران لە گمۆ نزیک بووەوە، ینک لێ گەڕا لەشکری عێراق بە ناوچە ئازادکراوەکاندا جادە بەرەو گمۆ لێ بدات، تا پێش بە ئێران بگرێت؛ ئاخر ئەوەی پێ باشتر بوو، شاربازێڕی ئازادکراو بکەوێتەوە بن پۆستاڵی ڕژێم، نەک ژێر دەستی پدک.

هەنووکە کە تورکیا هەڕەشەی داگیرکردنی موسڵ و کەرکووک دەکات و (ینک)یش نەک هەر ڕستەیەک لە دژی ئەو هەڕەشەیە ناڵێت، بەڵکوو سەرقاڵی چەواشەکردنی کوردە و بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە کوردی مارانگەستە، ترسی ژاری تورکیای نەبێت، لە سۆنگەی ئەوەوەیە، ینک وای پێ باشترە، نەک هەر موسڵ و کەرکووک، بادینان و هەولێریش بکەونە ژێر چەکمەی لەشکری گورگەبۆرەوە و لە ژێر دەستی (پدک)دا نەبن، ئاخر ناکۆکی سەرەکی ینک، لەگەڵ (پدک)دایە، نەک لەتەک تورکیا، یان عێراق.

(ینک)ێک بۆ لاوازکردنی پدک، ئامادە بێ، دەست بخاتە نێو دەستی بەرەی تورکمانە شۆڤێنیستەکانەوە، ئیدی چۆن خەو بەو ڕۆژەوە نابینێت، لەشکری تورکیا لە ناوچەکانی (پدک)ەوە بەرەو کەرکووک بە ڕێ بکەوێ؟ ئەدی لە بیرتان چوو، جەلال تاڵەبانی بە مەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی بارزانی، ساڵانی ٦٦ تا ٧٠ی سەدەی پێشوو، کوتەکی دەستی لەشکری عێراق بوو؟ لە بیرتان چوو، بۆ ئەوەی لە شەڕیان لەگەڵ (پدک)دا، ئێران پشتیان تێ نەکات، چەکدارانی ینک، بۆ لێدانی دیموکرات، ٣٠ی تەمموزی ١٩٩٦، لە باشماخەوە تا کۆیە، کە ٢٠٠ کیلۆمەتر دەبێ، پێش پاسداران کەوتن؟ بۆ هەڤاڵ مام جەلال، ناوی خۆی لە بیر بچێتەوە، گۆڵە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی لە بیر دەچێتەوە؟

کە جەلال تاڵەبانی ئەمڕۆ شتێک دەبێژێت و سبەی بە شتێکی دیکەی لێک دەداتەوە، با ئەوە جێی سەرسووڕمانی کەس نەبێت، ئاخر ئەو تەنانەت لە ناونانی کوڕەکەشیدا هەمان ڕێسای ڕەچاو کردووە. کە چەپەکان لێی دەپرسن، بافڵ چییە، دەڵێ: قارەمانی ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی یە. کە نەتەوەییەکان دەپرسن، بافڵ، مانای چی؟ دەبێژێت: تاڤگەیەکە لە چەمی ڕێزان، هەر بۆیە هەڤاڵانی بەعسی سوریا، بە ئەبوشەللال* بانگی دەکەن.

٢٠٠٢/٩/٣

* شەللال: بافڵ، ئاوەڵدێر، سوولاف، تاڤگە.

## زەنگۆڵ زەنگۆڵ

لەم دوو سێ ڕۆژەی ڕابردوودا جەلال تاڵەبانی بە ماسمیدیای تورکیای گوت:

(دەوڵەتی تورکیا دەتوانێت بە دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی کێشەی کادیک «پەکەکە» چارەسەر بکات.*

ئەگەر لەشکری تورک تەشریف بۆ کوردستانی عێراق بهێنێت، کورد بە گوڵباران پێشوازیی لێ دەکات.

کەرکووک شارێکی کوردی نییە.)

لە قوولایی دڵمەوە، هاوبەشی خەمی ئەو ئەندام و لایەنگرانەی «ینک»م کە بە بیستنی ئەو قسانە، زەنگۆڵ زەنگۆڵ عارەقەی شەرمەزاری دەر دەدەن.

٢٠٠٢/٩/٥

* مەبەستی کێشەی کورد بوو لە باکووری کوردستان.

## پاسمەرگە*

لە وەڵامی «ڕەحیم سەفەوی»دا کە گوتبووی: جەلال تاڵەبانی، دەیەوێت، ئەمریکا بهێنێتە ناوچەکە، وتەبێژێک بە ناوی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە گوتی: (مێژووی پەیوەندیی نێوان ینک و پاسداران زۆر لەوە گەورەترە کە «ڕەحیم سەفەوی» ئاڵۆزی بکا.)[1]

ڕاستە ینک دۆستێکی دێرین و دڵسۆزی پاسدارانە و تەنانەت لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦دا «فەتحی یەک» پاسدارانی گەیاندە سەر بیرە نەوتەکانی زەنبوور و ئەنفالی بە دوادا هات، لێ ئاخۆ دەشێت ینک لە خودی فەرماندەی سوپای پاسداران، دڵسۆزتر بێت بۆ سوپای پاسداران؟ ئاخر ڕەحیم سەفەوی فەرماندەی سوپای پاسدارانە! لە دۆخێکی ئاوادا، هانا بۆ گوتەی: (لە شا، شاپەرستترە،) دەبەین، وەلێ ینک لەوەشی تێپەڕاندووە.

خەڵکی کوردستان، پاسداران دەناسن، من تەنیا وەبیر سەرکردایەتیی (ینک)ی دەهێنمەوە، کە ئەوە پاسداران بوون، بیست و دوو ساڵ بەر لە ئێستا فەتواکەی «خومەینی»یان بۆ قەلاچۆکردنی کورد جێبەجێ کرد و (لەژێر ئەم ئاسمانە بەرینەدا هیچ خزمەتێکیان لە کوشتنی کورد بە پیرۆزتر نەدەزانی.)[2] شیاوی گوتنە ینک کە هەنووکە شانازی بە دۆستایەتی پتەوی نێوان خۆی و لەشکری پاسدارانەوە دەکا، ئەو سەروەختە ناتۆرەی (پاسدار موەقەتە)ی دوای پێمیمی پدک خستبوو.

٢٠٠٢/٩/٦

١) لێدوانی وتەبێژێکی ینک، کوردستانی نوێی ٥/٩/٢٠٠٢ ل١.

٢) ڕاگەیاندنی شەڕێکی هەموو لایەنە لە دژی کورد، خالید محەمەدزادە، کوردستان، ئۆرگانی حدکا، ژمارە: ٣٤٧.

* پاسمەرگە: پاسدار + پێشمەرگە.

## پیرەمێرد و پرۆلیتاریا

هاوڕێ کەریم ئەحمەد ببوورە، دەبوو زووتر بەسەرت بکەمەوە، لێ لەبەر هەڤاڵ مام جەلالی قوتابیت، نەمدەپەرژایە سەر خۆت. دەڵێیت: (ڕەنگە ئابووری ئەورووپا لە هی ئەمریکاش بەهێزتر بێ.)[1]

تۆ کە سکرتێری حیزبێکی شیوعیت، دەبوو پشت بە ئاماری باوەڕپێکراو ببەستیت، نەک بە ڕەنگە. ئاخر ئەمریکا ئەگەرچی لە ٦,٢٪ی دانیشتووانی دنیا پێک دەهێنێت، لێ خاوەنی لە ٥٠٪ی سامانی جیهانە.[2] بە داخەوە ئابووریی ئەو تاقە وڵاتە هێندە لە هی هەموو وڵاتانی ئەورووپا بەهێزترە، تا ئەو ئاستەی دەتوانین ئەم سەردەمە، بە سەردەمی ئەمریکاییبوون، یان دۆلارگیری نێوزەد بکەین.

دەڵێیت: (هێشتا پرۆلیتاریای کوردستان نەخوڵقاوە. سەرمایەداریتی کوردی هیچی نییە، لەبەر ئەوە کرێکاریش نییە. چۆن دەتوانین دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دابمەزرێنین، کە هێشتا پرۆلیتاریا پەیدا نەبووە؟)[3]

بە پێی تێگەیشتنی من لە مارکسیزم، حیزبێکی کۆمۆنیست، دەبێت نوێنەری چینی پرۆلیتاریا و هەڵگری ئایدۆلۆژیای پرۆلیتاریا بێت. پێویستە بڕوای بە شۆڕشی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا هەبێت. جا کە کوردستان کرێکاری لێ نییە، جا کە هێشتا پرۆلیتاریا لە دایک نەبووە، پێم ناڵێی ئێوە بە چییەوە خەریکن؟ نوێنەری کام چین؟ ئەدی بۆچی ناوی شیوعیتان دوای خۆتان خستووە؟ ئەدی بۆچی چەکوش و داستان بڵند کردووەتەوە؟ دەزانیت بەم قسەیەت، سووکایەتیت بە خەباتی هەموو کۆمۆنیستەکانی کوردستان کردووە و دزێوترین جنێوت بە ڕووباری خوێنی هەموو خۆبەختکردووانی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای کوردستان داوە؟

دەزانم ئینسان کە بە قووڵایی ساڵاندا ڕۆ چوو، تەنیا هەر لەشی نا، ئاوەزیشی دەشێوێت، ئەگەرنا کورتەمێژوویەکی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای کوردستانم، هەر لە مانگرتنەکەی ١٩٤٦ی گاورباغییەوە، تا شووراکانی سەروەختی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ بۆ دەگێڕایتەوە و ناوی کارگەکانی کوردستانیشم وەبیر دەهێنایتەوە. دڵنیام باڵەکانی نێو حشک، لەمێژە ئومێدیان پێت نەماوە و لە بێ ئەسپییە زینیان کردووی. کە ئەوان لەسەر دەست نیشانکردنی هاوڕێیەک لە جێی تۆی دابنێن، ڕێک ناکەون، دەم خۆش کە زوو زوو دەردیان دەدەیتێ.

٢٠٠٢/٩/٩

١) هەڤپەیڤین لەگەڵ کەریم ئەحمەد، ئاکۆ محەمەد، میدیا، ژمارە (١٢٨) ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/١ ل ٧ هەولێر.

2) John Berger, Hiroshima 1954 New York 2001, Aftonbladet/ kultur, 2002/09/01

٣) سەرچاوەی یەکەم.

## بۆ ئەوەی خوێنەر چەواشە نەبێ

ئەمە جاری دووەمە عبداللە عباس جنێوم پێ دەدات و تۆمەتم بۆ هەڵدەبەستێ. سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ لە گۆڤاری (ڕەنگین)دا و هەنووکەش لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا، کە دوو زۆڕنای بەعسن. ئەوی ئەو کابرایە ناناسێت، با کۆتایی هەموو ئەپریلێک سەروەختی جەژنی لەدایکبوونی سەددام حسێن، سەرنجی ڕۆژنامە عەرەبییە ڕووزەردەکانی بەغداد بدات؛ ئاخر ئەوە بیست ساڵی ڕەبەقە، عەبدوڵڵا عەباس بەو بۆنەیەوە شیعر بە باڵای ئەو سەرۆکەدا هەڵدەڵێت کە ئێمەی کیمیاباران و ئەنفال کردووە!

ئایا یەکێک ناپاکی لە نەتەوەیەک کردبێت، بۆ ئەوە دەشێت، لە کەسێک بپێچێتەوە کە گوایە ناپاکی لە تاقە خێزانێک کردووە؟ ئایا یەکێک بە دانپێدانانی خۆی پتر لە چارەکە سەدەیەک بێ، بەعسی بێت، مافی ئەوەی هەیە، لافی نیشتمانپەروەریی بەسەر کەسێکی دیکەدا لێ بدات و تۆمەتی ساڵێک چەک بۆ ڕژێم هەڵگرتنی بداتە پاڵ! ئەو گەلێ جنێوی بە من داوە و گەلێ تۆمەتی بۆ هەڵبەستووم، من شۆڕ نابمەوە بۆ ئەو زەلکاوە، گرنگ ئەوەیە نەیتوانیوە پێم بڵێت: بەعسی، کە ئەوە کوشندەترین جنێوە بە کوردێک بدرێت. ئەم بەعسیبوونەی لای ئێمە هێندە مایەی شەرمەزاری یە، لای وی جێگەی شانازی و ئەوپەڕی نیشتمانپەروەری یە! ئەگەر بەعس ڕووخا و عبداللە عباس لە سەنگەری داکۆکیکردن لە ڕژێمدا گیانی خۆی بەخت نەکردبوو، بێ گومانم بە تاوانی ناپاکیی مەزن بە دادگا دەدرێت. عبداللە عباس و سەلاح شوانی هاوڕێشی ئەگەر لە سەروەختی ڕاپەڕیندا لەسلێمانی بوونایە، جەماوەری ڕاپەڕیو حسابی ئەفسەرە جەللادەکانی ئەمنە سوورەکەی بۆ دەکردن.

عەبدوڵڵا عەباس بە ڕێژنەی جنێوەکانیدا و بە لیستی ئەو تۆمەتانەدا کە بێ بەڵگە وە پاڵ منی داون، زەق زەق دیارە، لە چ بارێکی دەروونی دژواردا دەژی. ئاخر کەسێکی هێمنی ویژدان ئاسوودەی خاوەن هەق، هەرگیز ناچار نابێت، هانا بۆ جنێودان و تۆمەت بەخشینەوە ببات. من پڕ بە دڵ بەزەییم پێیدا دێتەوە و هیوادارم چی زووترە وەک هەزاران کوردی دیکە کە پەیوەست بوون بە بەعسەوە، ئەویش نەفرەت لە ڕابردووی بکات و بگەڕێتەوە ناو میللەتەکەی خۆی. بەمە گەرچی ناتوانێ ڕابردووی لێڵی ڕۆشن بکاتەوە، بەڵام هیچ نەبێت دەشێ لە ڕووی دەروونییەوە هەندێ هێور ببێتەوە. من نەک هەر بە خۆی، بەزەییم بە منداڵەکانیشیدا دێتەوە، ئاخر ئەو کەساسانە شانازیی بە کام لاپەڕەی پرشنگداری دیرۆکی ژیانی باوکیانەوە بکەن؟

ساڵی ١٩٨٠ لە هاوکاری دا عبداللە عباس نووسیبووی «چوار ئەفسەرەکە لە وەسێتنامەکەیاندا داوایان لێ کردووین، دوای جەهالەت نەکەوین، ئەو یاخیبوونە تازەیە [مەبەستی لە شوڕشی نوێ گەلەکەمان بوو] جەهالەتە، با کەس دوای نەکەوێت».لەسەر ئەو نووسینەی بە ئاگاداری کاک مەحموود زامدار، سەروەختی میهرەجانە ڕۆشنبیرییەکەی هەولێر «بەهاری ١٩٨٠» کە پێم گوت: تۆ وەک بەعسی دەنووسیت، کەوتە پاساو هێنانەوە، باش بوو مەحموود زامدار بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە پێی گوت: عەبدوڵڵا من و تۆ لە هەمان دەزگادا کار دەکەین و من سوور دەزانم تۆ بەعسیت، ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت. هەر لەو فێستیڤاڵەدا کە عەبدولوەهاب تاڵەبانی خۆی هەڵبڕی، شێرکۆ بێکەس ماچ بکات، کراسەکەی بڵند بووەوە و دەمانچەکەی کە بۆ من شتێکی نوێ بوو، دەرکەوت.

بە داخەوە من هەنووکە سەرقاڵی ڕوونکردنەوەی شتێکم، کە خۆی هێندەی چاوی قرژانگ ڕوونە. من دەمەوێ بیسەلمێنم کە عەبدوڵڵا عەباس بەعسی بووە و بەعسیشە، ئەویش خۆی نکووڵی لەوە ناکات. ئەوەتا دەڵێ: (من بە شانازییەوە شیعری پیاهەڵدانم بۆ سەرکردە سەددام حسێن نووسیوە، ئەوانەی بەم هەڵوێستەی من پەست دەبن، لەگەڵ حەقارەتی ئەمریکا و بزووتنەوەی زایۆنیدا یەک دەگرنەوە.)[١] یان دەبێژێ: (پیاهەڵدانی دەسەڵاتداریتیی نیشتمانیی ئێستای عێراق، بۆ نووسەری شەریف و بە هەق مونتەمی بۆ گەل و نیشتمانەکەی، جێی شانازییە.)[٢] لە ڕوانگەی ئەم نیشتمانپەروەرەوە شەریفەوە! سەلاح شوان (چونکە سەر بە حکومەتی مەرکەزییە، لە سەنگەری نیشتمانیدایە.)[٣]

یەکێکی دیکە لە درۆ زۆروزەبەندەکانی عبداللە عباس ئەوەیە، گوایە ئەو کاتەی سەلاح شوان سەرۆکی نووسەرە کوردە قەڵەمفرۆشەکان بووە، نووسەری ئەم دێڕانەش، ئەندامی هەمان نووسەران بووە.

ڕاستییەکەی من ساڵانی ١٩٧٩ ـ ١٩٨٢ نوێنەری لقی سلێمانی بووم لە مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد و سەرۆکیش دۆکتۆر عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ و جێگرەکەشی مامۆستای هێژا محەمەدی مەلا کەریم و مەزنەپیاوێکی وەک شوکر مستەفاش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بوو. ئەو کاتە کە یەکێتیی نووسەران کوردی بوو، نەک بەعسی، کە من لەگەڵ ئەو کەڵەنووسەرانەدا دادەنیشتم، سەلاح شوانی سەر بە ڕژێم، زۆر لەوە گچکەتر بوو، ڕێی بکەوێتە کۆڕی ئەو پیاوانە. لە ئاداری ساڵی ١٩٨٣یش بە دواوە من ڕووم کردە شاخ و لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ یشدا بارگە و بنەم لە سوید خست. دوای هەڵاتنی من ڕژێم نووسەرانی هەڵوەشاندەوە و یەکێتییەکی بۆ

قەڵەمفرۆشەکان پێکەوە نا و ساڵی ١٩٨٨ کە سەلاح شوان بوو بە سەرۆکی ئەو نووسەرە قەڵەمفرۆشانە، من لە سوید بووم.

کە سەلاح شوان کۆتایی تەممووزی ١٩٨٣ بە بۆنەی ئەنفالکردنی بارزانییەکانی قوشتەپەوە بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی فەرماندە، لێ دەدا، من لە شاخ بووم، بەرنامەی ئەدەبی بەرگری و سەردانێک بۆ گوندە ڕاگوێزراوەکانم بۆ ئێزگەی شۆڕش دەنووسی. کە سەلاح شوان بە بۆنەی ئەنفالەکانەوە دەستخۆشی لە لەشکری عێراق دەکرد، من خەریکی خوێندنی زمانی سویدی بووم، ئیدی چۆن ئەندامی ئەو نووسەرانە بووم، کە ئەو قەڵەمفرۆشە سەرۆکی بوو! من بۆیە فەرمانی گرتنم دەرچوو، چونکە دژی بەعساندنی یەکێتی نووسەرانی کورد وەستامەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی سەرخۆشی لە هێژایان شێرکۆ بێکەس و فازیل جاف بکەم، ئاخر لەم دواییەدا سەلاح شوانی بەعسی لە هەفتەنامەی «الاتحاد»دا ستایشی کردبوون.[4] مایەی شانازیمە بیست ساڵە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم و چواردە ساڵە کوردستانم بەجێ هێشتووە و کەچی هێشتا بەعسییەکان گا لە گۆڤاری ڕەنگینەوە و گا لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گا لە شرەماڵپەڕێکەوە پێم دەگەفن.

من هەرگیز چەکم دژی گەلەکەم هەڵنەگرتووە، ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمدا هەڵگیرسایەوە، ڕاستە من ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراق بووم، وەلێ لە شاری سلێمانی لە کۆمیتەی ڕۆشنبیراندا کە زۆربەی ئەندامەکانی مامۆستای زانکۆ بوون، کارم دەکرد و لە قوتابخانەی شێخ سەلام مامۆستا بووم. هەر لە دژی ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوان حشع و بەعسیش چارەکە سەدەیەک بەر لە ئێستا وازم لە حشع هێنا؛ ئەمە ڕاستییەکە لای کەم شیوعییەکان دەیزانن.

من هەرگیز لەبەردەم نووسەرە بەعسییەکانی لە بابەتی سەلاح شوان و عەبدوڵڵا عەبباسدا لاواز نەبووم و وەک عەبدوڵڵا عەزیز خالید ماست و هەنگوینم بۆ نەبردوون و داوەتم نەکردوون، تا بەرهەمم بڵاو بکەنەوە، ئەوان خوا خوایان بوو، من شەڕیان (دیارە شەڕێکی زۆر ڕەوا بوو) لێ لادەم. ئاخر خۆیان چاک دەناسی، کە لە سەنگەری بەعسدان و منیشیان چاک ناس دەکرد کە لە مەتەرێزی بەرەنگاربوونەوە دام.

من دەنووسم سەلاح شوان و عبدالله عباس بەعسین و بە بۆنەی قەلاچۆکردنی کوردەوە بروسکەی پیروزباییان بۆ سەددام و لەشکری عێراق لێ داوە، قسەکانیشم لەسەر بناخەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دەکەم، ئەوانیش بێ بەڵگە تۆمەت دەدەنە پاڵم. پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئێوە بەعسین یان نا، ئەگەر نا بڕۆن ڕۆژنامەی (الثورە)ی ئۆرگانی بەعس (ژمارە ٤٨٢٢ی ڕۆژی یەکشەممە ١٩٨٣/٧/٣١) بە درۆ بخەنەوە. ئەگەر ڕاستگۆن، فەرموون، بڵێن، ناپاکیم لە کام خێزان کردووە؟ من هەر کە زانیم بەعس لە دووم دەگەڕێ، یەکسەر ڕووم کردە شاخ، لە ماڵی هیچ برادەرێکم خۆم حەشار نەدا. ئەوە بەعسییەکانن دەستدرێژیی دەکەنە سەر (ناموس)ی یەکتری، ئەو ڕەوتارە لە خەڵکانێک کە لە سەنگەری دژ بە بەعسدا بووبێتن و گیانیان لەسەر دەستیان بووبێت، ناوەشێتەوە. ئایا بەوەی جنێو بە من بدەن و تۆمەتم بۆ بهۆننەوە، دیرۆکی پۆخڵتان، خاوێن دەبێتەوە.

کە سێ مانگ بەر لە ئێستا باسی بەعسیبوونی سەلاح شوانم کرد، ئەوسا ئاگاداری ئەوە نەبووم، سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ حەسەن جاف لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا کە وەزارەتی ڕۆشنبیری سەروەختێ کە مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری ڕۆشنبیری بوو، دەری دەکرد، ڕابردووی سەلاح شوانی بەسەر کردووەتەوە، بۆیە داوای بەخشین لەو هێژایە دەکەم، کە سەرنجی خوێنەرم بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی ڕانەکێشابوو. بەو دوو نامەیەدا کە خودی سەلاح شوان بۆ کاک عادل مورادی سەرنووسەری ئەوسای کوردستانی نوێی ناردوون و هەنووکە لەبەردەستی مندان، دەردەکەوێ، کە بەڕێزان جەمال عەبدول و عادل موراد گومانیان لە بەعسیبوونی سەلاح شوان نەبووە،[5] بۆیە بواریان نەداوە خوێنەر چەواشە بکا.

٢٠٠٢/٨/٢

١) عبدالله عباس، ئەو درۆزنانەی حەقیقەت ئاوەژوو دەکەن، ڕەنگین، ل ١٥ ژمارە(١٢٠) کانوونی دووەم ١٩٩٩ دەزگای بەغداد.

٢) هەمان سەرچاوە.

٣) حەمەساڵح قەرەداغی ( کە هەر خودی عبدالله عباسی سەرنووسەری هاوکارییە.) نامەیەکی تایبەت بۆ کورتە بالایەکی بێ بەخت، هاوکاری، ژمارە ٣٧٣٩ی ٢٠٠٢/٦/٣ ل ٣ بەغداد.

٤) صلاح شوان، من يمثل الثقافه الكرديه في الخارج، الاتحاد (٢٠٠٢/٦/١٤) عدد ٤٧٧ ص ٧ السليمانيه.

٥) نامەکانی سەلاح شوان بە زمانی عەرەبی نووسراون و وا دەست پێ دەکەن: الاستاذ كاكه عادل مراد الورد.

## دەستپێشخەرییەکی ڕۆژنامەوانی

هێژایان: نورەدین سەعید وەیسی، ڕێبوار کەریم وەلی و گۆران محەمەد کە سێ ڕۆژنامەوانی بوێری هەولێرنشینن، هەندێ جار ڕەخنەی ئەوەیان لە پدک گرتووە، کە نەک هەر لە بەعسییە بەدناوەکان خۆش بووە، بەڵکوو پۆست و کاری گرنگیشی پێ بەخشیون. لە تۆڵەی ئەو ڕەخنە دروستەدا ئاسایشی پدک، بەعس ئاسا ڕەوتاری کردووە، گوشاری خستووەتە سەر ئەو ڕۆژنامەنووسانە و تەنانەت جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕۆژانی ٢١ تا ٢٦ی ٨ی ٢٠٠٢ ڕێبوار کەریم وەلی، زیندانی کردووە.

ئاسایشی پدک وەک ڕاهاتووە، دڕندانە ڕەوتار لەتەک لاوانی سنوورداشکراودا دەکا، نورەدین سەعید وەیسی ڕەخنەیەکی هێمنی[1] لەو ڕەوتارەی (ئەمن) گرتووە. ئەمنی هەولێر بەو ڕەخنە ڕەوایە بە جۆرێ ئاگری گرتووە، ئەفسەرێکی سەر بەو دەزگا تۆقینەرە، لە کۆڕێکدا کە وەزیری ناوخۆ قسەی بۆ خەڵکی هەولێر کردووە، بە نورەدینی گوتووە: تۆ تیرۆریستی.

لەو کێشەیەی نێوان ئەمن و ڕۆژنامەوانێکدا، برایەتی لایەنی یەکەمیانی گرتووە[2] و ڕێی نەداوە نورەدین سەعید وەیسی داکۆکی لە خۆی بکا. لەوانەیە برایەتی بەو کارەی دەستپێشخەرییەکی مێژوویی

بۆ خۆی تۆمار کردبێ، ئاخر مەحاڵە ڕۆژنامەیەک لە پێناوی ڕاگرتنی دڵی ئاسایشدا، دڵی کارمەندێکی خۆی بە جۆرێ ڕەنجاندبێ، ناچار بوویێت، دەست لە کار بکێشێتەوە.

بژین ئەوانەی بە ڕەخنە لە کۆنەبەعسی گرتن، سەغڵەت دەبن و بەعسییانە ڕەوتار دەکەن.

مەرگ بۆ ئەوانەی ئەو (قۆناغە ناسکە) لەبەر چاو ناگرن کە (حکومەتە ساواکەمانی) پێدا تێپەڕ دەبێت!

٢٠٠٢/٨/٢٨

١) برایەتی ٢٠٠٢/٧/٢٤ دوا لاپەڕە.

٢) برایەتی ٢٠٠٢/٨/٣ دوا لاپەڕە.

## ینک گەشەی کردووە

ئاوات ئەحمەد لە گوتارێکدا بە ناونیشانی (پۆلیسە گوناحەکانی وڵاتەکەم)[1] ڕەوتاری دزێوی پۆلیسەکانی کوردستانی داوەتە بەر ڕووناکی، فەرەیدوون عەبدولقادر کە وەزیری ناوخۆی قەڵەمڕەوی ینکە، لە بری ئەوەی شەبەقی مەفرەزەیەک بنێرێتە سەری و بە شەق لە ژێرزەمینێکی ئاسایشی توند بکات و لەوێ وای تەمێ بکا، ئیدی تا دەستی قەڵەم بگرێت، زات نەکا، لە گوڵ کاڵتر بە پۆلیسی سلێمانی بڵێت، هاتووە زۆر شارستانییانە هەڵسوکەوتی کردووە و بە گوتارێکی هێمن کە ناوی ناوە، (پۆلیسی گوناح یان نووسەری خراپ)[2] وەڵامی داوەتەوە.

لە کاتێکدا ئەم سنگفراوانییەی فەرەیدوون عەبدولقادر بەرز دەنرخێنم و خەو بەوەوە دەبینم دەسەڵاتدارانی کوردستان بە هەمان مێتۆد بە گژ ڕەخنەی نەیارانیاندا بچنەوە و وەڵامی وشە هەر بە وشە بدەنەوە، نەک بە شەق یان بە گوللە، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەش ڕادەکێشم کە ساڵی ١٩٩٥ لە شەقڵاوە، چەکدارانی ینک (حسێن خۆشناو)*یان گرت و هێندەیان ئەشکەنجە دا، سەقەتیان کرد، هەر بۆیە لە ئوستراليا لە سۆنگەی ئەوەوە کە لە ئەنجامی ئەو لێدانەوە دەستێکی لە کار کەوتبوو، وەک کەمئەندامێک خانەنشین کرا.

شەقوەشێنانی ینک بە حسێن خۆشناویان گوتبوو: (هەر کەسێ بیر بکاتەوە، نابێ دەم بکاتەوە، کە دەمیشی کردەوە، نابێ دژی بەرژەوەندیی ئێمە قسە بکا.) هەنووکەش مۆتەکەی ئەو ترسەی حەوت ساڵ بەری ئێستا ینک خستبیە دڵی ناوبراوەوە، شەوان چۆک لەسەر سنگی دادەدات.

بەراوردێک لە نێوان دیمەنی حسێن خۆشناوی بە دەستی ینک ئەشکەنجەدراو و نووسینەکەی فەرەیدوون عەبدولقادردا بکەن، بزانن ئێوەش من ئاسا، ناگەنە ئەو سەرئەنجامەی کە ینک گەشەی کردووە.

٢٠٠٢/٧/١١

١) لاپەڕە (٧)ی ژمارە(٨٠)ی هەفتەنامەی هاوڵاتی.

٢) لاپەڕە (٢)ی کوردستانی نوێی ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/٩.

* لە (١٩٩٧)ەوە لە ئوستراليا بڵاوکراوەی (کورد) دەردەکات کە تا ئێستا بیست ژمارەی دەرچووە.

## فیل و تەقلە

کە ئیسلامییە توندڕۆکان هەوڵی تیرۆرکردنی بەرهەم ساڵحیان دا، جەلال تاڵەبانی بە جۆرێک شڵەژا، گوتی: ینک فیل بە تەقلە لێ دەدات. من لە نێو یەکێتیدا ژیاوم، ئەوسا ئەوانەی دەیانگوت: یەکێتی تەقلە بە فیل لێ دەدات، چەکدارانی ئاستنزمی سەر بەو لایەنە بوون؛ هەرگیز لە خوێندەوارێکی نێو یەکێتیم نەژنەوتووە، هانا بۆ ئەو گوتەیە ببات. هەنووکە ینک هێندە خراپ لێی قەوماوە، تەنانەت سکرتێرەکەشی نەک هەر دەست بە داوێنی ئەو دەربڕینە بازاڕییەوە دەگرێت، بەڵکوو دەمیشی تەتەڵە دەکات و یەکێتی لە بری ئەوەی تەقلە بە فیل لێ بدات، فیل بە تەقلە لێ دەدات!

کارمەندانی کوردسات دەیانتوانی پێش ئەوەی قسەکانی جەلال تاڵەبانی لێ بدەن، ئەو هەڵەیەی بۆ پینە بکەن و ڕێ نەدەن سکرتێرەکەیان ببێتە کەرەسەی تەنز. ئەگەر لە سۆنگەی ئەو هەڵە کوشندەیەوە هێشتا کەس نانبراو، یان وەک لە نێو یەکێتیدا باوە، ترۆ نەکراوە، ئەوا هەمووو ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان باسی نادیموکراتیبوونی (ینک)یان کردووە، با بە توندی ڕەخنە لە خۆیان بگرن.

من دژی تیرۆرم بە هەموو شێوەکانییەوە و هەر لایەنێک پێی هەڵبسێ. تەقاندنەوەی تی ئێن تی لە باخێکی گشتیدا، ئەو پەڕی دڕندایەتی و ترسنۆکییە؛ وەلێ تیرۆرکردنی یەکێک لە هەرە دەستڕۆیشتووەکانی نێو حیزبی دەسەڵاتدار، لە نێوجەرگەی هەولێردا، تەنیا ڕەوتارێکی دڕندانەیە، ترسنۆکانە نییە. هەوڵی سەرنەکەوتووی تیرۆرکردنی بەرهەم ساڵحی سەرەکوەزیرانی کانتۆنی بن دەستی (ینک)یش کارێکی نامرۆڤانەیە، وەلێ ترسنۆکانە نییە. ئەوە ینک بوو لە ئەنجامی ئەو هەوڵەوە بە جۆرێک زەندەقی چوو، تەنانەت سکرتێرە قسەڕەوانە زاراوەکەشی، زمانی تەتەڵەی کرد.

٢٠٠٢/٧/٢٤

## خاکی پیرۆزی عێراق!

کەلێ جار لە سەروەختی جەنگدا یان بە کۆتایی هاتنی، ڕووداوی زۆر گرنگ دەقەومێ. ئاخۆ ئەگەر جەنگی جیهانی یەکەم ڕووی نەدابا، شۆڕشی ئوکتۆبەر هەڵدەگیرسا؟ ئاخۆ ئەگەر جەنگی جیهانی دووەم نەقەومابا، بلۆکی سۆسیالیست دادەمەزرا؟ کورد کە لە سەدەی ڕابردوودا سێ جار دەستی لە دەسەڵات گیر بووە، هەر سێ کەڕەتەکە لە ئەنجامی جەنگەوە بووە. مەملەکەتەکەی شێخ مەحموود، زادەی یەکەمین جەنگی جیهانی بوو. کۆمارەکەی قازی محەمەد، سەرئەنجامی دووەمین جەنگی جیهانی بوو. ڕژێمی هەنووکەی هەرێمی کوردستانیش دووەمین جەنگی کەنداو، یان جوانتر، گەردەلوولی بیابان لەگەڵ خۆی هێنا.

ئێستا کە (١٠) ساڵ بەسەر جاڕدانی کوردستانی فیدراڵدا گوزەری کردووە و عێراق بەرەو ڕووی ئەگەری جەنگێکی نوێ دەبێتەوە و سەربەخۆییش ئامانجی کوردە، نەک کوردستانێکی فیدراڵ لە عێراقێکی دیموکراتیدا، جێی خۆیەتی لەگەڵ یەکەمین بڵێسەی ئەو

جەنگە نوێیەدا کە خوازیارم چی زووترە بقەومێ، کورد جارِی جیابوونەوەی تەواوی ئەو بەشەی کوردستان لە عێراق بدات و ئالآی سەربەخۆیی هەڵبکا.
پدک و ینک ئەگەرچی سەرومڕ گۆرانی بۆ بالآی یەکپارچەیی عێراق دەچڕن، کەچی لە ڕوانگەی بڵند ئەجەویدەوە ئەو بەشەی کوردستان لە وڵاتێکی سەربەخۆ دەچێ. کەواتە فیدرالیمان بوێ یان سەربەخۆیی، تورک هەر هەمان پەرچەکرداری دەبێ. ئێمە ساڵی ١٩٨٨ بە کەمترین مافیش قایل دەبووین، کەچی ڕژێمی عێراق بە بای مەرگ و ئەنفال وەڵامی داینەوە. ئاخۆ ئەگەر کورد جارِی سەربەخۆیی بدات، چارەنووس لە ئەنفال دژوارتر هەیە تا تووشی ببێت؟
ئەگەر ئێمە هێندەی بە تەنگ یەکێتیی خاکی عێراقەوەین، نیو هێندە یەکپارچەیی کوردستانمان مەبەست بووایە، هەنووکە هیچ نەبێ، باشوورێکی یەکگرتوومان دەبوو. ئەوە چییە وای کردووە هەولێر هێندە پیرۆز بێت، شەڕی تێ نەکەوێ؟ سەروەختی براکوژی نەوشیروان مستەفا ئەو پرسیارەی وروژاند؛ هەنووکە من هەمان پرسیار بە جۆرێکی دیکە لە قازانجی کورد دەوروژێنم. ئەوە چییە وای کردووە خاکی عێراق هێندە پیرۆز بێت، کەس مافی ئەوەی نەبێت، خەو بە لەتبوونییەوە ببینێت؟ ئەدی تورکیا لە شەو و ڕۆژێکدا قوبروسی دوو کەرت نەکرد؟ ئەدی چیکوسلۆفاکیا نەبوو بە دوو لەتەوە؟ ئەدی یۆگۆسلافیا نەبوو بە ئاردی نێو دڕک؟ بە ڕاست عێراق لەو وڵاتانە نازدارترە؟ یان کورد لەو نەتەوانە کەمترە!
نازانم لە سۆنگەی چییەوە سەرانی کورد، شانازی بە عێراقیبوونی خۆیانەوە دەکەن! عێراق لە کاولکردنی کوردستان و قەلاچۆکردنی خەڵکەکەی بترازێ، چی بە کورد بەخشیوە؟ هیوادارم لە ئەنجامی ئەو شەڕەی کە بەڕێوەیە، نەخشەی عێراق بە جۆرێک هەڵبوەشێتەوە، هیچ مامۆستایەکی جوگرافیا نەیناسێتەوە.

٢٠٠٢/٧/٢٦

### وڵاتێکی بێ شار

(دەسەڵاتدارانی توندڕۆ لەم حیزب یان ئەو لایەن ناترسن، لە ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ، کە بەوان کۆنترۆڵ ناکرێن، دەترسن.)

شەڕی سارد بە سەرکەوتنی ئەمریکا و بە هەرەسی بلۆکی خۆرهەڵات دوایی هات. ئەوە گەورەترین سەرکەوتنی ئەمریکا بوو پێش ١١ی سێپتێمبەر. ئەمریکا جەنگی دووەمی کەنداویشی بردەوە. القاعیدە بەوەی لە ١٩٩٨/٨/٧ دا هەردوو سەفارەتی ئەمریکای لە نیرۆبی و دارولسەلام تەقاندەوە، زەبرێکی چاوەڕێنەکراوی سرەواندە تاقە شاسوارەکەی گۆڕەپانی جیهان. ئەوە گەورەترین زەبر بوو، دوای هەرەسی دیواری بەرلین و پێش ١١ی سێپتێمبەر بەر ئەمریکا کەوتبێت.
ئەمریکا بە هۆی توانای سەربازی و دراوەوە، کۆنترۆڵی دنیای کردووە، ئوسامە بۆ شکاندنی ئەو دوو شکۆیەی ئەمریکا، ناوەندی بازرگانی جیهانی و پێنتاگۆنی هەڵبژارد، ئاخر یەکەمیان سیمبۆلی توانای ئابووریی و دووەمیان ڕەمزی هێزی ئەمریکایە.
دوای یازدەی سێپتێمبەر، ترس باڵ بەسەر ئەمریکادا دەکێشێت، بەهای دۆلار دادەبەزێت، نرخی نەوت هەڵدەکشێت و (بوش)یش بالآنسی تێک دەچێت و (جەنگێکی دیکەی خاچپەرستانە دژی ئیسلام جاڕ دەدات و دەڵێت: ئەوی لەگەڵمان نەبێت، دژمانە.)
پێشتر ئەمریکا شەڕی لەبری دنیا دەکرد، شەڕ لە ئەفغانستان (داکۆکی لە خۆ کردن) بوو، ئاخر یازدەی سێپتێمبەر کارێکی کرد، ئەمریکا وەک قوربانی بێتە بەر چاو، بۆیە ئەو هەلەی لە کیس خۆی نەدا و بە ڕەوتێکی خێراتر لەوەی پلانی بۆ دانابوو، هەوڵی دەست بە سەر دنیادا گرتنی دا. لە یازدەی سێپتێمبەردا دنیا وەها هاتە هەژان، ئیدی پێش یازدەی سێپتێمبەر و دوای یازدەی سێپتێمبەر، لە پێش زایین و پاش زایین، زێتر دەخەینە ڕستەوە.
دوای یازدەی سێپتێمبەر بە بیانووی شەڕ دژی تیرۆرەوە، ئینسان لە ئەمریکای هەواری دیموکراتیدا! بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی لەسەر ساغ بووبێتەوە گوێ لە تەلەفۆنی دەگیرێت، بێ هیچ بەڵگەیەک دەگیرێت و مافی ئەوەشی نییە کە پارێزەری هەبێت، مرۆڤ زیندانی دەکرێت و ڕۆژی دادگاییکردنی دەستنیشان ناکرێت. مامەڵەیەک لەگەڵ زیندانییەکانی گوانتانامۆدا کە (دورگەیەکی سەر بە کۆمۆنیزمە و زیندانێکی سەر بە ئیمپریالیزمی لێیە،)* دەکرێت، لەتەک ئاژەڵیشدا نەکراوە.
ئوسامە بن لادن دڕندەیەک بوو، ئەمریکا خۆی دروستی کرد و دواتر نەیتوانی کۆنترۆڵی بکا، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هیچ کەسێک یان وڵاتێک ناتوانێ لە ڕابردووی خۆی ڕزگاری ببێت. CIA لە سوودان سێ جار هەوڵی تیرۆرکردنی ئوسامەی دا، لێ هەوڵەکانی بێ بەرهەم بوون.
هەڵمەتەکەی یازدەی سێپتێمبەر کە نزیکەی سێ ساڵێک کاری بۆ کراوە، لە ئیشی نووسەرێک دەچێت کە یەکەم بەرهەمی شاکار بووبێت، بۆیە دەبێ ئیدی یان کاری دیکە نەکا، یان کە کردی، لە هەمان ئاستی شاکاری یەکەمیدا بێت. تۆ بڵێی لەبەر ئەو هۆکارە بێت، ساڵێکە بن لادن دەستێکی کوشندەی دیکەی نەوەشاندووە؟
پیشەسازیی فڕین، لە ساڵی ڕابردوودا ١٢ ملیارد دۆلار زیانی لێ کەوتووە و سێیەکی هێڵە هەواییەکان مایەپووچ بوون. لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا عەرەبستانی سعوودی بایی ١٠ ملیارد دۆلار چەکی لە ئەمریکا کڕیوە، کە ئەمەش ڕیکورد شکاندنە لە بواری چەک کڕیندا، ئاخر هەرگیز هیچ وڵاتێ بە ماوەی دە ساڵ، هێندەی چەک لە ئەمریکا نەکڕیوە. جێی سەرنجە لەو نۆزدە هێرشبەرەی ١١ی سێپتێمبەر پازدەیان خەڵکی عەرەبستانی سعوودی بوون و ئەمریکا متمانەی جارانی بەو دۆستە دێرینە ستراتیژییەی نەما. بە جیهانیبوون لەو بوارەشدا دنیای کردە گوندێکی هێندە گچکە کە خەڵکی عەرەبستانی سعوودی بتوانن نیویۆرک بتەقێننەوە.
دوای یازدەی سێپتێمبەر بە پاساوی شەڕ دژی تیرۆریزم، پوتین دەکەوێتە قەلاچۆکردنی چیچانییەکان. شارۆن دەکەوێتە بنەبڕکردنی

فەلەستینییەکان و بەشێک لەو خاکەی بۆی چۆڵ کرد بوون، داگیری دەکاتەوە. چین لە جاران زێتر مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و ئەمریکا وەک جاران باس لەو پێشێلکارییانە ناکا. دوای یازدەی سێپتێمبەر ناوەڕاستی ئاسیا (ئازربایجان، ئوزبەکستان، تاجیکستان و پاکستان) لەبەر هەبوونی نەوت و هەڵکەوتەی جوگرافیایی بۆ جەنگ دژی تیرۆر، بایەخێکی زۆر پەیدا دەکات و پەلی ئاسنینی ئەمریکا لەوێوەشەوە دەکەوێتە زەبر وەشاندن. هەڵمەتەکەی ١١ی سێپتێمبەر، جۆرج دەبلیو بوش کە دوو سێ ساڵی دیکە ئەستێرەی ناوبانگی دەکوژایەوە، دەکاتە قارەمانی بواری بنەبڕکردنی تیرۆر!

ئەگەرچی مێژووی ئیسلام، بریتییە لە خوێنڕشتن و تژییە لە سەربڕین و دەستبڕینەوە و بەردباران کردن، ئەگەرچی خومەینی سەروەختی شەڕی نێوانی ئێران و عێراق، کلیلی بەهەشتی دەکردە ملی لاوان و بەرەو بەرەکانی شەڕی دەناردن، ئەگەرچی فەلەستینییەکان دەبنە بۆمبی سەفەری و خۆ دەتەقێننەوە، لێ هێشتا ئەوی لە یازدەی سێپتێمبەردا ڕووی دا، چاوەڕوان نەدەکرا و بازێکی هێجگار درێژ بوو، لە بواری بە هێند نەگرتنی ژیانی ئینساندا. نیچە دەڵێت: (کە خودا نەبێت، لە چی بترسین؟ سڵ لە چی بکەینەوە؟) کەس هێندەی تیرۆریستە ئیسلامییەکان بڕوایان بە بوونی خودا قایم نییە، کەچی بێباکانە کام ڕێ زۆر پۆخڵە، دەیگرنە بەر.

نزیکەی نیوەی سامان و داهاتی دنیا لەژێر دەستی ئەمریکادایە، دەیتوانی بەو توانایە، هەژاری لە دنیادا نەهێڵێت، لێ ئەگەر وای کردبا، ئەدی بە چی، کۆنترۆڵی دنیای کردبا؟ خۆ ئەوە بەریتانیا و فەرەنسا بوون، ولاتانی ئیسلامییان داگیر کردبوو، ئەدی بۆچی ئیسلامی توندڕۆ هێندە قینی لە ئەمریکایە؟ تۆ بڵێی لەبەر ئەوە بێت، کە سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی ناوین، جوولەکە دایدەڕێژرێت؟ تۆ بڵێی لە سۆنگەی ئەوەوە بێت، ئەمریکا دۆستی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ولاتانی کەنداوە؟ لە لاتین ئەمریکا سێ ڕژێم لە دەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵی ئەمریکادا هەبوون، چیلی و نیکاراگوای ڕووخاند، لەمێژە بە بنکۆڵکردنی (کوبا)شەوە خەریکە.

ئایا نەبوونی دیموکراتی لە ولاتانی ئیسلامیدا، خەڵک بۆ هانا بۆ تیرۆر بردن، هان نادات؟ ئایا ئەو زەبروزەنگەی دەسەلاتدارانی ولاتانی ئیسلام پیادەی دەکەن، هاندەرێک نییە بۆ ئەوەی بەرهەڵستکارانی ئیسلامیش هانا بۆ هەمان میتۆد ببەن؟ تیرۆر، کوشتن یان ئازاردانی خەڵکانی بێتاوانە. جەنگ دزێوترین جۆری تیرۆرە. ژمارەی کوژراوانی بێتاوان لە ئەفغانستان، لای کەم هێندەی ژمارەی کوژراوانی ناوەندی بازرگانی جیهانی دەبێت.

تەنیا لە (کابول)دا پەنجا هەزار منداڵی بێ نوا هەیە. ٢٠٪ ی مندالانی ئەفغانستان پێش ئەوەی تەمەنیان ببێ ساڵێک دەمرن، هەفتەی دوو سەد تا سێ سەد کەس، مینیان پێدا دەتەقێتەوە، نیوەی خەڵکەکەی بە دەست بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن. بە ڕەچاوکردنی ئەو زانیارییانە، ئایا سەرکەوتنی ئەمریکا لە ئەفغانستان، بۆ ئەوە دەشێت، شانازیی پێوە بکرێت؟

شەڕی کەنداوی دووەم ٦٠ ملیارد دۆلاری تێچوو، تەنیا ٢٠٪ ی ئەو پارەیە، کەوتە ئەستۆی ئەمریکا، ئەوی تری هاوپەیمانان وە ئەستۆی خۆیان گرت. هەنووکە کە ئەمریکا بۆ لێدانی عێراق لە دووی هاوپەیمان وێڵە، خوازیارە ئەرکی شەڕەکەیان لێ بکێشێتەوە.

سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانگرەوە، هیتلەر دنیای کاول کرد بوو، ئەمریکا بێدەنگ بوو، تا هێرش نەکرایە سەر خۆی، نەچووە شەڕەوە. ٦ی ئابی ١٩٤٥ ئەمریکا بە بۆمبی ئەتۆم لە هێرۆشیمای دا. بۆمبەکە لە نەخۆشخانەیەکی دا کە لە ناوەندی شارەکەدا بوو. یەکسەر ١٠٠ هەزار کەس و دواتر هێندەی دیکەی کوشت. هەر ئەو ڕۆژە سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا، ترومان گوتی: لە سەربازگایەکی گرنگی ژاپۆنمان داوە. هاوینی ١٩٤٥ ئەمریکا ٦٦ شاری ژاپۆنی سووتاند و دەیگوت: ژاپۆن دەکەینە ولاتێکی بێ شار. شارنشینەکانی ژاپۆن بە زەبری ناپاڵم دەبرژان و دەکولان.

دژایەتیکردنی ئەمریکا دوای یازدەی سێپتێمبەر، لە ئەورووپادا، شێوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری وەرگرت. ئەمریکا چوار ساڵ بوو شەڕی ڤێتنامی دەکرد، ئەوسا ئەمریکاییەکان کەوتنە نارەزایی دەربڕین دژی ئەو جەنگە، وەلێ بەشێکی گرنگ لە خەڵکی ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە دژی جەنگ بوون لە ئەفغانستان.

فۆکۆیاما پێی وایە: ئەمریکا گەرچی دنیای خستووەتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، لێ وەتاق کەوتووەتەوە، ئاخر لە ڕوانگەی دۆستە دێرینەکانییەوە، ئەوە ئەمریکایە کە ئاسایشی دنیای خستووەتە مەترسییەوە. بە پاساوی (پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی و ئاسایشی نەتەوەیی،) هەردوو جەنگی جیهانگرەوە هەڵگیرسان، لە سەروەختێکدا کە ولاتانی ئەورووپا لە پێناوی یەکێتیدا، دەستبەرداری بەشێک لە قازانجی تایبەتی و هەندێک لە سەروەریی نەتەوەییان دەبن، تازەکی ئەمریکا بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سوودی تایبەتییەوە، هەڕەشە لە ئاسایشی جیهان دەکا.

وەک هانتینگتۆن بانگەشەی بۆ دەکا، ١١ی سێپتێمبەر شەڕی نێوان دوو کولتوور نەبوو. یەک جار شەڕی نێوان دوو کولتوور ڕووی داوە، ئەویش لە سەدەی دوازدەدا کە بە سەرکەوتنی سەلاحەدینی ئەییوبی کۆتایی هات. ئەگەر شەڕ زادەی ململانێی نێوان کولتوورەکان بووایە، عێراق و ئێرانی هاوکولتوور، هەشت ساڵ شەڕی یەکیان نەدەکرد.

ئەمریکا کە هەمیشە فاکتەری هەڵگیرسانی شەڕ بووە، ناتوانێ ببێتە، هۆکاری سەپاندنی ئاشتی. تا نایەکسانی، هەژاری و کۆمەڵگەی داخراو بمێنن، تیرۆر دەمێنێت، بۆیە دژایەتیکردنی ئەوانە لە دژایەتیکردنی تیرۆر گرنگترە. ئەوانە هۆکارن، تیرۆر ئەنجامە.

٢٠٠٢/٩/١٧


**ژێدەرەکان**

1) John Berger, Hiroshima 1945 New York 2001, Aftonbladet/ Kultur 2002/09/01

2) Wolfgang Hansson, Ett år efter terorattacken, Aftonbladet/ Kultur 2002/09/09

٣) ف. فوکویاما، امریکا مطلقه الهیمنه ولکنها مطلقه العزله، الشرق الاوسط ٢٠٠٢/٩/١٢ ص ٢١


* ئەدونیس.

# ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی

(بە بۆنەی یادی ٥٠ ساڵەی ئەو ڕاپە.ینە شکۆدارە)

• ئەنوەر سوڵتانی•

ڕێزدار کاک حەسەن سەلاح (سۆران) یادداشتێکی کورتی لە سەر یادی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان لە ماڵپەڕی «بۆکان»دا نووسیبوو و ئەرکی بەجێنەهاتووی ڕووناکبیرانی کوردی بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەکە وەبیر هێناوبووەوە. ئەم کارەی کاک حەسەن گەلێک بە جێ و ڕێ بوو بەلام خۆزگە خۆی کە خەڵکی ناوچەکەیە، قوڵی لە کارەکە هەڵماڵیبایە و دڵنیام توانای ڕاپەڕاندنی کارەکەشی هەبوو.

ئەوەندەی من بزانم، جیا لە هەڵسەنگاندنی حیزبە سیاسییەکان، یەکەم کەسێک کە لە مەسەلەکەی وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ کۆڵیبێتەوە، نەمر دوکتۆر «عەلی گەلاوێژ» بوو، ناوبراو نامەی دوکتۆرای خۆی ـــ ئەگەر هەڵە نەکەم لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی پێشو، بە ڕووسی لە سەر ئەم بابەتە نووسیوە و، سەدبریا شارەزایەکی زمانی ڕووسی وەری بگێڕایەیەتە سەر کوردی.

هەروەهابەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوور چەند ساڵێک پێش ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی سەرچاوەلە سەر ئەم بابەتە بوو ووەک ڕاستەوخۆ لە خۆییم بیست، دوو چاوپێکەوتنیشی لەگەڵ بەڕێزان کاک سەلاح موهتەدی و مەلا عومەری عەسری تۆمار کردبوو، کە من پێمگوت سەرنجەکانی کاک سەلاح بێگومان جێگەی کەڵکی زۆرن بەلام نابێ لەبیر بکرێ کە کاک سەلاح و هەموو بنەماڵەی ئێلخانیزادەلە بەرەی دژی بزووتنەوەکەدا بوون و لە ڕاستیدا هێزی سەرکوتکەری بزووتنەوەکە واتە ئێلخانیزادەکان، دەسەلاتی ناو شاری بۆکانیان بە دەستەوە بوو.

کاک ئەمیر لە ساڵی ١٩٩٩دا، کاتێ هاتبوە لەندەن و دایکیشم بۆ سەردانی ئێمە لەوێ بوو، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دایکمدا تۆمار کرد و لە سەر مەسەلەکە هێندێک پرسیاری لێکرد، نوسخەیەک لە شتریتەکەشی دواتر بۆ من ناردەوە کە پاراستوومە. هیوادارم کاک ئەمیر نەخۆشییەکەی ئێستای چاک بێتەوە و بپەرژێتە سەر ڕێکخستنی یادداشتەکانی لەمەڕ ئەو ڕووداوە گرینگەی ناوچەکە.

من پێمخۆشە لێرەدا چەند خاڵێک لە درێژەی یادداشتەکانی کاک حەسەن سەلاحدا زیاد بکەم:

١) بەبۆچوونی من ناوبردنی ڕاپەڕینەکە بە «بزووتنەوەی جووتیارانی موکریان» هەڵەیەکی تەواوە٢، لەبەر ئەو هۆ ئاشکرایەی کە ئەو ڕاپەڕینە، جگە لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە ڕۆژهەلات و بەشێک لە باکووری بۆکان، هیچ شوێنێکی دیکەی نەتەنیەوە و هەرگیز لە چۆمی تەتەهووش نەپەڕیەوە. بنکە و بنەمای ڕاپەڕین شاری بۆکان بوو کە خەڵکەکەی دژ بە ئاغاوات ڕاپەڕیبوون، بەلام ڕەنگدانەوەی چالاکییە سیاسییەکانی بۆکان تەنیا لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگیێ بینرا و پێش ئەوەی پەل بهاوێتە شوێنەکانی تر، لەلایەن هێزی هاوبەشی ئاغاوات و حکوومەتی ئێرانەوە تێکشکا. بۆیەش لێرەدا ئاغاوات وەپێش حکوومەت دەخەم کە لە ڕاستیدا ئەوان بوون ڕاپەڕینەکەیان تێکشکاند و لە زۆر جێگا هیچ نیازێکیان بەو چەند جەندرمە و پۆلیسە نەبوو کە مۆڵگەیان لە بۆکان بوو.

٢) ئەم ڕاپەڕینە لە فەزای ئاواڵەی سیاسی نێوان ساڵانی ١٣٢٩ و ١٣٣٢(١٩٥٠-١٩٥٣ز)ی ئێران و سەردەمی «جیبهەی میللی و «حیزبی تودەی ئێران» واتە حکوومەتی دوکتۆر موسەدیق هاتەکایەوە و ڕاستەوخۆ لە ژێر تەئسیری بێگومانی فەزای دژ بە شا و چەوسێنەران کە لە ئێرانی ئەو ساڵانەدا گەیشتبوە لوتکەیەکی بەرز)، پەرەی سەند، بەلام تایبەتمەندیی ئەوتۆشی هەبوو کە نەک هەر لە هەموو شوێنێکی ئێران نەبینرا بەڵکوو کەوتە پێش هەر بزووتنەوەیەکی هاوچەشن لە کوردستان و تەنانەت موکریانیش.

٣) ناسراوترین ڕوخساری دژ بە ئاغاوات لە ناو شاری بۆکان، حاجی قاسمی کەریمی بوو، کە خۆی و میرزا حسێنی برای، بە بنەماڵەکەیانەوە، کەوتنە بەر هێرشی ئاغاواتی ئێلخانیزادە و هەردوو ماڵەکەیان لە گەڕەکی حەمامی قاسمی ئاغای بۆکان لەلایەن ئاغاکانەوە سووتێنرا و بوو بە خۆڵەمێش. بەرەبەیانی ڕۆژی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٥٣ز) بو، ئەودەم من منداڵێکی دەساڵان بووم و وەک هەموو منداڵانی هاوتەمەن چووبوومە سەیری مەشخەڵانی ئاگرەکە. ئیتر حاجی قاسمی خوالێخۆشبو هەر ئەو هەلاتنەبوو کە لە ترسی گیانی هەڵات و لە ئەنجامدا لە هەولێر گیرسایەوە و لەم چوارپێنج ساڵەی دواییدا لە هەولێر سەری نایەوە(یادی بەخێر بێت).

پێویستە ئەمش بڵێم کە حاجی قاسم، کارگەیەکی قەندی هەبوو لە ڕوویەڕووی حەوزە گەورە و من نەمزانیوە خەیات بوویێت، گەچی دووریشی نازانم ئەو قسەیە ڕاست بێت، بەلام میرزا حسێنی برای، مامۆستای خۆم بوو لە قوتابخانەی بۆکان.

٤) بەگشتی، دەوری خەیاتەکانی بۆکان نەک هەر لەو ڕاپەڕینە بەڵکوو لە بزووتنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی ناوچەی بۆکاندا گەلێک بەرچاوە و جێگەی لێکۆڵینەوەی تایبەتە. خەیاتەکانی بۆکان خاوەنی

وشـیـاری چینایەتی زۆر بوون کـە دواتر کـەوتە دۆخی نەتەوایەتی کوردییـەوە. لەوان میرزا حـەمـە رەئووفی حافظ القرآن واهـەیە وەک کەسایەتی دووهەمی ڕاپەڕینەکـەی ناو شاری بۆکان سـەیر بکرێت. ناوبراو دوابـەدوای کـودەتای ۲۸ی گـەلاوێژ هـەڵات و پاشـان لە سلیمانی گیرسـایەوە و لەوێوە بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لەگەڵ حیزبی دیمۆکـراتی کـوردسـتـانی ئێـراندا هاوکـاری دەکـرد. تا ئـەوەی لەم ساڵانەدا کۆچی دوایی کرد (یادی گرشەدار بێت).

جگە لەوان، لە بەرگدرووەکانی بۆکان، ناوی خـوالێخـۆشبوو «حسێن تەهایی»م لە بیرە کە دواتریش دژ بە ئاغاوات و چەوسێنەران خەباتی دەکرد و ئێستا لە ناوماندا نەماوە.

باوکم «مـیـرزا عـەبدوڵڵای سـوڵتـانی» یش هـەر خـەیات بوو بەڵام ئەوەندەی بزانم لـەو ڕووداوانەدا چالاک نەبوو، سـەرەڕای ئـەوەش لە ڕۆژی ئاگرتێبەردانی مـاڵی حـاجی قـاسمدا لەلایەن خوالێخـۆشبوو سـەید حـەمـەدەمین (سـەیدە شـینە)وە لە بەرەی ئاغاکـان، هەڕەشـەی گـیـرانی لێکرابوو و بۆ مـاوەی چەند ڕۆژ لـە مـاڵ نـەدەچوەدەرەوە. بەداخـەوە ناوی خـەیاتەکانی تری بۆکـانم لە بیـر نییـە جگە لە کـاک محەمەدی شاقولی کە دواتریش باسی لێوەدەکەم.

جیا لە خەیاتەکان، پێویستە ناوی «عەلی میرەبەگ» ببەم، کە ئەگەر قـەسـساب نەبووبێت نازانم ئیـشی چ بووە. ئەو و نەمر «عـەبدوڵڵا ئێرانی» قەپاندار، هەردوو، لە چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەکە بوون، هەروەها کـاک «ئەحـمـەد حـەدە»ی شـەربـەتفرۆش و کـاک «حـوسێن فاتحی» لە ژوور هەمووانەوە سەید تەهای تەنەکەساز کە دوکانەکەی لە سـەر شـەقامی نوێی بۆکان (نزیک بانکی صـادراتی ئێستـا) بوو. نەمر سـەید تەها پێش کودەتای ۲۸ی گەلاوێژ بە تاقـەکەس هێرشی بردەسـەر خوالێخۆشـبوو قـاسم ئاغای موهتەدی و بە لێدان خستیە ناو جۆگـەی ئاوی شـەقامـەکەی بۆکانەوە و بەوە هـەیبـەت و جەبەرووتی ئاغـاکـان لـە بەر چاوی خـەڵکی بۆکـان بەیەکـجـاری شکـا و توایەوە. قـاسم ئاغـا وەک مـێشـکی بەڕێوەبەر و ڕێبـەری هـەمـوو هێـزەکـانی ئاغاوات سـەیر دەکرا و لە ڕاستیشـدا هـەروابوو، گەرچی حـەمەدەمین ئاغا و بەگشـتی بەرەی مـاڵی مەحـمـوودئاغا گەلێک لەو توندوتیژتر و دژی خەڵکتر بوون.

٥) جگە لـە خـــەیات و دوکـــانداری بۆکـــان، گـــەنج و لاوەکـــانیش بەشـــداریـیـــەکی چالاکـــانـەی ڕووداوەکـــانیـــان دەکـــرد. ئـەودەم مـامۆسـتـایەکی قوتابـخـانەکـانی بۆکان بە ناوی «شوقاقی» کە تا ئەم سـالانەی دواییش هـەر مـابوو، و کـوردیش نەبوو، دەورێکی بـاشی لە پەروەردەکردنی لاوان وقـوتابیـان و ڕاکێـشـانیان بەرەوبیـری چەپ و حیزبی توده دەگێڕا. گەلێک لە قوتابیانی ئەودەمی بۆکان شاگردی ئەو بوون و شـوێنـی ئەویان لە سـەربوو. لەو قـوتابییـانە هـەندێکیـان دوابەدوای کـودەتای ۲۸ی گەلاوێژ چ لەلایـەن ئاغاکـان و و چ لەلایەن حکوومـەتەوە گیـران و جەزرەبە دران. ناوی ئەو کەسـانەی وا لە بیرم مابێت ئەوانەن:

خوالێخۆشبوو«مەحمـوودی ڕەزایی»، کـاک «برایمی حەریری» ، کـاک «ڕەشـیدی حـەسـەنزادە» و کـاک عومـەری سـوڵتانـی(وەفا) برای خـۆم. لەوانـە، کـاک مـــەحـــمـــوودی ڕەزایی لە لایەن ئاغـــاکـــانی بۆکـــانەوە دوابەدوای کـودەتای ۲۸ی گـەلاوێژ و تێکشکـانی ڕاپەڕینەکـە گیـرا و خـرایە حـەوزی مـاڵی قـاسم ئاغـای مـوهتـەدییـەوە و دارکاری کـرا و ئینجا بەردرا.

کاک عومەری سوڵتانی، ئەودەم تازە قـوتابخانەی بەجێهێشـتبوو و بە تەنیشت دوکانی خەیاتی باوکمەوە دوکانێکی ڕۆژنامەفرۆشی دانابوو. کاکم بە گشـتی ڕۆژنامـەکانی بەرەی پێشکەوتخواز واتـە «جیبهەی مـیللی» و حـیـزبی تودەی ئێـرانـی دەفـرۆشـت. ئەویش دوابەدوای کـودەتای ۲۸ی گـەلاوێژ لە بۆکـان گیـرا و نێـررایە مـەهاباد و دوای ئەوەی ماوەی ۲ مانگ زیندانیان کرد، بە کەفالەت بەریاندا.

بەڵام ڕەشـیدی حـەسـەنزادە ئاغـاکان گرتیـان و دایانە دەست پۆلیس، ئینجـا سـەریان چوارقـاش تاشی و بە ناوەڕاستی شـەقـامی بۆکـاندا بردیان بۆ گاراج و لەوێوە بۆ مەهاباد بۆ دادگا. کاک ڕەشید ئەودەم و دواتریش هـەر لە بەرەی دژ بـە ئاغاواتدا وەسـتـا و، بەشـێکیش هـەر لە ترسی ئەوان بوو کـاتێ دایرەی سـاواک لە سـاڵی ١٣٣٦(١٩٥٧) لە مـەهـاباد دامـەزرا، بوو بە کـاربەدەسـتی سـاواک و ئیـتر لە خزمـەتی ئەواندا کەوتە گیانی خەڵکانی سیاسی و نەتەوەپەروەرانی ناوچەکە و لە هیـچ توندوتیـــژی نواندنێک دژ بـە خـــەباتکـاران و و گـــرتن و ئەشکەنجەکردنیان ڕانەوەستا. حـەسـەنزادە لە ماوەی پێوەندییەکانی سـاواک و ڕژێمی شـا لەگــەڵ شـۆڕشی ئەیلوولدا (٧٥-١٩٦١) خـزمــەتێکی زۆری بە سـاواکی کـرد و هاوڕێ لە گـەڵ سـەرهەنگ مـودەڕیسی و سـەرهەنگ پەژمـان پێـوەندی ڕۆژانەی لەگـەڵ بەڕێوەبەران و کار بەدەسـتانی شـۆڕشی ئەیلوول هـەبوو. بە گوێرەی زانیاری من، کاک ڕەشید ئێستا لە مەهاباد دەژی و لام وایە یەک لەو کـەسـانە بێت کـە زانیـاری زۆری لە سـەر ڕووداوە سـیـاسـییـەکـانی سـاڵانی نێـوان ١٣٣٢ تا ١٣٥٧ (١٩٥٣ تـا ١٩٧٩) هـەیە و جـێگەی خـۆی دەبێ ئـەگـەر ڕاسـتـەوخـۆ بیرەوەرییـەکانی خـۆی بنووسێـتـەوە یاخود ڕووناکبیرانی شاری مەهاباد و بۆکان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکەن.٤

لێرە بەدواوە، ئاغـاکانی بۆکـان پەلاماریان بردەسـەر هـەر بیرێکی نوێ و بە ناوی «تودەیی»یەوە هـەرکەسیان ویست گرتیان و دارکاری یاخود دەربەدەریان کـرد و تەنانـەت کوشـتـیـان و بە چۆمی بۆکـانیـان دادا. پۆلیس و جـاندرمـە بەگشـتی سیـسـتـەمی حکوومـەتی ئێـرانیش لەو مـاوەیەدا پشـتی ئاغـاوەتیان گـرت و ئەوەی ئەوان بۆیان نەکـرا، ئەمـان ڕاستەوخۆ کردیان.

٦) ئەو ڕووداوانـەی بۆکـــان و بەگـــشـــتی ئێـــران، ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابیان لە ناو گوندنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکاندا هەبوو. ئەوەی کە بۆچی وەرزێر و بەتایبـەت ڕەشـاییەکانی ڕۆژهەڵاتی شـار وا بە توندی ڕاپەڕین و خـــۆیان ڕێکخـــست بەڵام لـە بـەری ڕۆژئاوای شـــار تەقینـەوەیەکی ئەوتۆ ڕووی نەدا جێگەی سـەرنجی تایبـەتە و تەنانەت ئەوەش کـە بۆچی بۆکـان بەگـشـتی بوویە ناوەندی بزووتنەوەیەکی جـەمـاوەری چینایەتی، بەڵام بۆ نموونە ڕاپەڕینی خـەڵک لە مـەهاباد

زیاتر ڕوخساری نەتەوایەتی هەبوو و لە ژێر ڕێبەرایەتی حیزبە سیاسییەکان(حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئێران)دا بوو، جێگەی لێکۆڵینەوەی تایبەتە.

بە بۆچوونی من، زەخت و زۆریی ئاغاواتی بۆکان لە سەر خەڵک، یەک لە هۆ سەرەکییەکانی ئەم جیاوازییەن. بۆکان شارەدێیەکی گەورە بوو، تایبەتمەندیی شار وەک ناوەندێکی ئابووری ـــ ئیداری تێدابوو بەڵام جیاواز لە هەموو شوێنێکی هاوچەشنی ناوچە، سەرجەمی شارەکە بە ملکی هی بنەماڵەیەک لە ئاغاواتی دێبۆکری بوو (ئێلخانیزادە و موهتەدی) کە خۆیان و ئامۆزا و بن ئامۆزایان لە گوندەکانی ڕۆژئاوای بۆکان خاوەنی دەسەڵاتی سەرەکی بوون (عەلیار و مەعرووفی و...). دانیشتووانی گوندی ئەو خاوەن ملکانە دەرەتانی ڕاپەڕینی جەماوەرییان دژ بە ئاغاکان نەبوو، گەرچی لە هەندێ گوندی وەک «داشبەند» و «عەمبار» بزووتنەوەیەکی بەربەستکراوی خەڵک بەرچاو کەوت. دڵنیام لەوبوارە و لە هەموو مێژووی ئەو سالانەدا، بەڕێز کاک محەمەدی نووری (عەتری گلۆلانی) شاعیری بەنرخی کورد زانیارییەکی زۆری هەیە و ئەوەی من لێرەدا دەینووسم لە چاو ئەوەی ئەو دیتوویە و ڕاستەوخۆ بەشداری تێدا کردووە، قەترەیە لە بەرانبەر دەریادا. خۆزگە ئەویش ئاوڕێکی لە مەسەلەکە بدایەتەوە. هەروەها خەڵکانی وەک کاک محەمەدی ئەفخەمی کە لەگەڵ کاک محەمەدی نووری دا دانیشتووی «داشبەند» بوون دەنگیان هەڵبڕیبایە.

هۆیەکی دیکەی ئەم جیاوازییە واهەیە دەوری ڕووناکبیرانە و پێشکەوتنخوازانەی هەندێ لە ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی بووبێت کە گوندنشینەکانی ناوچەی خۆیانیان لەگەڵ چەمکی یەکسانی و بەرانبەریی ماف و هەروەها دابەشکردنی زەوی ئاشناکردبێت.

هەرچۆنێک بێت بزووتنەوەی شاری بۆکان لە ناوچەی فەیزووڵڵابەگی ڕۆژهەڵاتی شار ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو. گوندنشینەکان بەتایبەت لە هەندێ گوند وەک «گۆل»، «یەکشەوە»، «ئاڵبلاغ» و «تیکان تەپە» و.. دژ بە ئاغای گوندی خۆیان ڕاپەڕین. لە هەندێ شوێندا ئەم ڕاپەینە ڕەنگی هێرشکردنەسەر ماڵی ئاغا و دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زار و تەنانەت ماڵی ئاغاکانی بە خۆیەوە گرت، کە هەندێ جار هاوڕێبوو لەگەڵ توند و تیژی نواندن و ڕووخاندنی ماڵ یا دەرهێنانی دەرگا و پەنجەرەی ماڵی ئاغا. لە هەندێ شوێنی تر، کارەکە ڕێک و پێکتر و بەڕێ و جێ تر بوو. لە ئاڵبلاغ و یەکشەوە، بزووتنەوەکە کەوتبوە ژێر ڕێبەرایەتی کەسانی وەک میرزا فەتحوڵڵاوە و بەرەو ئەوە دەچوو کە ئەگەر وا زوو تێکنەشکابایە شێوازی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی و تەنانەت نەزم و تەرتیبی حیزبی بە خۆیەوەبگرتایە.

بەم شێوەیە ئاغاکانی فەیزوڵڵابەگی یا لە گوندەکانی خۆیان دەرکران یا خۆیان ماڵیان پێچایەوە و لە ڕۆژانی پێش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بارگەیان بردە بۆکان، کە ببوە قەڵای بەرەی چەوسێنەران و زۆرداران، گەرچی سەرەڕای دەسەڵاتی ئاغاکانی بۆکان و پۆلیس و جاندرمە، هیچ ئاغایەک لە ترسی ڕاپەڕیوانی شار نەیدەتوانی لە ماڵ بێتە دەرەوە. ئەم بارودۆخە تا ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، درێژەی هەبوو. هەر ئەوەندەی هەواڵی کودەتا و ڕووخانی حکوومەتی میللی دوکتۆر موسەدیق لە ڕادیۆ بڵاوبووەوە، دارەدەست و نۆکەر و دەست و پێوەندی ئاغاکان وەربوونە ناو شار و گوند و، ڕاپەڕیو و ئازادیخوازان یا گیران یا کوژران[۳] یا خود هەڵاتن و لێرەولەوێ خۆیان شاردەوە.

من ئەو ڕۆژەم لە بیرە! لە ماڵی خاڵم لە گەڕەکی گۆلی مەردانبەگ و ماڵی قازی کاکەحەمە گیرم خواردبوو. هەموو دەرگای ماڵێک داخرابوو.باب نۆکەر و دارەدەستی ئاغاوات بە کۆڵانەکاندا وەرببوون، جنێویان دەدا و بە پێلەقە دەرگای ماڵانیان دەشکاند. ژێرخانی ماڵان ئاوەدان ببوونەوە و خەڵک خۆیان تێدا شاردبووەوە. ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر، لە بۆکان لەلایەن ئاغاوات و حکوومەتەوە خۆپیشاندان سازدرا. لە بەر قەپانی قاسم ئاغا کە ئەودەم حوکمی گۆڕەپانی شارەکەی هەبوو خەڵکیان کۆکردبووەوە و وتاریان دەدا. من ئەو شانۆیەم هەر لەبەرچاوە کە کاک سەلاحی موهتەدی چووبوە سەر بەرزاییەک و قسەی بۆ خەڵک دەکرد.

بەگشتی، ڕۆژانێکی ڕەش بوو، دژایەتی شەخسی و تایفەیی دەوری دەبینی، هەرکەس سەر بە دەسەڵاتی ئاغاکان بوایە، ناحەزەکانی خۆی بەوە تاوانبار دەکرد کە «تودەیی»ن[٤] و هەرئەوەش بۆ گیران و لێدران و لەوە خراپتر پێکرانیان لەلایەن پۆلیسی شاو «حکوومەت نیزامی»ی تەیمووری بەختیارەوە بەس بوو. پیاوی ئاغاکان نامەیان دەگێڕا و بە دوکاندار و حاجی و دەوڵەمەندیان مۆر دەکرد و داوای گیران و موحاکەمەکرانی ڕاپەڕیوەکان وەک خوالێخۆشبووان «عەبدوڵڵا ئێرانی» و «عەلی میرەبەگ» و حاجی قاسم و ئەوانی تریان دەکرد.[٥] حکوومەتی کودەتا واتە شا و سەرلەشکر زاهیدی لە تاران دەستیان بە ئیعدامی ئازادیخوازان کردبوو، چالاکانی سیاسی لە مەهاباد گیرابوون و هەندێ کەسی وەک کاک حوسێنی فاتحی و میرزا «محەمەدی شاقوڵی»یش کە خەیات بوو لە بۆکان گیران. باوکم کە ئەویش هەر خەیات بوو، لە کاتی دوای تەواوبوونی شەوکار و گەڕانەوە بۆ ماڵ، پۆلیسی بۆکانی دیتبوو کە میرزا محەمەدیان گرتووە و خستوویانەتە جۆگەی ئاوی سەر خەیابانەوە و بە باتووم و دار لێی دەدەن. دواتر خوالێخۆشبوو «عەبدوڵڵا سامبەگی» و میرزا حەمە ڕەسووڵی ئیسماعیلزادە و میرزا حەمە ساڵحی کەریمی هەر لەو پێوەندییەدا گیران و لە ورمێ و تاران خرانە زیندانەوە. بیرەوەرییەکانی مامە غەنی بلوریان، لە سەر هەندێ لەو ڕووداوانە و هەروەها دەوری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە کێشەکانی بۆکان و دەوروبەریدا گەلێک بەنرخن. بەگشتی حوکمی شا و کودەتا بە گرتن و لێدان و شاربەدەرکردنی خەڵک لە بۆکان و دەوروبەری دامەزرایەوە و قارەمانانی ونی ئەو ڕاپەڕینە پڕ شانازییەش لە شار و گوند ئاوارە و دەربەدەر کران، یادی هەموویان بە خێر بێت.

لە پێوەندیی ئەم وتارەدا، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

**یەکەم:** من ڕاپەڕینی گوندنشینانی فەیزوڵلابەگیم وەک ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینێکی بەرفراوانتر سەیر کردووە کە ڕاپەڕینی خەڵکی ناو شاری بۆکان بێت و ڕاپەڕینەکەی بۆکانیشم لە ژێر تەئسیری ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی میللی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی جیبهەی میللی و شەخسی دوکتۆر موسەدیق، هەروەها چالاکییەسیاسی ـ چینایەتییەکانی حیزبی تودەی ئێران و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکەدا بینیوە.

**دووهەم:** ئەم شێوە بۆچوونە نابێتە هۆی چاوپۆشین لە هەندێ تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی خەڵکی شاری بۆکان و هەروەها گوندنشینەکانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی. گوندنشینانی ئەو ناوچەیە دەبێ خاوەنی سوونەتێکی کۆنی خەبات و چالاکی چینایەتی بن. بەڵگە بۆ قسەکەم ئەوەیە کە لە ماوەی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)ی ئێران و شەش مانگی دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەشدا کە بۆکان بە دەست هێزە سیاسییە کوردییەکانەوە بوو و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی ئێرانی لێ نەمابوو، دوو ڕێکخراوەی چەپ واتە «فیدائیانی ئەکسەرییەت» و «کۆمەڵەی زەحمەتکێشان» لە هەوڵی دابەشکردنی زەوی و زاری ئاغاواتی دەوروبەری بۆکاندا بوون، زیاتر هاودەنگی لە لایەن گوندنشینانی هەمان ناوچەی فەیزوڵلابەگییەوە هاتەکایەوە و ئەمجاریش بەشێک لە ئاغاواتی فەیزوڵلابەگی لە گوندەکانیان دەرکران،[٦] دەست بە زەوی و زاریاندا گیرا و بەسەر ڕەشایی و بێ زەوی وکەم زەویدا دابەشکرا. من ئەودەم ڕاستەوخۆ لە بۆتەی کارەکەدا بووم و لە عەینی کاتدا کە پێ لە زۆر هەڵە و پەڵە و توندوتیژی ڕێکخراوەکەمان (فیدائیانی ئەکسەرییەت) و شەخسی خۆم دەنێم، ئێستاش و بۆ هەمیشەش بە ڕێزەوە سەیری ئامادەیی خەباتکاران و بەگشتی هەموو دانیشتووانی گوندەکانی فەیزوڵلابەگی تا «سەراو» و «ڕەحیمخان»ی نزیک میاندواو دەکەم. وەک دیتمان، لەم دەرفەتەشدا گوندنشینەکانی فەیزوڵلابەگی سەروگەردنێک لە پێش خەڵکی ناوچەکانی تری دەوروبەری بۆکان بوون و بۆکانیش جارێکی تر ببوە جەرگەی خەباتی چینایەتی و ڕاپەڕینی دژ بە ئاغاوات لە هەموو کوردستانی ڕۆژهەلاتدا.

**سێهەم و کۆتایی قسە:** لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ئێستای کوردستان و بۆکاندا، بەباکردنی کای کۆن و وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ڕابوردوو نابێ ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی پێوەندییەکانی کۆمەڵگا.

زۆرێک لەوانەی کە ئەودەم خۆیان و بنەماڵەیان لە بەرەی چەوسێنەراندا بوون ئێستا بە کردەوە لە خزمەت خەڵکدان. کوڕ و کوڕەزای هەر ئەو ئاغاواتە، ئەمڕۆ لە چالاکانی بزووتنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی گەلی کوردن و واهەیە پێچەوانەکەشی لە بەرەی ئەولا هەبێت. ناوهێنانی ئەشخاس لەم یادداشتانە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانە، دەنا بۆ نموونە کاتێ ناوی کاک سەلاحی موهتەدی دێنم، ڕێزی زۆرم بۆی هەیە و دەزانم کە ئەمڕۆ کەسایەتییەکی دڵسۆزی گەل و نیشتمانە و لەم ڕێگایەدا تووشی ئاوارەیی و ماڵوێرانی هاتووە. کوڕو کوڕەزای زۆربەی ئاغاکانی ئەودەمیش ئەمڕۆ ڕێبەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانن و لە بەرەی دژ بە ڕژێمدا دەجەنگن. هیوایە ئەم دێڕانە نەبنە هۆی قووڵبوونەوەی برینی دووبەرەکی و دژایەتی نێوان خەڵک و تەنیا وەک بابەتێکی مێژوویی سەیر بکرێن یا شارەزایان لە سەر ئەم بابەتە گرینگە بنووسن و ئەگەر هەڵە بە بنووسی مندا هاتبێ بۆ مێژووی ڕاست بکەنەوە.

هاوینی ٢٠٠٢

**پەراوێزەکان**

١- ئاغاکانی بناو شاری بۆکان، لە دوو بەرەباب (ئامۆزای یەکتر) بوون: بەرەی حاجی بایزئاغا و بەرەی مەحموودئاغا، ناسناوی هەردو لاشیان ئێلخانی زادە بوو، بەڵام دواتر ـ ئەوەندەی من بزانم لە ساڵانی دوای ١٩٥٣دا بەرەی ماڵی حاجی بایزئاغا، جگە لە ئەحمەدئاغا ناسناوی خۆیان گۆڕی و کردیانە موهتەدی و دوای ئەوساڵە، هەموو کوڕانی حاجی بایزئاغا کە بەداخەوە ئێستا هەموویان کۆچی دواییان کردووە، بە موهتەدی دەناسرێن نەک ئێلخانی زادە. بەرەی حاجی بایزئاغا لەم ئاغاواتە پێکهاتبو: خوالێخۆشبووان حاجی ڕەحمان ئاغا، ئەحمەد ئاغا(باوکی کاک سوارە)، قاسم ئاغا (کە لە ڕاستیدا وەک بەڕێوەبەری هەموو بنەماڵەکە و ئاغای شاری بۆکان سەیر دەکرا)، حاجی ئەبوبەکرئاغا و کاک سەعد.

بەرەی مەحموودئاغا، بنکەی سەرەکییان لە دەرەوەی بۆکان لە گوندی حەمامیان بوو و چەند گوندێکی دیکەشیان لە ڕۆژئاوای بۆکان بەدەستەوە بوو. لەو بەرەیە، ئەوانەی وا دانیشتوی بۆکان بوون و حوکمی شاریان دەکرد بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان: حاجی سمایل ئاغا، برایم ئاغا و حەمەدەمین ئاغا. حوکم زۆرتر بە دەست حەمەدەمین ئاغا بوو کە لە شاریدا کەس خۆشی نەدەویست و هەندێ دەستوپێوەندی وەک ڕەشیدی ڕۆستەم پاڵەوانی هەبوو، کە لە زوڵم و زۆردا نموونە بوون.

٢- ئەم تەعبیرە لە ئەدەبیاتی حیزبی بەتایبەت لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا باوە و لە بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو کاک کەریمی حیسامی و بەڕێزان غەنی بلوریان و جەلیلی گادانی و ئەوانی تریشدا هاتووە.

٣- من ئەودەم تەنیا دەمبیست تاقەیەک کەس کوژرابێت و جەنازەکەی خرابێتە چۆمی تەتەهووەوە بەڵام دواتر لە نووسین و بیرەوەرییەکانی خەڵکانی تردا قسە لە «کوژراوان» دەکرا نەک لە «کوژراوێک».

مامۆستا هێمن لە سەرەتای «تاریک و ڕوون»دا دەنووسێ:

«لاشەی دەیان وەرزێری شۆڕشگێڕ و تێکۆشەریان بە چۆمی بۆکان دادا»

٤- پێیان دەگوتن: «تووتەیی».

٥- یەک لەو نامانە لە ناو فایلەکانی ئیدارەی شەهرەبانی بۆکاندا بوو و دوای ڕووخانی ڕژێمی شا و دەسەڵات سەندنی پێشمەرگەی کورد، لەگەڵ بەڵگەنامەکانی دیکەی شەهرەبانی و ژاندارمەری و بەخشدارییی کەوتە دەست «کۆمیتەی ئینقلابی»ی بۆکان. سێ مامۆستای قوتابخانەکانی بۆکان ومن لەلایەن کۆمیتەی ئینقلابەوە کراینە مەئمووری ڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەکان. من ئەو بەڵگەنامەیەم دا بە کاک ئەسعەدی ئێرانیزادە کوڕی خوالێخۆشبوو عەبدوڵلای ئێرانی. بەڵگەنامەکە بریتی بوو لە نامەیەکی مۆرکراو لەلایەن بازاڕی و تاجر و پیاوماقووڵانی شارەوە کە داوای موحاکەمەی چەند کەس و یەک لەوان «عەبدوڵلای ئێرانی»یان لە حکوومەت کردبوو.

٦- دەڵێن شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات. ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاواتی فەیزوڵلابەگی لە ماوەی شۆڕشی ١٩٧٩دا لە ڕیزی خەڵکدابوون و شان بە شانی جووتیارانی گوندەکانی خۆیان خەباتیان دەکرد. بۆ نموونە عومەرخان و عەلیخانی بەگزادە، بەڵام خۆیان و زۆری تر لە ئاغاواتی خزمیان زەوی و زاریان لێ دابەشکرا و تەنانەت توندوتیژی دژ بە هەندێکیان کرا. لە کاتێکدا کەس بۆ لای ملکی ئێلخانیزادە و موهتەدی و چەلیار نەچوو.

* * *

شێعر: حەمە شوان شەریف

## دوولەتبوون یان گریان لە بەر باراندا

چۆن تێکەوتم..
تێکەوتنێ.. خۆم تەرمی خۆمم بە شانەوەیە و
بەرەو دواکۆچ خۆم دەنێژم.
ئەم ناسیتایە چی دەبوو؟!
سەیرە.. لات سەیر نەبێ
دڵم بە دەستمەوەیە و لە بەخشینی بە کومانم
ئەو پێیانەی تۆ دەیبینی پێیان دەڕۆم
هینی خۆم نین..!
ئەوانەی خۆم،
لەو کەنارانەدا فڕێمداون
ئێواران بۆ باڵایان ئەشک دەڕژم.
سەیرە.. جاران دەستم دەدایە ئاسمان و
دوا پرچی ئەستێرەکان من دەمبەستن
کەچی ئێستا..
نە پرچم بۆ دەبەسترێ و
نە لە چاوی ئاسمان دەگەم،
سەیرە..
دڵم چ بۆتەیەکی بەقینە،
شەپۆلەکانی ئاشقێکی رووتەڵەن و
تاقگەکانی بە دەم گۆرانییەوە
لە بەر باران دەگرین..
جاران.. کە منداڵ بووم
پێیان دەوتم.. رۆڵە مەچۆرە بەر باران
من هەر دەچوومە بەر باران!
ئەمێستاش.. کە گەورە بووم
لە باران و لە درەختیش بەگومانم
هی ئەوە نییە پێیکەنم
لە یاساشتان بە کومانم ئەوروپایی.
سەیرە.. لەو عاشقانە
نە چووم و ناچم و ناچم
بە سەر یادگارییەکاندا بگریم
یادگارییەکان...
دەدەمە دەست ئەو منداڵە چەتوونانەی
بە بەرد پەنجەرەی ماڵەکان دەشکێنن
یان.. دەیدەمە دەست ئەو ئافرەتانەی
شەوانە وەک نهێنی بە دزی مێردەکانیانەوە
لە خوار چەناگەیانەوە بیشارنەوە،
من دەڕۆم...
بەڵام گرنگ نییە بزانم بۆ کوێ دەڕۆم!

من ئەمە بیرمە
کورسی گەورە پیاوەکان
بە بوتڵی دەستی سەرخۆشەکان ناگۆرمەوە
چاوی کیژان..
بەو «با»یە نادەم ئێواران
سەما دەکا و بە گریانەوە لەگەڵ باڵامدا گۆرانی دەڵێ..
لەبری ئەوەی بۆ کچێ بگریم
چاوەڕوانی دارستانی یاسایەکم
بۆ هەمیشە شەونم لە سەر گەڵاکانی بتکێ و
برژێتە سەر رۆحی منداڵە بەدبەختەکانی
ئەو وڵاتە زێرابە.. کات نیوەی شەوە...
مەسیح .. بە ئەسپایی
بە پەنجە لە پەنجەرەی ژوورەکەی دام
بە دەم وەنەوزەوە بۆم کردەوە
فەرمووی تۆ بە مشت ئاولەکانی دەربێنە و
لە بەر سێبەرا بیخۆرەوە،
فەرمووم جەناب!
نالی یە بوو لەلای ئێمە
حەبیبەی خستە بەر خۆر و
خۆی لە بەر سێبەریدا سووتا،
لە بەر خۆوە وتم..
کێ بەم شەوە ژوورەکەی نیشاندای
ژوورێ شەو نییە بە لاشەی عاطفە
پەنجەرەی نیگاکانی پێنەشکێنم
ژوورێ شو نییە..
لەگەڵ سێبەرکەشما نەجەنگابم
ئاخر.. وەرن بڵێن..
بە دەم ئەم ونبوون و گریانەوە
روو لە کوێ کەم..
کێ بیر لە کێ دەکاتەوە
یان.. کێ بە پێوە بووەتە کێلی کێ؟!
دوێنێ کەرێک گوێی بۆ گرتم
ئەمرۆ باران کوشتی! ئەویش تۆ خۆش.
ئەی مردنی پاشا
کوێت پێباشە تا من لەوێ چاوەڕێ بم
گریمان.. وەک ناوی شەهیدێ ونبووم
من گیانم سێبەری تابووتێکە.
لەم جەنگەڵستانی بێ ماچەدا
لە بەیانییەکی زۆر سارد دەچم
هاکا بووم بە دوو لەتەوە
لەتێک دەچێتە بەر کومان و
لەتێکم بەرەو باران...

سوید

شێعر: پەرتەوی نوری عەلا

وەرگێر: ئارام بوداغی

# ژن

دەم ببەستن
دەستەکانم بشکێنن
ئەندێشەم لە گۆڕ نێن و
لە "کفنێکی ڕەش"م گرن
لە تاریکترین قوژبنی ماڵ بمشارنەوە.

لە ناو تەمی بێ باوەڕی، لە کەڵیان ژیام
لە نەبەردێکی نابەرابەر،
دژی خێڵی خەنجەر وەستام
لە غوربەتێکی غەریبا،
لە زیندان لە بەژنی حەز و ئەوینم ئالام
بە ئاهەنگێکی خەمباریش،
گۆرانیم وت لە دەرد و ژان

ئێستاش ئەی دالاشی پیر،
لە سەر لاشەم هەڵنیشتووی
بەلام چت لە بۆکرووزی ئێسکانی نیوە سووتاوم دەوێ؟
من کە شەکەتیی کارم چێشتووە
لە نێو مەزرای گەنم و
بۆنی کرچ و کاڵی مەزرادا
جگەر گۆشەم بە کۆڵەوە ـ ڕیشەی گیانم درووەتەوە.

چت لە چاوانی کەم سۆمام دەوێ؟
کە من بە کەڕەنای نەسرەوتووی کارخانە
چاوم کراوەتەوە.
لە سیا چاڵێ کە ناوی کارگایە،
لە ژێر باری قورسی کارا پرووکاوم.

چت لەغونچەی سووری پەنجەکانم دەوێ؟
کە من بە هەر نیگارێکی نوێ لە باغی مافووردا
ژانێکی قووڵم خستۆتە ناسۆرمەوە.

چت لە دەستانی بەلالێدراوم دەوێ؟
کە من سالیانی ساڵ بە زەمبیلێکی خوت و خاڵی
داخدار و دڵبریندار

کوچە و کۆلانی شارم پێواوە و
دەستانی قەلشیوم
بە شیو و کوڵ
بە خاوێنکردنەوەی ماڵ، بە چێشتلێنان
لە چاوەڕوانی گۆڕانی مێژوودا کردۆتەوە.

چت لە گیانی من دەوێ؟
دوای عومرێک ڕەنج و کار وێڵت کردم
لە هەودای باریکی زولفم
تەنافی ڕزیوی تۆڵەت بادا و
زەنین و بێ باوەڕ،
بە گەوج و نەفامت دانام
شەرمەزار خۆم کە بوونی من لە تۆڕایە.

دێوەزمەی ئێشتیا و ئارەزووت
بە لەشی نیوە مردووم دامرکاند و
چارەڕەشیی شاوەتت لە دەمارەکانم ئاژین کرد و
ئەوجار براکانمت قابیل ئاسا
بۆ پلانی کوشتنم بانگ کرد.

مەجنوون و تەوەلا، زیندە بە گۆڕت کردم و
سەنگی مەحەکەت بە سەردا باراندم و
منیش لەو دیوی بارانی بەردا
ڕەنگی پەریوی تۆم بە سووریی خوێن هاتەبەرچاو.

ئاخ کە بێ ترس و ئەندێش
مەدحی قاتڵی خۆمم کرد.

بەلام جەللاد!
لە بیرت بێ
چونکە لە بەرەبەیانی ڕۆژی نەبەردا
وێنەی قەقنووس هەڵدەستمەوە، هەڵدەستمەوە.

* * *

**سەرچاوە:** گۆڤاری "پیام آشنا" ، ژمارە ١٥٦، اسفند ١٣٨٠.

دوو پارچە شێعر:

## هیوا شەمسی بورهان

شێعر لای من
جاری وایە برووسکەیە دەگرمێنێ
جاری وایە
بەربوونەوەی سێوێکە لە دار
ئارەقەی خەونێکی ئاڵۆزە.
جاری وایە
بەرلیکەی سووری مناڵێکە
جاری وایە
بۆ دوارۆژی کچێکی لاو
دوعای بەخێری دایکێکە.
جاری وایە
کوێرە ڕێیەکی باریکە
لە لاقەدی کێویکی سەخت
دەڕواتە سەر.
جاری وایشە
خەڵوەتخەمێکی ئارامە
لێفەی بە خۆی داداوە و
درێژ بووە و نایەتەدەر.

١٩٩٩

لە ژوورێکی ڕەش و بێدەنگ
بێ هاڕەی شار
لە لای سۆبە پاڵم داوە و
دەڕوانمە قورمی دیوار.
پەنجەرە هەڵمی کردووە
دەرێ بەفر و کرێوەیە
کۆڵەکەیەک بە دوو بزمار
ئاوێنە و مورووی پێوەیە.
لە سەر سەکۆ
چرایەکی شووشە شکاو
بە لایە لایەی سەماوەر
ئارام ئارام
ڕێگای خەوی گەرتۆتە بەر
دوورم لە شار
هیچم ناوێ
ئەوساڵ زستان لێرەدەبم
با ڕووحەکەم
تینی ماڵی دێی تێکەوێ.

تاران ١٩٩٧

ئەسعەد ڕەشیدی (زاگرۆس)

## «سنە»

بۆ یاسەمین

دەلاقەکان دادەخرێن ڕوو بە سنە
جادەکان لە گەردەلوول و دوکەڵدا دووردەبنەوە لە سنە
ـ ئەستێرە دامرکاوەکان و
ئاهەنگی نەپساوەی دڵۆپەکانی شەو
بە سەر سینگە ئەرخەوانییەکەتدا
دارسانە گڕگرتووەکان و
بۆنی سووتان
کە بای مەست دەیهێنان ـ

ئای «ئاویەری» خەمبار
دەنگی پێی سوارەکانت، ئایا هێشتا لە بیرماوە؟
ئەوە کێ یە لە دوورەوە بە تاو دێت؟
بە ڕوخسارێکی تۆزاوی و هەزار نەشتەری ڕووت.

دەلاقەکان دادەخرێن ڕوو بە سنە
گۆرانییە خنکاوەکانی سوارەکان
لە تەمی مەندی شەودا دوور و دوور دەبنەوە.
٢٠٠٢/٦/٢٠

## نوستن

محەمەد ئەمین پێنجوینی

ــ کە ڕۆژ هەڵدێ بیرت دەکەم!
سوژدەی زەردەشتیت بۆ دەبەم!
چونکە گزنگی خۆرەتاو
تاڵی قژی تۆم دێنێتە بەرچاو..!
ـ کە ئەستێرەی (کاروانکوژە) ئەجریوێنێ
نیگای چاوی تۆ ئەنوێنێ..!
ــ کە مانگ ئاوادەبێ و دەڕوا
ئەوسا وێڵم بە دوای تۆدا..
لەتەک ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ ئاوێتە بووم
مۆم ئاسا تیا توامەوە..
تاسە و غەم و تامەزرۆیی شەو چەرەی (بوون)؟!
بۆی ژیامەوە..!
شەو تارماییت ئامێز دەگرم
چپەکانت لە ناو گوێمدا زرنگەیان دێ!
بۆنی (هەناسە سوارەکەت)..
غونچەی مێشکم ئەپشکوێنێ..!
هەڵی ئەمژم.. ئەتلێمەوە..!
بەو دیمەنانەوە ئەنووم..!
ـ تا بەیانی خۆ لە نوێنەکانم ئەسووم..!

بەرلین: نەورۆزی ٢٠٠٠

مەهاباد قەرەداغی

## شەش هەست لە نێوانماندا

بە دەستێکی گۆزەی سۆزی هەڵگرتووە و،
لە سەرکانی هیوامەوە،
بەرەو باخچەی ئومێد دەڕوا و
نەمامی بەژن زراڤی خەونەکانم ئاو دەدێرێ
بەو دەستەکەی،
شەوئاسا دێ و
تاریکیم لەناو پاکەتی نامەیەکی کراوەدا
دەداتە دەست
بە بێ مەبەست،
پەڕەکانی گوڵەبەڕۆژەی گلێنەم دەژاکێنێ
بە بێ مەبەست،
خەتێکی ڕاستوچەپ
بەسەر جوانترین پەیڤمدا دێنێ،

بە چاوێکی تەماشای سەوزایی ڕۆح و،
شینایی مێرگی ئەڤین و،
سپێتی ئاسمانم دەکات
بەویتریان، تیلەی نیگای بڕیوەتە
هەڵوەرینی گەڵای بڵندترین سنەوبەری عومرم

بە گوێیەکی،
گوێی لە خشەی پێی ڕووناکترین چرامە
سووک سووک یادە خواییەکانم دەلاوێنێ
بەوی دیکەی
گوێقوڵاغی قرچەی شکانی شەنگترین لقی نەمامی هیوامە
لاسارانە و بە بێ مەبەست
تووڕەم دەکا و
بەرەو شێتبوون دەمبزوێنێ

هەر بەو دەمەی کە شوێنەواری هەزاران ماچی گەرمی لەسەر لێوم
جێهێشتووە
زەنگی سەدان وشەی نەرمی عاشقانەی بۆ لێداوم
هەر بەو دەمەی
پەیڤی زبر، نەشتەرئاسا بە دڵی ڕۆحمدا دێنێ
هەر بەو دەمەی
پەیڤی ئاگر، لەناو دارستانی سەرمدا هەڵدەکات
بیر و،
وشە و،
شیعر و،
یادگاری عەشقیشم دەسووتێنێ

هەمان باخچە،
ئەوسا بۆنی نێرگزەجاری ئەڤین بوو
ئێستا سووتوو
هەمان خونچە،
ئەوسا عەتری خوایی ژیانی لەتوێ بوو
ئێستا کەڕوو

بە پێنج هەستی هەست بە سۆزی
یەک بە یەکی گۆرانییەکانم دەکات و،
لە نێو جۆلانێی باوەشم دەیخەوێنم
بە شەشەمی، ڕادەچڵەکێ و،
لە ئامێزی گەرمترین ماچدا هەڵدێت
دێوانە ئاسا بەرەو کەژی تاریکی و
دارستانی ترسناکی شەو غار دەدات
منیش ، ناچار، گرێی ئەم ڕازە کوێرانە
لەکەناری ڕووباری ماندووی تەمەندا دەکەمەوە و،
بۆ کاشەبەردێکی سەبری دەدرکێنم.

٢٠٠٠/١٢/١٣

## کەشکۆڵی شێعر

سارا ژوان

کەشکۆڵی شێعری دوێنێم
پڕ بوون لە وشە
وەک تریفەی مانگە شەو
وەک گرشەی ئەستێرە
وەک کارمامزی ڕەوەک و جوان،
پڕ بوون لە هەست
ڕوون وەک ئاوی کانی
گەش وەک تیشکی هەتاو
خۆش وەک چپەی جێژوان
کەشکۆڵی شێعری ئەمڕۆم
پڕە لە وشەی غەریبی، تەنیایی، بێزاری
پڕە لە حەسرەت و دەرد، فرمێسک و ئاخ!
وشە جوانەکانم ئەمڕۆ
دەستبەستە و پێ بە زنجیرن
لە ناو دڵێکی مردوودا
دیل و ئەسیرن.

٩٩/٥/٥



# بیرەوەرییەک بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بە سەر مردنی «حەسەن زیرەک» دا

● ئەنوەر سوڵتانی ●

هاوینی سالّی ١٩٧٢ بوو. من لە تاران دەژیام. خوالێخۆشبوو «حەسەنی حەڵەبی(دیاکۆ)» ش بە ژن ومنداڵەوە لە تاران بوو. من هاتوچۆی ماڵیانم دەکرد و لە گەڵیدا برادەر بووم. حەسەنی حەڵەبی مێردی «زێنەب خانم»ی کچی «مینە زیرەک»(برای حەسەن زیرەک) بوو.

لەگەڵ حەسەندا باسی ئەوەمان دەکرد کە رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئێران و بەتایبەت رادیۆ کوردیی تاران (جێگری رادیۆ کرماشان)، دوای ئەو هەموو ساڵەی وا حەسەن زیرەک هاوکاریی کردن و پرۆگرامەکانی ڕازاندنەوە، چۆن بوو لە ماوەی نەخۆشی و کەلەلایی و لە خەستەخانەکەوتنیدا، سەرێکیان لێ هەڵنەهێنایەوە و تەنانەت بۆ مەراسیمی ناشتن و سەرەخۆشییەکەی کامێرایەکیان نەنارد فیلمێک هەڵبگرن. باشتر وایە خۆمان دەست بەکاربین.

دوای هەندێ باس و خواس وامان بە باش زانی بە بۆنەی چلەی کۆچی دوایی حەسەن زیرەکەوە، کۆبوونەوەیەک ڕێک بخەین و ئیعلانیش بڵاوبکەینەوە با کوردی دانیشتووی تاران بزانن و هەموو پێکەوە کۆڕێکی ڕێزگرتن لە کەسایەتی هونەریی ئەو هونەرمەندە مەزنە ببەستین.

هیچکاممان لەگەڵ ئەوەدا نەبووین کۆڕەکە لە مزگەوت ببەستین و بە دابی عادەتی، فاتیحەی بۆ بخوێنین و شریتی «عبد الباسط» بڵاوبکەینەوە ــ حەسەن زیرەک و هونەرەکەی گەلێک لەو داب و ڕەسمانە دوور بوون، کراسێکی ئەوتۆش بە بەری هونەری «زیرەک» تەنگ بوو. مانگێک زیاتریش لە مردنی حەسەن زیرەک تێپەڕیبوو و ئیتر بۆ سەرەخۆشی دانان درەنگ بوو.

نیگەرانی گەورەمان ئەوەبوو کە ساواک و پۆلیس کۆبوونەوەیەکی کوردانەی وا، بە کردەوەیەکی سیاسی لە قەڵەم بدەن و سەروگوێلاکیان پەیدا بێت. هەردووکمان لە خۆمان دەترساین. من ئەودەم لە کوردستان دوورخرابوومەوە و دوای «مەنفای»ی ئەراک، تازە هاتبوومە تاران؛ حەسەنیش هەر لە خۆی دەترسا.

بۆ دورخستنەوەری شەڕی «ساواک» وامان بە باش زانی کۆڕەکە لە زانستگە و هۆڵی گەورەی ئەوتۆ نەبەستین و لە ماڵی کوردێکی خۆماندا بەڕێوەی بەرین. ماڵی هیچکام لە ئێمە بە کەڵکی ئەوە نەدەهات. حەسەن لەگەڵ کاک «حوسێنی مەدەنی» کە ئەودەم ماڵی لە شەقامی «سەلسەبیل»ی تاران بو، قسەی کرد و ئەویش ئیجازەی پێداین کۆڕەکە لە ماڵی ئەو ببەستین. کاک «فەتاحی کاویان» یش لە قاتی سەرەوەی هەمان ماڵدا دەژیا و بە حەسەنی ڕاگەیاندبوو کە ئەگەر پێویستی کرد، کەڵک لە ماڵی ئەوانیش وەربگرین.

ئیعلانێکمان بە زمانی فارسی نووسی و ڕۆژ و سات و شوێن و بۆنەی کۆڕەکەمان تێدا ڕاگەیاند و بردمان بۆ چاپخانە. هەر چاپخانەیەک چووین گوتیان ناتوانین بە بێ ئیجازەی «وەزارەتی ئیتلاعات» چاپی بکەین. واتە دەبوایە بمانبردایە بۆ وەزارەتی ئیتلاعات و لەوەدا نەک هەر نیگەرانی ئەوە بووین ئیجازەی چاپی نەدەن، بەڵکوو دڵەتەپێی ئەوەشمان هەبوو بڵێن ئێوە کێن و ئەم کارە بۆچی دەکەن؟

لێرەدا کەوتینە بیری بەشی کوردیی رادیۆ تاران کە ئەویش بەشێک بوو لە وەزارەتی ئیتلاعات و ئیدارەکەی لەگەڵ ئەودا لە یەک شوێن بوو. گوتمان هەرچۆنێک بێت لەوێ هەندێک کوردی دڵسۆزی لێ کۆبۆتەوە و دەکرێ هەم کارەکەمان بۆ ڕاپەڕێنن و هەم بەشداریی کۆڕەکە بکەن.

هەرواش بوو. پێکەوە چووین بۆ وەزارەتی ئیتلاعات، لەبیرم نییە لەگەڵ کێدا قسەمان کرد بەڵام لە بیرمە سێ چوار کەسی لێ بوو، هەموویان بە پێشوازیی کارەکەوە هاتن و بەڵێنی بەشدارییان دا. یەکێ لەو برادەرە کوردانە کە ناویم لەبیر نەماوە، گوتی ئیعلانەکە بۆ مۆرکردن و ئیجازە مەبەن، من دەیبەم، هاسانتر و زووتر بۆتان تەواو دەکەم. ماڵی ئاوەدان بێت ڕۆیشت و دوای چەند دەقیقەیەک بە کاغەزی مۆرکراوەوە گەڕایەوە!

ئیعلانمان بەو ماڵانە وا دەمانناسین بڵاوکردەوە، بردمانە «خوابگاه» واتە شوێنی حەوانەوەی خوێندکارانی زانستگەی تاران کە بەشێک لە خوێندکارە کوردەکانیش لەوێ دەژیان؛ میز و کورسی و کەرەسەی چایی و میوەشمان بە کرێ گرت و خۆمان بۆ ئامادە کرد. زۆربەی مەسرەفەکە حەسەن کرد و کەمترێکیش من و لە کەسی ترمان داوا نەکرد.

ژمارەیەک شریتی ئەم دواییانەی حەسەن زیرەک وەک «پایزە لە من» و «هەوری لار» و «خاڵە ڕێبوار» و «بارانە» واتە هەوای خاو و هێدیمان هەڵبژارد و بە دەنگێکی نەرم لە ژوورەکەدا بڵاومان دەکردەوە. دوو برادەریشمان دیاری کرد لە بەر دەرگای دەرێ ڕاوەستن و لەگەڵ ڕێنوێنی کردنی میوانەکاندا، پێیان ڕاگەیێنن ئەوە مەجلیسی سەرەخۆشی و فاتیحەخوێندن نییە و تەنیا ڕێزگرتن لە یادی هونەرمەندە و هیچی تر.

لە بیرمە خەڵکەکە دەهاتنە ژوورێ و هەموو بە ڕووی خۆش و شادەوە دادەنیشتن تەنیا مامۆستایەکی خەڵکی مەهاباد نەبێ کە هات فاتیحەی دادا، وادیاربوو برادەران لە بەر

دەرگا پێیان نەگوتبوو!

خەڵکێکی باش نزیکەی ٥٠ کەسێک کۆبوونەوە. لە ئیدارەی ڕادیۆوە یادیان بەخێر بێت کاک سوارەی ئێلخانیزادە و دوکتۆر محەمەدسەدیقی موفتیزادە و هەروەها زانای بەناوبانگ مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و چەن کەسی دیکەش هاتبوون کە من مخابن ناویانم لەبیر نییە. دوکتۆر موفتیزادە سەبارەت بە حەسەن زیرەک و مامۆستا جەمیل و کاک سوارە لە سەر مۆسیقای کوردی دوان. ڕۆژبەیانی ئەوەندەی لە بیرم بێت باسی هۆرەی جافی کرد و پێوەندی داوە بە «ئەهورامەزدا»ی زەردەشتییەوە.

شریتی دەنگی هەر سێ کەسەکە تا ڕۆژێک کە کاک حەسەنی حەڵەبی بە وەرگەڕانی ماشێن لە دەست چوو ــ واتە چوار پێنج ساڵێک دوای ئەو ساڵە ــ هەر لای ئەو مابوو. پاشان دەزانم کەوتە دەست زێنەب خانمی خێزانی، ئیتر نازانم ئەو پاراستوویەتی یان نا.

دوای ڕۆیشتنی میوانەکانی ڕادیۆ، کۆڕەکەمان بوو بە خۆمانە، هەموو ناسراوی یەکتر بووین، ئینجا گەنجەکان هێندێ شریتی کرژتری حەسەن زیرەکیان بڵاوکردەوە و وردەوردە دەستی شایی گیرا! هەڵپەڕکییەکی خۆشی کوردانەمان کرد و بە یادی ئەو گەورە پیاوەی هونەری کوردیی کاتێکی خۆشمان ڕابوارد.

جگە لەو مەراسیمە، هەروەها لە بیرمە بۆ حەوتەمین ڕۆژی مردنی حەسەن زیرەک، لە بۆکانیش مەراسیمێکی خۆش گیرا. دوای نیوەڕۆی جومعەیەک بوو خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و لە تەلەڤیزیۆنی مەهابادیشەوە تاقمێک هاتبوون فیلمیان هەڵدەگرت، وتووێژێکیشیان لە گەل کاکم «عومەری سوڵتانی (وەفا)» و هەندێ خەڵکی دیکەشدا کرد. کاکم دۆستی زیرەک بوو و دەبێ بیرەوەریی زۆری لێی هەبێت.

بەڵام لەو زیاتر، کاک «حەسەنی فەتحی» شارەزایە کە کاتێ حەسەن زیرەک لە ڕۆژی ١٩٧٢/٦/٢٦ لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، سەری لە سەر ڕانی ئەو دانابوو. یادی بەخێر بێت. ■

# ماف و بۆچوون

● ئاسۆ بیارەیی ●

هەموو پیاوێک ئارەزووی کیژێکی جوان و خوێن شیرین دەکا کە دنیای تەمەنی بۆ بڕازێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هەمان ئەو پیاوانە چاویان بەرایی نایە کە ئەگەر کچەکەیان یان ژنەکەیان بڵێن: ئای لەو پیاوە کە جوانە.

ئێستاش زۆر خێزان لە ئەورووپا ئازادییەکی بێسنووریان داوەتە کوڕەکانیان و شانازیش بەوە دەکەن کە کچە گاور لە داویان ڕزگاری نابێ. هەندێکیش بەسەرکەوتنی دەزانن. کچەکەش حەدی چییە دوای فێرگە (مەدرەسە) دوا بکەوێ. باوک و براکانی لە خۆی (کچەکە) باشتر ڕێگاکە شارەزان.

پێش چەند ساڵێ لەمەوبەر پیاوێکی کوردم بینی لە قوتابخانەی کچەکەی دەگەڕایەوە، کەوتە باسکردن:

ـ ئەم سەگبابانە کچەکەمیان لە پۆلدا لە پەنا کوڕێک دانابوو، باشبوو پێم گۆڕین و ئێستا لە پەنا کچێکدا دادەنیشێ.

پێمگوت: جا قەیدی چییە ئەوە قوتابخانەیە.

گوتی: کاکە تۆ زۆر سەیری!! گوتم: بۆ؟ گوتی: خۆت گێل مەکە! کچ و کوڕ وەک وایری سارد و گەرم وان هەرکە لە یەک گیریانخوارد ئاگری بێشەرمی حەیایان دەسووتێنێ. من لەبەر کەرامەت ڕامکردووە نامەوێ لێرە بیدەم بە ئاودا.

لە کوردستان بووم نامەی برادەرێکم گەیاندە ماڵی باوکی. کەوتنە هەواڵپرسین.. گوتم باشە و منداڵێکی تریشیان بووە. دایکی برادەرەکە پرسی چییان بووە؟ گوتم: کوڕێک.. دوای پیرۆزبایی و ڕیزێ ئۆخەی، گوتی: ئێ باشە، «دیل»ەگیان ئاگای لە دوو خوشکەکەی دەبێ.

کوڕێکی کورد (دوای چەند ساڵێ کە ڕێگای کوردستان کرایەوە) بە تەلەفۆن داوای ژنی کرد و لە گەڕانەوەیدا هێنای و گواستیەوە، بەبێ ئەوەی بە برادەرە سویدییەکەی بڵێ. هەر لە سووریاوە ژنەکەی چاوەڕێی منداڵ بوو. لەوکاتەدا چەند کەسێ بووین دەمانویست ئێمەش سەفەر بکەینەوە باسی ڕێگامان لێپرسی، گوتی: خۆتان باری ژیانی ئێرە شارەزان خێرا دوای زەماوەند (ئەگەر ژنتان هێنا) بیگوازنەوە و منداڵ دروست بکەن، با چاویان زوو نەکرێتەوە ئەگینا تووشی بەزم دەبن. چونکە ژن ئەقڵی سووکە.

ئەو برادەرە خۆی لە بیر چووبووەوە کە بە بێ هیچ عەقدێک لەگەڵ کچێکی بێگانەدا سێ ساڵی بردەسەر.


لە سوید یان بە گشتی ئەورووپا دیواری ماڵ تەنها تەمانێکە و زۆر جاریش هیچ لە نێوان ماڵەکاندا نییە تەنها کەمێ پەرژین نەبێ. لەو وڵاتەی ئێمەش لە بەر بەرزی دیواری حەوشە تەنها سەربانی ماڵان دەبیندرێ. جیاوازی نێوان ئەم دوو نموونەیە هەر پێوەندی بە دابونەریت و ئایینەوە نییە بەڵکوو ئەوەی یەکەمیان (ماڵە بێ دیوارەکان) دڵیان هیچ ناکات و هەر دوو (ژن و پیاو) تاڕادەیەکی دیار یەک مافیان هەیە. وەک خۆیان دەڵێن نابێ جوانی بشاردرێتەوە. بەڵام ئەمەی دووەمیان کە کابرایەکی پیر جارێکیان پێمی گوت حەرەم (کچ و ژن) لە ماڵدا هەیە بۆیە دەبێ دیوار هەبێ. کەچی بۆخۆشی هەمیشە لە سەر وێردی، ئەم بەیتە گۆرانییەی کردبوە شاگوڵی گۆرانییەکانی:

**ماڵمان ماڵێکە چیغمان دوو لایی**

**حەیفە بۆ باڵات شەو بە تەنیایی**

نموونەی زۆر هەن ئەگەر ئینسان بیەوێ تۆماریان بکات. من مەبەستم ئەوەیە کە زۆر خێزان لێرەش بە چاوەکەی کوردستان دەڕواننە مەسەلەی کچ و ژن. کابرا ئەو مافەی دەداتەخۆی بچێتە گۆی دەریا و مەلەی بکات بەڵام کچ و ژنەکەی بە جلەوە دادەنیشن. بەوە بیانووی دەگرێ کە گوایا لە چاوی پەناهەندە دەترسێ.

کابرا باڵا دەکات کاتێ کوڕەکەی تووشی دەردە (فەرهاد) دەبێ و بە (شیرین)ێکی گاوران نەبێ چاک نابێتەوە، بەڵام کچەکەی مایەی لاوازی و پەردەی ڕەشە، تا ڕۆژی شووکردنی دێت ڕۆژانە سەدجار دەمرێ. خۆ ئەوە ئەگەر کچەکەی حەز لە ڕۆستەمێکی ئەورووپی بکات ئەوە ئیتر سەلاحەددینی ئەیوبی شەرمەزار کردووە و حەزی لە سەلیبییان کردووە و کافرانی بۆ قودس هێناوەتەوە. ■



# «وڵاتە شیعرییەکەی رەفیق سابیر خەڵات دەکرێ»

ئامادەکردنی: گۆران قەرەداخی

**«رەفیق سابیر دۆخی تاراوگەی گۆڕیوە بە وڵاتێکی شیعری کە بەبێ هیچ گەرەنتییەک و بە بەرپرسیارێتی خۆی تێیدا دێت و دەچێت»**
**ئەو چەند وشە چڕوپڕە موتیڤی دەستگای پشتگیریی و ڕێزلێنانی بنەماڵەی (کلاس دێ ڤیلدێر) بۆ نووسەرانی بیانی)یە، کە شاعیری گەورەی کورد رەفیق سابیری لە ساڵی ۲۰۰۲دا شایستەی هەڵبژاردن کرد.**

لە ۲۱ سێپتەمبەری ۲۰۰۲دا. لە شاری یۆتۆبورگی سویدی، لە پیشانگەی کتێبدا، لە سەر داوای دەستگای ناوبراو شاعیری ناسراو رەفیق سابیر ئامادەبوو:
– وێڕای ڕێزلێنان بڕی ۲۵,۰۰۰ کرۆنی سویدی وەک سیمبۆلی نرخاندنی وڵاتە شیعرییەکەی وەردەگرێ.
– چەند شیعرێکی خۆی خوێندەوە.
بەڕێوەبەری دەستگاکە جیمی هۆفسۆ، لە وتارێکدا کە لە پیشانگاکەدا بە بۆنەی هەڵبژاردنی رەفیق سابیر و کۆمەڵە شیعرە وەرگێڕدراوەکەیەوە خوێندیەوە، گوتی:
«وەرزی سەهۆڵبەندان، کۆمەڵە شیعرێکی جوان و بەهێز و باڵادەستە، رەفیق هەم تابلۆی سوریالی تووڕە و هەم خەمینی تیادا کێشاون، کە بە چاوێکی هاندەرانەوە دەڕواننە چاوانی خوێنەران. تابلۆکان بە شێوازی هەم کلاسیکییانە و هەم مۆدێرنیستییانە ڕازێندراونەتەوە. لەم کۆمەڵە شیعرەدا مرۆ هەست بە بوونی ڕێگایەک دەکات کە لە بێچارەیی و پەژمووردەیی جەنگەوە ڕووەو بڕوابوونێکی پتەو و سەرکەش بە هێزی هەڵسانەوەی خۆشەویستی، درێژ دەبێتەوە».
لێرەدا شایانی باسە کە بڵێین کاک گۆران مەریوانی لە ساڵی ۱۹۹۹دا گوڵبژێرێکی لە بەرهەمە شیعرییەکانی نێوان هەفتاکان و نەوەدەکانی شاعیر رەفیق سابیری لە ژێر ناوی (وەرزی سەهۆڵبەندان) دا، زۆر وەستایانە وەرگێڕایە سەر زمانی سویدی، گوڵبژێرە شیعرییەکە لەلایەن دەستگای بڵاوکردنەوەی Lindelöws Bokförlagەوە بڵاوکرایەوە. ئەم گوڵبژێرە شیعرییە رەفیقی شاعیریان بە سوید ناساند. لە ساڵی ۲۰۰۰ دا فۆندی یەکێتی نووسەرانی سوید ستیپێندیۆم(کۆمەک)ێکی ٥ ساڵانەی بە بڕی ۸٦ هەزار کرۆن بۆ هەر ساڵێک بۆ شاعیر بڕیاردا.
نووسەری ناسراوی سویدی توربیۆرن سێفڤێ لە پێشەکی گوڵبژێرە شیعرییەکی رەفیق سابیردا دەنووسێ:
«لە خوێندنەوەی ئەم شیعرە بەهێزە یادوەرییانەدا جار لە دوای جار تۆنی مایاکۆڤسکی دەبیستم، نەک وەک لاساییکردنەوە، بەڵکوو وەک جیاوازی و تایبەتمەندی کەسایەتیی یاخیبوویەکی خۆشەویستی، یان ئەڤیندارێکی یاخی». «رەفیقیش هەر وەک مایاکۆڤسکی لە سووتاندایە، پڕ بە گەروو، بە هاوار ژانە سەراسەری (گشتی) و سیاسییەکانی دەردەبڕێ». «ئەو هەمیشە فۆرمی نوێ تاقیدەکاتەوە، هەر وەکوو لە هۆنراوەی (حەسرەتەکانی ئۆدیسا)دا». «رەفیق دەزانێ چی لە شاعیرێکی ڕەسەن دەخوازرێ (مەترسە... خۆت بیربکەرەوە). منیش وەک رەفیق هەر ئەو دوو هاندانەم بۆ خوێنەران لا پەسندە».

هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری سویدی ئەو ڕێزلێنانەی شاعیریان وەک هەواڵێک بڵاوکردەوە. لێرەدا تەنیا دەست بۆ (Svenska Dagbladet) ڕادەکێشین کە ڕۆژنامەیەکی سەراسەری سویدی یە. ئەو ڕۆژنامەیە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٤ی ئاگوستی ۲۰۰۲دا دەنووسێ:
«رەفیق سابیر بە هۆی وڵاتی شیعرەوە خەڵات دەکرێ»
«رەفیق سابیر بۆ وڵاتە شیعرییەکەی (وەرزی سەهۆڵبەندان) لە لایەن (دەستگای کۆمەکی بنەماڵەی ـ کلاس دێ ڤیلدێر ـ بۆ نووسەرانی بیانی یەوە بە بڕی ۲۵,۰۰۰ کرۆن خەڵات دەکرێ. ئەمە لەبەر ئەوەی رەفیق دۆخی تاراوگەی لە شیعرییەکانیدا گۆڕیوە بە وڵاتێکی شیعری و بۆ خۆی بەبێ هیچ گەرەنتییەک تێیدا دەژی».
هونەرمەندی نیگارکێشی ئەروێژیش خاتوو سیسێل ستانگنێس کۆمەڵێ تابلۆی گرافیکی لە سەر چاپی گوڵبژێرە شیعرییەکەی رەفیق سابیر کێشاون و لە ۱۲ی فێبریوەری ۲۰۰۰ لە پیشانگایەکدا کە ناوی نابوو «تاراوگە»، لە شاری بێرگنی ئەروێژی، بە ئامادەبوونی خودی شاعیر، کە بۆ ئەوەێ بانگکرابوو، پیشاندران. خاتوونی هونەرمەند سەبارەت بە پیشانگاکە و شیعرەکان دەڵێت: «دوای خوێندنەوەی شیعرەکان (وەرزی سەهۆڵبەندان)م لە لاوە دادەنا و بە ئیلهام وەرگرتن لە وان، خەریکی نیگارکێشان دەبووم». وەرزی سەهۆڵبەندان لە پیشانگایەکی نیگارکێشاندا، تەها فەرهاد، گۆڤاری رابوون، ژمارە ۲۹.
شایانی باسە ئەم ڕێزلێنانە لە نووسەرانی بیانی دانیشتووی سوید، کە هەر دو ساڵ جارێک بەڕێوەدەچێت، ۱۰ ساڵێکە داهێنراوە. شاعیر رەفیق سابیر پێنجەمین نووسەرە ئەم ڕێزەی لێ دەندرێت.

# سیفری زەمان

بۆ یادی حاجی هاشمی نانەوازادە ، شاعیر و هەڵبەستڤان و پیاوچاکی کورد

● کوردان کەریم مەحموود●
بەهاری ۲۰۰۲

چەند ساڵێکە
مەلی تەریوی ژیانم
لە سەر لقی درەختێکی قژ تەزیوی
ئەوپەڕی باکووری دنیا
هەڵکورماوە،
بەڵام ڕەگی گوڵەهێرۆی خەوەکانم،
هێشتا شەوێک ،
دەست و پەنجەی
لە داوێنی
زێدە هەڵپرووکاوەکەم بەرنەداوە.

«حەمە سەعید حەسەن»

* * *

سی و یەک خولەکی تەواوی ماوە ساڵ نوێ بێتەوە. چرکە بە دوای چرکە دا دێت و خولەک بە خشکەیی و بە شوێن خولەکدا تێپەڕ دەبێت. ساڵی کۆن خەریکە ئاخر توێلکی باوێژێت و جێی خۆی بە ساڵی نوێ بدات و بڕوات. خەڵکی ئاوایی، لە زارۆکی حەوتی هەتا کەفتەکاری حەفتاساڵی، نێر و مێ، بە هومێدێکەوە لە دەرەوەی ئاواییدا چاوەڕوان ڕاوەستاون. چرکە و خولەکەکان بە قورسایی و گرانایی بەرەژانی ئافرەتێکی لە سەر کاسە، دەروونی ڕووحی یەک یەکی ئاپۆڕای چاوەڕوانی ئەم تێپەڕینە مارپێچ دەپێوێت و جەرگی سەبر و قنیاتیان لە ناوەوە کون کون دەکات. یەکا یەکی ئاپۆڕاکە ماران گەستەیەکی بێ ئارامن. هەموویان لە تێپەڕینی چرکە و خولەکەکان و لە تێپەڕینی زەمان ترسێکی سامناکیان لە دڵدایە. سەرجەمیان لە نێوانی ترس و هیوایەکی بەردەوامدا چرکە و خولەکەکان بە نابەدڵی بەڕێ دەکەن. بە تێکڕا و بەبێ جیاوازی، بە چەشنی جەنسەت و جەندەکانی دڵ دۆڕاوی بابردەڵەی بێ دەست و پێن و، بەس خاوەنانی هەناسەی ناو سنگی خۆیانن. لە تێپەڕینی ئاخر چرکەکانی ساڵی کۆن دەترسن و لە داهاتنی ساڵی تازەش دڵ هەراسانن. دوو دڵ و دڵ کرمێ و دڵ دۆڕاوانێکن و دڵیان تەڕەی دوورە دەست دەخوازێت. بەم هەوایە و بەم هەوەسە، وردە دەماری ژێر قاچی گشتیان مێرووڵە دەکات. هاواری نهێنیان تووک و نەفرین لە تێپەڕینی ئاخر خولەک و چرکەکانی ساڵی کۆنە. ئاواتیان خۆزگەیە و خۆزگەیان بریایە. «سەد بریا ئەم ئاخر چرکە و خولەکانە دەبوون بە کەمێی نووح بۆمان! خۆزگە کەمێ دەهاتە بەر دەستمان و، کەمێ سەرجەمی بە کۆڵ دا دەداین و بە سەر نەرمە شەپۆلی زەماندا تێپەڕی دەکردین! خۆزگە شنەبای خۆش ڕەوتی سەر سنگی بەرینی زرێ، زگی چارۆکەی بەلەمەکەمانی ئاوس دەکرد و لەم هەردە ڕەقێنە بەدەفەڕەی دووری دەخستینەوە! خۆزگە لە بەربەیانی ساڵی تازە دا کەمێی نووحمان لە کەنارەی قامیشەڵانی شارەدەریای وڵاتێکی دوورەدەست دا سرەوتی دەگرت و بەرامەی ئارزووبزوێنی تەڕەی تازە، هاوار و هەرای خوێنی ئارەزوومەندی ناو ڕەگوڵەکانمانی ئەهومن دەکردەوە! و ...»

هەورازتر لە دە ساڵێکە، نیشتەجێیانی ئەم ئاواییە لە زارۆکی حەوتی هەتا کەفتەکاری حەفتاساڵی، نێر و مێ، لە ڕۆژی گرەچوارشەمەی ئاخری هەر ساڵێکدا، لە دەری ئاوایی، بە هومێدێکەوە چاوەڕوان ڕادەوەستن. بە تێکڕا ڕوو بە ئاسۆی دوورە دەستان ڕادەوەستن و هاوکات دەگەڵ سەیری خەمبارانەی زێدی لە خەم لێ نیشتوویان، بە نابەدڵی، بەڵام بە هومێدێکەوە لە دڵدا ژمارەی پێچەوانەی تێپەڕینی ئاخرین چرکە و خولەکەکانی تەمەنی ساڵی کۆن دەژمێرن. بە ویست و خواستی دڵی ئەوان بوایە، هەتا بە یەکجاری و بە تێکڕا یەکچاو نەکرابایەن، ساڵ نوێ بوونەوەیان نەدەویست و خۆزیاگەری مانەوەی هەر ئەم حاڵ و کەش و هەوایە بوون. سەر بە سەریان ئارەزوومەندی یەکچاو بوونێکی بە مەتمانەن؛ خانی خانان یان تۆزی بانان؛ تەفر و تونا بوونێکی یەکجارەکی یان گۆچانی دەربازبوونێک و پێی دەرباز بن. بەم هومێدە و بەو هیوایە و لە درێژایی ئەم دە و چەند ساڵە خەمبارەدا، ساڵیش نەبووە ژمارە بژێری پێچەوانەکەیان لە هەزارەها بە(سیفر) نەگات و ساڵ تازە نەبێتەوە، کەچی کەمێی خەیاڵیان قەت تاقە جارێکیش شانی لە کەندی ئەم سەرزەمینە

نەکوتا و ئاپۆڕای چاوەڕوانی ئەم ئاواییەی بەپانەوەی بە کۆڵ دا نەدا.

بیست و پێنج خولەکی تەواوی ماوە ساڵ نوێ بێتەوە. چرکە و خولەکەکان بە گرانایی کێوی بەرماڵان بە نێو مێشکی یەکایەکی ئاپۆڕاکە دا گوزەر دەکات و لە ناخەوە بیر و بیردانیان ئەنجن ئەنجن دەکات. بە ویستی دڵی ئەوان بوایە، دەبوایە زەوی لە سووڕ و گەڕ وەستابایە، کات و کاتژمێر قسر و نەزۆک بوونایە و، زەمان واقە و قیژەی هیچ ڕۆڵەی کات و دەم و چرکە و خولەکێکی تری بە داوێن دا نەهاتبایە. بەڵام بەم حاڵەش هەموو ئاخرساڵێک چاوی زەردی خەمبارانە دە ئاسۆ دەبڕن، ئاسۆیەک کە سوور دەچێتەوە؛ هەر نەک سوور، بەڵکە بۆنیشی لێوە دێت.

ئەم ئاسۆیە جاری جارانیش سوور دەچۆوە و بۆنی لێوە دەهات، بەڵام سوورایی ئێستاکەی و بۆنی هەنووکەی شتێکی ترە. جاری جاران و گەلێک جاران هەر ئەم ئاپۆڕایە لەم ئاسۆیە و لە سەرەوەی ئاسۆیش تووڕە دەبوون و لێی ڕادەپەڕین. بەڵام ئێستا وا نین و ئەم ئاسۆیەش وەکی جاران نەماوە. لە نێو ئاپۆڕای ئەم ئاواییەدا کەس زاتی دەم کردنەوە و لێو جووڵاندنەوەی نەماوە. دەمیان لە ئاست درکاندنی ڕازێکی لەبن سەرپۆش دا تەڵەیەکی تەواو تەقیوە. ئەم ئاپۆڕایە جاران هەم توند و تیژ بوون و هەمیش ورد و گرد. موویان لە ماست دەر دەکێشا و چی دیزە و دەرخۆنەی گەمە و گەپجاڕی ئەم و ئەو بوایە، دە سەری دیزە بە دەرخۆنەکەریان دا دەشکاند و هەق و حیسابی هەموو لایەکیان دە لەپی دەستی خاوەن حیساب دەنایەوە. بەڵام ئێستێ ئەوتۆ نەماون و بە ڕواڵەت هەمیشە بێدەنگ و مات و سەرکز و خامۆشن. بێدەنگی و کپی و هیچ نەدرکاندنی ئێستاکەیان هۆی بێ غیرەتییەکی تەواوی تێدا بەستەیە. لە پێشدا بەمجۆرە و بەم تەرتیبە نەبوون. جاری جاران دەم هەراش و دەم کوێخایەکی ڕەپ و ڕاستی توند و تیژ بوون و چی دە بنی دیزە دا بوایە، بە ئەسکوێی کردەوە دەریان دەخست و دەیانخستە ڕوو. بەڵام ئێستێ وەها نەماون. ترسنۆکی لێیان کراوەتە کراسی شەرمێکی قووڵ و دەبەریان هەڵدوورواوە. شەرمی ترسنۆکانە ڕێی هەموو دەور و دەرەتانێکی لێ گرتوون و کەس چاوی بینین و تێڕوانینی ئەمی تری نەماوە. جیران لە دراوسێی شەرم دەکات، مێرد لە ژن، ژن لە مێرد، دایک و باوک لە ڕۆڵە و، ڕۆڵە لە دایک و باوک.

بیست خولەکی تەواوی ماوە ساڵ نوێ بێتەوە. هەر چرکەیەک کە لە کات و زەمان تێدەپەڕێت، دەڵێی تیژایی سەری زەمانی خۆیانە و بە شینە تیخی تیژ هەڵ دەپەرتێورێت. چرکەکان وەکی تەڵەزمە شووشە دە کۆنە برینەکانیان هەڵدەچەقن و زامی کۆنیان زامدارتر و کوڵاوتر دەکەن. سەر بە سەری ئاپۆڕاکە بە دڵ حەزیان بە ستۆپێکی یەکجارەکیی زەمانە. ئیتر لە ژمارە بژاردنی پێچەوانە و گەیشتن بە سیفری ئاخری ساڵ سەرشۆڕ و داخ لە دڵن. پێیان خۆشە هەرچی جوولەوەرە و جووڵەی دێت، لە جووڵە بکەوێت و بسەکنێت. ئارەزوومەندن ڕەشەبا ڕابوەستێت، ئاو ڕابوەستێت و تفڵی چرکە و خولەکەکان لە تۆلی دایکی زەماندا هەڵبڕووکێن و نەمێنن، بەڵام سەرەڕای ئەم حاڵەش، ئەوا سەرووی دە ساڵێکە، هەموو ئاخر ساڵێک بە پێشوازی ساڵی تازەوە دەچن و ژمارەی ئاخر هەناسەکانی ساڵی کۆنیش بە یەک هەناسە دەژمێرن. ساڵ هەموو ساڵێک، لە ڕۆژی گرەچوارشەمەی هەر ئاخرساڵێکدا، هاوکات دەگەڵ سەیری خەمبارانەی ئاسۆی سووری بۆگەن، لە دڵدا ژمارەی پێچەوانەی تێپەڕینی ئاخرین چرکە و خولەکەکانی تەمەنی ساڵی کۆنیش دەژمێرن، ژمارەی پێچەوانەیان لە هەزارەها بە سیفر دەگات، دەنگی سیفر وەک تۆپ لە دۆڵدا دەتەقێتەوە و هاوکات دەگەڵ تەقینەوەی دەنگی سیفر، چەندێکیان بەرە جووتێک لە خاک و ئاو و ئاوەدانی جێ دەهێڵن و کۆنەگۆڕستانی دوور لە ئاواییش بەرە جووتێک بەسەر خاک و ئاو و ئاوەدانییەکەیان دەکشێت و بەشێک لە زەرعات و نەرمانی دێیەکەیان وەبن خۆ دەدات.

ماوەیەکە کۆنە گۆڕستان لەم دێیە یاخی بووە. جاران، هەر ئەم کۆنەگۆڕستانە هەشتا و چەند بەرە جووت ئەولاتری دێ، لە چەقی شۆڕەکاتێکی بێ بەرهەمی، بۆزەڵەی، ڕووتەنی، پڕی مڵۆزم و مافەتەدا قەتیس مابۆوە و بە دەست بیرچوونەوەیەکی قورس دەست بە ئێخە بوو. پێشتر، هەر ئەم کۆنەگۆڕستانە، وەک لە جێ سمی سوارکارانی شێت و پەتیارەی مۆنگۆل و تاتار جێ مابێت، لە کۆشی شۆڕەکاتێکی زەردی ڕەنگ مردوودا لێی وەرکەوتبوو. ئەوەندە دوورە دەست و چۆڵەبەر و بە دوور لە ئاوەدانی بوو، کە کەم کەس و بە دەگمەن سنووری ئاوایی بە عەزمی چوونی چۆڵەوانی دەشکاند. بەڵام ئەوا باڵای دە و چەند ساڵێکە کۆنە گۆڕستان فووی ژینەوەی بە دەمدا کراوە و پەلکێشی داپلۆسینی ئاوەدانیی کراوە. لەوساوە، بنی قاچی خەڵکی ئاوایی مێرووڵەی ڕۆیشتن دەکات؛ ئەوان پۆل پۆل ڕێی دەرباز بوون دەگرنە بەر و کۆنەگۆڕستانیش ڕێی داگیرکردنی ئاوایی دەگرێتە بەر و بۆیان دێت.

هەموو ئاخر ساڵێک ژمارەی پێچەوانەی تێپەڕینی ئاخر چرکە و خولەکەکانی ساڵی کۆن دەژمێردرێت. دەگەڵ سیفری زەمان، هێزی ڕەسیو لەئاواییدا بەچەشنی بەفری بەر هەتاو هەڵدەچۆڕێت و کۆنە گۆڕستانی هێزگرتووش، چەند بەرەجووت بە سەر ئاوایی دەکشێت.

ئەم ئاپۆڕایە جاری جاران وەها نەبوون. لەو دەمەوە کە برسی کران و دوای برسێتی مڕ کرانەوە، بەم دەردە چوون. جاران، واتە ئەو دەمەی کە هێشتا بە دانستە برسی نەکرابوون، گەلێک تەڕ و تازە و دڵ و دەروون ئاواڵە و بە ئێرۆ بوون. دەگەڵ بستێک لە خاکی گوند و ئاو و ئاوەدانییەکەیاندا ڕووحیان دەر دەچوو. کێڵگە و بەیار و نەرمان و ڕەقێنی ئاواییەکەیان شەرەفی هەرە پیرۆزیان بوو. بەڵام هەرکە وشک کران و بە دانستە چی تەڕایی بوو لێیان گرتن، گەلێک خوو و خدەی باش و پەسندکراویشیان وەک

چزیلکی سەر کڵی ئاگر لێ قاڵ کرا و گەلحۆ هاتنە دەر.

ئەودەم کە بە دانستە هاویشترانە بەر دەم هەرەسی برسیایەتی و برسی کران، لە ئاست گەلێک ئازیز و پیرۆز و نازەنینانیش دا دین و ئیمانیان خزی و باوەڕیان کز و کزتر بوو. زۆر زانایانە و گەلێک بە دانستەش ورگیان خرایە جێی مێشکیان و، مێشکیان بۆ خوار ورگیان دابەزێنرا. جاران ، واتە بەر لە هەرەسی برسیایەتی و پێش ئەوەی برسی بکرێن، مێشکیان لە باڵەخانەی سەروو دا فەرمانی خودایی بۆ ئاو و ئاوەدانی و بۆ مووچێ و مەزرای ئاواییەکەیان لێ دەدا.

«کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە»، ئاپۆڕای لە سەر پێ چەقیوی ئاوایی لێی بێخەبەر نین؛ لێی باخەبەرن و شارەزاتر لە هەر کەسی تر، دەزانن دردیان چییە و دەرمانیان چییە. بەڵام لەوەتەی دەوریان لێ گۆڕدراوە، ترسێکی خەستی شەرمێونانە بەری چاوی گرتوون و توانایی دەم کردنەوە و لە قاودانی دیزە بە دەرخۆنەیان لێ بڕاوە. دەمیان لە ئاست دەم کردنەوە و دەست کردنەوە دا، تەڵەیەکی تەواو تەقیوە و هەڵ ناپچڕێت. ترسی ئامێتە بە شەرم، بە دانستە و لەسەر بناخە و بنگەهێکی قایم و ئەستوور پەیڕێژی کراوە و، کراوەتە کراسی ئایین.

ئەودەم کە شارەزایانە دەستیان لە تەختە بەسترا و بە دانستە برسی کران، تفڵی دڵی زۆربەی هەرە زۆریان بەرگەی برسی بوونێکی درێژماوەی نەگرت و مرد. لە سەردەمی مەرگەساتی برسیایەتیدا تفڵی دڵانێکی چاو نەزێر لە دایک بوون و هەرچی وزە و بەزە بوو، داکەوتە ژێر پێیان و، پێیان ڕێخست. ئیتر لەوساوە تفڵی دڵی ئاپۆڕای ئەم ئاواییە هەم خودای گەرەکە و هەم خورما. یەکایەکیان لە هاتنە پێشی کۆنەگۆڕستان ترسێکی قورسیان لە دڵدایە و شان بە شانی ئەم ترسە گرانەش، بە شەرمەوە دەستی ڕەوابوونی پاشەکشە و جێ چۆڵ کردن لە مل دەدەن و کراسی شەرعییەتی چارەنووس بە بەژنی هەڵاتن هەڵدەدروون.

پازدە خولەکی تەواوی ماوە ساڵ نوێ بێتەوە. ئاپۆڕاکە لەمێژە چاو بە ئاسۆوە چاوەڕوان ڕاوەستاوە. ساڵ نییە ئەم ئاپۆڕایە بەم چەشنە چاو دە کۆشی ئاسۆ دا ماندوو نەکات. چاوەکانیان هەموو ئاخرساڵێک تەمی ماندوو بوونێکی قورسی بە سەر دەکشێت و تووشی هاشە و پاشە بینین دێت. بەم هاشە و پاشە بینینە، هەموو ئاخرساڵێک، ڕەنگی سووری ئاسۆ لە بەر چاوەکانیان دا لێڵ و وێڵ دەبێت. لە عەکسی هاشە و پاشەی چاوەکانیاندا تەم و تۆزێکی وەک خەونی نێو باوەشی زیندەخەو بە سەر ئاسۆ دەکشێت. بەری ڕوانگەیان لێڵاییەکی بە تەپ و مژی لێ دەنیشێت و هەرچی هەیە ڕەنگی خەو و بیچمی خەون بە خۆوە دەگرێت. لە تارمایی تەمی بەر ڕوانگەی شەکەتی هەر ئاخرساڵێکی سەرجەمیاندا، بەس نەخشی خەونێک دیارە. خەونی ساڵی سەفەر! لە خەونەکەدا، ساڵی تازەیان ساڵێکی بەفاڵە. ساڵێکی هەڵکەوتەیە و بە مانگی سەفەر دەست پێدەکات. ساڵێکە، زەوی و مانگ لە نێو بنەماڵەی گەردوونی فەلەکدا دەنێو بورجی دووپشک دایە؛ کەوایە ساڵەکەی کەڵەساڵە و هەمبانەی خێر و بەرەکەتی پێیە و بۆ سەفەر دەناڵێنێت.

دە خولەکی تەواوی ماوە ساڵ نوێ بێتەوە. دەگەڵ دەربازبوونی هەر چرکەیەک، پلەی گەرمای یا و تێی دەرباز بوون بەرزتر هەڵدەکشێت. ئیتر ژێر پێ نا، بەڵکە گیانیش بۆ دەربازبوون مێرووڵە دەکات. جاری جاران خاک و خەڵک یەک بوون، بەڵام هەنووکە تەواو نەبانی یەکن.

جاری جاران ڕۆڵەی خاک و ڕۆڵەی ڕەنج و ڕۆڵەی کار بوون. نانی ڕەنجی باسکی خۆیان بە هەموو بەرەکات و زێڕ و زیوی بەلاشی دەر نەدەگۆڕیەوە و هەمیشە تفی ڕەشیان لە نانی جووراوی دەرەکی دەکرد. کێشە و هەرا دە چی دا بوایە، داری دوو سەر زێڕیشیان بۆ حەوا دەدا و لێی هەڵدەستان و بەگژی دا دەچوونەوە و تاڵەسێویان دەخەوی دەهێنا، بەڵام ئێستێ وەها نەماون. دوای ئەوەی بە دانستە برسی کران و شارەزایانە نیوە تێر کرانەوە، وەک ژەمە تریاکی ڕۆژانەش فێری نانی جوواروی دەر کران و ئیتر تەواو.

پێنج خولەکی تەواوی ماوە ساڵ نوێ بێتەوە. ئاخر هەناسەکانی ساڵی کۆن، مێرووڵەی باڵداری بە لەزن و لە کون دێنە دەر و دەفڕن. ئاوایی نشینان بە لەزتر لە دەربازبوونی چرکە و خولەکەکان پەلەیانە. لەم هەڵپە هەڵپەدا کێ زووتر دەرباز بێ، ئەو دەیباتەوە. تەنیا خولەکێکی ماوە ساڵ نوێ بێتەوە. خەڵکی ئاوایی، لە زارۆکی حەوتی هەتا کەفتەکاری حەفتاساڵی، نێر و مێ، بە هومێدێکەوە لە دەرەوەی ئاواییدا چاوەڕوان ڕاوەستاون. ئاخرین چرکەکانی ساڵی کۆن بە قورسایی و گرانایی بەرەژانی ئافرەتێکی لە سەر کاسە، دەروونی ڕووحی یەک یەکی ئاپۆڕای چاوەڕوانی ئەم تێپەڕینە مارپێچ دەپێوێت و جەرگی سەبر و قنیاتیان لە ناوەوە کون کون دەکات. یەکا یەکی ئاپۆڕاکە ماران گەستەیەکی بێ ئارامن. هەموویان لە تێپەڕینی چرکەکان و لە تێپەڕینی زەمان ترسێکی سامناکیان لە دڵدایە. سەرجەمیان لە نێوانی ترس و هیوایەکی بەردەوامدا ژمارەی پێچەوانەی چرکەکان دەژمێرن : پێنج... چوار... سێ ... دوو . یەک ... سیفر! دەنگی (سیفر) وەک تۆپ لە دۆڵدا دەنگ دەداتەوە. هاوکات دەگەڵ تەقینەوەی دەنگی سیفر، چەندێکیان بەرە جووتێک لە زەرعات و خاک و ئاوی ئاوەدانییەکەیان جێ دەهێڵن و کۆنەگۆڕستانی دوور لە ئاواییش بەرە جووتێک بەسەر خاک و ئاو و ئاوەدانییەکەیان دەکشێت.

ئاپۆڕاکە خۆی نا، بەڵام شوان هەڵخەڵەتێنە کارزانەکانی دەرەوی دوور ، سەرمەستی ئەم دەسکردەن و دەسخۆشانە بە یەکتر دەڵێن. ئەوان بە تێکڕا لایان وایە سێبەندی پشتی حەشیمەتی ئەم ئاواییە بە دانستە باش کووڕ کراوەتەوە و قەوزەی سنگیان خاس تێک شکێنراوە و ئەگەر بکرێ چاوی چاوساخەکانیان کوێر بکەن... ئەودەم ئیتر هاکا...

* * *

تەنزی کۆمەڵایەتی:

# میۆ... یۆ یۆ

● سیامەند شێخ ئاغایی●

پیاو ئەگەر لە وڵاتی خۆی هەڵبڕا و کەوتە غەریبایەتی، پێویستە دیالۆگی لەگەڵ خەڵک هەبێ، ئەگینا بە بێ نزیکبوونە، زمانی بێگانە باش فێر نابێ. منیش یەکێک لەو پەنابەرانە بووم، بێجگە لەوەی بێکار بووم، زۆریشم پێویست بەبیستن و قسەکردن لەگەڵ خەڵکی وڵاتی پەنادەرم هەبوو. ئەویش چۆن و بە چ ڕێگایەکدا؟ نەمدەزانی. تەلەیفونم هەڵگرت و بەپرسیار گەیشتمە کۆنە برادەرێکی هاووڵاتی کە لە مێژ ساڵ بوو پەڕیوەی هەندەران ببوو. بەپێی بۆچوونی خۆم، وام دانا ئەم کۆنەبرادەرەی هاووڵاتیم ئەزموونێکی خەستی لەمەڕ دابونەریتی وڵاتانی ئوورووپایی وەدەست هێناوە. جا بۆیە بە تەلەیفون بەرۆکیم گرت و پاش پرسیارێکی زۆر، لە وڵامم دا گوتی:

ـ "ئەم وڵاتەی کە ئێستا لێی پەنابەرین. خەڵکەکەی لە چەشن ئاسکی ڕەوەکی وان. هەرکە بێگانە دەبینن، هەست بە نامۆیی دەکەن و دەسڵەمێنەوە. سا لە من وەسێت، شەرم وەلا نێ، هەر لە ئیمڕۆکەوە قۆڵ هەڵماڵە و مەترسە، بە لەسەرەخۆیی لە گشت خشپەیەک بچووە پێش. دڵنیام لە نێو ئەم هەزارەزیلەیەدا کەسێک هەر هەڵدەکەوێ دەستی یارمەتی یان دۆستایەتیت بۆلا درێژکا!"

ئامۆژگاری کۆنە برادەرم لە گوێ گرت. لەسەر پەندی ئەو قۆڵم هەڵماڵی و لێبڕاوانە کەوتمە هەوڵ. ڕۆژ بە درێژایی سڵاو و خۆناساندن. وڵامم بە یاها...! یویو...! هەی دۆ...! (ماڵئاوا) دەبڕایەوە.

تەلەیفونم بۆ کۆنەبرادەر کردەوە و حاڵ و بەسەرهاتەکەم بۆ گێرایەوە. ئەویش گوتی:

ـ "دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە." تۆ نابێ وڕە بەردەی و لە هەوڵ و کۆشش بوەستی. بە قسەم بکە، ئەمجارەیان لە ڕێگای سەگەکانیانەوە خۆت بخەپێش، نزیکبوونەوە لەم ڕێگایەوە ئاسانترە. بۆ دڵنیاییت، هەر دوور نەڕۆین ئەم برادەرەی خۆت، واتە خۆم، لە دەسپێکدا ئەم شێوە ڕێبازەم گرتە بەر. بۆ ئاگاداریت سەرکەوتنیشم بەدەست هێنا و تاکوو ئێستاش لەم ڕێگایەوە نان دەخۆم."

پرسیم.

ـ حاڵی نە بووم، چۆن بە ڕێگای سەگانەوە نان دەخۆی؟

ـ "مەبەستم ئەوەیە. دەڵێم، بڕۆ.. کاری سەگ ڕاگرتنێک یان سەگ حاواندنەوەیەک بێ، کارێکی وەهالانە بدۆزەوە. هەزار پیرێژنی دەوڵەمەند هەیە منەت دەکێشن. ماڵخەراپ نان لە پیرێژنان دایە!"

ـ کەوابوو! مەبەستت سەگەوانی یە؟

ـ ئەدی چی؟! بڕۆ وەدوا کەوە! کار عەیب نییە برام! کار...

دانیشتم زۆرم بیر لێ کردەوە و دیتم ئەم پێشنیارەی کۆنەبرادەرم لەگەڵ بیرو هزری من یەک ناگرێتەوە. تازە پاشملەی کوردەش لەولا ڕاوەستێ، کە بڵێ تۆیەکی بەو وڵاتە جوانەی خۆت قایل نەبووی، هەستای خۆت ڕاناو هەموو ماڵ و دارایی خۆت هەراج کرد، بە هەزار چەرمەسەری خۆت گەیاندە ئوورووپا، هەر بۆ سەگەوانی؟! نا! ... تێر عەمر بی کۆنەبرادەر! حاشا لەم پێشنیارەت! ئەم کارە خاسە هەر لە خۆت دەوەشێتەوە! ناا!... حاشا!

دیسان بە تەلەیفون بەربینگم بەکۆنە برادەر گرتەوە، ئەویش زۆر بەئاسایی بۆچوونەکەی بەر پەرچ دامەوە و گوتی:

ـ برا هەرکەسە بۆ خۆی دەژی. کارت بەسەر قسەی ئەم و ئەو چییە کە پێت بێژن: بڕوانە ئەم کابرایە لە وڵاتە ڕەنگینەکەی خۆی دەستی هەڵگرتووە و هاتووە لەم دوورە وڵاتە سەگەوانی دەکا. ئەگەر پارەت بوو، هەموو بۆرە ناسیاوێک ئامۆزا و خزمە و بەکارزانیت هەڵدەڵێن. ئەگەر نەشت بوو، پێچەوانەکەی دەبیسییەوە.

بە بێ مەیلی تەلەیفونەکەم داناوە و کەوتمەوە فکر. حەک خوا نەتحەسێنێتەوە هاوڕێی لەمێژینە، بۆ ڕێنوێنیت. تۆزە حەیایەکم ماوە، ئەویش دەیهەوێ ببێتە قەترە ئاوێک و بڕژێتە سەرخاکی ئەم وڵاتە. خوام نەبێ هەر تەنیا تاکە کوردێک بەسە، پەتی سەگم بەدەستەوە ببینێ و پاشان بمکا بە پەڕۆیەکی شڕی بەچاڵووکەوە گیرساو، سا با بە هەر لایەک دا هات بەکەیفی خۆی رام وەشێنێ. ناا!...!

زیاتر لە حەوتوویەک پێچوو بوو. بیرم لێ کردەوە لەو ماوەیەدا یەک تاکە وشە چییە بە سەر زمانمدا نەگەڕابوو. لە خۆدا هەستم بەکەڕ و لاڵی دەکرد. لەدڵی خۆمدا گوتم: ئاخر چۆن وا دەبێ؟ قەت بووە لە نێو ئەم عالەمە زۆر و زەوەندەدا کەسێک نەبێ، من دوودانە قسانی لەتەک بکەم؟ ناچار دیسان پەنام بۆ کۆنە برادەر بردەوە و گوتم:

ـ کاکە گیان، مەبەستت ئەوە بوو. بە ڕیایی و خۆ شیرن کردن، بچم دەست لەملی سەگان بکەم سەر پشتیان بخورێنم، بۆ ئەوەی خاوەنەکانیان خۆشیان لەتەڕح و دیداری من بێ؟ ئاخر هاوڕێ، کوا ئەوە ڕێنوێنییە دەیفەرمووی. ئەوە حەیا چوون و غیرەت بە با دانە! من نامەوێ سیاسەتمەدارانم پێخۆش بن، من حەز ناکەم ئەو جنێوی سەگ و سەگبابەی کە من بە نەیارەکانی خۆم دەدا، ئیمڕۆکە ببێتە پێچەوانە و بۆ لام بگەڕێتەوە.

کۆنە برادەر بە تووڕەی وڵامی دامەوە:

ـ کاکە سیاسەتی چی و سیاستمەداری چی؟ تۆش وەک ئەوان زیرەنگ بە، بزانە چۆن لە بەرژەوەندیت دایە ئاوا بکە. وەک پرۆسەی ئاشتییەکە.

ـ حاڵی نەبووم گوتت پرۆسە!؟

ـ ئا، مەبەستم پرۆسەی ئاشتی یە، کە ئەوە چەند ساڵە سیاسەتزانانی وەتەنی، بێ ئەوەی گوێ بدەنە کۆمەڵگای کورد، بە خاتری بەرژەوەندی حیزبەکانیان هەلووکێنی پێدەکەن! سا ئێستاش بۆ ئاقڵان نیشارەتێک بەسە و ئیدی من لەوە زیاتر ناتوانم ڕێگات وەپێش کەوم.

گوتم:

ـ باشە، باشە لێم مەتۆرێ! ڕێنوێنییەکی دیکەت نییە؟

ـ دوایین ڕێنوێنیم ئەوەیە، لە پێشدا بچوو مووی سەرت رەنگ کە. ئەگەریش گوێ و کەپۆشت کون کەی و یەکی ئاڵقەیەکیشیان تێ بکەی، هەر دەبێتە زێری بێ خەوش!

دەی! چم کردبایە؟ هەرچی بوو هاووڵاتیم لە من بە ئەزموونتر بوو. منی بێکارە و داماو بە دەست زمانێکی لەق و لۆقەوە، دەستەئەژنۆ مابوومەوە. دایرەی کار بە دوای هەر کارێکدا نارد بوومی، بە لۆژە لۆژ و دەستی بەتاڵ گەڕابوومەوە. ئەو کاکە بەئەمەگەم راستی دەگوت. کاتێک سیاسەتزانانی ئێمە دێن پارچەیەک لە وڵاتە لەتلەتکراوەکەمان دووبارە لەتلەت دەکەن و هەر پۆلە تاج و تەختی خۆی تێدادەمەزرێنی و بیر لە عەیبە و شەرمە ناکەنەوە. بۆچی من لەوە بترسێم کوردە لەم دوورە وڵاتە بمبینێ و پێم بڵێ سەگی سەگبابی سەگەوان. ئەم قوڕوەسەرە راست دەبێژێ: ئەم قوڕنەی دنیاییە وا هەڵدەگرێ و هیچ کارێک شوورەی نییە.

لە سەر پێشنیاری کاکم لەپێشدا چووم سەرم رەنگ کرد. بەڵام لە ترسی ئێش و ئازار نەموێرا کەپۆ و گوێم کون کەم، بەڵام لەجێدا کۆنە شەڵوارێکم هێنا، لە سەر ئەژنۆ و بیلامانێ، بیلامانێ سەر ئەرمەی پشتەوەم ئەملاو ئەولا دوو کونی بازنەییم تێ کرد. بەڵێ لەسبەی ڕا دەلینگم هەڵماڵی و بە دوای خاوەن سەگان دا وەڕێ کەوتم. خاوەن سەگەکان یەک و دوو نەبوون، هەرکەسێکی دەتدیت ئەوە پەتی سەگێکی بە دەستەوەیە، بەپەلە دەروا و سەگەکەی لە نێو پارک یان چۆلگەیەک رادەدێرێ.

خاوەن سەگەکان ئەوەندە بەپەلە دەرۆیشتن، پیاو بە زەحمەت دەیتوانی بیانگاتێ. بەڵام باش بوو سەگەکان بەینابەین لە نیوەی ڕێگادا بە ملۆمۆ کردن رادە وەستان و بۆنیان بە پنچکە گیایەکەوە دەکرد، یان میزێکیان هەڵدەداشت. ئەویش تاکوو لێیان نزیک دەبوومەوە، بە هەمان شێوەی پێشوو هەمدیسان ڕێگایان دەگرتەوە بەر. واتە ئەوان سوار و من پیادە!

بیرم لێ کردەوە، ئەم کارەی من دەیکەم رەنگە بە چەند لاوە دروست نەبێ. یەکێیان لەوانەیە خەڵک هەست بکەن من شێتم. یان ئەوەی کە گیرفانبڕ و پیاوکوژم. لە هەموویان قەباعەتتر (...)م! سەرباقی هەموو ئەوانەگوزاریشی پۆلیسیش لەو لا راوەستێ. دەی چ بکەم و چ نەکەم؟ فکر فکر، بە بیانووی رۆژنامە خوێندنەوە، چووم لە پارکێک لە سەر کورسییەکی درێژ پان بمەوە و وەک کوروکۆدیل زارم کردەوە. بێتوو هەر خاوەن سەگێک بە لام دا تێپەرێ، زوو لە داوی کەڵپانی بخەم.

بەڵێ، بەم واتایە کە خەریکی خوێندنەوەم. بەرواڵەت رۆژنامەم گرتبووە پێش چاو. هێندەی نەخایاند بە سیلەی رۆژنامەکەدا دیتم ئەوە پیرێژنێک پەتی سەگێکی ڕیوەڵەی بە دەستەوەیە، یاری یاری بۆ لای من دێ. لە دڵی خۆمدا هەرچەند پێم خۆش نەبوو داوم دە داوی پیرێژنان بکەوێ، بەڵام کاتێک کڵۆڵی و داماوی خۆم وەبیر هاتەوە، بە تایبەت کە کۆنەبرادەریش دەیگوت: پیرێژن نیعمەتی خودان، هەم دەوڵەمەند، هەمیش زمانیان رەوان و پاراوە. ئیدی بیانووم نەما.

شکوری خودا. پیرێژن راست هات و گەیشتە لام. منیش سووکێک رۆژنامەکەم لە پێش چاوم لابرد و سلاوم لێکرد.

پیرێژن یەکی ڕەقەڵەی چاو زیت بوو. سەگەکەشی بە قەرا گیسکێکی گروێ دەبوو، دەموچاوی کولکن و مووی درێژ و چلکنی بەسەر چاو و لمبۆزی دا شۆڕ ببووەوە. مووی بەرزگی هەڵوەری بوو، هەر دەتگوت برینگ کراوە. کلکیشی ڕەق و باریک یەک تاکە موو چییە پێیەوە نەمابوو، قەفێکی بۆ سەر پشتی خوارد بووە. ئەوەی راست بێ، من بە عومرم سەگی وا ناشیرنم نەدیبوو. پیرێژن دیاربوو ئیشتیای لە قسانە، ڕاوەستا و سلاوەکەی لێ وەرگرتمەوە. ئەوسا هات سووکێک لە سەر گۆشەیەکی کورسییەکە دانیشت.

منیش لەوەی ئادمیزادێک بە پێی خۆی هاتبوو لە لام دانیشتبوو، فرە خۆشحاڵ بووم. بۆ یەکەم جار دوعام بۆ عومر و ماڵی هاووڵاتییەکەم کرد. پیرێژن زۆر بە وردی چاوی بەلای منەوە بوو، هەڵس و کەوتەکەی هەڵدەسەنگاندم و لەوەی دەی دیدت چاوم لە سەگەکەی بڕیوە. وای هەست دەکرد سەگەکەییم لا جوانە. پاش تاوێک پیرێژن کە هەروا چاوی بەلای منەوە بوو پرسی:

ـ تۆ... تۆ تۆ تۆ... پەنابەری؟

لە بەختانم پیرێژن لە کاتی قسەکردن دا وشەکان لە سەر زوانی دەکەوتنە هەڵبەز هەڵبەزو دەنگیان دەدایەوە، هەروەک چۆن لە مابەینی دوو کێوان دا هاوار دەکەی هۆی حەمە! کێوەکان دەنگ دەدەنەوە: حەمە... حەمە... حەمەمەمەمە. قسە کردنەکەی پیرێژنیش ئاوا بوو. هەر بەڕاستی ئەم شێوە ئاخاڤتنەی پیرێژن ئاوێکی ساردی بەسەر دەست داکردم. لە دڵی خۆم دا گوتم: حەک شڵینگی بەخێر! پیرێژن زمانیشی دەگیرێ. وەڵڵا بابە فێری زمان بووی! حەک سەد جار ماڵت بە قوڕ گیرێ هاورێ، بۆ ئەم بەزمەی وەپێشم کەوتووی. ئاخر تۆ دەتگوت پیرێژن زمانیان ڕەوانە! وەڵڵا بابە ڕەوانە...!! پیرێژن کە هەروا چاوی لێ نەدەتروکاندم و چاوەڕوانی وڵامی دەکرد. گوتم:

ـ بەڵێ مادام پەنابەرم.

پیرێژن کەمێک خۆی لێ نزیک کردمەوە، دەمی هێنایە بن گوێم و گوتی:

ـ تۆ... تۆ تۆ تۆ.. هیچ وەک پەنابەرەکانی دیکە ناچی!

بە سەیرەوە تەماشایەکی خۆم کرد و لە دڵی خۆمدا گوتم. ڕەنگە بەم کۆنە شڵوارە و ئەم سەر زەرد کردنەوەم، پێی وابێ وە پەنابەرەکانی دیکە ناچم. پرسیم:

ـ لە بەرچی وە پەنابەرەکانی دیکە ناچم؟

گوتی:

ـ من کە تۆ... تۆ تۆ تۆم لە دوورەوە دیت، زەینم دایەی کە تەماشای من دەکەی، بەڵام پەنابەرەکانی دیکە نازانم بۆچی کە بە لای من دا تێدەپەرن هەر تەماشای سەگەکەم دەکەن و

هیچ سەیری من ناکەن!؟
من زوو لە مەبەستی گەیشتم، گوتم:
ـ مادام، لێیان مەگرە، لێقەوماوانە بە خۆیان نییە لە سەگ دەترسن.
ـ بۆ!؟
ـ چونکە خەڵکی وڵاتی ئێمە هەر لە منداڵییەوە سەگ ترسێن کراون. پاشەمینیش ئەم حەقەیان پێ بدە، لە وڵاتی ئێمە هەر حیسانی حیسان ئاسایی چوونە دە پێستی سەگی زۆر دڕو هارەوە، پیاو بێتوو لە خۆی وشیار نەبێ، لارانێکی تێدا دەچێ!
پێرێژن لە مەبەستم حاڵی نەبوو، چونکە لە وڵاتی ئەم خەڵک شانازی بە سەگەکانیان دەکەن و ناوی خۆشەویستی خۆیانی لە سەر دادەنێن. پرسی:
ـ بۆ... بۆ بۆ سەگە حیسانی وڵاتی ئێوە حیسان گرن؟
ـ بەڵێ مادام! یانی گریشن.
پیرێژن برێک خۆی بادا و گوتی:
ـ بەڵام ئەم سەگەی من زۆر مێهرەبانە، مەترسی بۆ کەس نییە. من حەز دەکەم پەنابەرەکان کە بەلای مندا تێدەپەڕن، تەنیا تەماشای من بکەن. ئەوسا دا هاتەوە ڕوو بە سەگەکەی گوتی:

ـ مەگەر وانییە. میۆ... یۆ یۆ یۆ؟
بۆ ئەوەی خۆم لای پیرێژن شیرن کردبێ، چاوێکی خۆشەویستانەم لە سەگەکە کرد و گوتم:
ـ چ سەگێکی جوانە! ناویشی میۆیە..
پیرێژن زەردەیەکی پڕ لە ڕەزامەندی کەوتە سەر لێوان و گوتی:
ـ بەڵێ، ناویشی میۆ... یۆ یۆ یۆ یە. هەر تەنیا جوان نییە، بەڵکوو ژیر و زوان زانیشە. پێت سەیر نەبێ! لە هەموو زوانێک حاڵی دەبێ.
ـ زمان زانیشە!؟
- بەڵێ! کاتێک رادیۆ دەگرم، بێ ئەوەی بزانم چ زمانێکە، چاو لە میۆ... یۆ یۆ یۆی دەبڕم و دەبینم گوێی بۆ دەنگی رادیۆیەکە هەڵخستووە و چاوێکشی لە منە، بەم واتایە کە لە زمانەکە حاڵیم. ئەگەر باوەڕ ناکەی بە زمانی خۆت بیدوێنە، جا بزانە چۆنت وڵام دەداتەوە.
منیش دەمم غونچە کرد و ڕوو بە سەگەکە گوتم:
ـ فەندی فەندی، ئەوەی قەپەگۆڵ چۆنی؟

میـۆ هەر وەک لەگەڵ ئەویشم نەبێ، قوون هەڵتسی و پشتی تێ کردین.
پیرێژن تێی ڕاخوڕی:
ـ میۆ... یۆ یۆ یۆ دەی وڵامی بدەوە!
نەخێر میۆ لە دنیای خۆی دابوو، هیچ دژکردەوەیەکی نیشان نەدا. منیش بۆ ئەوەی پیرێژن بە خۆی دانەشکێتەوە، گوتم:
ـ مادام زمانی ئێمە لە دنیای ئیمرۆدا، هێشتا نەچۆتە ڕیزی زمانی سەگ و تولانەوە، سا بۆیە بەستەزمانە حاڵی نابێ. بەڵام پێرێژن قسەکەی منی بەرپەرچ دایەوە و گوتی:
ـ نەخێر حاڵی بوو. نەتدیت بە دژ پشتی تێکردین. زۆر ژیرە! چەند ڕۆژ پێش بە زمانی خۆی حاڵی کردم ببەمە پێشەبڕکێی سەگان. لەوێ بەڕێوەبەری فیدراسیۆنی سەگان گوتی:" لێرە تەنیا سەگی زەلام دەتوانن لە پێشەبڕکێ دا بەشداری بکەن." باوەڕکە هەرکە ئەم قسەیەی لە زمانی بەڕێوەبەردەوە بیست، بە دژی دەستی کرد بە خۆراپسکاندن و وەڕین! ... لەگەڵ ئەوەش بەستەزمانە ڕێگایان هەر نەدا.
میۆ پەتەکەی کێشا و هەستاچوو لە چەند هەنگاوی ئێمە پاشووی هەڵێنا و بە سەر پنچکە گیایەکدا هەڵمیست. پیرێژن گوتی:
ـ هیچ زەینت دایە! بە عادەتی دەزانم، ئەگەر قەڵس دەبێ، چرتە میزە دەگرێ. ئەوسا پیرێژن لووتی تێکنا و گوتی:
ـ هەڵەی خۆم بوو، بە قورسی پێم دانەگرت کە میۆ... یۆ یۆ یۆ، لە پێشەبڕکییەکە دا بەشداری بکا... ئەوسا پەتی ملی سەگەکەی بۆ لای خۆی کێشا و داهاتەوەو گوتی: میۆ... یۆ یۆ یۆ! دا سەمایەکی بۆ دایکی خۆت بکە! دەی ژیرو جوانەکەم! دیتووتە چەندە وە دایکی خۆی دەچێ. گیان! لووسی گیان!... تۆ تۆ تۆ ... دەی بەخاتری دایکی خۆت سەمایەک بکە! دەی...!
بەڵام میۆ گوێی بەم قسانە نەدەبزوت، لەحالێکدا لیک بە شەویلکەی دا دەهاتەخوار، دیسان قوون هەڵتسی یەوە و پشتی تێکردینەوە.
پیرێژن گوتی:
ـ نازانم بۆچی ئیمرۆکە وا شەرمێ دەکا. میۆ... یۆ یۆ یۆ گیان! ئەوە بۆ حەز ناکەی چاومان لێ کەی؟ دەی هەستە خۆت نیشان دە ئارتیستە بچکۆلانەکەم! دەی!

میۆ هەر دەتگوت لەگەڵ ئەویشت نییە. قونی وا بە هەردەوە نووساند بوو، سەیر! پیرێژن دەستی لێ هەڵنەگرت و گوتی:
ـ میۆ... یۆ یۆ یۆ! دەی رووت ڕووت وەرگێرە! سڵاوت نەکرد چش! لانی کەم دوو.. دوو قسان بکە، شیرن گیان!
منیش بۆ ئەوەی خۆم لە پێش چاوی مادام شیرن کرد بێ، بەردەوام گوجی گوجی گیانم دووپاپەت دەکردەوە، ئەوسا داهاتمەوە چوومە بن گوێی میۆ و گوتم:
ـ گوجی! بۆچی بە قسەی دایکت ناکەی؟ ڕەنگە خۆشت لە تەرح و دیداری من نەهاتبێ؟ بەڵام من زۆرم تۆ خۆش گەرەکە!
مادام گەڕاوە و گوتی:
ـ چۆن خۆشی لێت نەهاتووە؟ من هەست دەکەم زۆریش خۆشی لێت هاتووە. پێتخۆشە ببی بە ئاواڵی؟
ـ چۆن نامەوێ مادام. زۆریش بەحەزەوە؟
پیرێژن گوتی:
ـ بۆیە دەلێم ببە ئاواڵی، چونکە دەزانم میۆ... یۆ یۆ یۆ، پەنابەری خۆش دەوێ. من هاوسایەکی پەنابەرم هەیە، هەتا میۆ... یۆ یۆ یۆی دەبینێ سڵاوی لێ دەکا. میۆ... یۆ یۆ یۆیش بەڕاکردن بەرەو پیری دەچێ و بۆنی پێوە دەکا. ئێستا تەنیا لەوە ناگەم، بۆچی لە لای تۆ شەرم دایگرتووە!؟
سەری زمانی خۆم گەست:"کەوابوو هاووڵاتی درۆی نەکردووە، خەڵکی ئەم وڵاتە تەنانەت سەگەکانیشیان پەنابەریان خۆش دەوێ، تەک ئەمری هاووڵاتی ڕاستگۆ!"
پیرێژن کیفێکی ژنانەی بەدەستەوە بوو، دەسرەیەکی سپی لێ دەرهێنا، دەستی درێژ کرد لووتی میۆی پێ خاوێن کاتەوە، بەڵام میۆ بە بێوازی بۆنێکی بە دەسەسڕەکەوە کرد و ئیدی خێرا سەری وەرگێراوە. من وا تێگەیشتم کە سەگەکە وایزانی خواردەمەنی یە پیرێژن بۆ دەمی برد. بەڵام کە زانی شتی خواردن نییە دەمی گێراوە. مادام پێکەنی و گوتی:
ـ نەمگوت شەرم دەکا. سەگی وڵاتی ئێوەش وەک میۆ... یۆ یۆ یۆ نەجیب و شەرمێونن؟
ـ سەگی وڵاتی ئێمە؟... نەجیبی چی!؟ نەخێر مادام! سەگی وڵاتی ئێمە لەبرسان شەرم و مەرم نازانن چییە. سەولەیەکی بە قەرا تۆپی پێیان بۆ

هەلاویّ، لە دە میّتری دەی قۆزنەوە و بە یەک قەپاڵ قوتی دەدەن!

پیرێژن بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

ـ وەی وەی وەی! میۆ... یۆ یۆ یۆی من هەموو شتێک ناخوا. چوکلات خۆرە.

پیرێژن کە ناوی چۆکلاتی هێنا لە بەختان دەنکێک چۆکلاتم لە گیرفاندا شک دەبرد، دەرمهێنا و دام بە پیرێژن کە بیدا بە سەگەکەی. مادام بەدەم سوپاسەوە چۆکلاتەکەی لێوەرگرتم و هاوکات دەنکێک سیغاریشی داگیرساند. کردی بە چرە دووکەلێک هەر وەختابوو لەو هەوای نازادەدا بە دووکەڵی سیغار قرم کا. ئەوسا بە دەردانەوەی باقەیەک دووکەڵ، داهاتەوە و رووە میۆ گوتی:

ـ کوڕەکەم میۆ... یۆ یۆ یۆ! ها! برای بابت، مامە گیان چۆ چۆ چۆ کلات!

میۆ زۆر بە بێوازی دەمی کردەوەو چۆکلاتەکەی خوارد. پیرێژن بە دەم قاقا و خۆشحاڵییەکی لە رادەبەدەرەوە گوتی:

ـ نەمگوت سەگی من چۆ چۆ چۆکلات خۆرە. میۆ... یۆ یۆ یۆ، دەبلێ مامە گیان سوپاس! میۆ هەر دەتگوت لەگەڵ ئەویشت نییە، سەری داخستبوو لیکیش بە دەم و لووتی دا جۆگەلەی بەستبوو. پیرێژن لە کۆڵ سەگەکەی نەبووە و لەسەریەک لەسەریەک دەیگوت:

ـ دەی! دەبلێ برای بابەکەم، مامە گیان سوپاس! دەنا لێت قەڵس دەبم. ها! ئەوسا مادام رووی لێ وەرگێرا و گوتی: ها ئەوە لێت تۆریام و تازە قسەت لەتەک ناکەمەوە. پاش هەولێکی بێ ناکام ئەوسا داهاتەوە و سەگەی گرتە باوەش، بە دەم لاواندنەوە و دەست بەسەر داهێنان گوتی: ئەوە ماندووی؟ ... نا!؟... دەرێت پێخۆش نییە؟... دەزانم!... دەی ئەگەر هەر وایە بەخاتری چۆ چۆ چۆکلاتەکە دەستی مامە گیانی ماچ کەو سا پاشان دەرۆین.... نەخێر ئیمرۆکە کوڕە جوانەکەم مانی گرتووە. مامە، بە بروای تۆ تۆ تۆ، میۆ... یۆ یۆ یۆ جوان نییە؟

ـ بەرێوەللا! دایک و کوڕ هەر یەک لە یەک شیرنتر و جوانترن.

مادام پشت لە من، خەریکی قسەکردن لەگەڵ میۆی بوو. منیش کە ئەوانم سەرقاڵ دیت، سووکێک هەستام، ویستم بەلای پشتەوەدا بۆی دەربازبم. پیرێژن ئاورێکی داوە و گوتی:

کە وابوو میۆ ... یۆ یۆ یۆت پێ جوانە؟

لە حاڵێکدا چاوێکم بە لای پشتەوە بوو، چۆن بۆی دەرباز بم، سەری زمانم سووتاو، ولامم داوە:

ـ هەر زۆر زۆریشم پێ جوانە!

پیرێژن کەمێک دەنگی کز کرد، روو بەمن سەرێکی راوەشاند و گوتی:

ـ من پێشنیارێکم بۆ تۆ تۆ تۆ هەیە:

ـ فەرموو مادام! پێشنیارەکەت چیە؟

ـ پێشنیارم ئەمەیە: پێتخۆشە ئاگات لەم میۆ... یۆ یۆ یۆ گیانەکەی من بێ. ئاخر هێندێک رۆژ دەچمە کلیسا و بازار... بەستەزمانە بە تەنیا لە ماڵ دەمێنێتەوە دەترسێ. مامە رۆژانە پارەیەکی باشیشت دەدەمێ، هاا!

لە دڵی خۆمدا گوتم، باشە بۆچی خودا گرتووی؟! مەگەر هەر بە دوای کارێکی ئەوتۆدا ناگەرێی؟ بەڵێ لە قوونە دزەکە پاشەگز بوومەوەو بە نازو نیو نازەوە ولامم دایەوە :

ـ دەتوانم!

ئەویش گوتی:

ـ ئەگەر وایە با بچین ماڵەکەی خۆمت نیشان دەم. منیش وەک مەڕی خودا، بەرەو ماڵی پیرێژن سەرم داخست. لە پلیکانان سەرکەوتین و چووینە ژوور. مادام سووکێک جانتاکەی دانا، وەرسووراوە پتی ملی سەگەکەی لە جمگەم بەست و گوتی:

ـ ئیمرۆکەت پراکتیکەو لە سبەی ڕا مەعاش. ئێستاش من دەچمە دەر هێندێک شتوومەک بۆ ماڵێ دەکڕم و زوو دەگەرێمەوە، تۆش لەوماوەیەدا هەوڵ بدە بەلکوو لەگەڵ میۆ... یۆ یۆ یۆ گیانی ببنە مام و برازایەکی ڕاستەقینە. قامکێکیشی لە سەگەکە راوەشاند و گوتی: میۆ... یۆ یۆ یۆ ! ئەوە پێت دەڵێم لە قسەی مامەی دەرنەچی و بێ تەربێتی نەکەی هاا! ... ئیدی مادام بەدەم پێهەڵگوتنی میۆ لە ماڵ وەدەر کەوت. منیش دوا بە دوای ئەودا سەگەم ڕاکێشاو چووم لەسەر قەرەوێڵەیەک دانیشتم و لەگەڵ میۆ تاوێک چاومان چاوی لەیەک بڕی. پاشان خێسەیەکم لێ کرد و زمانیشم لێ دەرهێنا. میۆ کە بەحاڵ چاوی لەبن موو چلکنەکانی یەوە دیار بوو، لەپڕ لێم هەستا سەر پاشووان و پێم وەڕی، ئەوسا گرم نامبازم بوو. بەرەو پشت بە سەر قەرەوێڵەکەدا درێژی کردم و ئیدی سواری سەرم بوو. لە حاڵێکدا بەرزگی لە ورگم دەخشاند، دەستی کرد بە لێو و لیچ لستنەوەم، هەرچی لیکی لووتە پیسەکەی بوو دە دموچاومی هەڵسوو. نازانم لەم کاتەدا بێزم هەستا یان چی ئیدی ئاگام لێ نەبوو بۆ چ ماوەیەک ئاگام لەخۆ بڕاوە. هەر ئەوەندە ئاگام لێبوو پیرێژن بە نقورچکان وەهۆشی هێنامەوە. کە چاوم هەڵێنا دیتم پیرێژن لووتی تێکناوە، وا تێگەیشتبوو لەو ماوەیەدا کە لەماڵ وەدەر کەوتووە. خەوم لێکەوتووەو ئەرکی ئاگاداری لە سەگەکەیم بە باشی بەرێوە نەبردووە. پاش تاوێک نێوچاوان گرژییەکەی وەلا ناو گوتی:

ـ یەکەم جار هیچ! بۆ دووهەم جار لێبوورین نییەو ئێستاش بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کارەکەت مسۆگەر بێ، هەستە میۆ... یۆ یۆ یۆ گیانم ببە لە هۆ و چۆلگەیە پاش تاوێک گێران، ڕایدێرەو بیهێنەوە.

منیش کە حاڵم هاتبۆوە جێ، گورج هەستام، پەتی ملی سەگەکەم لە جمگەم کردەوە و چووم پێلاوەکانم دەپێ کرد. لاقێکم هەبوو یەکی دیکەشم قەرز کرد و پشتم لەم بەرێچوونە کرد. جاوەرە بە پلیکاناندا سەر بەرەو ژێر دەرپەڕە. گوێم لێ بوو، میۆ بە دوامدا دەوەڕی. مادامیش کە نیوەی لەشی لەپەنجەرەی هێنابوە دەر و بەدەنگی بەرز دەیگوت:

ـ ئەوە بۆ کوێ؟ وەرە بگەرێوە، کارەکەت لە دەست مەدە! کوڕە سەرت لە بەردی رەقیش دەی کاری لەوەت باشتر وەگیر ناکەوێ. گوێت لێ یە میۆ... یۆ یۆ یۆ گیان دڵی بۆ مامەی تەنگە ... بگەرێوە میۆ...یۆ یۆ گیانی ببە رایدێرە... منیش لە کاتێکدا بە توندی و بێ ئاوڕدانەوە باڵم گرتبوو، بە دەم رێگاوە، بۆ ئەم رێ و شوێنەی کۆنە برادەری هاوولاتی لەم دوورە ولاتە وەپێشی نابووم، پەیتا پەیتا جنێوم دەدا دەم گوت: وەڵلاهی و وە بیللاهی زمان ڕەوان نەبوون و بێکاری لەولا راوەستێ، ئەگەر لەبرسانیش بمرم، کۆنە برادەری هاوولاتی بە قسەت هەڵناخلیسکێم و سیاسەتمەدارانی وەتەنی بە خۆم خۆش ناکەم و شایستەیە هەر من بە سیاسەتی ئەوان پێبکەنم. چونکە پێکەنین بۆ تەندروستی فرە خاسە...! وەی کۆنەبرادەری هاوولاتی...!!

* * *

کورتە چیرۆک:

# کۆنە تەمبەڵ

•مەرزە•

ماوەیەک بوو هەرکە لە ماڵێ داوای شتێکم دەکرد یان لە کۆڵان دەمویست لە پێستی خۆم دا بجووڵێمەوە، لە خێزانی ماڵێ ڕا بگرە تا دەروجیران سەر کۆنەیان دەکردم و دەیانگوت:

ـ عەیبە، گەورە بووی، پاییزێ دەچی بۆ مەدرەسەی، عاقڵ بە!

ـ کەی پاییزە؟

ـ تازە ئەوە زستانە، با بەهار دابێ و هاوین تەواو بێ، دوایی پاییز دێ.

پێش ئەوەیکە مەدرەسە دەست پێبکەم کەس و کاری دوور و نێزیک لە عاقڵکردنم دا سەرکەوتوویی خۆیان وەچنگ هێنا و منیان عاقڵ کرد. منی عاقڵ بۆ نیشاندانی عاقڵێتی خۆم نە دەنگم لێوە دەهات و نە جووڵەم دەکرد. ئاخری پاییزی گۆرین هات و ڕۆژی خۆی گەیشت و خۆم لە مەدرەسەدا دیتەوە. هەموو ڕۆژێ پێش چوونەدەرم لە ماڵ بۆ مەدرەسە دایکم لێی چەند پات دەکردمەوە، کە دەبێ ژێر و بێدەنگ بم و هەرچی مامۆستا گوتی، لێی تێبگەم و فێری بم..

هەرچەند لە ماڵ و لە دەرو ژووری بە زمانی خۆمان، بە زمانی باب و باپیرانمان قسەمان دەکرد و من غەیری ئەم زمانەش چیترم نەدەزانی، بەڵام هەر کە پرسیارێکم دەکرد، هیچ جار نەبوو، پێم نەڵێن: ـ تۆ تێناگەی! تۆ نازانی!

ئێستەش لێیان دەویستم بە زمانی بێگانە لە بێگانە تێبگەم. لە ناچاریان سیاسەتی نەنکمم گرتەبەر و هەروەک ئەوم دەکرد هەموو شەوێ بەر لە نوستن لە بن لێفە پەنام بۆ خودا و پێغەمبەر و پیاوچاکان دەبرد و هەرچی بە مێشکم دادەهات بە ورتە لە زارم دەهاتە دەر تا هەر خۆم و پەنادەرەکانم گوێمان لێبێ.

ـ خوایە، بە گەورەیی خۆت مەدرەسەی تەرتوتونا کەی، سێلاو بیبا، خوایە، ئەم کتێبانە بسووتێن، خوایە مامۆستا لاقی بشکێ!

هەرچی دەنگی خۆم نەزمتر دەکرد "ساکت"، "ساکت" گوتنی مامۆستا لە چەشنی کوتانی بزمار لە مێشکم دا زرینگەی دەهات و دەیویست پێش بە تووک و دوعاکانم بگرێ، بەڵام من لە پاڕانەوەی خۆم دەستهەڵگەر نەبووم. دیسان ئەوێ ڕۆژێش وەک ڕۆژانی پێشوو دوای پەندەکانی دایکم بەرەو مەدرەسە وەرێ کەوتم، بیرم لە هەنگاوەکانم خێراتر دەڕۆیشت، بەڵام هەرچەند رۆیشتم و رۆیشتم، نەک هەر نەگەیشتمەوە بەڵکوو مەدرەسەشم هەر نەدۆزیەوە. لە بەرخۆمەوە گوتم:

ـ لەوە دەچێ دوعاکانم کاری خۆیان کردبێ! با خێرا بگەڕێمەوە ماڵێ.

کە گەیشتمە نێو حەوشە، دیتم دایکم پەڕامێزی هەڵکردووە و کۆڵێک جلوبەرگی چلکنی داناوە و خەریکی شیو کردنە. وێڕای دیتنم پرسیاری کرد:

ـ ئەوە بۆ گەڕایەوە؟

ئاشکرام نەکرد کە دوعای چەند مانگام قەبوڵ کراوە بۆیە گوتم:

ـ نازانی مەدرەسەیان گواستۆتەوە و لە جێی خۆێ نەماوە.

دایکم لە وەڵامدا گوتی:

ـ کچێ سەرباز، چۆن مەدرەسەی دەگوێزنەوە، ئەدی نازێ ی خوشکت بۆ نەهاتۆتەوە؟

هەرچی سۆێند و قوورعانم بۆ خوارد کە مەدرەسە شوێنەواریشی نەماوە، باوەڕی پێنەکردم. گورجێک پەڕامێزەکەی کوژاندەوە و ئاوی بە دەستی دا کرد و چارشێوی بەسەردادا و گوتی:

ـ بڕۆ، وە پێشم کەوە، تێر عومر نەبی، دەتەوێ سبحەی ڕۆژێ وەک من کوێر و بەدبەخت بی. چۆن لە کاروبارم دەکەی!

بە درێژایی تەواوی ڕێگا نەیدواندم و منیش نەم دواند، خەریکی پاڕانەوەی خۆم بووم، بەڵام تاو نا تاوێک چاوێکی لێ مۆڕدەکردمەوە و وا دیار بوو زۆریش کوێر نییە. بەداخەوە، زۆر زوو گەیشتینە مەدرەسە. مەدرەسە چرتەشی نەکردبوو. لە پشت دەرگەی کلاس دایکم وە پێش خۆی دام و گوتی:

ـ سەرتاشراو خودام لەو خودایەیە کەرەتێکی دیکە درۆ و دەلەسان سازکەی!

لە دەرگەیدا و مامۆستا سەری لە دەرگەوە دەرهێنا. دایکم سلاوی لێکرد و گوتی:

ـ خانم جان، بیبەخشە وەدرنگی کەوتووە، خەتای من بوو!

خانمیش گوتی: ـ ئەوە، ئاخرین جاری بێ. بڕۆ دانیشە.

ڕۆژ نەبوو لە دەست شوولکی خانم وەگریان نەکەوم، یان لە قوژبنی کلاس بە دوو دەست و پێیەک لە هەوا ڕانەگیرم و منداڵان سێ جاران؛ "تەمبەڵ"، "تەمبەڵ"، "تەمبەڵ"م پێنەڵێن. هەربۆیە دڵم زۆر بەوە خۆش بوو بەڵکوو کاتێک دایکم هۆی درەنگ هاتنەوەم بۆ مامۆستا بگێڕێتەوە، لەسەر ئەو درۆیەی کردوومە لە مەدرەسە دەرم کەن و لە بەزمی "ما گلهای خندانیم فرزندان ایرانیم" نەجاتیم بێ.

ڕۆژێک دیسان لەو ڕۆژانە بوو کە مامۆستا لە قوژبنی کلاسێ ڕایگرتبووم و منداڵان تەمبەڵی خۆیان پێگوتبووم، بەڵام ئەو بەوەش ڕازی نەبوو و لێ پرسیم:

ـ هیچ خوشکت هەیە کە لەم مەدرەسەیە دەرس بخوێنێ؟

پێش ئەوەی من وەڵام بدەمەوە، خەبەر بە

مامۆستا گەیشت، کە خوشکێکم لێرە هەیە و کلاسی سێ یە. مامۆستا موبسیری کلاسێی نارد بە شوێن خوشکم دا. ئەوەندەی نەخایاند خوشکم وەژوور کەوت. خوشکم هەرچەند لەمن بە تەمەنتر بوو بەڵام قەد و باڵای لەمن وردتر بوو. مامۆستا هەر کە چاوی بە خوشکم کەوت لە پێش هەموو شتێکدا رووی لەمن کرد وگوتی:

ـ زەڵام، چۆن تۆ کلاسی یەکی و ئەو چکۆڵەش کلاسی سێ یە!

مامۆستا خەریکی سکاڵای من لە خوشکم بوو و ئاگای لە من برابوو، منیش کە لاق و دەستم شل ببوو بەدەرفەتم زانی سەرم بەرداوە، لە سەرەخۆ چووم لە جێگەی خۆم دانیشتمەوە...

مامۆستا کەچاوی بەمن کەوت وا بێ خەموخەیاڵ لە جێگەی خۆم پاڵم داوەتەوە، گوتی:

ـ ئەوە بە ئیجازەی کێ چووی دانیشتی؟ وەرەوە شوێنی خۆت، تا ئاخری زەنگ هەر لەو شوێنەی کە لێی راوەستابووی بە هەمان مۆد راوەستەوە.

بەڵام پێش ئەوەی بگەمەوە قوژبنی کلاس، زەنگی چوونەوەی ماڵێی لێدا و ئەم جارەش رزگاریم هات. لە رێگای چوونەوەی ماڵدا زۆرم تکا لە خوشکم کرد سەودایەکم لەگەڵ بکا و راسپاردەکەی مامۆستای بە دایکم رانەگەیەنێ. تەقەلاکەم هیچ سوودی نەبوو و ئەو لەسەر راپۆرتەکەی خۆی هەر سوور بوو و گوتی:

- برۆ تەمبەڵ، بۆخۆم دەزانم چ بە دایکم دەڵێم!

خوشکم لە دەرکەی کووچەی ڕا بە غاردان خۆی بە ژووری داکرد و لە پەنا دایکم خۆی بە ئەرز دادا و تا وەختی نوستن تاو نا تاوێک دمی دەبردە بن گوێی دایکم و دەیگوت: خانم ئەوەشی دەگوت..

دایکم هەر پیشی دەخواردەوە و چاوی لێ مۆڕ دەکردمەوە. بەیانی کاتی قاوەڵتی کردن، نازێ بە دایکمی گوت: دایە لەبیرم نەبوو ئەوەشت بۆ بگێڕمەوە، دەیگوت: "پێم خۆشە لە مەدرەسە دەرم بکەن". دایکم پشووی سوار بوو و گوتی:

ـ ئەوە ئاوات گوتووە؟

گوتم: هم.

دیسان دایکم بێ سوئال و جواب وەپێش خۆی دام و بەرەو مەدرەسە وەڕێ کەوتین. کە گەیشتینە کلاسێ مامۆستا لەوێ نەبوو و چاوەڕوان ماین تا مامۆستا پەیدا بوو. دایکم بە خانم جان، خانم جان، لەبەر خانمێ دەپاڕاوە و پاشان ئاخرین بڕیاری خۆی دا و گوتی:

ـ خانم جان، لەو تاریخە بەدواوە، گۆشتەکەی بۆ تۆ، ئێسکەکەی بۆ من!


هەر کە گوێم لە قسەکانی دایکم بوو تەنیا شتێک هاتەبەر چاوم، مانگا، مانگایەک کە رۆژی پێش دەبارەیدا دەرسمان خوێندبوو. لە دەرسەکەدا هاتبوو، ئینسان چ بەسەر مانگا دەهێنێ و چۆن لە گۆشت و پێست و ئێسک و شاخ و کلک و ریخۆڵە و جەرگ و دڵ و.. بە قازانجی خۆی کەڵک وەردەگرێ.

خۆم لێبوو بە مانگا و دایکم بە گاوان، کە گوریسی لە مل کردووم و دەمبا بۆ مامۆستا قەساب. شووڵکەکەی دەستی مامۆستا کە رۆژ نە بوو وێم نەکەوێ لێم بوو بە کێردی زل و تیژی قەسابی. یەک دوو جاران ویستم خۆ بە دەرکەی دادەم و هەڵێم، بەڵام پەشیمان بوومەوە کاتێک وەبیرم هاتەوە کە پار چۆن بە چەند پیاوان و بە قەسابەوە وەدوای مانگای قوربانی ماڵی کاک برایمی کەوتن و هەتا نەیانگرتەوە دەست بەرداری نە بوون.. هەر لەوێ لە نێوەڕاستی کووچەدا بێ بیسمیلایی گوتن و کلکۆ قەند لە زار نان و چاورشتن لە ئەرزیان دا و سەریان گۆشاو گۆش بڕی و خوێنیان رشت. حەشیمەتێکی وەها لە کەلاکی مانگا هالابوو و بەشە گۆشتی خۆیان دەفڕاند کە تەنانەت ئێسقەکانیشی وەبەر ماڵە کاک برایمی نەکەوت. عالەم زانی ئەوێ ساڵێ گۆشتی قوربانی نەچوە نێو سگی ماڵی کاک برایم.

بەهەر حاڵ، وازم لە بیری هەڵاتن هێنا. بەدوای ئەم هەڵوێستە ئەوەندە ترسابووم کە نە لە مەدرەسە دەموێرا تەمەشای مامۆستا بکەم و نە لە ماڵێش دەموێرا تەمەشای دایکم کەم. لە ترسی ئەوەیکە چاوم بە چاوی ئەم دوو روخسارە نەکەوێ وام لێهاتبوو بە شەو و رۆژ سەرم لە کتێب و دەرس و مەشق دابێ. ساڵی تێوەر نەسوڕا، بووم بە یەکە شاگردی کلاسێ. بەڵام دیسانیش ئەم دەوێرا لە پێستی خۆم دا بجووڵێمەوە، یان بڕیارێک دەربڕم بە ناسراو و نەناسراو و بە گەورە و چکۆڵە وسکوتیان دەکردم و دەیانگوت:

ـ برۆ، برۆ، کۆنە تەمبەڵ...!

* * *




## کتێبێکی نوێی حەمەسەعید حەسەن


- زەردەخەنەی هەنسک
- حەمەسەعید حەسەن
- ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
- چاپی یەکەم
- چاپخانەی نینا
- ئوپسالا ـ سوید ٢٠٠٢
- نیگاری بەرگ: دی کونینگ
- ١٦٦ لاپەڕە
- ISBN 91-972097-9-1


«**زەردەخەنەی هەنسک**» کە تازەترین بەرهەمی چاپکراوی حەمەسەعید حەسەنە، بریتی یە لەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ئەدەبییانەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا نووسیونی. ئەگەر خوازیاری ئەو کتێبەت پێ بگا، بڕی (١٠٠) کرۆنی سویدی، یان هێندەی ئەو پارەیە بە دراوی ئەو وڵاتەی لێی دەژیت، وەک نامەیەکی ئاسایی، بەم ناونیشانەی خوارەوە بنێرە:


Hamasaeid Hassan
Vasa V. 20 B
641 32 Katrineholm- Sweden

ئی مەیل:
hemeseidhesen@hotmail.com

کورتەچیرۆک:

## لە بەندیخانە

●خەلیل عەبباسی●

نیوەشەوە، لە کونجی ژووری تاکەکەسیی بەندیخانەدا هەڵکورماوە. جار جار هاواری زیندانییەک کە دیارە لە ژێر ئەشکەنجەدا دەناڵێنێ، یان قاقای بڵحانەی پیاوکوژێک، هەودای بێدەنگی دەپسێنێ. بەین نابەینێک، تەقەی رەگبارێک فکری هاڵۆزی هاڵۆزتر دەکا. ترسێکی سامناک لە دڵیدا دەنیشێ «تۆ بڵێی ئەوە کەسێکی تریشیان گوللەباران کردبێ؟»

هەتا دێ زیاتر دەکەوێتە بیرکردنەوە. دەیهەوێ بنوێ کەچی خەوی لێناکەوێ. دیمەنی رەشی ژووری ئەشکەنجە لەبەر چاوی لاناچێ. قسەی ئەفسەری لێکۆلەر کە دەیگوت تۆ تازە ئیعدامی، لە گوێیدا دەزرینگێیەوە. لێرە بێدەنگییش هەر ترسناکە. هەموو شتێک بۆنی مەرگی لێدێ. هاوار بە هیچ جیگایەک ناگا. بەزەیی، مرۆڤایەتی، چاکە، خۆشەویستی ئیعدام دەکرێن. هەستی خۆراگری، بەگژداچوونەوە و تۆڵە دەگاتە لووتکەی خۆی. هەڵدەستێ لە ژوورە تەنگ و تاریکەکەیەوە دەروانێتەدەرێ. هاوینە، مانگەشەوە، دنیا جوانە، وەک کەوێکی ناو قەفەس حەز لە چوونەدەر دەکا. دەیهەوێ دەرپەرێ، هەڵفرێ، بەڵام پەنجەرەی نەردە ئاسن و دەرگای پۆڵا رێگای پێدەگرن. لە مانگ دەروانێ و دڵی دەکرێتەوە، لە بەرخۆیەوە دەیدوێنێ، ئیتر خۆی بە تەنیا نابینێ دەڵێی لە گەڵ هاورێیەکی نزیک دەدوێ و دەردەدڵی لەگەڵ دەکا. باس و خواسی خۆی بۆ دەگێرێتەوە، جاروباریش بە خێلی پێدەبا کە ئازاد و سەربەستە، بە ئەشتیای خۆی دەگەرێ و بۆ هەر کوێیەک بیهەوێ دەچێ. دەڵێ: «خۆزگە بە خۆت، چانییە دەستی زۆردارانت پێ راناگا! ناتوانن لە قوژبنی زیندانت خزێنن و بەر شەق و پێلاقەت بدەن. خۆ ئەگەر لە خوارەوەشرا جنێوت پێبدەن و هەرەشەت لێبکەن گوێ مەدەرێ هیچیان پێناکرێ..!»

مانگ بەتریفەی جوانی دەیدوێنێ و گوێ لە راز و نیازی دەگرێ. «دە مانگە شاهیدی ئەو هەموو تاوانەی کە لە سەر ئەرز دەکرێ.. ئەو هەموو ستەمە کە ئینسانی خاوەنهەست پێوەی دەناڵێنێ کوا شاهیدی لە تۆ باشتر؟».

لە ناکاو رقی هەڵدەستێ، لە پارانەوە بێزارە، بێزارە لەو دنیا پرستەم و بێدادییە کە تێیدا عەدالەت زیندە بەچاڵ دەکرێ. «بۆ دەبێ وابێ، کێ یە بریاردەدا؟ تاکەی دەبێ وابێ؟ چی بکەین؟..»، هەزاران پرسیاری تر لە مێشکیدا دێ و دەچێ. دێتەوەسەرەخۆ، بیر لە خۆی دەکاتەوە، لە ماڵ و منداڵی، لە رابردووی، لە هاورێیانی، لە نیشتمانی، ئیدی سنوورێک نابینێ. لەمپەرەکان ناتوانن پێش بە هەڵۆی تیژباڵی خەیاڵی بگرن، هەڵۆی بەرزەفری خەیاڵی باڵ دەگرێ.. دەروا و باڵ دەبزێوێ بەرەو وڵاتەکەی، لانکەی ژیانی، بۆن و بەرامەی کوردستانەکەی هەڵدەمژێ. نەفەسێک تازە دەکاتەوە، بەرەو چیا و کوێستانەکانی قەندیل خۆ دەکوتێ، لەوێ خۆ فێنک دەکاتەوە، ئارەقی ماندوویی دەسترێ. بۆن بە بەیبوون و هەڵاڵە و شلێر و مەندێ و بێژان و نێرگزەوە دەکا. لە ئاوی ساردی سەرچاوەکان دەخواتەوە کە دندووکی کەو دەتەزێنێ. سەنگەرەکان یەک بە یەک بە سەردەکاتەوە. سەر لە هاوینە هەوارە باسەفاکان دەدا، گوێ بۆ قاسپەی کەو و شمشاڵی شوان و حەیرانی رێبواران رادەگرێ. دەچێتە ناو رەشماڵان، لەگەڵ شەنگە بیزایان شایی دەگرێ. لە لای رووبارەکان بەرەو دنیای بێسنوور دەروانێ. هەست بە سەربەستی دەکا، تێرنابێ لەو سروشتە جوانە، سەری سوورماوە لەو دیمەنە! بەناو بێستانانندا دەگەرێ و شەمامان هەڵدەبژێرێ. دەچێتە دەبیروەوە: «راستی وڵاتەکەم جوانە، شیرینە، زۆر شیرینە.. جوانی، خۆشەویستی و راستیی زیندوون، شادن.. ئاخ لێناگەرێن..».

لە پڕ دەرگا دەکرێتەوە، چەند جەللاد بە نەراندن دێنەژوورەوە و هەودای بیری ناسکی دەپسێنن.. دوای چەند چرکەیەک چاوی دەبەستن و بەرەو شوێنێکی نادیار بەرێی دەکەن...! ■

ساتیرەچیرۆک:

## بەهەشتی کەران

●ئاسۆبیارەیی●

ــ واز بهێنە کاکە میرزا بۆ کوێ بچین، دیسکۆ و میسکۆی چی؟ خەڵک بمبینن ئەڵێن چی!؟

ــ کاکە، من ئەتبەم بۆ شوێنێ کە هەر گەنجی بۆ دەرمان تێدا نەبینی. مەترسە لە بەر پیرێژن و پیرەمێردی سەرسپی بەرناکەوێ. تۆ لە چاو ئەواندا حاجی دیلۆنی. شەرمی ناوێ! وەک ووتم پیری وای لێ یە کە ئەوەندە چەک بووەتەوە ئەگەر بیخەیتە تەنوورەوە ناسووتێ و لە تەمەندا ساڵی بە دەست خواوە نەهێشتووە.

ــ برام من هیچ هەڵپەرکێیەک نازانم و نامەوێ ببمە سینەمای هیندی.

ــ جا، زانینی بۆ چییە، خۆت بێنە و بەرە.. جاران چۆن شەنت ئەکرد ئاوابکە و هەندێ سێپێیی و مەریوانی تێکەڵ بکە، هەرچی قژبەسەری دیسکۆکەیە بازنەی ئەشقت لە دەور دەبەستن.

ـ بە خوا تۆش بەزمێکمان پێ ئەگێری میرزا!

ــ دنیا مردنە، با لەم دنیایە کەمێ رابوێرین نەک فریای میوەی ئەم دنیایە نەکەوین، خۆ چوالەی بەهاری ئەم دنیایەمان لە کیس چووە، با، بەرووەویشکەکەشمان لێ نەسووتێ..

**ئێوارەی دوایی**

ــ ئەو ئەڵقەیە چییە لە گوێتا کاکە میرزا؟ یا سەرت بۆ وا تاشیوە ئەڵێی مانگای مالوان لستوویەتەوە! سمێڵەکەت کوا؟!

ـ ناشێ کاکەمەلا بتەوێ بەو ریشەوە بێیت! خۆمان زۆر جوانین با ئەو بارە درکەشمان پێوەبێ..

ــ جا، کەرە خوای گەورە وای دروست کردووین و گرینگ ئەوەیە دەم و چاو و قاچی پێداوین.

ــ توخوا ئەوە دروستکردنە! ئەگەر نەبێتە کفر (ئەڵێی ئێمە یەکەم دەستی بووین یا

شـــاگـــرد بووه) یان بـه نـابەدڵی دروســـتی کـــردووین. یا لووتمان درێژه یا کـــورتین و چاوبچووکین.
ــ لابە وەختی کفرکردن نییە.. وا ئەم جارە ئەم ڕیش و سمێڵـەم ئەتاشم بزانم چ تەیرێکم لێ دەرئەچێ.
ــ ئاوا مەلاگیان! با نەڵێن «بن لادین» هاتووە بۆ دیسکۆ و بەزمێکمان تووش بێت!

**لە ژێر پەلکەزێرینەی گڵۆپی دیسکۆدا**

پێت وابوو هەمـــوو دنیـــا بە ســـەری تۆدا دەڕووخێ و گـرمـەی تـەیارەکـانـی «لادین»ە و شین و هۆی.. کاکە میرزا وادەستی گرتبوو ئەتووت دیلی لە شـەڕی (ئوحـد) گـرتووە. لە نیـــزیک دەرگـــاکـــەوە خـــەڵکت دەبینی وەک دەروێشی تەکیـە حـاڵیـان لێ نیشـتبوو و هـاواریان دەکـــرد.. ئەتزانـی چۆن خـــۆت بگونجێنی، کـاکـە مـیـرزاش زووزوو پێکی هەڵدەدا و فـەرمـووی لە تۆ دەکرد.. دە بخـۆ بخۆ ئەمە دەرمانی خەمە!
تۆ پێویستت بە خواردنەوە نەبوو چونکە هەر بە دەنگی مۆسـیـقـاکـە گـێـژ بوویـوویت.. بۆ کۆکاکۆلایەکت بە تەواوەتی بۆ دەخورێتەوە تا خۆت بدایە لە شەراب و ویسکی؟! زۆر هیلاک بووی وەک دەروێشێکی بێ دەف دانیشتیت.
لە دڵیـــشـــەوە زۆر تووڕە بووی لە مـیـــرزا. تەزووی پەشـیـمـانی بەرەو جـەهـەنـەمی دنیـا ئاخـــر هـەڵی دەگـــرتی.. لەپڕ دوو گـــەنج کـــە پانتۆڵی شیتاڵ شیتاڵیان لەبەردابوو بەرەو لات هـاتن.. لـە تۆ وابوو دوو پاســـــەوانی ئیزرائیل بوون بۆ گیان کێشانت هاتبوون..
ـ مامە مەلا! زەحمەت نەبێ شقاتەت پێ یە؟
دەمێک بوو میرزای برادەرت مەست بووبوو و لە بەرخۆیەوە ورێنەی دەکرد و هەندێ جار لە بەرخۆیەوە ئەیووت:
ــ کاکە مەلا! ئەوا من هەزار جار تەوافم کرد بەڵام تۆ هێشتا لە شوێنی خۆتی. دە هەستە خۆت مەست بکە با پێکەوە ببینە حاجی، خۆ کـــە خـــەڵکیش دەچن بۆ حـــەج ئەوەندەی ئێستای ئێمە لێرە تەوافی مەککە ناکەن کە ئەو ڕێگە دوورەش دەبڕن.. دە هـەڵسـە هـەڵسـە حج لە دەست خۆت مەدە..

٢٠٠٢/٣/١٥

کورتە چیرۆک:

# گۆڕەوشار

مەهاباد:
● فاتمەی سوڵتانی●

ڕاست و هەڵچوو، لەو بەرزاییـەڕا دەڕوانێتـە شـار. لەوەتی چاوم کـردۆتەوە دیومـە. دایکم دەیگوت: مێـرمنـاڵ بووم، وردەوردە لە مـانای خـەم دەگـەیشـتم. شـار هێندی ئێستا گەورە نەبوو، ئێواران کاتی ڕۆژپەڕ، دوای ئاوپرژێن و مـاڵینی حـەوشـە و دەرک و بان، ئەو دەمـەی پەڕەسـێلکەکـان پۆل پۆل، نەوی بە سـەر کۆڵانەکانی شاردا دەفڕین و دەیانجریواند، پاڵم وەکـۆڵەکـەی بەر هەیوانی مـاندوویەتی دەدا و لە دوورم دەڕوانی.. لەو شـوێنەی کـە هێدی هێدی هەتاوی تێدا نوقم دەبوو.
هەورەبانەکان و هێندێک خانووی دوو نهۆم و بـەرزاییـــەکی ڕۆژئاوا و تاقـــەدارێک و دوورتریش، زۆر دوور، ڕیزە شـــاخـــێکی مـژگـرتووم لێ دیار بوو.. پرسـیـار لە دوای پرسیار...
سێبـەرەکان هەر دەهات و دەتوانەوە، سپای تاریکی زاڵ و زاڵتـر دەبوو. فـەنـەر و چرای حـەوت نمرە بۆ بەر هـەیوان و پێـشـخـانە هەڵدەکـران. بەڵام ژوور تاریک ولە ئاویلکەی بێدەنگیدا بوو.
بەیناوبەین شـۆقـێکی ڕووناک بە کـووچەدا تێدەپەڕی و نیـسـێی دوو لاقی زەلام لە سـەر سـواغی دیوارەکـان پێشـەبڕکـەیان دەکرد. پیـاوەکـان لە دەسـتـێکدا پاکـەتێکی زەردی کاغەزیان لە ئامێزگرتبوو و لە دەسـتەکەی دیدا چراتۆڕی دوکانیان بە هەڵکراوی پێبوو. ژیان و ئاوەدانی دەهاتەوە نێـو مـاڵەکـان و شۆقی فەنەر و حەوت نمرە کز دەبوو.
ژوور وەکـوو دڵی جـەسـتـەی مـاڵ وەکـوتان دەکـــەوتەوە. ئیـــدی باس و خـــواس بوو و حەسانەوە و کاسە جیرانەتی و میوانداری. شـار، مـاڵێکی گـەورە بوو، دانیـشـتـووانیش ئەندامی یەک بنەماڵە. شۆرباوی ئەم لە سـەر سـفـرەی ئەو، دۆڵمـە و هـەڵوای ئەو لە سـەر سفرەی ئەم دەخورا.
شـار بە شـەو دنیـایەکی تر بوو. هـەمـوو لە یەکتر ئاگادار. خەم ئی هەمووان، شادی ئی هەمووان بوو.
سـاتێک، دوو سـات، وردەوردە جـووڵە دەبڕا. دەســتـەلاوێک، چەند هـەواڵێک درەنگانـێ بە کووچەدا ڕادەبرن و دەنگێکی خۆش، گـەلێک بە سۆز، وەک لایلایە، دە هۆشڕاچووانی سەر بان و بەر هـەیوانـی دەلاواندەوە و بە شـێعری وەفایی دەینوواندن:
مـەمکوژە تۆ گـەردنـی خـۆت، ڕوو لە زولفـان دەرخەوە
ئەی سـتـارەی سـویحـدەم! ئەمـشـۆکـە زووتر دەرکەوە
چ شـــەوێک بـوو!؟ مـــانگ بە پەلە بـوو! زوو ئاوابوو.
خـەوی ئەو شەوە خـەو نەبوو. هێندی سـاڵێک، دووسـاڵ، دەیان سـاڵ درێژ بوو ئەو شـەوە. نوسـتـووان ڕەنگی مـردوویان لێ نیشـتـبوو. کەڵەبابی نیوەشەو نەیخوێند.
ئەمـجـار خۆرێکی مـاندوو، بە چنگەکرکێ، بە پشـت کـێـوەکـانی ڕۆژهەڵات هـەڵدەگـەڕا. لە لووتکەدا بە هـەناســەبڕکێ ســەیری شــاری دەکرد.
تاقەدار بە دەوری خۆیدا ڕوانی. لە نێو پۆلێک داری بیـانیـدا خـۆی دیتـەوە. لە تاریکایی دوێشەودا شار گۆڕابوو. «گۆڕەوشار»بوو. ئاپۆرەیەک تێکیان داویشت. کاڵای هەمووان هـەر مـرۆ بوو. یەکـیـان دەفـرۆشت، یەکـیـان دەکڕی.
لە لووتکەی چیاکانی ڕۆژهەڵاتەوە خـۆر پێی خزی و خللۆر بۆوە. گورج لە ڕۆژئاوا ڕۆچوو. شــــار بـە هـەزاران چـراوە تـاریـک بـوو. ئەسـتـێرەکـان تۆران. هەورەبـانەکـان فـڕین. بەرهەیوانەکان تێکڕمان.
هـەموو ڕۆژێ، خۆر میلی کاتژمێرێک بە پەلە بـوو. هـەڵـدەهـات و ئاوا دەبوو، هـەڵـدەهـات و ئاوادەبوو. دیوارەکـان بەرزتر و بـەرزتر بوون. جـیــرانەکـــان لە یەک دڕدۆنگ. شـــار لـە ئاپۆرەییـدا چۆل. تاقـەداریش لە شـەپۆلی داراندا، ون. ■

# پانۆرامایەکی کورت سەبارەت بە کوردەکان و وڵاتی نیوزلاند

● عەلی حوسێن ●

ئەمڕۆ کۆچکردن و ئاوارەبوون، بووەبە دیاردەیەکی سەرەکی لە گۆڕانکارییەکانی زۆربەی وڵاتانی دنیای سێیەمدا. ئەمەش زیاتر لەبەر پەشێویی بارودۆخی ناوخۆی ئەو وڵاتانەیە کە خەڵک بەناچاری جێی دەهێڵن و ڕێگەی ئاوارەیی دەگرنەبەر. خەڵکی ئەو جۆرە وڵاتانە، بۆ دابینکردنی دوارۆژێکی ڕووناک، دوور لە شەڕ و ئاژاوە و کوشتار، هەوڵی دۆزینەوەی پەناگەیەک دەدەن کە ژیانی تێدا بپارێزن. بۆیە بە هەزاران و بگرە ملیۆنان کەس جێگای باب و باپیرانی خۆیان بەجێدەهێڵن و ڕوو لە هەندەران دەکەن. بێگومان ئەمە کاردانەوەیەکی خراپی لە سەر ئەو وڵاتانە دەبێت کە کۆچیان لێوە دەکرێت. چونکە زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە ئاوارە دەبن و ژیانی پەنابەری هەڵدەبژێرن، بریتین لە لاو و کادێرە بە تواناکانی ئەو وڵاتانە. وڵاتی کوردانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵات کە تووشی ئەم دەردە کوشندەیە هاتووە.

خاڵی تایبەت و گرینگ لەوەدایە، کە ئایا ئەو کەسەی ئاوارە دەبێت سوودی بۆ وڵاتەکەی دەبێت یان زەرەر؟ ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی هەموو کوردێک دەبێتەوە. ئەگەر هەستی نەتەوەیی بەهێز بێت ئەوە لە هەموو کاتێکدا وڵات کەڵکی لێوەدەرگرێت و سوودمەند دەبێت بۆ نەتەوەکەی و خاکەکەی.

واتە کۆچکردن بە سەر دووحاڵەتاندا دابەش دەکرێ:

یەکەمیان، ئەوکەسانەی دڵسۆزی نەتەوەکەیانن، هەمیشە لە هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی خۆیان و چواردەورەکەیان، لە ڕێگای خوێندن و نیشاندانی ئەدەب و کولتووری کوردی بە نەتەوەکانی تری جیهان. وەک ئەمڕۆ ئاشکرایە لە زۆر وڵاتان کەسایەتییە کوردەکان و کۆمەڵە کوردییەکان خۆیان ماندوو دەکەن بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کورد و هێنانەدی ئامانجەکان. ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرانی کورد هەمیشە لە هەوڵدان بۆ بەستنی کۆڕی ئەدەبی و مێژوویی و جوگرافی و کۆمەلایەتی.. هەروەها کۆمەڵە کوردییەکان توانیویانە ساڵانە، یادە میللییەکانی کورد بەسەربکەنەوە. بۆنموونە: جەژنی نەورۆز، یادکردنەوەی هەڵەبجەی شەهید و ئەنفال، جەژنە ئایینییەکان و ئاهەنگی ساڵی نوێ. پشتگیریکردن لە کوردی کوردستان و ئەو کارە گرینگ و پیرۆزانە، لە ڕاستیدا بەو کەسانە هەڵدەسوورێ کە هەمیشە بیریان لای کوردستانە خۆشەویستەکەیانە کە ناتوانن هەرگیزاوهەرگیز لە یادی بکەن. لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانەدا بن چەپکە گوڵی کوردستانن.

دووەمیان، کەسانێکی بەزیو و لاوازن کە هەستی نەتەوەییان ئەوەندە نزمە، نە دەتوانن دابونەریتی میللی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکەیان بەکاربێنن و، نە دەشتوانن نەوەکانیان بە شێوەیەکی کوردانە گۆشبکەن و پێشکەشی کۆمەڵگای بکەن. دەتوانین بڵێین لە دەرەوەی کوردستان واتە هەندەران خێزانی کورد بەرچاو دەکەوێت کە منداڵەکانیان زۆر بە گرانی زمانی کوردی فێردەبن، بە زمانی کوردی ناتوانن بنووسن و بخوێننەوە. چونکە هێندێ دایکوباوک هەن هەوڵنادەن منداڵەکانیان بە زمانی زگماکی خۆیان قسە بکەن. چونکە هەست و هۆشی نەتەوەییان لاوازە و ڕێگریشن لە بەردەم ئەو کەسانەی دەیانەوێت خزمەت بە نەتەوە و خاکەکەیان بکەن. ئەمانە دڕکی ئەو چەپکە گوڵەی کوردستانن. باشترین خزمەت ئەوەیە کە دایکان و باوکان هەوڵبدەن منداڵەکانیان فێری نووسین و خوێندنەوە بکەن. هەروەها «ڕێکخراوە کولتووری و ئەکادیمی و دیمۆکراسی و ڕامیارییەکانی کورد»یش بیرێ لەم گرفتە گەورەیە بکەنەوە و چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە.

**نیوزلاند و کوردەکان**

لەوەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەستی ڕاست و چەپی خۆی ناسیوە، ئەم سەرزەمینە ئاوەدان کراوەتەوە، ژیان بە تەواوی خولقاوە، نەوە بە دوای نەوەدا هاتووە. ئەگەر ئێمە باسی ئەو پەیکەرە یا باسی ئەو مرۆڤە بکەین کە سەرەتای دەستپێکردنی کەی بووە، ئەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی زۆر دێرین. منیش مێژوونووس نیم تا هەموو باسە مێژوییەکان لێرەدا باس بکەم . بەڵام وەک لە کتێبی (سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کورد ــ نووسینی: «حوسێن محەمەد عەزیز»)دا باسکراوە و دەڵێت: «لە ڕۆژی ١٩٩٩/ ٤/٢٣ تەلەڤیزیۆنی (ئەلجزیرە) بڵاویکردەوە کە کۆمەڵێ زانای ئارکیۆلۆژیا لە سیازدە وڵاتی جیهانەوە کۆبوونەتەوە و پێکەوە کاردەکەن، لە یەکێ لە بیابانەکانی «ئەسیوبیا» پەیکەری ژنێکیان دۆزیوەتەوە ناوی «لوسی»یە و.. تەمەنی بە دوو ملیۆن و نیو ساڵ قەبڵاوە. دۆزینەوەی «لوسی» ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە پێش دوو ملیۆن و نیو ساڵ لەمەوپێش لە سەر ئەم ڕووی زەوییە پانوبەرینە ژیان هەبووە».

نیوزلاندیش یەکێکە لەو دوورگانەی کە هەر لە کۆنەوە بوونی هەبووە و ژیانی تێدا بووە. دوورگەی نیوزلاند ٨٥٠ ساڵ دوای میلاد، لە لایەن



کاتی خوێندنی وانەی کوردی لە گەڕەکێکی ئۆکلەند

مەستەر کووپ Kup کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی هۆلەندای، دۆزراوەتەوە. نیوزلاند یەکەمجار ناوی (Aotareoa) بووە کە «ماوری‌یەکان ناویان ناوە و لە بنەڕەتدا ئەوان خۆیان بە خاوەنی ئەو ولاتە دەزانن. پێش دۆزینەوەی ئەو دوورگەیە، ماورییەکان لە ناو جەنگەڵەکاندا ژیانیان بەسەربردووە. ئێستاش لە یادە پیرۆزەکانیاندا جۆرە جلوبەرگێک دەپۆشن کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە لە جەنگەڵەکاندا ژیاون. دابونەریتەکانیان بە هەمان شێوەی سەردەم بەسەردەکەنەوە. بەڵام خاکەکەیان لە سەدەی ١٧دا لەلایەن بریتانیاوە داگیر کرا. هەر لەو کاتەوە لە مابەینی ماوری و کیوی (کە بە سپی پێست ناسراون و بە ڕەچەڵەک ئەوروپین) ململانێ هەیە.

بریتانی و ماورییەکان لە ساڵی ١٨٤٠ بە پێی ڕێکەوتننامەی Treaty of Waitang لە سەر ئەو ئەساسە ڕێکەوتن کە بریتانییەکان بێنە ناو خاکی نیوزلاند بە مەرجێک «جنسییە» بدەن بە ماورییەکان.

بریتانیا هەروەک سیاسەتی هەمیشەیی، توانی خۆی بە سەر ئەم دوورگەیەدا بسەپێنێ و داگیری بکات، کە هەر لە کۆنەوە و لە زۆر لە ولاتانی دنیادا ئەم کارە گڵاوەیان ئەنجام داوە. ئەم گێرە و کێشەیە لە مابەینی بریتانیا و ماورییەکاندا مایەوە و چەند جاریش لە نێوانیاندا شەڕ و ناکۆکی ڕوویداوە، تا لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٢/٦ پرۆژەی ڕێکەوتن بە تەواوی بەیانکرا. ئەو ڕۆژەیان ناو ناوە ڕۆژی ڕێکەوتننامەی ماورییەکان و بریتانییەکان، ئێستا ئەو ڕۆژە کراوە بە ڕۆژی ڕەسمیی دەوڵەتی نیوزلاند.

نیوزلاند ولاتێکی کشتوکاڵی یە. هەر چوار دەورەی ئاوە. کۆمەڵێک دوورگەی بچووک لە نزیک نیوزلاند هەن وەک: ساموا، تۆنگە، فیوجی، کۆک ئایلاند.

نیوزلاند کە لە نزیکی ولاتی ئوسترالیا هەڵکەوتووە، دوورترین ولاتی سەرزەوی یە. واتە هەڵهاتنی ڕۆژ لە وێوە دەستپێدەکات. ولاتێکی سەرسەوز و جوان ودڵگیرە. چوار وەرزە، بە مەڕومالات ناوبانگی هەیە.

ولاتێکی فرە نەتەوەیە و نزیکەی ٣٢ نەتەوەی تێدا دەژین کە خاوەنی دیمۆکراسییەکی تەواوە و هەموو بیر و بۆچوونێکی سیاسیی ئازادە، بە هیچ شێوەیەک جیاوازی لە مابەینی نەتەوەکاندا نابینرێ. نیوزلاند نۆ شاری گەورەی هەیە و، سەرجەمی نفووسی ئەو ولاتە ٣,٦٠٠,٠٠٠ کەسە کە لەوانە ٧٤,٥٪ ئەورووپی یە، ١٢,٩٪ ماوری یە، ٥٪ دوورگەکانی دەوروبەرن و ٧,٦٪ خەڵکی ئاسیان.

ساڵانە ٧٥٠ پەنابەر بۆ ئەم ولاتە بەڕێدەکەن، بەتایبەتی ئەو پەنابەرانەی کە لە ژێر سایەی UN دان. یەکەم ڕۆژ کە پانابەر دێتە ئێرە، پێڵاوی ماندووبوونی دووورودرێژی لە ئۆردوگا دادەکەنێت. بە پێی یاسا هەر پەنابەرێک دەبێ ماوەی ٣٠ تا ٤٠ ڕۆژ لە کەمپ بمێنێتەوە، تاکوو یاساکانی ناو ولات بە تەواوی فێر بێت. یان ئەگەر نەخۆشییەکی هەبێت چارەسەری بکەن. هەروەها دەبێ هەوڵی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بدات.

لە ناو کەمپەکەدا چەند دایرەی ڕەسمی دەبیندرێ. وەک دایرەی هیجرە (کۆچکردن)، دایرەی خزمەتکردنی پەنابەران و نەخۆشخانە..

دایرەی هیجرە (کۆچکردن): ئیش و کارە ڕەسمییەکانی لە ئەستۆدایە و ڕۆژانەش قسەکەرێکی دایرەکە باسی یاساکانی ولات بۆ پەنابەرەکان دەکات.

دایرەی خزمەتکردنی پەنابەران: تەرخانکراوە بۆ پێداویستییەکانی جلوبەرگ و خانووگرتن و جێبەجێکردنی یارمەتی هەفتانەی پەنابەر لە دەرەوەی کەمپ و هەندێ یارمەتی تر.

**کۆمەڵەی کورد و چالاکییەکانی**

ئەوەی شایانی باسە، ماوەی ١٠ تا ١٢ ساڵێک دەبێ کە کورد لەم ولاتە نیشتەجێ کراوە. کۆمەڵەی کوردیش حەوت ساڵە دامەزراوە. کۆمەڵەی کورد دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کولتووری یە



کاتی پێشکەشکردنی لاواندنەوەیەکی کوردی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە

کە گرێدراوی هیچ لایەنێکی سیاسی و ئایینی نییە. کۆمەڵەی کورد هەمیشە لە هەوڵدابووە بۆ بەهێز کردنی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵەی کوردی و هەموو کۆمەڵە میللییەکانی ناو نیوزلاند. ئێمە وەک کورد هەمیشە لەو وڵاتە هەوڵمانداوە یەکێتی و تەبایی لە ناو ڕیزەکانی نەتەوەیی کورد بپارێزین چ لێرە و چ لە کوردستان. هەموو ساڵێک یادە پیرۆزەکان بەسەرکراوەتەوە. هەمیشە لە هەوڵدابووین بۆ دۆزینەوەی ڕێبازێکی نوێ بۆ زیاتر پتەوکردنی دۆستایەتی و خۆشەویستی. ئێستا قوتابخانە کوردییەکان بەردەوامن بۆ خزمەت بە منداڵانی ئازیز و خۆشەویست. (کۆمەڵەی ئەلفوبێی کوردی)لە وڵاتی سوید توانیان چەند کتێبێک بکەنە دیاری کە بەڕێز مامۆستا «فەرهاد شاکەلی» توانی ئەو ئەرکە پیرۆزە بگرێتە ئەستۆی خۆی و ئەو بەرهەمە بەپێزانە بکاتە دیاری بۆ منداڵانی کورد. هەروەها بەڕێز «سیروان کاروانی» توانی بە چەند بەرهەمێکی بەنرخ و جوان خوشک و برایانی کورد بە سەربکاتەوە. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری (هەوار) لە ئوستراليا، توانیان دوا ژمارەی گۆڤارە ئازیزەکەیان بکەنە دیاری. هەروەها دۆستانی ئەڵمان بە دوو ژمارەی گۆڤاری (دالیان) بەسەریان کردووینەتەوە. بنکەی ڕاگەیاندنی (پەیام) بە ژمارەیەک ئەرشیڤی کۆمەڵەی کوردییان دەوڵەمەند کرد. هەروەها دکتۆر «جەبار قادر» توانی لە ڕێگەی ئینترنێتەوە دەنگی ئێمە بە هەموو جیهان بگەیەنێت و، گۆڤاری (گزینگ) و گۆڤاری (هەوار)یش زۆر دڵسۆزانە پەیامی کۆمەڵەی کوردییان بڵاوکردەوە.

ئێمە وەک کۆمەڵەی کوردی، فلیمی ڤیدیۆی یادی هەڵەبجەی شەهید و ئەنفال و جەژنی نەورۆزمان نارد بۆ کەناڵە تەلەڤیزیۆنەکانی میدیا تیڤی و کوردسات و کوردستان تیڤی کە لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەنجام درابوو.

من دەمەوێ خوێنەری کورد ئاگادار بکەم کە لە وڵاتی نیوزلاند، بێجگە لە کۆمەڵەی کوردی، چوار لایەنی دیکە بوونیان هەیە وەک: ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێکخستنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، دۆست و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد. لە هەمان کاتدا هیچ گیروگرفتێک لە مابەینماندا نییە. هەموومان بە دەنگ بانگەوازی یەکترەوە دەچین و خۆشەویستییەکی تەواو لە ناوماندا ڕەگی داکوتاوە.

- هەموو ساڵێک لە شەوی سەری ساڵی تازەدا، کۆمەڵەی کوردی ئاهەنگی کوردی پێشکەش دەکات هەروەک هەموو نەتەوەکانی تری وڵاتی نیوزلاند پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەن.

- لە ڕێکەوتی ٢/٢٥ی هەموو ساڵێک (کولتوورە تێکەڵاوەکان/مولتی کەلچەر) سەرپەرشتی ئاهەنگە میللییەکان دەکات و، کوردیش بە گۆرانی و هەڵپەرکێ بەشداری دەکا.

- هەموو ساڵێک لە ٣/٨دا ڕۆژی ژنانی جیهان بەسەر دەکرێتەوە، خانمانی کورد بە باشترین و جوانترین شێوە لە ئاهەنگی خۆیاندا بەشداری دەکەن.

- یادی هەڵەبجەی شەهید و ئەنفال، لە ڕۆژانی ١٦، ١٧ و ١٨ی ئازار بەسەردەکرێتەوە، هەمو جۆرە کارێکی هونەری و ئەدەبی تێدا پێشکەش دەکرێت. وەک: سروود، وتار، هۆنراوە، پەخشان، شانۆ و پیشانگای وێنە.

- هەموو ساڵێک لە ٢١ ئازار، جەژنی نەورۆز بە ئاهەنگی ڕەنگاوڕەنگ، ڕازاوەو ڕازاوەتر دەکرێت چ لە هۆڵ و چ لە دەرەوە.

- هەموو ساڵێک لە ٦/٢٠ ڕۆژی پەنابەرانی جیهان لەلایەن دایرەی هیجرە و R. M. S ئامادەدەکرێت. کوردەکانیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر بەشداری ئاهەنگەکە دەکات.

- ئەو کاتانەی پەنابەرێکی کورد ڕوودەکاتە وڵاتی نیوزلاند، ئەندامانی کۆمەڵە لە فڕۆکەخانە پێشوازییان لێدەکەن.

- هەر کوردێک گیروگرفتی هەبێت، کۆمەڵەی کورد هەوڵدەدات بۆ



عەلی حوسێن: کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەی رادیۆی کوردی لە نیوزلاند

چارەسەرکردنی و، بە نامەی ڕەسمی داکۆکی لە کێشەکانی دەکات.

ـ کوردەکانی نیوزلاند پشتیوانی دەکەن لە کوردی کوردستان و کوردەکانی ولاتانی تر، لەوکاتانەی پێویستیان بە یەکێتی و هاودەنگی گەلی کوردەوە هەبێت.

ـ هەردوو مانگ یان سێ مانگ جارێک ئاهەنگی خۆشی و سەرفرازی ئامادە دەکرێت بە گۆرانی و هەڵپەڕکێی کچان و کوڕان.

ـ ماوەی نۆ مانگە رادیۆی کوردی کراوەتەوە کە هەموو هەفتەیەک نیو کاتژمێر بلاودەبێتەوە. بەرنامەکان هەمە ڕەنگەن، وەک: گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەی خانمان، گۆشەی منداڵان، چیرۆکی کوردی، گۆشەی تەندروستی، وتووێژ لەگەڵ خوشک و برایانی کورد، گۆرانی کوردی.

ـ لە چوارەمین ساڵی کۆمەڵەی کورد، گۆڤارێکی کوردی هەبوو بە ناوی (هێمن) کە سێ ژمارەی گەیشتە دەستی خوێنەرانی کورد، بەلام لەبەر نەبوونی دەزگای چاپەمەنی نەتوانرا درێژەی پێ بدرێت. تا ئێستاش ئەو کێشەیەمان لە بەردەم دایە کە کیشەی تەکنیکە.

ـ شانۆگەریی (نیشتمانی جوان) لە ئاهەنگی سەری ساڵ، شانۆگەریی (شەڕەدنووکی ناوماڵ) لە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانیی ژنان و هەروەها شانۆگەریی (نەورۆز) لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزدا پێشەکەش کرا کە کوڕ و کچانی کوردی (ئۆکلەند) توانیان زۆر بە ڕێکوپێکی دەوری خۆیان ببینن.

ـ دوای نیشاندانی فلیمی سینەمایی (بەهەشتی سووتاو) لە هۆلەندا و ئوستراليا و سوید و ئەلمانیا و لەندەن و کەنادا و ئەمریکا، لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١١ بۆ یەکەمجار لە سینەمای نیوزلاند، ئەو فلیمە بە هەوڵ و کۆششی برای درهێنەر کاک «ئاراس ڕەشید» و کۆمەڵەی کورد لە ئەکادیمیای سینەما لە شاری ئۆکلەند نیشان درا کە نزیکەی دووسەد کورد و کەسانی بیانی ئەو فلیمەیان بینی.

ـ هەموو ساڵێک کە لە ڕۆژی ١٠/٧ دا، لە ولاتی نیوزلاند جەژنی دارودرەخت بەڕێوەدەچێ، چەند کچە کوردێکیش بەم بۆنەوە بەشداری دەکەن و بە چەقاندنی دوو داری بەرهەمهێنەر وەک داری هەنجیر و هەنار، دڵسۆزی و خۆشەویستی کوردستان دەکەنە دیاری بە خاکی بە پیتی نیوزلاند. لەو ئاهەنگەدا، بۆ ناساندنی وشەی کوردستان و ناساندنی ولاتی کوردان لە تەنیشت دارەکانەوە وشەی کوردستان دەنووسرێت.

ـ تیپی تۆپی پێ بۆ ماوەی چوار ساڵە بە ناوی تیپی وەرزشی کوردستان دامەزراوە کە کۆمەڵێک لاوی بە توانا و وەرزشکار یاری تێدا دەکەن و زۆرجار لەگەڵ تیپی نەتەوەکانی تردا کێبەرکێ ئەنجام دەدەن. لە هەمووی پیرۆزتر و بەنرختر ئەوەیە کە لە پشت فانیلەکانیان وشەی Kurdstan نووسراوە.

بە کوردی و بە کورتی، کوردەکانی نیوزلاند لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکدا هاودەنگی یەکترین. دوا وتەم: بوونی کۆمەڵەی کورد یەکجار بەرز و پیرۆزە لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانەدابێت. داوا لە هەموو کۆمەڵە کوردییەکان دەکەم: هەوڵبدرێت پەیوەندییان پتەوتر بێت تاکوو زیاتر یەکێتی و تەبایی لە ناو مرۆڤی کورددا پەرە بستێنێ. هەروەها داوا لە هەر سێ کەناڵە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی ئاسمانی (میدیا تیڤی، کوردسات و کوردستان تیڤی) دەکەم کە هەوڵبدەن کوردەکانی ئوستراليا و نیوزلاندیش بەسەربکەنەوە، تاکوو ئێمەش بتوانین لە بەرنامە بەپێز و بەنرخەکانیان کەلک وەربگرین.

* * *

**تێبینی**

١) دایرەی کۆچکردن: Immigration Service

٢) دایرەی خزمەتکردنی پەنابەران: Refuge and Migrant Service

٣) کولتووره تێکەڵاوەکان: Multe Culture

٤) Auckland گەورەترین شاری نیوزلاندە کە سێ و نیو ملیۆنی نفووس هەیە.

# دوو کۆڕی یادکردنەوە

**● یادی دەساڵەی تیرۆری «د. سادقی شەرەفکەندی»**

ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/٢١ لە ساڵۆنی (Kista Electrum)ی شاری ستۆکهۆلم، لەلایەن کۆمیتەی سوێدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوەڕەسمی ڕێزگرتن لە بیرەوەری دەیەمین ساڵی تێرۆری «د. سادقی شەرەفکەندی» سکرتێری گشتیی حدکا بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا کە خەڵکێکی زۆر بەشداریان کردبوو، سکرتێری گشتیی حدکا بەڕێز **عەبدوڵلا حەسەنزادە**، سەبارەت بە تێرۆری د. سادقی شەرەفکەندی و ڕێبازی سیاسی ئێستای حدکا و بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی قسەی کرد. بە دوای تەواوبوونی قسەکانی ناوبراو و خوێندنەوەی پەیامی جۆراوجۆر، فیلمێکی دێکۆمێنت لە سەر ژیان و خەبات و چۆنیەتی تێرۆرکردنی د. سادق و هاوڕێیانی، کە لەلایەن بەڕێز **ئاسۆ موکریانی** یەوە ئامادە کرابوو. نیشان درا . هەر لەو کۆبوونەوەدا پارچە مۆسیقایەک و کورتە شانۆیەکیش پێشکێش کرا.

شایانی بیرهێنانەوەیە کە «د. سادقی شەرەفکەندی» وێڕای «فەتاحی عەبدولی» (نوێنەری حیزب لە ئورووپا)، «هومایونی ئەردەڵان» (نوێنەری حیزب لە ئالمان) و «نووری دێهکوردی» (تێکۆشەری ئێرانی) لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) لە ڕێستورانێک بە نێوی میکۆنۆس، هەڵکەوتوو لە شاری بێرلینی ئالمان، دەکەونە بەر پەلاماری دڕندانەی تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران و هەر چوارکەسیان دەکوژرێن.

د. سادق شەرەفکەندی بەر لەوەی وەک ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەرێکی لێهاتوو بێتە ناو ڕیزی حدکاوە، یەکێک لە باشترین و هەڵکەوتووترین مامۆستایان لە ڕشتەی شیمی دا بووە و هەر لەو ڕشتە دڵخوازەشیدا پلەی دوکتورا وەردەگرێ..



د. سادقی شەرەفکەندی

مامۆستا هەژاری موکریانی (شەرەفکەندی) لە «چێشتی مجێور ـ ل ٥٢٤ و ٥٢٥»دا دەڵێ:

"... خانم «جۆیس بلۆ» دەگەڵ لاوێکی سەرخڕ چاوەنۆڕی دەکردین. بیست و حەوت ساڵ بو برایەکم لە کلاسی دوەمی ئیبتیدایی لە بۆکان بە جێ هێشتبو، ئێستا لە فەرانسەیە و بۆ دوکتورای شیمی دەخوێنێ. بە سەرە خڕەکەی لە دور ناسیمەوە، بە دیتنەوەی گریانم هات. ژیانی ئەو چەند ساڵ لێک هەڵبڕانەم وەک شریتێکی سینەمایی هاتەوە بەرچاو...

سادقی برام کە بە ناو مەولاناى خاڵی باوکمەوە کرابو، تەمەنی هەشت مانگ بو باوکم مرد. من هەم باوکی بوم و هەم دایکی، چونکە دایکی لە پاش ساڵێک مەرگی بابم، مێردی کردەوە و بە جێیی هێشت. منداڵێکی زۆر خوێن شیرین بو، جاری وا هەبو ژنانی دێ لێ یان دەدزین، شێت دەبوین تا بۆیان دەهێنانەوە. هەمو دڵ و گیان و ئیمانم بە سەر خۆشەویستی ئەودا ساغ ببۆوە... کە ببوە چوار ساڵە کەمێک دەرسم پێ گوت. زۆر زیرەک بو. کە هاتینە بۆکان لە مەدرەسە دام مەزراند، هەمیشە لە نمرە کۆکردنەوەی حەوتانەشدا هەر یەکەم بو. لە بیرمە جارێک لە ماڵە «ساڵحی شاتری» بوم لە سابلاغ، گوتیان سادق لە بۆکان نەخۆشە، لەبیرم چو کەوش دە پێ کەم، بە تای گۆرەوی ڕام کردە دەر. لە کۆڵان کەوشەکانیان بۆ هێنام و بە پەلە خۆم گەیاندەوە لای. شەقی زەمانە وای هەڵداشتم کە سادقم لە کلاسی دوهەمی سەرەتایی بە جێ هێشت و لێم ببو بە داخ و حەسرەتێکی گەورە. تەنیا جارێک کە لە جزیری سوریا دەژیام، یانی پاش یازدە ساڵ دووری، نامەیەکی سادقم لە تارانەوە بۆ هات. نوسیبوی: پارەکە خەبەری تۆیان داومەتێ کە لە (قبور البیض)ی. باسی خۆی کردبو کە دوای دیپلۆم وەرگرتنی، لە دانشگای بزیشکی قبوڵ کراوە، بەڵام چونکە عەبدوڵلای برای دەستی باش ناڕوا و بژیشکی مخارج و ماوەی زۆری دەوێ، وازی هێناوە و لە دارولموعەللمینی بەرزدا دامەزراوە. ئیتر خەبەرم لێ برابو. ئەوا دیسان لە فەرانسە دەیبینمەوە. زۆرم سپاسی خانم «جۆیس بلۆ» کرد کە ئەم دیاریە بە قیمەتەی نیشان دام."

**● یادکردنەوەی مامۆستا کەریمی حیسامی**

ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٥ لە ساڵۆنی (هوسبی ترێفی) ستۆکهۆلم، کۆڕێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی نووسەر و ڕۆژنامەوانی کورد کەریمی حیسامی کە ساڵێک لەوەبەر بە هۆی نەخۆشی سەرەتانی مێشک کۆچی دوایی کردبوو، بە بەشداری کۆمەڵێک لە نووسەران و دۆست و هاواڵان و بنەماڵەی کۆچکردوو بەڕێوەچوو. لەو کۆڕەدا، کە بەڕێزان کاک «ناسری سینا» و کاک «ئەوزاد والی» بەڕێوەیان دەبرد گەلێک وتار و پەیامی جۆراوجۆری ڕێز و دڵنەوایی و یادکردنەوە خوێندرایەوە. پەیامی فاکسکراوی د. جەمشیدی حەیدەری کە وەک یار و هاواڵی دێرینی کەریمی حیسامی لە دەورانی دەرکردنی ڕۆژنامەی «سەردەمی نوێ» دا کە لە هەولێرەوە ناردبووی و نەیتوانیبوو لە ئاشتێ و یادکردنەوەیدا بەشداربێ، جێگەی سەرنج بوو. شایانی باسە کە لەو کۆڕەدا بەڕێزان: محەمەد ئەمینی سیراجی، ئەبوتارا، ئەبوسەرباز، ناسری ئیبراهیمی و.. وتاریان خوێندەوە و هەرکام بە شێوەیەک ژیان و بەسەرهات و تێکۆشانی سیاسی و ئەدەبی و ڕابردووی نووسەری کۆچکردوویان خستە بەر تیشکی زانیاری. هەروەها چەند کەسیش وەک بەڕێزان: د. خەلیقی، ناسری ڕەزازی، ئەمیری قازی، قەرەنی قادری، س. چ هێرش (لە سەر پێشنیاری کاک ناسری سینا)، چەند دەقیقەیەک سەبارەت بە ژیان و ڕابردووی سیاسی و ئەدەبیی مامۆستا حیسامی قسەیان کرد. لە کۆتاییدا پەیامی سپاس و پێزانین لە لایەن یەکێک لە خوارزاکانی مامۆستا حیسامی خوێندرایەوە و لە حازرانی کوڕەکە ماڵئاوایی کرا.

- کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان (بەرگەی یەکەم)، رەزبەری ١٣٧٩ ی هەتاوی (٢٠٠٠ز)
- کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان (بەرگی دووهەم)، خاکەلێوەی ١٣٨٠ هەتاوی(٢٠٠١ز)
- نووسەر: حوسێنی مەدەنی
- کۆمپیوتێر: جەمیلە قادری
- مونتاژ و سەرپەرستی چاپ: جەعفەر شەریعەتی
- کێشانەوەی نەخشەکان: ئەحمەد سالحی
- قەوارە: بەرگی یەکەم ٤١٨ لاپەڕە و بەرگەی دووهەم ٥١٤.
- چاپی دووەم: Spartryck-Stockholm







ناسانی کتێب:

## کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان

کتێبی **«کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان»** بەرهەمی تازەی بەڕێز **«حوسێنی مەدەنی»**یە، کە زیاتر لە دە ساڵانی پێوە خەریک بووە. لە سەر یەک مەبەستی ئەوە بووە توێژینەوەیەک لە سەر ئەو هۆکارە ژینۆستراتیژی و ژیئۆپۆلیتیکیانە بکا کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەکاربوون و، لە سەر چارەنووسی سیاسیی کوردەکان و ناسیۆنالیزمی کورد کاردانەوەیان بووە.

کاک **«حوسێنی مەدەنی»** خەڵکی شاری مەهابادە، خوێندنی «فوق لیسانس» (ماجستێر)ی لە ژێئۆپۆلیتیکدا ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی (١٩٧٥ز) لە زانستگای تاران تەواو کردووە. دواتر لە دەبیرستانەکانی مەهاباد و «زانستگای ئازاد»ی ورمێ جوغرافیا و کۆمەڵناسی دەرس گوتۆتەوە.

لە ڕەوتی شۆڕشی سەرانسەری ئێراندا وەکوو ئەندامێکی بە ڕابردووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، هاوشانی تێکۆشەران و ڕێبەرانی ئەرکناسی حیزب لە دژی زوڵم و چەوسانەوەی نەتەوەیی و، وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ناو کۆڕی خەباتگێڕاندا ماوەتەوە.

نووسەر، لە پێشەکی بەرگی یەکەمدا هۆی نووسینی ئەو بەرهەمەی خۆی بەمجۆرە ڕادەگەیێنێ:

«سەرەتای ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی، تەم و غومارێکی چڕوپڕ، بەری ئاسمانی وڵاتی کوردانی تەنیبۆوە، بارانی خەفەت بە لێزمە بە سەر خەڵکی بێ ئەنوادا دەباری، وەیشوومەی چارەڕەشی ئاسۆی ئەم نیشتمانەی دادەڕی. سروشتی ئاوایی قەلاسەیدەی شاورێ قژی خۆی ڕنیبۆوە، لە جوانی و ڕازاوەیی تاک و تەراببوو. خەباتگێڕانی دیوی کوێستان هێشتا بۆ گەرم داهێنانی شۆڕشی سەرساڵ وەخۆ نەکەوتبوون، تەوژمی شەپۆل ئاسای ڕووداوەکان لە دەریای کەف و کوڵ دا حەشیمەتێکی وەبەر خۆ دابوو و بەرەو چارەنووسێکی نادیار تووڕی هەڵ دەدان. لەو جەنگەیەدا پانۆڕامای ژیانێکی پڕ نگبەت بە بەرچاوانم دا دەهاتن و ڕادەبران. دەمگوت نەکا ئەمە بەروبۆی خەباتی دوو سەدەی ئەم نەتەوەیە بێ دەیداتە مشتی. داخوا ئەم نیگارستانە بەرهەمی چ نیگارکێشێکە کە لە سەر دەرگای هۆڵی کۆمەڵی بەشمەینەتی کورد نووسیویەتی: «کورد قەت بە هیچ ناگا؟!».

ئەمانە و زۆر شتی تر ڕایان چڵەکاندم. خێرا پڕژامە سەر زانستی کۆمەڵناسی و سیاسیی کۆمەڵگای ئەم جیهانە. سەیرم کرد ئەم کارەساتانە هیچیان فریان بە یاسای ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵی ئادەمیزادەوە نیە. ئەدی چلۆنە دەخولقێن و هەموو جارێ سەرلەنوێ دەبنەوە؟ بڕیارم دا ئەمجارەیان زۆر وردتر پەیجووریی خەباتی درێژخایەنی نەتەوەکەم بکەم، بۆ ئەوە بزانم، کێ ئاوەکان شلوێ دەکا و بارودۆخەکە دەشێوێنێ، کام هێز ئاگری شۆڕشەکان لە ناکامی دا دادەمرکێنێتەوە؟! قۆڵم لە کارێکی قورس و دژوار هەڵماڵی. بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر یاسای گشتیی ئەو پێوەندی یە دیالێکتی یانەی دیاردەکان بە یەکتریانەوە هەیە هان درام، بە قووڵی دەگۆ خوێندنەوە بۆ نووسین و داڕشتنی کتێبێک ڕابچم کە بە دوای لێ بوونەوەکەی ناوم لێ نا «کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان».

ساڵی ڕەبەق بە تەنگ ئەم کارەوە بووم. لە پەنا چالاکی یەکانی حیزبایەتی و خەباتی نەتەوایەتی دا بەشی هەرە زۆری کات و ساتەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەم ماوەیەم بۆ نووسینی ئەم کتێبە تەرخان کرد.»

لێرەدا وێڕای دەستخۆشانە و هیوای سەروکەوتوویی بۆ بەڕێز کاک حوسێنی مەدەنی، هیواداریین دیسانیش بە ئافراندنی بەرهەمی نوێتر، کتێبخانەی کوردی زیاترو زۆرتر پێ برازێتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ ئەو کەسانەی خوازەری وەدستخستنی ئەو دوو بەرگەن، تکایە بەم ژمارە تەلەفۆنە: 08-59089840 لەگەڵ کاک ئەسعەد پێوەندی بگرن.




● سیاسەت، گۆڤارێکی تیۆریی سیاسیی وەرزانەیە
● خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر: ئەحمەد عەزیزی
● بەرپرسیار: سیامەک ئەنساری
● تیکنیک و مونتاژ: حامید درودی
● ناونیشان:

Siasat
Box 2040
145 02 Norsborg

● ڕۆژنامەنووسان، وەرزە گۆڤارێکی توێژینەوەیە
● یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات
● ژمارە ١، ٢٠٠٢
● سەرنووسەر: د. موەفەق دەرکەڵەیی
● ناونیشان:
سلێمانی، بەرامبەر دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن، شەقامی ئارارات،
یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
● تەلەفون: ٣١٥٦٣٠٤




● فەرهەنگی ناوی کوردی (بەشی سێیەم)
● نووسەر: سیروان کاروانی
● بە یارمەتی کولتوور و لێژنەی ڕۆشنبیری لە چاپ دراوە
● نیگاری بەرگ: ڕێبوار سەعید؛ وێنەکانی ناوەوە: سیپان و تابان
● قەوارە: ١٧٤ لاپەرە (مام ناوەندی)
● چاپی یەکەم: ئینگلاند ٢٠٠٢




● سترانی باران (شیعر)
● نووسەر: عبداللە عباس
● بەغدا ٢٠٠٢ ز
● دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine


**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

**GZING / S. Chireh**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070742 4326 / 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1



No. 36 Autumn 2002 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**NO 36 Autumn 2002**

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

GZING / S. Chireh

Valstavägen 62 2tr

195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50

**Mobile**: 070742 4326